ASINGER CO

ئاڵاوی هەنگوینی

گێڕانەوە و تۆمار کردنی

خالید ئەحمەد وەستا پەحیم ئاسنگەر

مسدى إقرأ الثقافي
www.iqra.ahlamontada.com

بۆدابەزاندنی جۆرەها کتێب:سەردانی: (مُنْتَدى إِقْرَا الثَقافِي)

لتحميل انواع الكتب راجع: (مُنْتَدى إِقْرَا الثَقافِي)

براي دانلود كتابهاى مختلف مراجعه: (منتدى اقرأ الثقافى)

www. Iqra.ahlamontada.com

www.iqra.ahlamontada.com

للكتب (كوردى ، عربي ، فارسي)

ناوی کتێب: تاڵاوی هەنگوینی
ناوی نووسەر: خالید ئەحمەد وەستا پەحیم ئاسنگەر
بابەت: یادەوەری
نۆبەتی چاپ: یەکەم ٢٠١٨
تیراژ: (١٠٠٠) دانە
ژمارەی سپاردن: لە بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی کتێبخانە گشتییەکان
ژمارە (١٦٦٣)ی ساڵی (٢٠١٨)ی پێ دراوە.

تاڵاوی هەنگوینی

گێڕانەوە و تۆمار کردنی

خالید ئەحمەد وەستا ڕەحیم ئاسنگەر

پێڕست:

یەکەم: دەست پێک لاپەرە ٣

دووەم: پێشینە (ڕەگ و ڕیشە) لاپەڕە ٥

سێیەم: بەهاری ١٩٨٢ هەتا هاوینی ١٩٨٧ لاپەڕە ٥٣

چوارەم: هاوینی ١٩٨٧ هەتا بەهاری ١٩٩١ لاپەڕە ٩٢

پێنجەم: دوای ڕاپەڕینی ١٩٩١ تا کۆنگرەی یەکگرتن لاپەڕە ١٣٠

شەشەم: دوای کۆنگرەی یەکگرتن تا مانگی ٢ی ١٩٩٣ لاپەڕە ٢٤٠

حەوتەم: مانگی ٢ی ١٩٩٣ تا مانگی ٨ی ١٩٩٦ لاپەڕە ٢٩١

هەشتەم: کۆتا ووتە لاپەڕە ٣٢٤

دەست پێک

بەناوی خوای بەخشندەی میهرەبان

إِنَّ اللَّهَ يَأْمُرُكُمْ أَنْ تُؤَدُّوا الْأَمَانَاتِ إِلَىٰ أَهْلِهَا وَإِذَا حَكَمْتُمْ بَيْنَ النَّاسِ أَنْ تَحْكُمُوا بِالْعَدْلِ ۚ إِنَّ اللَّهَ نِعِمَّا يَعِظُكُمْ بِهِ ۗ إِنَّ اللَّهَ كَانَ سَمِيعًا بَصِيرًا (النساء/ ٥٨)

(بەڕاستی خوا فەرمانتان پێ دەکات بە دانەوەی گشت سپاردەکان بۆ خاوەنەکانیان وە کاتێک دادوەریتان کرد لە نیوان خەڵکیدا بە داد حوکم بکەن بەڕاستی خوا بەچاکی ئامۆژگاریتان دەکات بەڕاستی خوا هەمیشە بیسەر و بینایە)

هەوڵ دەدەم بە ئەمانەتەوە دەست دەمە ئەو شکۆیانەی کە لە قۆناغی تیۆر و ووشەی نێو کتێبەکانەوە هەنگاوی ناوەتە نێو خەبات و تێکۆشانی کرداری و یاخی بوون، دەست وەچیادان، ئاوارەیی، نەخۆشخانە، زیندان، ژێرچاودێری و خۆڕێکخستن و بوونە پێشەنگ لە هەستانەوە و ڕاپەڕینی جەماوەری و بەرگری کردن لە خەڵکی سەر هەڵگرتوو و ئاوارە لەکاتی کۆڕەوەکە و پاراستنی دەسکەوتەکانی شۆڕش و ڕاپەڕین، دیالۆگ و دانوستان (لیژنەی تنسیق) و کار و چالاکی ڕێکخراوە شارستانی و دیموکراتیەکان و پەیوەندی نێو حزبەکان و ڕێکخراوە و دامەزراوە نێو خۆیی و دەرەکیەکان.....هتد.

ئەو تاڵ و سوێریانە، شەو ڕەو لە ژێر بارانی بەخوڕی نەبڕاوە بەنێو قوڕ و لیتە، دەرباز بوون بە نێو کەمین و تەلەبەندی سەربازگا و ڕەبیەیی جاشکۆڵەکان، ڕزگار بوون لە دەست ڕێژی بە کۆمەڵ، برسیەتی و هەڵدێر بوونە شانازیەکی هێندە مەزن کە نەک هەر تەنها خەڵکی دەست و پێ سپیلەکە و

خۆپارێز و بەرژەوەند پەرست ئیرەییان پێببات و بڵێ بۆ بەشێک لەو شکۆیانە بە ئێمە نەبڕاون؟! یا دۆستەکانم ڕاستەوخۆ گلەیم لێ بکەن بۆ کاتی خۆی ئاگادارم نەدەکردون بۆ ئەوەی بەشێکیش لەو سەروەریانە ئەمڕۆ بە ئەوانیش بڕا با! بە ڕای من ئەگەر مرۆڤ بوودەڵە نەبێ، هەموو ڕۆژێ کاتی تۆمارکردنی سەروەری و شانازیە ئەگەر هەر کەسێک بیەوێت و لە خۆیبووڕێ. لەم ڕۆدا بەشیوازی زۆر ساناتر و کەمترین باج دەتوانن سەروەری و شکۆی زۆر مەزن وە سەریەک بندرێ بە خەباتی مەدەنی و داکۆکیکی کردن لە مافی مرۆڤ، ئەگەر زیندو و چالاک بێت و ئەو سەروەریانە بەڕەوایی خۆیی و گەلەکەی بزانێت.

زۆر شادم کە لە کات و شوێنی خۆی لە خەباتی ڕزگاری میللەت و وەلاتەکەم ووجودم هەبووە، لەخەباتی ژێر زەمینی تا خەباتی چەکداری و شاخ و شار. لە پێشەنگی ڕێپێوانەکان تا زیندان و دەست بەسەری ئۆردوگای بەرحوشتری ئەمنی شارەوانی هەولێر و خەبات. خۆشحاڵم کە هەتا ئەمڕۆش وێڕای مەحروم کردنی خۆم و خێزانەکەم لە هەرچی ئیمتیازات و دەسکەوتی مادی و دنیایی کە خەنجەر لەکا بەسەر خەڵکی کۆنە جاش و تازە حزبییەکان وەک شاباشی دابەش دەکرێت، ڕێگام نەداوە لەخەباتی نوێی سەردەمی و شارستانی پێشەنگی لەدەست بدەم.

بەشانازیەوە وەک ئەرکی مرۆڤ دۆستی و کوردایەتی بەبەشێک لە عیبادەت لەسەر شانی خۆم فەرزم کردووە. بە پشتیوانی خوا ئەگەر تەمەن ڕێگای دام ئەویش لە شوێنی خۆی تۆمار دەکەم.

شکۆمەندم بە ڕابردوو، ئێستا و انشا الله بە ئاییندەش

براتان

خالید ئاسنگەر

هەینی ٢٨ی ئۆکتۆبەری ٢٠١٦ کرۆیدۆن،

دووەم پێشینە (ڕەگ و ڕیشە):

بۆ دەست پێکردن لەتۆماری ئەو ڕووداوانەی کە بۆ خۆم بەکردار تێیاندا بەشدار بووم یا ئاگادار بووم بە پێویستی دەزانم ئاورێک لە (بەرکوڵی بەرخۆدان) بدرێتەوە لەوانەیە سەرە داو و ڕایەڵەی ئەو کار و چالاکیانە باشتر دەرخات و بزانن سەرچاوەی لەکوێ وەرگرتووە.

بەڵام وەک وەبیر هێنانەوە هەوڵ دەدەم کورتە باسێک وەک بناغە بۆ ئەم کار و چالاکیانە لێرەدا تۆمار بکەم بە شێوەیەکی بەر فراوانتر و ڕوونتر. هەروەک لە زۆر کۆڕ و سیمینار و نووسینەکانم تیشکم خستۆتە سەری، هەڵکەوتی شۆڕشی لە دایک بوونی من لە گوندی گربداغ کە نێستا ناوەندی شاری قەڵادزێیە، لە بناری قەندیل، کوریس، مامەندە، ناسۆس و کێوەرەش لە دەڤەری پشدەر، کاریگەری ڕاستەوخۆی لە منداڵیەوە لەسەر هەستی مرۆڤ دۆستی و میوان دۆستی، خزمەت بە ئاوارە و دەربەدەران تێکەڵ بە کلتور و داب و نەریتی کوردایەتی و بەرگی خاکی و پێشمەرگە بووە. چەندین جار ماڵ سوتان و دەربەدەری و کونە تەیارە، تۆپ باران و بۆردمان تێکەڵ بەخۆراگری و بەرەنگاری و بیری ئازادی و تۆڵە نەخشی خۆیان لەسەر دەرونی خەڵکی ناوچەکە داناوە.

زۆر دوور نەکەوینە بۆ سەردەمی فەقێ نەحمەدی دارەشمانە و پێشتر لەسەردەمی ئینگلیز و شۆڕشەکەی شێخی نەمر سەردەمی عەشائیر، قۆناغ و دیوەخانی ئاغاکانی پشدەرێ بەناوبانگ بوو. هەڵبەتە بابەکر ئاغای گەورە لەگەڵ ئینگلیز بوو، باپیرم دەیگێڕایەوە دەیان گووت سەعات و لیرەی هەبووە و سکەی تایبەتی بۆ لێداوە بەناوی عانە بابەکر ئاغای ناسراوە کە (٤) فلس بووە. بەرەبابی هەباسا ئاغا لەگەڵ شێخ مەحمود بوون ئەوانیش ڕۆڵی خۆیان لە شۆڕشەکە و پشتیوانی شێخی نەمردا بینیووە.

بەهۆی هەڵکەوتی جوغرافیەی ناوچەی پشدەر و دووری لە پایتەختەکانی بەغدا، تاران، ئەنقەرە و دیمشق کاریگەری زمان و فەرهەنگی داگیرکەر کەمتر بەخەڵکی ناوچەکەوە دیار بووە. کەمتر حکومەتەکان دەستیان پێڕادەگەیی کە کلتوری داگیرکەری قەومی سەردەستەی بەسەردا بسەپێنن. بۆیە هەر لە دێرینەوە بوو بە قەڵا و بنکەی شۆڕشگێڕانی هەر چوار پارچەکە. بە تایبەت لە دوای تێک چوونی کۆماری کوردستان لە مهاباد، زۆربەی ئەو کەڵە شۆڕشگێر و شاعیرانە بوون بە بەشێک لە خەڵکی گوندنشینی بنارەکان و ناو شاری قەڵادزێ. ووشیاری و ئاگایی ئەوان لە سیاسەت و ئاستی ڕۆشنبیریان کاردانەوەی هەبوو لەسەر خەڵکەکە.

لە سەرەتای شۆڕشی ئەیلول لەشکر بە پشتیوانی شێخ حسینی بۆسکێنی و ئاغاکانی پشدەرێ یەکەم جار پێشیان بە سوپای عێراقی گرتووە لە دۆڵی خەلەکانێ. هەتا بەعسیەکان و هەندێک لە شیوعیەکانی قەدیمیش هۆکاری شۆڕشی ئەیلولیان بۆ بزووتنەوەی ئاغاوات لەدژی بریاری چاکسازی زەوی و زاری جوتیاران ناوزەد کردووە. هەر چەندە لە باوکم بیستووە کە بۆ ماوەیەک شێخ حسێن نانی لەشکرەی داوە کە لە ناوچەکەی بوون.

لە دوایشدا مەلا مستەفای بارزانی هاتۆتە ناوچەکە و هەباسا ئاغای سەرکەپکان، شێخ حسینی بۆسکێنی و مینا ئاغای گربداغی و مەحمودی هەباس ئاغای و عەبدوڵا ئاغای سێوەڵێ و بەرەبابی هەباس ئاغای خزمەتی زۆریان پێکردووە و لەشکریان لەگەڵ سازداوە. ئەمانە و لە دوایدا کردنەوەی چەندین

بارەگا و مەقەری حزبی و پێشمەرگە لە ناوچەکەدا، کاردانەوەی سیاسی و ڕۆشنبیر لەسەر ناوچەکە داناوە و ئاستی ووشیاری خەڵکیان بەرە و سەر بردوە.

بەر لە ڕێکەوتنی ساڵی ١٩٧٠ بە منداڵی کاریگەری ڕووبەڕوو بوونەوەی پێشمەرگەکانی مام وسو دزەی لە جۆمی قوڕێ. دیتنی خەسرەوی مەحمود کاوانی و دەیان قارەمانی تری گەلەکەمان ڕەگی شەهامەتی لە دەرونمدا چاند. کاری بەدی ئەوانەی کە لەبەرگی پێشمەرگە، باڵتۆی پۆلیسی، تفەنگی پەڕەشوت و جزمەی درێژ ناوی جاش و خیانەت بە وڵاتی لەبەر چاوان دزێو کرد بووم. بەتایبەت ئەوکاتانەی کە دەچوونە ماڵان پاچ و پێمەڕە و لێفە و دۆشەکیان لە ماڵان وەردەگرت بۆ سەنگەر لێدانێ لە قەراغی شاری و بەیانیش نەیان دەهێنایەوە بۆ ساحێبەکەی یا بە قوڕاوی پیسی بۆیان دەهێنایەوە. ڕەبیەی جاشەکانی (ع.و.خ.د) لەسەر ڕێگای چۆم خرکەی و ئەزیەت دانی خەڵکی لادێ نشین کە بەیانیان بارەدار و کەلوپەلیان بۆ قەڵادزێ دەهێنا بۆ فرۆشتنێ، زۆر جاشیان لەبەر چاوان سوک کرد بووم و ڕقی پیرۆزیان بەرامبەر بە حکومەت و بەکرێ گیراوەکانی ئەستوور کردبووم.

خوێنەری بەڕێز بۆ ئەوەی خۆم دەرباز بکەم لە رازاندنەوە و ووشەی ئەدەبی، هەوڵ دەدەم چەند دیمەنێکی ئەو ڕوداوانە وەک خۆی تۆمار بکەم؛

یەکەم: بەیانیان لە گۆڕەپانی قوتابخانەی قەڵادزێ بۆ چەند خولەکێک ڕیزیان دەکردین. دوای هەندێک پشو دە وورپا بە، پشکنینیان بۆ پاک و خاوێنی دەکردین. دوای هەندێک ئاگاداری و ئامۆژگاری، جار جارە بە کۆمەڵ یا بە تاک قوتابی سروودی نیشتمانی دەخوێندەوە. چەند شیعرێک کاریگەری خۆیان لەناخم

چاند لە وانە (سەربازی وون) (دەمی ڕاپەڕینە) (جەژنە جەژنی کوردستانە جەژنی نەورۆزە) (ئەی ڕەقیب).

مامۆستا شێرکۆ خەڵکی کۆیە بوو کەمانچەژەن بوو، ئێمەش دەمی ڕاپەڕینمان لەگەڵ دەووتەوە. شیعرەکانی مامۆستا غەریب پشدەری و جاروباریش باسی کوردایەتی و پێشمەرگە تام و چێژی تایبەتیان هەبوو.

دووەم: ئاهەنگەکانی نەورۆز (کاوەی ئاسنگەر) کە خوا لێیان خۆش بێت ٠ حەمەی ئایشێ، غەفوری مام سمایلی، محە تەنەکە، هۆمەری برایمی قوربانی ....) چەند هونەرمەندێکی کۆمیدی تری شارەکە پێشەکەشیان دەکرد، ڕۆژ بەڕۆژ گیانی کوردایەتیان لە ناخی خەڵکیدا زیاتر چڕوی پێدەکرد.

سێهەم: جیاوازی چینایەتی و ململانێ ئاغا و جوتیار وای کردبوو کە پشدەر سەرەتا ببێتە ناوەندێکی حزبی شیوعی بەبێ ئەوەی کەس لە مارکسیەت گەیشت بێت. [1]

چوارەم: زۆرجار قەڵادزێ بە ئاشکرا کورد حوکمی تێدا کردووە. حکومەتی عێراق هێندەی دەسەتەڵات نەبوو بەسەر خەڵکەکەیدا. وە بیرم دێت چەند جارێک حکومەت هێندە بێ هێزبووە هەر بەبێ شەڕ و تەقە، قەڵادزێی بەجێ هێشتووە. لەو ماوانەدا شۆڕش وولاتی بەڕێوە دەبرد. دەچووم بۆ سەیرکردنی زۆر کۆڕ و چالاکی لە خەستەخانەی قەڵادزێ، بەستەستێنێ، سەنگەسەری، داودێ، شێخ

[1] وەکو بیستوومە لەزەمانی عەبدولکەریم قاسمی خەڵک هەر بەچەپڵان ئاغایان ئاوای دیوی ئێرانێ کردووە.

مەحمود و لە پێشوازی وەزیر و بەرپرسە کوردەکان کە سەردانی شارەکەیان دەکرد.

پێنجەم: لە چالاکی قوتابخانەکان بەشداری دیدەوانی (کشاف)م دەکرد، کە یەک لەو چەند منداڵە ڕێک و پێکانە بووم کە بە جل و بەرگی تایبەت کەشافەوە سڵاومان بۆ ئاڵا دەکرد و لەبەردەم کتێبخانەی گشتی لەکاتی چالاکی قوتابخانەکان پێشوازیمان لە میوانان دەکرد.

شەشەم: لە هەموویان کاریگەر تر، باوکم بوو کە گرنگی زۆر پێدەدام و لەگەڵ خۆی دەبردم بۆ میوانداری و مەجلیسی پیاوان. زۆربەی ئێواران لە دوکانی مام هاشم و کاک کەریم حداد [2] گوێبیستی قسەی سیاسی گەورەکان دەبووم. جارێکیش بردمی بۆ ماڵی وەستا عەبدوڵای سەرگەڵو کە لەسەنگەسەری ئاسنگەر بوو، بەڵا ئەو کادیری ڕێکخراوی پارتی بوو ، حزبایەتی دەکرد، هەموو ئاسنگەرەکانی داوەت کردبوو، وەک سەندیکایەک یا ئەقابەیەک دەیویست ڕێکیان بخات و کاری هەرەوەزی بکەن. باسی شۆڕش و کوردایەتی بۆ دەکردن.

ئەو کاتی باوکم کلێتە و زەنگاڵی چندراوی کوردی بۆ من و کاک سورەی کڕی بوو. جارێک لەسەردانی قەبرستانی شێخانی سندۆڵان، چاومان بەشێخ حسێنی بۆسکێنی کەوت، زۆری کەیف پێ هاتم، بانگی کردم و دەستی بەسەرم داهێنا، ووتی کاک ئەحمەد کورەکەت لە ئێستاوە مەیلی کوردایەتی هەیە. زۆرم پێ خۆش بوو.

---

[2] پێشتر مام هاشم و کاک کەریم حداد ناساندووە. بەیەکەوە دووکانی فەرش فرۆشتنیان دانابوو لە قەیسەریەکانی قەدیمی ئەحمەد ئاغای ڕەئیس. مام هاشم تا ماوەیەکی زۆر کاری لەگەڵ شیوعیەکان دەکرد و لە ٦٠تەکان بیرم دێت لەسەر شیوعیەت ماوەیەک لە ماوەت پارتی زیندانی کردو ئەزیەتیشیان دا. کاک کەریم خەڵکی سەردەشتی بوو، ماوەیەک هەڵبژێردرا بە ئەندامی سەرکردایەتی حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران.

حەوتەم: لەو ماوانەی قەڵادزێ بەدەست شۆڕش بوو جار جار کاک ئەحمەد میرزا لە ناوچەی دەیان نارد بۆ نێو بازاڕی بۆ خوێندنەوەی بەیانی شۆڕش و چالاکی پێشمەرگە، لەبەردەمی ڕادەوەستام، هەندێک جار وە دوای دەکەوتم لەچەند شوێنێک دەیخوێندەوە زۆر کەیفم پێ دەهات.

جارێکیان ٢ جاشیان بەدیل گرت بوو لەشەرێکی لەلای سلێمانی بە نێو شاریان داهێنان بۆ ئەوەی ووردی خەڵکی پێ بەرز بکەنەوە. لە چایخانە حەمەخانی ڕایان گرتن نانیان بدەنێ زۆر بە ووردی تەماشام دەکردن، دەمگووت دەبێ شتێکیان لەگەڵ نێمە جیاواز بێت؟! بەڵام لە هەمان کاتدا سکم پێ دەسوتان کە تووشی ئەو شەرمەزارییەی ببوون، پێم خۆش نەبوو خەڵک ئەزیەتیان بدات یا قسەی سوکیان پێ بڵێت.

هەشتەم: لە منداڵیەوە جێگای بڕوا و پاراستنی نهێنی گەورەکان بووم، بۆیە شتی نهێنیان لێ نەدەشاردمەوە و ئەمنیش نەم دەدرکاند. باوکم دەمانچەیەکی (لامەی وەسەت)ی کڕی بوو. نێواران کاک قادر لەبەر پشتێندێی دەناو دەچۆ دەرێ شایی بەخۆبوو. مام هاشم جارێکیان ناردمیەوە ماڵی خۆمان ئەمانەتێکی بۆ بهێنم. کە هێنام ٣ دەمانچەی بچووک بوون لە ناو کارتۆنی خۆیاندا بوون. منیش هیچ نەترسام زۆر بەبێ منەتی بەبازاڕیدا ڕۆیشتم و بۆم برد بۆ دوکانێ.

نۆهەم: هەروەک پێشتر لە (بەرکوڵی بەرخۆدان) باسی یادەوەری خوێندنەوەی بەیانی ١١ ئازاری ١٩٧٠ کردوە. چۆنیەتی چوونمان بەگردی حوسنیدا بۆ گوندی سرێجێ، سەید ئەحمەد، ئاڵان و دوایی داودێ بۆ بەشداری کردن لە ئاهەنگی ئەورۆزی ١٩٧٠ کە هێشتا دەرەبەگەکان بەناوی (قوەی دەرەک) بابەکری مەحمود ئاغای گەورەیان بوو لەگەڵ جەلالیەکان کە میرزا باپیر مەسئول ناوچەیان بوو لە نێو شار قەڵادزێ بە چەکەوە حوکمیان دەکرد و پێیان وانەبوو کە چەک دەکرێن بۆیە خەڵک لێیان دەترسا. بەڵام نێمە مێر منداڵ بووین هێندەمان گوێ

نەدەدایە. ئێوارێ بۆ ئەوەی بازگەی جاشەکان لە مام قاسمەی نەمان گرن ئەزیەتمان نەدەن، پێشمەرگە سواری زیلی سەربازیان کردین لەگەڵ ئەفسەرەکان ڕەوانەی نێو شاریان کردینەوە. هەستێکی زۆر خۆش بوو، وامان دەزانی بەشداری شۆڕشمان کردووە.

دەیەم: دوای چەند مانگێک لە ڕێک کەوتنی ١٩٧٠، ئاغاکان مقۆمقۆیان پێ کەوت، ڕۆژانە هەر فسک و هوڕیان بوو نەیان دەزانی مەسیریان چ دەبێت. جارێکیان لەنزیک ماڵی خۆمان لە لای دوان ڕاوەستام، دەم وویست بزانم وەزعیان بەکوێ گەیووە و باسی چ دەکەن! یەکیان کە چەکدار بوو. جنێوێکی پێدام ووتی برۆ ڕامەوەستە، هەموو منداڵی قەڵادزێ جاسوسی شۆڕشن. دوایی هێندەی نەبرد چەک کران، ئەوجا چەند منداڵێکی هار و هاج وەپێش منداڵان دەکەوتن هاواریان دەکرد (سەر قەڵات و بن قەڵا، پێشمەرگە هات و جاش هەڵات). بۆ سەردەمی مێر منداڵی ئێمە ناخۆش نەبوو.

یانزەهەم:
لە ٤ ساڵی ڕێکەوتنی ئازاری ١٩٧٠ ، قۆناغی مێر منداڵی و تافی پێگەیشتن و هەڵدانم بوو. وەک منداڵێکی ئازا و چاونەترس خزمەتمان دەکرد بە میوانە پێشمەرگەکان کە شەوانە بە سەرماڵەکاندا دابەش دەکران. دواتر دەست بەکار بوونم لە یەکیەتی قوتابیانی کوردستان و بەشداری کردن لە کۆڕ و کۆبوونەوەکان. هەنگاو بە هەنگا بیری ئازادی و کوردایەتیان فراوانتر دەکردم و ئینتما بۆ خاک و وڵات پارێزیان بە هێزتر دەکردم.

یەکەم هەنگاوی بەشداریکردنم لە ڕێکخستن لە یەکیەتی قوتابیانی کوردستان دەستی پێکرد:

* لە پۆلی دووەمی ناوەندی بووم، کاک ئاراسی عومەری محەی قازی هاوپۆل و هاوڕێم بوو، کاک بەختیاری برای کە بەرپرسی یەکیەتی قوتابیان بوو، داوای لێکردم ببم بە قوتابیان[3]. دوای دەربڕینی ڕەزامەندی، پارتیەکان وایان زانی میش هەنگوینیان لە دارێدا دا دۆزیێتەوە! پێش ئەوەی یەک کۆبوونەوەشم پێ بکەن یەکسەر کردیانم بە بەر پرسی (شانەی شەهید عەبدولا) سەر بەشانەیەکی سەرەکی کە کاک خدری حاجی مینە (قنجە)ی بەر پرسی بوو. پێشتر قەت کۆبوونەوەم نەکرد بوو، قەتیش ڕاپۆرتم نەنووسی بوو. ناوی چەند کەسێکیان پێدام کە ئەوانە ئەمن بەرپرسیانم دەبێ کۆبوونەوەیان پێ بکەم! ئەوانەی لە بیرم ماوە (خوا لێی خۆش بێت جەوهەری حەمەی حاجی برایم باوزی، عوسمانی عەبە پێنجوێنی و پێنج تا شەش کەسی تر. پەیڕەو پڕۆگرامێکم پەیدا کرد و هەندێک زانیاریم کۆکردەوە لەسەر شێوازی دارشتنی ڕاپۆرتی کۆبوونەوەی مانگانە. یەکەم کۆبوونەوەم کە پێکردن، دوای یەکتر ناسین، ووشەی دیموکراسیم بۆ شیکردنەوە. دوایی هەر کەس پێشنیار، سەرنج و ڕەخنەی خۆی پێشکەش کرد، هەر لەوێ ڕاپۆرتەکەم نووسی و بەرزم کردەوە. پاش چەند ڕۆژێک بۆیان گێڕامەوە و ڕەخنەیان لێگرتم ووتیان نابێ ڕاپۆرت بە پەندانی مەڕەکەب بنوسرێ دەبێت بە جاف بینووسرێ.

هەر وەک پێشتر ناوم برد کاک بەختیار بەرپرس یەکیەتی قوتابیان بوو بەڵام ئەو بەڕێزانەش کەسانێکی دیاری قوتابیان بوون کاک (خدر هەمزە، مینە سۆفی،

---

[3] قوتابیان مەبەست یەکیەتی قوتابیانی کوردستان

کاک ئەمین مام قادر، حوسێن ئەحمەد خاسی، خدری مینە قنجەی، خدری مەحمودی کوێخا برایمی) و چەند کەسێکی تر.

بە بیرم دێت تازە ببووم بە قوتابیان، یەکیەتی قوتابیان یاری دوگۆڵی ڕێک خست بوو لەگەڵ ڕانیە، ئوتومبێلێکی سێشنیان بەکرێ گرت بوو، هەندێک فسکە فسکیان کرد، وێدەچوو کێشەیەکیان هەبێ، ئەمن پێشتر شتیوام نەدی بوو. بەڵام ئەوەندە حاڵی بووم کە کاک بەختیار ووتی دەبێ خالید لە پێشەوە لەلای من دانیشێ! نازانم هۆکار چ بوو بەڵام هەستم کرد هەندێکیان لەگەڵ کاک بەختیار دا نەبوون. بەداخەوە هەر ئەو کاتی هەستم بەلاوازی ڕێکخستن، پەروەردە و ڕاهێنان کرد. لە کۆبوونەوەکانیش لەشم تێک دەچوو بە گوێبیست یا خوێندنەوەی هەندێک قسە و باس یان ڕاپۆرت لەسەر خەڵکی تر.

ئەوەی زۆر خۆشحاڵی کردم. کوڕێکی زۆر بەدینی هەولێریمان لەگەڵدا بوو ناوی مەلا بەکر بوو، باوکی مفەوەزی پۆلیس بوو. ڕۆژێکیان پێی ووتم خالید ماڵێکی زۆر دەسکورتی هەولێری دەناسم تازە هاتوون بۆ قەڵادزێ هیچیان نیە بیخۆن. بزانە داوای یەک دوو تەنەکە گەنمیان بۆ ناکەی. ئەمنیش بە زنجیرەی ڕێکخستندا داواکاریەکەم بەرز کردەوە. لە خوا بەزیاد بێت بۆیان نووسی بوو بچێت دوو تەنەکە گەنم لە عەمباری شۆڕش وەرگرێ، هێشتاش نەمن نەو ماڵەم نە دیوە و نایناسم، خوا خێری مەلا بەکر بنوسێ [4].

[4] ئەم بابەتەم لە بەرکولی بەرخۆدان تێشک خستۆتە سەر

سەیرانگەی شێخ قەرخ لە قەڵادزێ، هەینی ١٤ - ٤ - ١٩٧٢

دانیشتووەکان؛ مامۆستا عەلی فیزیا، کاک ڕۆژ، کاک مزەفەری سوڵتانەدێ، کاک حسێن ئەحمەد خاس
وەستاوەکان؛ کاک پیرۆت، خالید ئەحمەد (ئاسنگەر) کاک حسن کا وسێن، کاک قادر سور، شەهید حسێن جنوبی

گەشتی یەکیەتی قوتابیانی کوردستان بۆ سەیرانگای شێخ فەرخ

بەپێی زانیاری کاک ڕۆژ کە تازە لەکۆتایی ساڵی ٢٠١٦ بۆی ناردووم ئەوە یەکێک لەگەشتەکانی یەکیەتی قوتابیانی کوردستانە، لە ڕۆژی هەینی ١٤ – ٤ – ١٩٧٢ بۆ سەیرانگەی شێخ فەرخ. بابەتێکم لەسەر ڕووداوێک دوای ٤٠ ساڵ کە ئەو وێنەیە بەدوای خۆیدا هێناوە لە سایتی ناسنگەر کۆ و تۆڕی کۆمەڵایەتی فەیس بوک لەسەر بڵاوکردەوە.[5]

[5] http://asinger.co/?p=1512

هەنگاوی دووم هەست بە بەرپرسیاری کردن

لە دوای بۆردومانی قەڵادزێ

_شەوانە لەبەر چرا و فانۆس خەڵک دوکانی دەکردەوە و کرپار لە ڕانیە و کۆیە و شارەکانی تر دەهاتن کەلوپەلی ئێرانیان دەکڕی و دەیان بردەوە. جگە لەو هەموو غەریبە و میوانەی کە شەوان دەهاتنە بازاری بۆ دابین کردنی پێداویستیەکانیان. ئەمن شەوانە هاوکاری باوکم دەکرد.[6] ڕۆژێکیان ووتی بچۆ بۆ شاری سەردەشت هەندێک کەلوپەلی بینە بۆ دوکانێ. کاتێک گەیشتمە (بەردەپان) سەر سنووری ئێران بینیم ماڵێکی ئاوارەی زۆری لێ بوو، خۆنشاندانیان کرد بوو بۆ ئەوەی سنووریان بۆ بکرێتەوە یا فرۆشگایەکیان بۆ بکرێتەوە بۆ کڕینی کەل و پەل و خواردن. لەو کاتەش (کاک حەمید) کە بە (حەمیدە کوێر) ناسرابوو، بەر پرسی پەیوەندیەکانی شۆڕش لەوێ بوو. داوای لە خەڵکەکەی کرد ئێستا لەو کاتەیدا چ زۆر پێویستە بۆتان بکەم. خەڵکەکە ووتیان ڕێگا بدەن کەسێک بچێتە شاری هەندێک تەماتە، خەیار، سەوزە و میوە بهێنێ پێمان بفرۆشێ. کاک حەمید ووتی زۆر باشە، کێ هەیە بچێت. ئەمنیش دەستم بەرز کردەوە ووتم ئەمن. دەست بەجێ ووتی وەرە برۆ بەبێ ئەوەی پسولەی ڕێگادانم بۆ بکات ناردمی بۆ سەردەشت. ئەوەی پێویست بوو کڕیم. دوای نیوەڕۆ بارم کرد لەسەر لۆریەک کە کەلوپەلی بار کردبوو بۆ سنوور. کە

[6] لە بەرکوڵی بەرخۆدان تیشکم خستۆتە سەر

گەیشتمەوە بەردەپان داوای پسولە (برگ) ڕێگادانیان لێکردم. ئەمنیش ووتم پێم نیە، بەیانی خۆتان ناردتانم بۆ کڕینی ئەو کەلوپەلانە. ووتیان دابەزە، بردیانم بۆ (مەخفەری سنور) پادگانی بەردەپانی، ماوەیەک ڕایان گرتم [7] دوایی هێنەدەی نەبرد، ئیزنیان دام، ووتیان بەڵام جارێکی تر بەبێ بەرگە بچی زیندانت دەکەین. هاتمەوە لای کەل و پەلەکانم، هەر نازانم خەڵک چۆن دایان گرت و هەڵیان هاویشت! ئاگام لە قازانج و زەرەر بڕا! ئەوەی بۆ دوکانم کڕی بوو شەوێ بە سەیارەی هێنامەوە قەڵادزێ. بەڵام هەستم بە ئاسودەیی کرد کە لەو تەمەنەی توانیم بەشداری لە دابین کردنی پێداویستی خەڵکی ئاوارەدا بکەم.

باوکم بەهۆی دوکانێ ببوو بەدۆستی زۆر کەس

یەکێک لە دۆستانە نزیکەکانی کاک جەمال خەڵکی سلێمانی بوو، مفەوەزی پۆلیس بوو، ماوەیەک کەل و پەلی دەکڕی بۆ هێزێکی پۆلیس[8] . ناردی ماڵ و منداڵەکەی لە سلێمانیەوە هات بۆ ماڵی ئێمە. چەند منداڵێکی ووردی هەبوو، برایەکی بە ناوی کاک ئازاد لەگەڵ خۆیدا پێشمەرگە بوو. پاش ماوەیەک ماڵەکەی بەڕێ کرد بۆ سنوور، جار جارە لە ڕێگای ئێمەوە شتێکی بۆ دەناردن.

---

[7] زۆر زۆر پێی تێک چووم، چونکا لە ژیانم زیندانی نەکرابووم، ئەو کاتی وام دەزانی زیندان تەنها بۆ دز و جەردە و پیاو خراپانە! بەڵام دوایی هێور بوومە کە دیتم خەلکەکە چەندە ناسودە بوون بەو کەلوپەلەی بۆم هێنان.

[8] ئەگەر بە هەڵە دانە چووبم هێزمکە ناوی (ئازادی) بوو ، لە ناوچەی هیران و نازەنینان جێگیر بوو، کاک جەمال بە دوو نیشای سەربازی کەلوپەلی لە قەڵادزێ بۆ دەکرین بۆی دەناردن.

هەر چەندە بۆ خۆشمان هێندە هەبوو نەبووین بەڵام پێم وا بوو مادەم کاک جەمال پێشمەرگەیە و لە بەرەکانی شەڕە ئێمە دەبێ ئەشیای خۆشمانیان بدەینێ!

سەردانی ماڵە خزمان لە گوندی دەڵگە

پایز بوو هێشتا بەفر کوێستانەکانی نەگرت بوو، باوکم زۆری تێڕا دەبینەدم، ووتی خالید لەبری من بچۆ مانێ خاڵت و ئەو خزمانەی کە لەو دیوی ماون بەسەر بکەوە و بزانە ڕازیان ناکەی بێن بۆ ئۆردوگای بۆ لای ئێمە. ئەمنیش لە سەرپێلی زەهاوەوە هاتم بۆ سەردەشتێ لەوێ بۆ بێوران، فرۆشگای شۆڕشی لێ بوو، هەندێک تڕی ڕەش و نانم لە کاک حەمەدەمینی برای کاک ئەحمەد خاسەی کڕی و بەکێلێدا ئاوای دیوی بێکڵۆیە بووم. وابزانم ئەو کاتە ئاوچەی قەڵادزێ لەوێ بوو. بە پرسیار کردن، گوندا و گوند هاتم هەتا گەیشتمە گوندی دەڵگەی. زۆر مانی قەڵادزێی لێ بوو. بەڵام مانێ خاڵە حەمەی[9] چەند ڕۆژێک بوو چوو بونەوە قەڵادزێ. ڕۆژێک لەوێ مامەوە. پرسیاری زۆریان لێ کردم دەربارەی ژیان و گوزەرانی خەڵکی لە ئۆردوگاکان. ئەمنیش بە ئەمانەتەوە وەک خۆی بۆم باس دەکردن بەبێ زیاد و کەم. یەک لەو کەسانەی خوا عافوی کات کە کۆنە جەلالی بوو [10] بە زەردەخەنەوە ڕووی تێکردم و سوێندی خوارد ووتی ئەو شتە وانیە!

---

[9] خوا لێی خۆش بێت (حەمەی حاجی باسەی) کوڕە خاڵمان بوو بەڵام لەبەر تێکەڵی و خۆشەویستی هەر پێمان دەگووت خاڵە، ماڵەکەی لەلای مانی ئێمە بوو لە بەردەپانی، کاتی مان بارکردنێ لەگەمان نەهات گەڕایەوە بۆ دیوی ئەودیوی، بە گوێرەی خەبری کە بە ئێمە گەیشت بوو، مانی لەگوندی دەڵگەی بوو. بەڵام چەند ڕۆژێک پێش گەیشتنی من بەوێ، گەڕابۆوە قەڵادزی

[10] (ق.ک.و) خوا عافوی کات، زۆر تێکەڵاوی ناغاکان بوو. برادەرەکانی هەموو چووبوونەوە نێو حزب بەڵام ئەو ڕک و کینە وای لێکردبوو ناقڵی شۆڕشەکەی نەدەبڕی. هەر کەسێک قسەیەکی ڕاستیشی بۆ کردبایە وای دەزانێ دیعایەیە، بە داخەوە هەتا مردیش هەر بەو شێوەیە بوو.

هەبێ نەبێ ئەتۆ نارددوویانی بۆ ئەوەی شۆڕشی لەبەرچاوی خەڵکی شیرین بکەی و ئەو مالانە ڕوو لەو دیوی بکەن. جگە لەوەی ئەو کاتی کارەبا و تەلەفزیۆن و شت لە گوندەکان نەبوو. ئەمنیش ڕاسپاردەی کەس نەبووم دەنا دەم توانی چەند وێنەیەکی وەزعی خەڵکەکەیان بۆ بگرم بۆیان ببەم بۆ ئەوەی ڕاستیەکەیان بۆ دەرکەوێت یاخود ئەگەر دەستمان بە کامیرەی ڤیدیۆش ڕانەگەیبا، دەم توانی بە تەسجیل قسەی چەند دۆست و برادەرێکی خۆیان بۆ ببەم بۆ ئەوەی بروای پێ بکەن. بەداخەوە خراپ تێڕامان (سوء الظن) سەر لەمرۆڤ دەشێوێنێت و ڕێگای لێدەگرێت بەڕاستیەکان بگات. دەنا باش دەیزانی ئەمن قوتابیەکی تازە پێگەیشتو بووم هیچ تێکەڵی بە ئەو درۆ دەلەسەیە نەببووم، نەدەبوو هەرگیز ناوام بیر لێ بکاتەوە! هەر چەندە ئەو برایە نەیهێشت ئەو خزم و ناسیاوانەی ئەوێ سوود لە قسەکانی من بکەن و لەو مەینەتی و برسیەتی و نەبوونی خەستەخانە و مەکتەب بۆ منداڵەکانیان ڕزگاریان ببێت، بەڵام بۆ من وەک خولێکی فێرگەی شۆڕشگێڕی وا بوو، کە گەرامەوە وام هەست دەکرد کە لە جەولەیەکی خەتی پێشەوەی جەبهەی گەڕاومەوە. بار و زروفی ئەوانیشم بۆ کەس و کار و خزمانی ئۆردوگای باسکرد، زۆربان لەخەمێ بوون و سکیان پێ دەسوتان کە ناوا دەژین.[11]

[11] بەداخەوە هەر ئەو خراپ بیر کردنەوەیە وای کردبوو، کە هەندێک لە هاوڕێ کانم کە پیشتر باوکیان جەلالی ببوو لە قوتابخانە هاورێم بوون، وا بیر بکەنەوە ئەمن لەبەر ئەوەی قوتابیەکی زیرەک بووم لە تاوی ئەفەوتانی خوێندنەکەم بەدزی چوویمەوە بۆ ئەوەی بەشداری خولی دووەمی خوێندن بکەم. هەتا گەرامەوەش هەر باوەڕیان پێ نەدەکردم.

ئۆردوگای سەری ئاوی گەرم

لە پۆلی چواری ئامادەیی بووم، ئارزووم لە بەشداری لە چالاکی قوتابخانە دەکرد، بۆ ئاهەنگی نەورۆز چەند چالاکیەک لە ژێر سەرپەرشتی مامۆستا جەلال جاف و مامۆستا ئیسماعیل کە هەر دووکیان خەڵکی خانەقین بوون، قوتابی زانکۆ بوون لەوێ وەک مامۆستا دەرسیان دەووتەوە . یەک لە چالاکیەکان ئۆپەرایەکی بێدەنگ بوو کە ئەمن دەورم تێدا دەبینت، بە ئاوازێکی خامۆش و دەنگێکی نزم یەکێک گۆرانیەکی کوردی تێدا دەووت، هەندێک لەو ووشەکانم لە بیر ماوە (کچە کوردێ لە نێو باغا، خەریەکە گوڵ دەرونی..... شەماڵ یاری لەگەڵ دەکات دەسماڵی لێ دەفڕێنێ.....) هتد

پڕۆگرامەکان تەواو کردبوو، بەڵام بەداخەوە، پێرانەگەیشتین پێشکەشتی بکەین لەبەر ئەوەی بەر لە نەورۆز شۆڕش تێک چوو.

چەند ڕۆژێک دوای ٦ی ئازاری ١٩٧٥ی [12]

خەڵک هێشتا بە تەواوی بڕوایان نەدەکرد یان نەیان دەویست بڕوا بکەن کە شۆڕش تێک چووە یا تێک دەچێ. هەتا ئێوارەیەک نیزگەی (ئێرە دەنگی کوردستانە) ئاگاداری بڵاو کردەوە کە بە هۆکاری فەنی لە سبەینێوە پەخش ڕادەگیرێ! خەڵک وەخت بوو دڵیان ڕاوەستێ و سەریان پێکەوە دەنا بزانن ڕادیۆنە جیهانیەکان بەزمانی عەرەبی و فارسی چۆن باسی ڕێککەوتنەکە دەکەن و چ کاردانەوەیەکی دەبێت لەسەر شۆڕشی کورد. کەسیش بڕاوی نەدەکرد کە ئەو شۆڕشە گەورەیە تێک بچێت چونکا نەدەچۆ ئاقڵەوە. هەتا هەندێک دز و پاتاڵچی

---

[12] ڕێکەوتنە شومەکی ٦ی ئازاری ١٩٧٥ ی جەزائیری نێوان (سەدام و حەمە ڕازا شا لەسەر دەستی هەواری بومدیان) لە کۆبوونەوەی ئۆپێک لە جەزائیر.

کەلوپەلی فرۆشگاکانی شۆڕشیان هێنا بۆ ئوردوگاکان بۆ فرۆشتن. کە بوو بەڕاستی ژیان، خوێندن و هەموو شتێک تێک چوو، خەڵک سەری لێ شێوا. زۆر کەس مەرگی خۆی پێ خۆشتر بوو لەو وەزعەی بەسەرماندا هات [13] لەوێ ڕۆژێڕا زیاتر نیش و کاری منیش وەک گەورەکان بوو بە گوێگرتن لە هەواڵ و شیکردنەوەی ڕووداوەکان و بەشداری کردن لەسەر پێکەوانانی گەنج و لاو و پیرەکان بۆ وۆرە و هیوا بەیەکتردان.

ئەوانەی کە کەس و کاریان لە ناو حکومەتی عێراقی بوو، پێشتر هەندێک خەڵک بە چاوی جاش و جاسوس سەیری خزمەکانیان دەکردن، کەوتنە خۆ نزیک کردنەوە لە خەڵکی و دەیان ووت هیچی خراپ ڕوونادات و حکومەت عێراقی هیچمان لێ ناکات و بەبێ ترس وەرمان دەگرێتەوە [14] هەندێ لە کۆنە جەلالیەکان فیکەی سمێڵیان دەهات دەیان ووت، مام جەلال پەیوەندی بەسینەوە کردووە و وادەیان پێداوە جسری هەوایی لە نێوان سین و کوردستان دروست بکات بۆ ئەوەی شۆڕش نەکەوێت! هەندێکیان کە زۆر داخدار بوون لە ماڵباتی بارزانی جار جارەش لە بنەوە خۆشحاڵیان دەردەبڕی!

---

[13] بیستمان کە پێشمەرگە لەبەرەکانی جەنگ خۆی کوشتووە لەداخان (هیچ زانیاری ووردم لەبەر دەست دانیە ئەگینا پێویست بوو بینووسم)

[14] یەک لەوان خوالێی خۆش بێت کاک (ش . ح . م) کە زۆر دۆستی باوکم بوو، کوڕەکەشی برادەری کاک سورەی بوو دەیگووت پەیوەندی بە (ر . پ) برام دەکەم بێت بەدواماندا بێت (کە لە ئەمنی عامەی بەغدا بوو ئەو کاتی). خزمانی میراودەلی لێی نەبوو یان هەر کەم بوون، بەڵام خەڵکێکی زۆر دڵی خۆیان بە کاک بابەکری مەحمود ئاغای هێرۆیە (کە ئەو کاتی پارێزگاری سلێمانی بوو دوای بوو بە وەزیری کار لە حکومەتی عێراق) خۆش کردبوو.

ئەوانەی زۆر حزبی بوون جۆرە دیعایەیەکی تریان بڵاو دەکردەوە، زۆریان پێ خۆش نەبوو خەڵکەکە بڵاوەی لێ بکات و بڕۆنەوە عێراق. دەیان ووت وا چاکە چاوەروانی بڕیاری سەرەوە بین بزانین چ بکەین!

ئەو ماوەیە کاریگەری ڕاستەوخۆی لەسەر دانام چونکا شەو و ڕۆژ لە بیرکردنەوە و ئاخاوتن دابووم لەگەڵ خەڵکی بۆ دڵنیا بوون لە ئایینەدەمان و دۆزینەوەی ڕێگایەک بۆ دەرباز بوون لەو مەترسیانەی چاوەڕوانی دەکردین.

زۆر چاک لە بیرمە خوا لێی خۆشبێت دکتۆر خالید هات بوو بۆ ئۆردوگای سەراوی گەرم [15] ڕۆژێکیان لە چاخانەی مام هاشمی لەبەر دەرگای دانیشت بوو، چەند لاوێکی خوێن گەرم دەورەیان دابوو. زۆر بە غەمباری باسی تێک چوونی وەزعەکەی بۆ خەڵکی دەکرد . باسی مەترسی ڕێکەوتنە شومەکەی جەزائیر و پلانی ڕاگواستنی گوندەکانی دەکرد. زۆری بە پێویستی دەزانی کە پەلە بکرێت بۆ هەڵگیرساندنەوەی شۆڕش و ڕاگرتنی ئەو پلانە گڵاوە. لە هەمان کاتدا باسی کۆبوونەوەکەی ئورمیە ئەو هەوڵانەشی کرد کە کۆمەڵێک بەرپرسی سیاسی و سەربازی ناوبانە بۆ بەردەوام پێدان یان هەڵگیرساندنەوەی شۆڕش سەر لە نوێ. بەڕەحمەت بێت دەی ووت باشترە مااڵ و منداڵمان بەرینەوە ووڵاتی خۆمان بۆ ئەوەی نەبنە بارمتە لەدەستی حکومەتی شا دا. ئەوجا لەوێڕا گەنجەکان ئەوەی ژن و منداڵیان نیە دەست وەچیایی بدەن و نەیەڵێن مەیدانە کە چۆڵ بێت [16]

---

[15] لە زۆر نووسینەکانم و بۆنەکاندا نووسیومە و باسم کردووە، لە بەرکۆڵی بەرخۆدان تیشکم خستۆتە سەر

[16] لەو کاتەیدا کە لەگەرمەی قسااندا بوو. کابرایەکی کەچەڵی کوردی ڕۆژهەاڵت کە لە عەمباری ئۆردوگای کاری دەکرد هات وەک شانۆگەری چاوی خۆی بە پەڕۆیەکی بەست بوو. لەبەر چاوی خەڵکی خۆی بە ئەرزی دادەدا و هەڵدەستایەوە بۆ ئەوەی سەرنجی خەڵکەکەی بۆ لای خۆی

هەڵبەتە نەوکاتی نەمن قوتابی بووم. ئارەزووی خوێندم زۆرتر بوو لەهی چەک. بەڵام قسەکانی جێگای سەرنج و تێرامانی هەموان بوو. زۆر کەس هەر لەوێ پشتیوانی خۆیان دەربڕی و پێم وایە چووە نەقڵیانەوە. لەوانە، مەولود ئاغای زاوامان، وەستا قادری برام کە پێشتریش لە یەکیەتی لاوان بوو، زۆری دیکەش کە ناوەکانم لە بیر نەماون. نەمنیش زۆر فەرامۆشیم بە قسەکانی دەهات و ووڕە و گەرمی بە لەشم دەبەخشی بەڵام کە ناوی مام جەلالی تێکەڵ دەبوو زۆر نەقڵم بڕی پێ نەدەبرد!

لە دوای تێک چوونی شۆڕش خوێندن و قوتابخانە ڕاوەستا

نەمنیش هەر چەندە ڕۆژانە دەچووم بۆ دوکانێ باوکم بەڵام پورە گوڵەم بەڕەحمەت بێت، زۆری خۆش دەویستم، ئەو کاتی ئەو حزبی بوو [17] لە کەناڵی خۆیەوە هەوڵی بۆ دام، لە حزبەوە (دکتۆر محەمەد) بەڕێوەبەری نەخۆشخانەیان تێگەیان کە وەک کاتب لە سەیدەلیەی دام بمەزرێنێ بۆ نوسینی سجل و جار جارەش دابەشکردنی دەرمان. پاش ماوەیەک دەوام کردن. ڕۆژێکیان ووتیان یارمەتی شۆڕش هاتووە بۆ پێشمەرگە و کارمەندانی شۆڕش. وەک لە بیرم ماوە لیژنەکە لە (خوالێبخۆش بێت ڕەسوڵ مامەند، دکتۆر محەمەد و کەسێکی تر کە

ڕاکێشێ و بە ناڕاستەوخۆ پێیان بڵێ بە کوێرانە مەکەونە ڕێگا دەنا دەچاڵێ دەکەون. بەڵام خەڵکەکە هیچ گرنگیان پێ نەدا و پێیان وابوو کە ساواکە و جاسوسی بەسەر خەڵکیەوە دەکات، منداڵان بە کابرایان دەووت نان و پیوازی شای خواردووە بای کردووە!

[17] پورە گوڵەم لەیەکیەتی نافرەتانی کوردستان کاری دەکرد، ڕێزیان زۆر لێ دەگرت هەر بۆیە وەک خزمەتگوزار لە نەخۆشخانەی نۆردوگا دایان مەزراند بوو.

ناوەکەی نازانم) پێک هات بوو. کاتێک سەرەم هات و ناوم خوێندرایەوە ، کاک ڕەسوڵ مامەند بەڕەحمەت بێت ووتی نابێ. ووتم بۆ نابێ ووتی تۆ ناوت وەک پێشمەرگە تۆمار نەکراوە تەنها وەک کارمەند دامەزراوی، زۆرم پێ ناخۆش بوو. دوایی هەر چۆنێک بێت دکتۆر محەمەد لیژنەکەی ڕازی کرد کە ٥ دینارم وەک یارمەتی بدەنێ. کەمێک پێی هاتمەوە سەرخۆ. بەڵام زۆرم پێ خۆشتر دەبوو کە وەک پێشمەرگە حسابیان بۆ کردبام. چونکا هەستی بەشداری کردنم لە شۆڕش و خزمەت کردن بەخەڵک تێدا بەرجەستە ببوو.

قۆناغی سێهەم: گەڕانەوە بۆ ووڵات و چڕۆکردنی ڕکی پیرۆز:

مانگێک دوای تێک چوونی شۆڕش بەڕەحمەت بن هەر دووکیان، مام هاشم بە باوکمی ووت وا چاکە سەردانێکی نێو خزمانی تاران و مهاباد بکەم، پرس و باسی باروزروفی ئێرانیان لەگەڵ باس بکەم، دوایی کە هاتمەوە ڕاوێژ دەکەین لەسەر مانەوە یا گەڕانەوە. پاش کورتە سەفەرێکی چەند ڕۆژی مام هاشم گەڕایەوە و ووتی حزبی بەرهەڵستکاری زۆر دژی شای پەرەیان سەندووە، ئێران ناپێندەی دیار نیە بۆیە بەپەسندی دەزانم خۆ بپێچینەوە بگەڕێنەوە. بە نابەدڵی و ترس و دڵە ڕاوکێ ٣٠ – ٤ – ١٩٧٥ لە ڕێگای قەسری شیرین – منزیریە – خانەقین بە نارەحەتی گەڕاینەوە قەڵادزێ

الجمهورية العراقية
لئاشقامیەتیا خانەقین
التحریر
العدد / ت/ ٢٦/ ٩٢٧٩
التاریخ ٢٢/ ٨/ ١٩٧٨

الی / من یهمه الامر
م/ تأیید

تؤید عودة السید خالد محمد رحیم الی الصف الوطنی
بتاریخ ٤/ ٤/ ١٩٧٥

حالکظیمة ئ حسین
ئاشقام قضاء خانقین

فشاری بەعس و تێهەڵچوونەوەی خەڵک:

هەر ئەوەندە گەیشتینەوە شیوعیەکان لەلایەک و بەعسیەکان لەلایەکی تر تێمان ووروکان بۆ بەحزبی کردن. هێشتا گەردی ناسۆری تێکچوونی شۆڕش بە ڕوخسارمانەوە دیار بوو، خەبەری شۆڕشی نوێ هیچ خەبەری پەیدا نەببوو بەڵام کۆمەڵێک خەڵکی لاو و کۆنە پێشمەرگە کەوتنە سەر پێکەوەنان و فسک و فسک [18] هەروەک پێشتر باسم کردووە لە ماڵی ئێمە هەموویان لە من گەرمتر بوون. بەتایبەت کاک قادر، مام عوسمان، کاک سورە، (مەولود ئاغا، خلە گورزە بەڕەحمەت بن). هێندە تینوو بوون بەبێ جیاوازی و هیچ ترسێک وە پێش ڕووداو کەوت بوون. ماڵی ئێمە و باپیرم وەک بنکەیەکی لێ هات بوو.

لەلایەکی تر مامۆستایەکی وەرزش هەبوو بەناوی (عومەر سەراج) بەعسی بوو لە ماڵی سالحی مام ئالای ژووری بەکرێ گرت بوو. لە ڕێگای (ب.س.م.ئ) و لە دوای مردوان ڕەحمەت باشە (ق.س.د.ق) خەریک بوون، چۆن بم کەن بەبەعسی. نازانم بە تەواوی مەسەلەکە چی بوو بەڵام گەیشتە ڕادەیەک کە خەریک بوو سەعی کردنم لێ حەرام بکەن. ئەدیب قائیمقایم قەڵادزێ بوو [19] عەلی فەوتای [20] ڕاسپارد بوو بە دوامدا بگەڕێت، لەگەڕەکی مام قاسمەی، لە بن سێبەری

---

[18] هێشتا هیچ حزب و شۆڕشێک سەری وەدەر نەنابوو، خەڵک سەری پێکەوە دەناو چاوەروانی دروست بوونی شۆڕشیان دەکرد، ماڵی ئێمە لە هەموان گەرمتر بوون

[19] ئەدیب مامۆستایەکی خەڵکی زاخۆ بوو، کرا بوو بە قایمقامی قەڵادزێ. لە دوای ڕاپەڕین لەگەڵ ڕێکخستنەکانی زاخۆی حزبی سۆسیالیستی کوردستان پەیوەندی بەست بوو، لە کۆنگرەی ڕانیە بەشداری کرد.

[20] عەلی فەوتا کوڕی مام سەعیدە پیرەی بوو، بەداخەوە لە ڕووداوی تەقینەوەیەک لە ڕانیە تێدا چوو. خوالێی خۆشبێت.

دیواری بنکەیەکی تەندروستی خەریکی خۆ ئامادەکردن بووم بۆ تاقیکردنەوەی پۆلی ٣ی ناوەندی، نازانم چۆن دۆزیمیەوە. ووتی قائیممقام بە دوای تۆیدا ناردووم. کە چووم بینیم کۆمەڵێک خەڵکی قەڵادزێ لە هەموو چین و تۆیژەکان لە ژوورەکەی قائیممقام کۆکراونەوە و قسەیان بۆ دەکەن. ئەوێ رۆژێ تێگەیشتم کە ئەمنیش یەک لەوانەم کە دەست نیشان کراوم بۆ ئەوەی بم کەن بە بەعسی. ئەمنیش بە باوکم و کاک قادرم گوت، حاڵ و مەسەلەیەکی ئاوا هەیە. باوکم ووتی پێم باشە بە مام هاشمی بڵێی. چووم بۆ ماڵێیان و لەگەڵم باسکرد. ووتی ئەمن چەندین ساڵ شیوعی بووم، ئێستا هیچ بڕوام پێیان نەماوە و کاریان لەگەڵدا ناکەم. پێم چاک نیە ئەتۆش لێیان نزیک ببیەوە. مەبە بە هیچ حزبێک بەڵام ئەگەر زۆر ناچاریان کردی ئەوکات بیری لێ دەکەینەوە چ بکەی.

ئەوانەی بە ئاشکرا ببوون بەبەعسی و کاریان لەگەڵدا دەکردن ئەو کاتی چەند کەسانێک بوون لە پەنجەکانی دەستی تێنەدەپەڕین، بۆ ڕێز گرتن لە منداڵ و نەوەکانیان کە ئێستا لەوانەیە هەندێکیان مرۆڤی زۆر باش بن، بە باشی نازانم لێرە ناویان تۆمار بکەم.

ئەوجا خەڵکە تینووەکەی شۆڕش پەیوەندیان پێوەکردم

بەڕەحمەت بێت مەولود ئاغا ڕۆژێکی هاتە ماڵێ، جیای کردمەوە، ووتی ئەمن هیچ گومانم لە تۆ نیە و دڵنیام کە هەڵە ناکەی بەڵام برادەران ڕایان سپاردوم کە چەند پرسیارێکت لێ بکەم؟ ووتم فەرموو. ووتی لە بەعسیەکان بیستراوە کە ئەتۆش وەعدت پێداون بۆ ئەوەی کاریان لەگەڵدا بکەی. ئەمنیش بێ ترس و ئەم

لاو نەولا هەموویم بۆ باس کرد. ووتم بەڵام شتی وا نەبووە و قەتیش نابێت. ووتی بەڕاستی زۆر دڵنیات کردم و دڵم خۆشە. ئێستا دەچم بە کاک سەید نەنوەر و جەماعەت دەڵێم بۆ نەوەی برادەران ئاگادار بکەنەوە و لەو درۆ دەلەسەی کە دەیانەوێت وە دوات بخەن. ووتم چۆنت پێ چاکە وا بکە، نەمن بۆ خۆم پێویستیم بە کەس نیە ئاگاداری بکەمەوە، چونکا بۆ خۆم بڕوام بەخۆم هەیە. هاوبێنکی سەخت و پڕ دڵە ڕاوکێمان بەڕێ کرد، خێرێ تێدا بوو دوای تاقیکردنەوەی سەری ساڵ بۆ ماوەی زیاتر لە ٤٠ ڕۆژ لە هاتووچۆی نێوان سلێمانی، کەرکوک و بەغدا دابووم بۆ چاک کردنی موالید و دەرهێنانی جنسیەی عێراقی. لە دوایشدا هەموو برادەدەرمکانم بە تێکڕایی بە کج و کوڕەوە ڕۆیشتن بۆ خانەی پێگەیاندنی مامۆستایان، پیشەسازی و کشتوکاڵ. ئەمنیش داواکاریم بۆ خانەی پێگەیاندنی مامۆستایان پێش کەش کرد بوو بەڵام وەرنەگیرابووم لەبەر نەوەی بەعسی نەبووم و وادەشم پێ نەدەدان کە دەبم [21] زۆر بێزار و دڵشکا بووم بەڵام زۆریان خوێندن بوو نەمنیش هیچ نارەزووم لە خوێندن لە قەڵادزێ نەمابوو. بۆیە بەناچاری چوومەوە سلێمانی هەروەک لە بەرکۆلی بەرخۆدان باسم کردووە کێشەکەم بۆ کاک ئاراس عومەری محەی قازی باسکرد، ووتی بەباشی دەزانم لەگەڵ کاک بەختیاری برام باسی بکەی، ئێستا دامەزراوە بە کاتب (تحریر) لە لای پارێزگاری سلێمانی. خوا ماڵی ئاوا کات چاو ساغی کردم و لە ڕێگای نوسینی عەریزەیەک بۆ پارێزگار و کارسانایی کردن بۆ نووسینی پشتیوانی لەسەری بەبێ نەوەی ببمبە بەعسی وەرگیرام.

---

[21] لە بەرکۆلی بەرخۆدان تیشکم خستۆتە سەر نەو باسە و چۆنیەتی وەرگیرانم و دەردە سەریەکانی دوایی نەو

السيد مدير ثانوية الشهيد المحترم

اننا الموقعات ادناه من اهالي قلعه دزة وقد قدمنا طلبا حول قبولنا في دار المعلمين في الثانوية بة مع القلم الى معدل درجات كل واحد منا ٥١٦ عبد حسين رحيم و ٥١٤ خالد احمد رحيم مع القلم قبل طلاب معدل درجاتهم قليلة جدا بنسبة درجاتنا لا تزيد على ٠ درجة مع القلم اننا ٧٤ و ٧٣ وكذا اننا فقراء وذوينا عمال ولا نتكمن من مواصلة الدراسة في المدارس الحرة لهذا لم نقبل في دار المعلمين وهذا ما سبب حقد وريبتنا عليه لذا هذه العريضة لسيادتكم راجين قبولنا مطلقا عليها ورفع هذا الحيف عنا وامركم بقبولنا في دار المعلمين ولكم الاحترام ٠

الطالب
محمد حسين رحيم
من اهالي قلعه دزه

الطالب
خالد احمد رحيم
من اهالي قلعه دزة

تاڵاوی دوای وەرگیرانم

لە دووەم ڕۆژەوە بەعسیەکان وەک گەنە کەوتنە گیانم. لە خوێندنگاکەمان ١٣٠٠ کوڕ و کچ هەبوو بە دوو دەوام دەواممان دەکرد، بە پێی ئەو زانیاریانەی کە لە دوایدا لە کاک (ڕێبواری وەستا ئەحمەدی دەڵاک) وەرم گرت، هەر هەموویان کرا بوون بە بەعسی تەنها ٨ کەس نەبێت، سوپاس بۆ خوا من یەکێک بووم لەو هەشت کەسایەتیە. کاک ئارامی شێخ محەمەد یەکێکی تر بوو لەو چاو نەترسانە. بە ئاشکرا بەربەرەکانی بەعسیەکانی دەکرد و وەڵامی دەدانەوە. هەتا وای لێ هات بوو، قوتابیەکان پرۆپاگەندەیان بۆ بڵاو بکەنەوە بڵێن لە ڕێگای باوکیەوە بەعسیە بۆیە ناترسێ [22] بەڵام لە دوایدا دەرکەوت کەوا نەبوو. چەند جارێک دوای دەوام وەک شانازی و چاونەترسی بەخۆ کردنەوە لە دوای دەوام جارێکیان لەگەڵ کاک ئارام و مومتاز ژن برای مامۆستا نیهاد و سەباح ئەحمەد مەحمود سەردانی یەک ، دوو ماڵی ئەوانمان کرد. لە دوایشدا بە بەردەوامی کاک ڕێبوارە سوری سابون کەران سەردانی دەکردم هەتا جارێکیان هەندێک بڵاوکراوە و نوسراوی شاخی بۆ هێنام بەڵام دوای خوێندنەوە ووتم بیان بەوە چونکا ئێمە لە ئوتێل شەعب دەخەوتین ڕۆژانە خزمەتگوزاری ژوورەکە بەناوی پاک کردنەوەی

---

[22] کاک ئارامی شێخ محەمەد پاش چەند ساڵ لە ڕێگای پاڵتاک و ئنتەرنێتەوە دۆزیمەوە، لە ئەڵمانیا باسی ئەو ڕۆژگارە زێرینانەی خۆراگریمان کرد. زۆر بە شانازیەوە ووتی لەبەر ئەوەی دوایی چوومە دەرێ بۆ پێشمەرگایەتی خانوەکەی ماڵی باوکمیان بەشۆفڵ تەخت کرد. هەروەها ووتی چەند جارێک بە مەفرەزە هاتووەتە ناو سلیمانی بۆ تۆڵە کردنەوە لە مامۆستا (خالید کرێدی) بەڵام بەداخەوە بەر دەست نەکەوتووە. زۆر کورد بوو، بیرکردنەوەی لەبرایانی پاسۆک یا قیادەی موقەتەی ئەو کاتی دەچوو

ژوورەکان سەیری کەلوپەلەکانمانی دەکرد. کاک عارف حسێن [23] خاوەنی ئوتێلەکە بەڕەحمەت بێت ئەو ئاگاداریەی دامێ.

یەکەم ڕووبەڕوو بوونەوە و سینگ پێگرتنم لەلایەن بەعسیەکان

- مامۆستایەک بەناوی (خالید کرێدی) کە بەرپرسی حزبی مەکتەبەکە بوو، ڕۆژێکیان وانەیەک، دوو وانەمان مابوو هاتە ژووری پۆلەکەمان، ووتی ئەوەی حزبی نیە با برواتەوە. من و کاک ڕێبوار و یەک ، دوانی تر بووین هەستاین. لەبەر دەرگا یەخەی گرتم ووتی ئەتۆ دانیشە. ووتم بۆ، خۆ من بەعسی نیم؟! ووتی دەزانم، بەڵام دانیشە بزانە باسی چی دەکەین، خۆ بەعس دڕندە نیە دانیشە! ئەمنیش بە دڵەڕاوکێ و نابەدڵیەوە دانیشتم. ئەو چەند سەعاتە لە (عەرشەوە تا قورشیان) باس کرد، ئەمنیش وام دەزانی دنیا لەسەر سەرم دەسوڕێ! دوایی تەواو بوون هاتە لام ووتی خۆ نەمان خواردی، گوێت لێ بوو باسی چی خراپمان کرد؟

ووتم مامۆستا ڕاست دەکەی بەڵام ئەمن خەڵکی دەرەوەم، کێشەی جێگا و ڕێگا، خواردن، نووستن، ماده و زمانم هەیە ناتوانم هیچ سوودێکم بۆتان هەبێ. بۆیە داواتان لێ دەکەم بارم گرانتر مەکەن بابتوانم خوێندنەکەم تەواو بکەم. لە دواییدا نەک هەر لە ژووری پۆل بەڵکو لە قوتابخانەکەش قوتابیە عەرەبەکان

---

[23] کاک عارف حسێن خاوەنی ئوتێل شەعب بوو، ڕۆژێک نا ڕۆژێک دەهات، بۆ ئوتێلەکە و شەو دەمایەوە، ڕۆژەکەی تریش کاک نەجاتی برای دەهات. کاک عارف زۆر کورد بوو. هەستی بە تینویەتی منی بۆ کوردایەتی کرد بوو، زۆر ئاگاداری دەکردم بە تایبەت لە خزمەتگوزارەکەیان کە ناوی (ئەحمەد) بوو، ڕۆژانە دەبوو جارێک سجلی ئوتێلەکە بەرێت بۆ دائیرەی ئەمن.

دەور و خولیان دەدام لە پشوو، ئاهەنگی و بۆنەکانی ناو خوێندنگاکەمان. پاشان هەستم کرد کە چەند قوتابیەکی زانکۆش کە نەم دەناسین بە دوای خست بووم. چەند جارێک ڕێککەوت کە لە گازینۆ، لە سینما دەیان ووت پارەکەت دراوە! وای لێ هات بوو سڵم لە سێبەری خۆشم بکەمەوە. تا ئێواران درەنگ هەر دەرسم دەخوێند لە دوایشدا هەر جارەی بەلایەکدا دەچووم لە شوێنێک نانم دەخوارد و بەلایەکی دووردا دەگەڕامەوە. لە کۆتای تاقیکردنەوەکانی سەر ساڵ ووتی پێش چوونەوەتان سەردانێکم بکە، نامەیەکت دەدەمێ بۆ کاربەدەستانی شارەکەت. ووتم مامۆستا نیازم نیە بچمەوە، چونکا ئەگەر لێرە کارم دەست کەوێت دەمەوێت کار بکەم، ئەگەر نا دەچم بۆ هەولێر بەدوای کاردا دەگەڕێم. ووتی باشە کە چووی بۆ هەولێر دوایی بگەڕێوە ئێرە ناونیشانی شوێنی نیشتەجێ بوونەکەتم بۆ بهێنە. ووتم خوا گەورەیە. ئەو ساڵەم بەخۆشی و بەترشی بردە سەر. ئەو بەعسیانە ژیانیان ئاڵۆز کردبووم خوایە قەت نەیان بینینەوە. [24]

گەشەی خۆراگری

لەو ساڵەدا زۆر ڕووداوی گرنگ لە قوتابخانەکەمان ڕوویدا کە گەشەی خۆراگریان بەبەردا کردم و زیاتر سووریان دەکردم لەسەر نەبوون بەبەعسی وەک هەڵوێستی کاک ڕێبواری ئەحمەدی دەلاک لە ئاهەنگی یەکتر ناسین لە هۆڵی نەقابەی مامۆستایان کە بەڕووی اتحادیەکاندا تەقیەوە بەبێ ترس ڕووبەڕوویان بۆوە. خۆنشاندنەکە، کە لەبردنمان بۆ بەردەرکی سەرا و بەشداری پێکردنمان لە

[24] نەو بابەتەم لە بەرکۆڵی بەرخۆدان تیشک خستۆتە سەر و خوا نموونەی نەو بەرێزانە زیاد کات کە لە تەنگا پشتی خەڵک دەگرن

ڕێپێوانێک لە نزیک زانکۆی سلێمانی گۆڕا بە ووتاف کێشان و ئەی ڕەقیب بۆ خۆنشاندن و پەلاماردان و گرتن و بڵاوەیان پێکردین .

دووەم ساڵ پێم خۆش نەبوو مەکتەب دابندرێتەوە لەبەر خالید کرێدی [25] و بە بەعسی کردن. دوای هەفتەیەک لە دەوام یەخەی گرتم. ووتی پار چاومان لێ پۆشی لەبەر کێشەکانت بەڵام ئەم ساڵ بواری تێدا نیە. ووتم مامۆستا زۆر داوای لێبووردن دەکەم چونکا هاوین کارم دەست نەکەوت بۆیە ئەگەر کێشەکان پارم هەزار بووین ئەم ساڵ بوونە هەزار و یەک. ووتی نابێ شتی ئاوا ناخوات. دەبێ سبەینێ ڕاپۆرتێک بنووسی هۆکاری نەبوون بە بەعسیم بۆ بنووسی، ئەگینا مەیەوە. بەبێ وەڵام دانەوە ڕۆیشتمە دەرێ.

ئەو شەوەوە خەو نەچۆ چاوم، هێنام و بردم باشە چی بۆ بنووسم؟! بەیانی زوو مەلا بانگدان هەستام چووم بۆ ماڵێ کاک (ڕەوفی مام سانجی) [26] لە گەڕەکی شیخ محێدین لای ڕزگاری. لە دەرگام دا بە بیجامەوە دەرگای لێ کردمەوە. ووتی ها خێرە، خۆ هیچ ڕووی نەداوە بەو بەیانیە زووەی وەدەر کەوتووی؟ ووتم با بچینە ژووری بۆت باس دەکەم. بە کورتی بە پوختی، بێ ترس ووتم دەبێ هاوکاریم بکەی لە دارشتنی نامەیەک کە فەرز کراوە بەسەرم دا بینووسم نەگیان

---

[25] خالید کرێدی بەرپرسی حزبی قوتابخانەکەمان بوو، زۆر دڕ و پەلامەردەر بوو، هەتا بەرێوەبەری قوتابخانەکەش هێندەی ئەو دەسەلاتی نەبوو، چەکی پێ بوو، زۆر جاریش بەسەیارەی سەربازی دەیان هێنا زیاتر بۆ چاوترساندنی قوتابیەکان. لە بەرکوتی بەرخۆدان زیاترم لەسەر نووسیووە.

[26] کاک ڕەوف، جابی پاسی مەسلەحە بوو، سەربازی کرد بوو، عەرەبیەکەی لە هی من باشتر بوو، هەندێک لە برا و ئەندامانی خێزانەکەیان شیوعی یا مەیلی بەلای شیوعیەکاندا بوون، زۆر جێگای بڕوا بوو بۆ من چونکا ماوەیەک لەیەک ژوور بووین لە ئوتێل گەل.

دەبێ واز لە خوێندن بهێنم. زۆر بەڕێزەوە ووتی جا چ بنووسم؟ خۆ ئەمن لە نوسیندا هێندە بە قووەت نیم! ووتم حەقت نەبێ چیت پێ دەڵێم بینوسە، ئەگەر ڕات لێ بوو دەیبەم بۆی ئەگینا دەڕۆمەوە قەڵادزێ. کاغەز و قەڵەمم دایە دەستی، ووتم بنووسە:

زۆر بەڕێز مامۆستا خالید کرێدی

لە کاتی نووسینی ئەو نامەیەدا زۆر هەست بەشەرمەزاری دەکەم، کە کێشەکانی خوێندن، جێگاو ڕێگا، غەریبی و هەزار و یەک کێشە و کەم و کوڕی بڕستیان لێبڕیووم و لە ئاستی ئەوەدا نیم کە ببمە هاوڕێتان لە بەدەست هێنانی ئەو هەموو دەسکەوتە مەزنانەی کە حزبی بەعسی عەرەبی ئیشتراکی بۆ ئومەی عەرەبی و گەلی عێراقی بەدەست هێناوە. ئێوە کە خۆتان بە خەڵکی ناساندووە بە حزبی فەقیر و ڕەش و ڕووتان، هیوادارم بە چاوی سۆز و میهرەبانیەوە بڕوانن بارۆزڕوفم، ڕێگام دەن خوێندنەکەم تەواو بکەم. ئەمانە و کۆمەڵێک ووشەی پێدا هەڵدان بە دەسکەوتەکانی گەلی عێراق و لەگەڵ حەسرەت خواستن بۆ پێبڕانی ئەو شانازیانە. بە عەرەبیەکی نیوە جڵفە و نیوە قواعیدی پێکەوە نووساند. دوای ڕەزامەندی کاک ڕەوف لەسەری جارێکی تر بەدەستی خۆم نووسیمەوە و لەناو کتێبەکانم دانا و بەرە و کارێزی مەجید بەگ [27] بەڕێ کەوتم.

بەیانی زوو گەیشتمە قوتابخانە، خوا خوام بوو مامۆستاکە بێت و نامەکەی بدەمێ و بزانم ئەنجامەکەی چ دەبێ! هێندەی نەبرد و هات. نامەکەم دایە. ووتی برۆ دانیشە لە پۆل دوایی وەڵامت دەدەمەوە. ووتی زۆر باشە جارێک دەوام بکە، ئەگەر کێشەکان چارەسەر بوون، ئیشمان لەگەڵدا بکە. ئەمنیش ووتم سوپاس.

---

[27] ئەو کاتی خانەی پێگەیاندنی مامۆستایان لە کارێزی مەجید بەگ بوو.

بابزانم چۆن دەبێ. دوایی وا دیار بوو قسەکانی منی لێ ببوو بەڕاستی، زۆربەی ڕۆژان دەرسێکی ئەومان هەبوو، هەڵی دەستاندم، پرسیاری لێ دەکردم. لەترسی بیانووی نەو، ئیش و کارم ببوو بە تێکۆشان لە نەرکی ماڵەوەی دەرسی عەرەبی. لەبەر کردنی شیعری عەرەبی سەردەمی جاهیلی و نووسینی (انشاء) زۆری ماندوو کردم بەڵام نەو شەرم بۆ بەخێر تەواو بوو، لە فێربوونی زمانی عەرەبی. بەڵام چەند قوتابیەک (سەعیدە سور و تەلعەت) [28] کە هاوپۆلم بوون بەبەردەوامی چاویان لەسەر هەڵنەدەگرتم لە بۆنەکان چاودێریان دەکردم.

بەڵام دوای پەیدا بوونی پێشمەرگە و شۆڕش، تارمایی بەعسی ڕەواندەوە. ڕۆژێکیان نەو مامۆستایە بەدڵخۆشیەوە بەژوور کەوت ووتی مژدەیەکی خۆشی سەرکەوتنەکانی شۆڕشم پێبە بۆتان. کەوتە پێدا هەڵدان بە شۆڕش و دەسکەوتەکانی و جنێودان بە جێب نەلعەمیل و مخەرببین. ووتی ڕۆڵەکانی شۆڕش زیاتر لە ١٠٠ مخەرببیان لە گوندی شارستێن کوشتووە. ئێمە بڕوامان پێ نەدەکرد کە توانیبێتیان هێندە پێشمەرگە شەهید بکەن بەڵام ترسمان هەبوو کە خەڵکی گوندەکەیان بە گەورە و کچکەوە ڕەشە کوژ کردبێ.

لە دوایدا نەزموونم لە خۆراگری پەیدا کرد، عەرەبیەکەم بڕێک باشتر ببوو. بەڵام ترسی نەوەی کە ڕۆژێک هەردەبێ لەگەڵم یەکلا بکاتەوە مابوو. بەڕپرسی (اتحاد طلبە) شۆڕشی خدر شەوکەت گۆڕابوو بە کوردێکی سلێمانی ناویم بیر نەماوە بەڵام دەمزانی کە خزم و ناسیاویان لە قەڵادزێ هەیە، ڕۆژێکیان لە گۆڕەپانی مەکتەب ڕووبەرووم هات. ووبستم خۆی لێ لادەم بەڵام قۆڵی گرتم. ووتی وەرە با بڕۆین بۆ حانوت شیرینیم لێت نەوێ چونکا خەبەرێکی خۆشم پێبە بۆت. هەستی کرد کە گرنگی پێ نادەم بۆیە بە زەردەخەنەوە و ووتی بڕاوم پێ

---

[28] سەعیدە سور، تەلعەت، سەفا چەند قوتابیەکی تری عەرەب لە ڕومادیە، دیالە و شوێنەکانی تری عێراق لەوێ وەرگیرابوون، بەعسی بوون

ناکەی؟! وەرە با بڕۆین ئەوەی پێت دەڵێم درۆی تێدا نیە. دڵنیابە ئەگەر بزانێوە کە من ئەومم درکاندووە بە تاوانی بردنە دەرەوەی ئینی لەوانەیە سەرم تێدابچێ. ئەمنیش ووتم ، دادەی ئەو شتە چیە لە منت کردۆتە تەیارە بیڵێ، پەیمان بێ کەس لێم نابیستێ. ووتی پەیمان، ووتم پەیمان. ووتی برا ئێستا لە کۆبوونەوە دێمە دەر، کۆمەڵێک بەرپرسی گەورە هات بوون، مامۆستا خالید کرێدی بە منی ووت فایلی ئەو خالیدم بۆ بێنە. دوایی ووتی ئەو کوڕە بۆ هێنادە کەلە ڕەقە و لە چاو ئەو هەموو خەڵکە ئەو نابێ بە بەعسی؟ هەر یەک قسەیەکی کرد. سەرەی من هات، ووتم جا ئەو کوڕە چیە ببێ بە بەعسی یا نا؟ نەبێ باشرە چونکا هیچ سودێکمان پێ ناگەیەنێ. ئەو کوڕە هەر تێکەڵاویش نابێ، ووتی کەوتمە زەم و ناشیرین کردنت، هەتا وای لێ هات زۆر تووڕە بوو فایلەکەتی لەت و پەت کرد جنێوێکیشی پێدای. ووتی دەزانم زۆریان هیلاک کردوی بۆیە وویستم زوو بت بینم کەمێک دڵت خۆش کەم. سوێندم دا ووتم ئەو قسانەی دەی کەی ڕاستە یا دەتەوێت هەڵوێستی من بزانی. ووتی وەڵا ، بیلا درۆی تێدا نیە، بڕۆ پشتێندی لێ بکەوە، فایلەکەت بەدەستی خۆم بەدڕاوی خستمە سەلەی خۆڵەکەوە. ئاهێکی قوڵم هەڵکێشا و لە دڵی خۆمدا ووتم ئۆخەی بەڵام بۆ ئەوم دەرنەبڕی.

چێژی خۆراگری و تێکۆشان

ئەو ڕۆژگارانە بۆ ئێمەی لاوی خوێن گەرم زۆر سەخت گوزەران بەڵام تام و چێژی خۆشی تایبەتی خۆشیان هەبوو کە قەت لە ژێر ددان دەرناچن. ئەو ڕۆژانە هەر بەدەم هاسانە گێڕانەوەیان، کەم کەس دەروەستیان دەهات لە هەمان کاتدا تاڵیەکان گیانی خۆراگری، بەرگەگرتنیان زیاتر بەبەردا دەکردی. بەتایبەت دوای دروست بوونەوەی شۆڕش و پێشمەرگە جارێکی دیکە هیوا و ڕووناکی بۆ دڵی زۆربەی خەڵکی گەڕایەوە . خەڵکی بودەڵە و خۆنەگر باریان لار بوو. ترس و

تۆقاندن چەند بەهێزتر دەبوو، چێژی شانازی بەخۆوە کردن زیاتر دەبوو. ئەوجا دۆڕاوەکان کلکە سوتێیان بۆ دەکردین و هەوڵیان دەدا لەگەڵمان بووەستن بۆ ئەوەی سێبەری سالاریان پێ ببڕێ.

زایەڵەی شیعری

حەمەی حەمە-باقی [29] و لەتیف هەڵمەت [30] و کەڵە شاعیرانی سلێمانی و دەوروبەری، نوزەیان بڕی لە سڵەمینەوە لە ترسی بەعس و شنەبای ساردی پایزی شار. کۆڕی لاوانی عاشقی وولات و خوێن کەفکردووی گەرمتر دەکرد. بەڵێ ئەوێ ڕۆژێ کۆڕی شیعرەکانی هێمن موکریانی [31] لە ئامادەیی سلێمانی، دڵی لاوانی سلێمانی جۆشتر دەدا. تاریک و ڕوون و دیوانی قانع ماڵەکانی ڕووناکتر دەکردەوە. نازانم بۆ شیعری ئەمڕۆ تام چێژەی ئەوێ ڕۆژێیان لێ نایە؟! دەبێت لەبەر هەڵکشانی تەمەنی ئێمە بێت یا لەبەر لەدەست دانی ڕوحیەتی شیعری کەڵە پیاوان بێت. ئەوێ ڕۆژێ چاو و گوێ و هەموو هەستەکانمان وابەستە بوون بەبیستن و بەشداری کردن لەشتە قەدەغە و پڕ مەترسیەکان (مەمنوعەکان مەرغوب) ببوون.

---

[29] بەشداری کردنم لە گونگرتن لە یەکێک لە شیعرەکانی کاک حەمەی حەمە باقی لە کۆڕێکی شیعر خوێندنەوە کە باسی (هەشت چەقۆکانیان تیژ کردەوە۹ مەبەستی کۆنگرەی هەشتی حزبی بەعس بوو کە تازە بەسترا بوو، تەزووی گەرمی بەخوێن بەرەکانماندا دەهێنا لەو ئێوارە ساردەی سلێمانی.

[30] لە هەمان کۆڕ و لە هەمان ئێوارە ناخمان زیاتر جۆشدرا بە شیعرە ناگرینیەکانی کەڵە شاعیری کفری لەتیف هەڵمەت

[31] لە ساڵی ۱۹۷۸ لە هۆڵی ئامادەیی سلێمانی لە چوار باخ بە شیعرە تەڕ و ناسکەکەانی جاڕی مەرگی ژێر دەستی و کۆیلەیی دا، ئایی کە بۆ ئەوێ ڕۆژێ چەندە مژدەی ووڕە و هیوا بەدڵی پیر و جەوانی سلێمانی بەخشی.





ئەو ڕۆژەی تەقەیان لە پارێزگاری سلێمانی کرد [32] شار شێوا

کە چوومەوە ژوورەکەم لە ئوتێل گەل کاک (سالح مەلا دەڵگەیی) [33] بەرامبەر بەخۆی لەسەر قەرەرمووێلکەی من، وێنەیەکی کارڵ مارکسی بەدیواردا داکوتا بوو. پەلامارم دا دای گرم لەژێر بەتانیەکەیەوە کەوتە کوفر کردن وەک ئەوەی ئەمن کوفرم بەرامبەر-بە ئەو کردبێ. ووتم دەزانی لە دەرێ چ رووبداوە ئەتۆ ئەمڕۆ ئەو وێنەیە لەسەر جێگای من هەڵدەواسی؟ ووتی جا با هەرچی رووبدابێت. ووتم بچۆ دەرێ ئەوجا وابڵێ. سوکە شەڕێک و دەنوکە کەوەیەکمان کرد بەڵام هەر ئەوکاتە بوو دوای سارد بوونەوە.

---

[32] ئەو ڕۆژەی تەقەیان پارێزگاری سلێمانی کرد، پاسەوانەکەی مام هەمزە قیلە بەر کەوت، من و کاک سالح و یەکێکی تر لە ژووری ژمارە ١٧ یا ١٩ ئوتێل گەل بەرامبەر پارێزگا دەژیان

[33] کاک سالح کوڕی گەورەی مامۆستا مەلا محەمەدی دەڵگەیی لە ئامادەیی بەشی ئەدەبی بوو، کە لە مەکتەب دەهاتەوە شەو و ڕۆژ لەبن بەتانی دەیخوێند کەمتر کاتی بەفیڕۆ دەدا بەبازار و سینەما و تێکەڵ بوونی خەڵک لە دواییدا ئابووری لە زانکۆی بەغدا تەواو کرد. هەستم کرد بوو مارکسیەت تێکەڵ بەخوێنی ببوو، ئەو ڕۆژانەی کە لە زانکۆی بەغداد بوو کە دەهاتەوە قەڵادزێ زۆر کتێبی بەنرخی بۆ من و مامۆستا عومەری فەقێ ئەحمەدی دەهێنا هەر تەنها پارەی کرینەکەی لێوەردەگرتینەوە ماندوو بوون زیاتری پێ نەدەبڕا. لە دوایدا بوو بەیەکێک لەبەر پەرسیارانی تیپی جوتیارانی پشدەر و ئەوجا خزیە نێو خەباتی چەپ و مارکسیەکان. ئێستا لە دانیمارک دەژێت.

لەبەرکوڵی بەرخۆدان کەم تا کورتێک وەکو خۆی باسی کۆمەڵێک هەڵوێستی مرۆڤ دۆستی و خۆراگری کوردانە نووسیوە کە لە قۆناغی جیا جیا لە پێناو خوا، بۆ ئاسوودە کردنی ویژدانم، بەرگری لە خاک، میللەت ئەنجامم داون ئێستا بەسەرەوەری و شانازیان دەزانم وەک بەخششێکی پەروەردگار، تەنها تیشیک دەخەمە سەر هەندێکیان بە پێویستی نازانم لێرەدا دووبارە تۆماریان بکەمەوە.

چەخماخەی شیعرێکی مامۆستا گۆران:

خوێندنەوەی هۆنراوەیەکی مامۆستای جوانی و سروشت (گۆران) لە ئاهەنگی ڕۆژی مامۆستایان، ١ ئازاری ١٩٧٨ [34] بۆ ئەوێ ڕۆژێ شۆڕشێک بوو

بڵێن بەبووکی تازەی یەک شەوەم ئەگەر هاتە سەر نەعشم

ئەڵێ خۆی بۆ وەتەن کوشت و لەڕێی عەشقی منا نەژیا

وەزیفەم بوو لە پێناوی وڵاتێکا سەرم بەخشم

کە تۆی پەروەردەکرد بۆ من لە دامێنی چیا و کەژیا

ئەگەر خوای گەورە پێی بەخشی هەتیوێ پێی بڵێ ڕۆڵە

لەمن فرمێسکی وویست باوکت لە تۆش داوا دەکات تۆڵە

---

[34] یەکەم ڕۆژی دەرس ووتنەوەی پراکتیکی (تطبیقات) بوو، جەژنی مامۆستایان بوو، بانگیان کردمە سەر ستەیج بۆ پێشکەش کردنی بابەتێک سەیری (بەرکوڵی بەرخۆدان) کە

گەڕی مامۆستا ڕەمەزان بەڕێوەبەری قوتابخانەکەمان [35]

مامۆستا ڕەمەزان لە گەڕگەڕیەکانی موسڵ بوو. زۆر بەداخەوە کاتی وەرگرتنەوەی نمرەی سەری سانّی خوێندن کۆتایی، بانگی کردم بۆ ژووری ئیدارە، ووتی شایەنی ئەوەنی ئەو شەهادەیەت بدەمێ چونکا زۆرت ماندوو کردین و نەبووی بە بەعسی، ئەمنیش ترس لە لەشمدا نەمابوو، بێمنەت ووتم هیچ پێویستم بەم شەهادەیەی تۆ نیە. ٣ سانّ لە سەربازی دواخراوم، بچم تەماتە و خەیار بفرۆشم زیاترم دەست دەکەوێت لە مامۆستایەتی، با ئەو شەهادەیە هەر بۆ خۆت بێت، خوا حافیز. بە دوام کەوت و دەستی لە ملی کردم، ووتی گانّتەم لەگەڵ کردی ئەتۆ نمرەکانت لە قوتابیە هەر باشەکانە و زۆر سەرکەوتوو بووی بۆیە لە دوام ناردووی بۆ ئەوەی پیرۆز بایت لێ بکەم. ئەمنیش هیچ سارد نەبوومەوە لەگەڵی، ووتم سوپاس و کارتەکەم لێوەرگرت و ژوورەکەم بەجێ هێشت.

یەکەم سانّی دامەزراندنم لە ١٩٧٨ لە گوندی گرتک سەر بەناحیەی ناودەشت (سەنگەسەر)

---

[35] مامۆستا ڕەمەزان لە عەشیرەتی گەرگەر بوو، هیچ بە کوردی قسەی نەدەکرد، ژنی لە سلێمانی هێنا، لە دوای ڕاپەڕین لە سلێمانی خوێندنی بالاّیی تەواو کرد، یەکیەتی مامۆستایان کوردستان سەر بەیەکیەتی نیشتمانی کوردستان کە بۆ خۆم سەرپەرشتیاریان بووم ! لە مەکتەبی ڕێکخراوە دیموکراتیەکان، داوای یارمەتیان بۆ کرد بۆ چاپ کردنی نامەی ماجستەرەکەی. پێشینان ووتوویان کێو بەکێو ناکەوێتەوە نادەمی بەنادەمی دەکەوێتە. بەڵام ئەمن بە پێچەوانەی ئەو زۆر ڕێزم لێگرت و پارەکەشمّ بۆ سەرف کردوو و دوایی بەرپرسەکەی کە داوای پارەکەی بۆ کردبوو سەرکۆنەم کرد ، بەسەرهاتەکەم بۆ گێڕایەوە. بۆ زانیاری زیاتر لەو بابەتە سەیری بەرکۆڵی بەرخۆدان بکە.

_سوپاس بۆ خوا هێندەم گڕوتین تێدا بوو، وام دەزانی دەرس ووتنەوە غەزایە، تا نیوەی ساڵ دەرسی پێنج پۆل و دوای نیوەی ساڵیش دوو دەوامان بەڕۆژ دەکرد و شەوانیش لەبەر لۆکسی هەڵمەتی نەهێشتنی نەخوێندەواریمان [36] دەووتەوە.

ئەوەی کە هەتا مردن شانازی پیوە دەکەم بە پێویستی دەزانم لێرە تیشکی بخەمە سەر:

١- شەو و ڕۆژ وەک میلی کاتژمێر لە کاردا بووم وام دەزانی بەشێکە لە عیبادەت، دەقیقەیەکم بە فیڕۆ نەدەدا وەکو ئەورپیەک ئەوەی لە دەقە و کاتژمێری خۆی ئاماده نەبایە لێم قبووڵ نەدەکرد. سەرەتا هەتا گەورە و بچوک و بەو سیستەمە ڕاهاتن کە قەت نەیان دی بوو کەمێک لەلایان ئەستەم بوو، بۆ خۆشم خەریکی تۆشی کێشە ببمەوە بەڵام پاش چەند مانگێک چێژیان لێوەرگرت و لەگەڵی ڕاهاتن. پیر و گەنج خوا خوای بوو کاتژمێرێک سەری لێوە دەسوێی بنێم و چایەکی لە ماڵێ بخۆمەوە. بەڵام بەداخەوە نەمن هیچ کاتم نەبوو. جگە لە دیتنیان لە ژووری پۆل لە کاتی دەرس ووتنەوە بەڕۆژ هی منداڵەکانیان و بەشەویش لەبەر لۆکسی بە گەورە و نەو جەوانە شوانکارەکان [37] هەتا هاوینێ

---

[36] بەعسیەکان بۆ گەیاندنی بەرنامەی بەعس بە گوند و شار لە دوای دامەزراندنی ئێمە هەڵمەتی نەهێشتنی نەخوێندەواریان ئیجباری کرد لەسەروی ١٨ ساڵ بە نێر و مێوە ئەوەی کە کەمتر لە پۆلی شەشی سەرەتایی خوێندن بێت. پڕۆگرامەکەی نیوەی پێدا هەڵدان بوو بە شۆڕشی ١٧ و ٣٠ تەموزی خۆیان.

[37] بەسەر هاتی پوره ڤاتی و کوڕە گەورەکەی کە بەهاواری خدری کوڕی کە قوتابی پۆلی ٥ی سەرەتایی بوو هات بوو ، بە جنێودان بە حکومەتی کە چەندی کەسی لێ نیعدام کردبوون، چیرۆکێکی تاڵ بوو، هەتا شەونکیان بەڕێکەوت مەفرەزەیەکی پێشمەرگە هاتبوونە گوندی و کوڕی

کە یەک، دوو جار وا ڕێکەوت کارم هەبوو، کاک سورەی برام لە جێگای من شوێنەکەی پڕ دەکردەوە و وانەی پێ دەگووتن. وای لێ هات بوو ئەویش چیژی لە پیشەی مامۆستایی و خۆشەویستی خەڵکەکە وەرگێت، پێم وانیە قەت لە بیر بچێتەوە.

٢- وەلانانی هەرچی بەرنامە و دەرسی کە بەبەعسی هەڵا دەگووت لە پەڕاوی کوردی نەهێشتنی نەخوێندەواری. بردنی چەندین کتێبی تاریک و ڕوونی مامۆستا هێمن و دیوانی قانع کە بۆ ئەوێ ڕۆژێ ئاگریان دەکردەوە، نەخوێندەوارایش حەسرەتیان بۆ فێر بوونی خوێندنەوەیان هەڵدەکێشا. هەر بۆیە هێندەی خوێندن لەلای گەنجەکان شیرین کرد لە ماوەی ساڵێکدا زۆربەیان فێری نووسین و خوێندن بەباشی بوون، بەڕاستی قەت چیژی نەو ماندوو بونەم لەژێر زمانی دەرناچی [38]

٣- دوای ئەوەی کە خەڵکی گوندی باشتر لە هەست و نەستی من حاڵی بوون، زانیان کە چەندە بۆیان دڵسۆزم و لە ناخەوە بۆیان دەسوتێم، دوای ئەوەی کە دیتم ووردە ووردە بەری ڕەنج و ماندوو بوونەکەم وەبەر دێت، ژیان تامێکی دیکەی دەدا لەلای من و هێندەی دیکە خەو و خۆراک لە بیر کردوو و ڕکەم لەسەر

مەلا وسوی گوندیان لەگەڵدا ببوو خەلکەکەیان تێگەیاند بوو لە دڵسۆزی و پاکی من و ئامۆژگاری خەلکی گوندەکەیان کرد بوو، کە وەک چاوی خۆیان بم پارێزن و گوێم لێبگرن و پەیڕەوی دەرسەکانم بکەن. دەتوانی زیاتر لەو بارەوە لە بەرکوڵی بەرخۆدان بخوێنیەوە.

[38] یەک لە مسەرپەرشتیارانی نەهێشتنی نەخوێندەواری کە بەعسیەکی زۆر جدی بوو لەگەڵ ئەوەش کە باوکی لە ڕیگای قاچاخچیەتی بەعسیەکان کوشتیان، لە هاوینی ئەو ساڵە سەر نیشەی زۆر بۆ مەڕداران و خەڵکی گوندەکەی ساز کرد، هەتا لە ڕیگای مدیر ناحیەی سەنگەسەر ناوی سیۆنی سەدەی دەلو کۆتری لە کشتوکاڵەکەیان بری بۆ ئەوەی ناچاریان بکات لە ژێر کەپر لەگەڕمانی نیوەڕۆیە بێن دەرس بخوێنن.

بەزاندنی ماندوو بوون کرد. وام دەزانی لە هێڵێ پیشەوەی شۆڕشی ووشیار کردنەوەی کۆمەڵایەتی دەجەنگم [39] ئەوێ رۆژێ و نیستاش جەهل و نەزانین بە مانەوەی ژێر دەستەی کورد زانیووە و دەزانم، هەر بۆیە پێم وایە دەبێت شۆڕشەکە لەوێ پا دەست پێ بکرێت [40]

گەڕی بەرپرسێکی بەعسیەکان لە قوتابخانەی هەڵاڵە لە بەستەستێن

لەلایەن بەرپرسی حزبی بەعس لە سەنگەسەر بەفەرمی هەرەشەی دەرکردنیان لێ کردم ئەگەر نەبم بە بەعسی [41] بۆیە دوو ڕۆژ لەسەریەک نەچوومە قوتابخانە و ڕۆژی یەکەم بەڕێکەوت وەکیلی بەڕێوەبەری پەروەردەی سلێمانی [42] چوو بۆ

---

[39] دوای سالێک خزمەت کردن پێیان هەوڵی گواستنەوەم دا بۆ ئۆردوگای بەستەستێن، خەڵکەکە وایان زانی کە خەسارێکی گەورەیان لێ کەوتووە لەگەڵ ئەوەی ٣ ، ٤ مامۆستاشیان بۆ نارد بوون.

[40] نەبوونی پەروەردە و فێر کردن یا لاوازی لە پیگەیاندنی خەڵکی شۆڕشگێڕ هۆکاری یەکەم بوو بۆ هەنگاو نان بۆ پێشەڕگایەتی بەڵام بەداخەوە لەگەڵ ئەوەی پەیمانیشیان پێدام بۆ پرکردنەوەی ئەو کەلێنە بەڵام لەبەر بوونەڵەی و کەم مستەوایی هەندێک لەسەر کردەکان گرنگی نەدرا بە هێنانەدی ئەو خەونەم. کە لە دوایدا بە درێژی باسی ئەو پرۆژە یە دەکەم ئەگەر خوا یار و یاوەرمان بێت (انشا الله)

[41] کارمەندێکی دائیرەی کشتوکاڵ (عەرەب) بوو ناوەکەی ئەو کاتیش نەزانی و نیستاش نامەوێت بیزانم، دوای ئەوەی کەزانیم هەموو مامۆستاکان بوون بە بەعسی، فۆرمێکی ئینتمان کردن یا نەچوونەوە بەیانی بۆ خوێندن لە مەکتەبە بۆ بەجێ هێشت بوو، یەک لە مامۆستاکان کە پیشتر باسم کردووە بە ڕەنگ هەڵبزرکاوی، بەشەرمەوە ووتی مامۆستا بەڕاستی چت لێ بشارینەوە ئێمە هەموومان بووین بە بەعسی، ئەو فۆرمەشیان بۆ تۆ بەجێ هێشتووە ئەگەر بە پرکراوەی ئەوڕ بۆیان نەبەیەوە سەنگەسەری پێم چاکە نەیەوە، چونکا هەرەشەی لێت کردووە نەباد بێن بت بەن.

[42] بەڕێز مامۆستا (حەمە ڕەشید) موشریفی یەکەم ، وەکیل بەڕێوەبەری بەروەردە بوو ئەو کاتە، کە هەڵوێستی منی هێندە بە مەردانە بینی، حەماوەی کوردایەتی هەستا ئەو شەوە لە

قوتابخانەکەمان، مامۆستاکان بە ترسەوە وویژدانیان رێگایی پیدا بوون واقیعەکە و جدیەت و دڵسۆزی من بۆ پەروەردە و خوێندن باس بکەن، دوای ئەوە مامۆستا عارفی [43] نارد بوو بۆ ماڵمان و منی دەست نەکەوت بوو لەگەڵ خۆی بمبات بۆ لای ، بۆ بەیانی مامۆستا حەمە ڕەشید جارێکی دیکە بەتایبەتی چوو بۆوە قوتابخانەکەمان بۆ دیتنم. دوای گەڕانەوەم لەسەفەرێ شەوێ لە ماڵی هۆمەری بابەکر ئاغای سەرکەپکان لە قەڵادزی بینیم [44] بە ئاشکرا هەڵوێستی مەردانەی خۆی دەربڕی و پشتگیری لێ کردم و ووتی وەڵامیان مەدەوە بڕۆ دەوام بکە هەتا لە منەوە ئەمری دەرکردن بۆ دەرنەچێت کەس ناتوانێت پێت بڵێ دەوام مەکە و ئەمنیش پشتیوانیت لێ دەکەم. زۆر دڵم خۆش بوو، ئەوجا بەبێ ترس چووم دەوامم کرد و بەڕێوەبەر و هەموو مامۆستاکانیش زۆر زیاتر لە خۆیان ڕێزیان لێدەگرتم لەبەر ئەو هەڵوێستە.

ماڵی هۆمەر ئاغای ئەمن بۆ خۆم سڵم لە قسەکانی دەکردەوە، دەم گووت نەبادە بۆ خوێندنەوەی ژێر زمانی من بێت. بەڵام هەتا دەمرم هەڵوێستی جوامێری ئەو شا پیاوەی ئەو ڕۆژە ترش و تاڵەم لە بیر ناچێت، خوا نموونەی زیاد کات.

[43] مامۆستا عارف حەمەدەمین بەڕێوەبەری قوتابخانەی ئاسۆس بوو، ئەو کاتی کرا بوو بە سەرپەرشتیاری نەهیشتنی نەخوێندەواری، نازانم بەعسی بووبێ یا نا بەڵام کورێکی ئاقڵ و بێوەی بوو، هەر بۆیە تا ئێستاش خەڵک بەڕێزەوە باسی دەکەن.

[44] لە وانەیە هۆمەرا ئاغاش منی باشتر پێ ناساند بێت چونکا دەیناسیم بە هۆی ئەوەی برادەری خوا لێی خۆش بێت کاک عەلی حاجی ئەحمەدی بوو.

ماڵی ئێمە و باپیرم ببوون بە بنکەی هەڵگیرسێنەرەوانی شۆڕش [45]

ماڵی ئێمە و باپیرم بەر لەهەڵگیرساندنەوەی شۆڕش ببوو بە خاڵی بەیەک گەیاندنی ئەوانەی لە نێو شارەکان بە تینویەتی بەدوای شۆڕشی نوێدا دەگەڕان و ئەو چەندین کەسانەی کە دەستیان وە قەندیلی دابوو [46] لە دوای پەڕینەوەی برادەرانی سۆشیالیست بۆ بەری بێدەلان و سەروبەندی بەستنی کۆنگرەی دۆڵەتۆێ، بەڕێز کاک عەبدوڵای مام عەلی بە فەرمی نامەیەکی بۆ نووسیم و باروزروفی شۆڕشی بۆ ڕوونکردبوومەوە و داوای دێتن و هاوکاری لێکردبووم. لە دوایشدا چەندین جار خوا لێی خۆش بێت خلە گورزەی ووتی کاکە دەبێت بۆ خۆت بێیە سەرێ کاک سورەم چەند جار بردووە بەڵام پێم وانیە ئەو لەگەڵیان دەربا لەبەر تەمەنەکەی. بە کاک خدری ڕەحمەتیم ووت جارێک سەبر بگرە با برادەرانی سۆشیالیست بە تەواوەتی یەکلا ببنەوە وەک خەتی ٣ ئەوجا بیری لێدەکەینەوە. کاک سورە بەگەرمی و دڵسۆزی لاقێکی لە ناو قوتابخانە بوو لاقەکەی دیکەی لە دۆڵەتوو و بێدەلان. کردیان بەبەرپرسی ڕێکخراوەی تۆڵە [47] ئەوجا ڕۆژانە جگە لە پۆستەر و نووسینەکانی سۆشیالیست، هی پاسۆک، شیوعی و جار و بار ئەگەر کەیفمان لێ بایە هی یەکیەتی لەپێش هەموان لەبەر دەستم دابوو، لەسەر زۆربەی بابەتەکانیش پرس و ڕاوێژیان پێ دەکردم، داوای سەرنج و ڕایان لەسەر ڕووداوەکان لێ دەکردم ئەمنیش هەر جارەی بەناوێک وەڵامم

---

[45] زانیاری زیاتر لەو بارەوە لەبەرکۆڵی بەرخۆدان دەتوانی بخوێنیەوە

[46] بەهۆی کاک قادر، مام عوسمان، مەولود ئاغا، کاک سورە، خلە گورزەی و چەندین کەس لە خزم و کەس کار.

[47] لە شوێنی خۆی لە بەرکۆڵی بەرخۆدان هەندێک تیشکم خستۆتە سەر بەڵام بەتەواوی نا چونکە زانیاری تەندروست زیاتر لەلای خۆیەتی و واباشترە بۆ خۆی یاداشتیان بکات.

دەدانەوە سەرەتا (سەربازێکی نەناسراو)، (نەمر) لە دوایی بوون بە پێشمەرگە بە (هیوا کەریم ۳۵۱) . زۆر جار دەیان وویست بە ناڕاستەوخۆ بمخەنە ناو قوڵایی گۆمەکەوە بۆ خۆم بە ئاگایانەوە خۆم لێ نەدەدا لەبەر چەند هۆکارێک. گرنگترینیان بڕوام بە جەلالی و مەلای نەبوو و پێشم خۆش نەبوو جارێکی دیکە نەو دوو هەواییە دروست بێتەوە. ئەوجا شەڕی ناوخۆم بە تاوانێکی زۆر گەورە دەزانی و نێستاش دەیزانم بۆیە دەم ووت هەتا ئەم دوو خاڵە یەکلا نەبنەوە نامەوێت خۆم تووشی تیلتزام و پەیمان شکێنی بکەم. بەڵام ئامادەم هاوکاریتان بکەم و وەڵامی داواکاریەکانی سەرکردایەتی و مەکتەب سیاسی بدەمەوە و زۆربەی شەوان نەو چەند پێشمەرگە سەرەتاییەی کە دەهاتنە ماڵی ئێمە دەم دیتن و قسە و باسمان بەیەکەوە دەکرد.

پەیوەندی لەگەڵ گروپ و زنجیرەی ڕۆشنبیری جیا جیای چەپ، شیوعی، سۆشیالیست

کۆمەڵێک گروپ و زنجیرەی ڕۆشنبیری جیا جیا لە نێو شاری سەریان وەدەر نا بوو لەگەڵ زۆربەی نەوانە سەر و کارمان هەبوو، ئێواران ئاڵوگۆڕی زانیاری و گفتوگۆی بابەتەکانی نەو سەردەمی باو بوون دەمان کرد. یەک لەو گروپانە لە ناو کۆمەڵە سەریان وەدەرنابوو و ئیدیعایان دەکرد کە بروامان بە مام جەلال و هەندێ لەسەرکردەکانی یەکیەتی نیە، زۆرم لێ نزیک بوون لەوانە (مامۆستا عومەری فەقێ ئەحمەدی گردە سپیان، [48]

[48] مامۆستا عومەر فەقێ ئەحمەدی گردەسپیان لە منداڵیەوە لە قوتابخانەی قەڵادزێ سەرەتای هاوڕۆل و هاوڕێ بووین هەتا بەیەکەوە خوێندنمان تەواو کرد. لە سلێمانی لەژێرەوە مامۆستا سەلام عەبدوڵای دەناسی. لە دواییدا لەگەڵ نەۆ برادەرانە بە کۆمەڵ چوونە دەرێ و تیپی ٦٢ جوتیارانیان دروست کرد. ئێستا لە کەندە ژیان دەکات لەگەڵ ماڵ و منداڵی.

خوا لێی خۆش بێت کاک سەردار حەمەدەمین شالّقیتی [49] و کاک سالحی مەلا دەنگەیی هەروەک پێشتر باسم کرد زۆر کتێب و زانیاری بەنرخی لە بەغدا بۆ دەهێناین. لە دوایشدا بە ناراستەوخۆ جار جار لوتمان بەلوتی مامۆستا عەبدە [50] و خوالێخۆش بێت مامۆستا محەمەد سولّتان [51] دەبوو کە لەدەوامەکەی دووەم لە هەمان خانوبەرە لە قوتابخانەی جووتکانیان دەوامیان دەکرد.

---

[49] خوا لێی خۆش بێت کاک سەردار حەمەدەمین شالّقیت لە ئێمە گەورەتر بوو و زانیاریشی دەربارەی شۆڕشی گەلان و کەپیتالیزم نەوکاتی زیاتر بوو. هەتا بڵێی کورێکی خوو ڕەوشت بەرزی کورد بوو. بەر لەوەی بگیرێ چەندین جار ئێوارانلەگەڵ مامۆستا عومەری بە ناشکرا قسەمان دەکرد و بەفەرمی داوایان لێکردم کەلەگەڵیان بکەوم بەڵام لەبەر هەمان هۆکاری سەرەوە تەنها هاوڕێیان بوو. دوای چەندین ساڵ نەشکەنجە و ناڕەحەتیەکانی زیندان بە لێبووردنی گشتی ئازاد کرا. ئەوجا چۆ دەرێ بوو بە پێشمەرگە، دوایی لەبەر نەوەی ڕەخنەی هەبوو لە هەندێک لە ئەوانەی کە ئەو کاتی سەرکردایەتی شۆڕشەکەیان دەکرد، ناڤڵی چیتر نەیبڕی، کوردستانی بەجێهێشت لە ڕێگای ئێران چووە ئەفغانستان و لە دوایدا لە پاکستان لە ژووری ئوتێلێک سوتا. لەیەکێک لە سالّوژەکانی کەشتێکم لەسەر نووسی بوو لە فەیس بوکی ناوندی قەلادزێ مامۆستا سالاری برای کە برادەرمە، ووتی دەستی مخابەراتی عێراقی تێدا بوو سوتاندنی ژوورەکەی بۆ نەوەی بەو شێوازە لە ناوی بەرن.

[50] مامۆستا عەبدەی مام سالحی لە بنەماڵەیەکی ڕەسەن قەلادزێ و باوکی بەرمگەز خەڵکی بەری گەورکانی لای ئالانی سەردەشتە، مامۆستایەکی بە هەڵوێست و شۆڕشگێڕە، سەرەتا لەگەڵ مامۆستا عومەر، مامۆستا سەعید و کاک سالح و کۆمەڵێکی تر چەپگەریان دەکرد لە نێو کۆمەڵە و یەکیەتی. بەکۆمەڵ چوونە دەرێ تیپی ٦٢ جوتیارانیان دروست کرد. ئێستا مانی لە لەندەنە.

[51] خوا لێێ خۆشبێت مامۆستا محەمەد سولّتان کوڕی مام سمایلی و زاوای حاجی موسای دەنگەیە بوو. خۆیان لەبەرەی جوتیاران دا دەبیندەوە. لەگەڵ ئەو گروپەی لە پێشەوە ناوم بردوون کاری سیاسی و پێشمەرگایەتیان دەست پێکرد. لە دوایدا ئەو جێگای خۆی لە نێو یەکیەتی کردەوە وو چەند قۆناغێکی بەرپرسیاری بڕی. بەداخەوە لەشەڕێکی نەخوازراوی بزووتنەوەی ئیسلامی و یەکیەتی لە کۆمیتەی ڕانیە لەگەڵ چەند کەسی ناسراوی تر تیدا چوو. خوا بە بەهەشتیان شاد کات و ئەو ڕۆژگارە ڕەشانە نەبینینەوە انشا الله.

گروپی کۆنە شیوعیەکان

رۆژانە بە ئاشکراو بەڕاشکراوی قسە و باسمان دەبوو، کتێب و نووسینی زۆریان بۆ دەهێنام زۆر زۆر سوودم لێوەرگرتن لە ڕووی ڕۆشنبیریەوە لەسەرەتا (مامۆستا فەرهادی مەحمود ئاغای بەنا [52] دکتۆر کامەرانی محەمەدی قەساب [53] کاک سەلاح مەلا نورەی [54] مامۆستا قادر عەزیز [55] مامۆستا سالح حاجی ڕەشید [56]

---

[52] مامۆستا فەرهاد و کۆمەڵێک خەڵکی بەڕێزی تر بە میرات شیوعیەتیان لە خێزانەکەیان بۆ بەجێ ماببوو، کوڕی باش بوو، وەرزش وان بوو، زانکۆی موسڵی تەواو کرد دوایی بوو بە مامۆستا لە ئامادەیی ڕانیە. ئێستا بووە بە یەکیەتی. سەرپەرشتیاری پەروەردەیە. ئاخر جار کە بینێم ووتی گەڕاومەوە بۆ لای خوای.

[53] دکتۆر کامەرانی محەمەدی قەساب ئەو کاتی کە لە زانکۆی موسل دەهاتەوە لەگەڵ ئەو گروپە لە هاوینان یەکتریمان دەبینی. کورێکی بە هەڵوێست بوو، هەروەک لەچەندین شوێن و لە بەرکوڵی بەرخۆدانیش باسم کردووە، لەگەڵ دکتۆر عەبدوڕەحمان حەمەدەمین و دکتۆر ئیبراهیم میران ڕۆڵیان بینی لە ڕەد کردنەوەی بوون بە جیش شەعبی و تدریبی هاوینان لەسەردەمی مفاوەزاتەکەی یەکیەتی لە ساڵی ١٩٨٤ . ئەویش یەکێک بوو لەوانەی کە هاوکارمان بوو لە ڕێکخستنی ڕێپێوانەکان لە قەڵادزێ وە دوایی گواستراوەتە بۆ زانکۆ و شارەکانی تر.

[54] کاک سەلاح مەلا نورەی مزەمید لە دوای گەڕانەوەمان لە ئێران لە یەکەم ساڵێ خوێندن مامۆستایەتی لە سلێمانی یەکتریمان ناسی. ئەو گەڕایەوە قەڵادزێ ئامادەیی تەواو کرد لە دوایدا وابزانم کۆلیژی علوم تەوا کرد. ئێستا لە هۆڵندا دەژێ بەر لە هێنانی ماڵ و منداڵم چەند ڕۆژێک لە ماڵەکەی خۆی لە هۆڵندا خزمەتی چاکی کردم.

[55] مامۆستا قادر عەزیز لە بنەماڵەیەکی هەژار و زۆر ڕۆشنبیر، بۆ خۆی هەر لە منداڵیەوە زۆر زیندوو و ووشیار بوو، لە ٣ ساڵ خوێندنی مامۆستایەتی لە سلێمانی بەیەکتر ناشنا بووین و دوایی لە مامۆستایەتی و ماوەیەکی کورتیش لە سەربازی لە قەڵادزێ هاوڕی بووین. ئێستا سەرپەرشتیاری پەروەردەیە و سەر بە پارتیە و ماڵی لە دارەتویە.

لە دواییدا (کاک فەرەیدونی مەحمود ئاغای بەنا، کاک جەوهەری وەستا جەلالی ئالبەند، کاک فەرهادی حەویزی مام بەکری قەساب و زۆری تریش) [57]

جگە لە ڕێکخستن و هەوادارانی سۆشیالیست کە هەموویان وەک برا و کەس و کار و یەک خێزانمان لێ هات بوو. زۆر گروپ و تاقمی جیاجیام لە هەموو ڕێکخستنەکان دەناسی و بروایان پێم دەکردین و قسە و باسیان لەگەڵدا دەکردن. جار جاریش دکتۆر ئیبراهیم میران [58] کاک بەختیار و کاک ستاری حەمە تاهیری [59] گفتوگۆو قسەمان دەبوو لەسەر شۆڕش و پیشمەرگە. زۆر جارانیش مامۆستا غەریب پشدەری ڕەگەڵمان دەکەوت بەشیعرە نیشتمان پەروەریەکانی جۆشی دەداین.

---

[56] مامۆستا سالح حاجی ڕەشید هاوڕێ و خزمی کاک قادر عزیزە بەهۆی هاوژینەکەیەوە لە هەمان قۆناغ لە سلێمانی و قەلادزێ بەیەکەوە ناسیمن و تێکەڵاویان بووم، ئێستا ماڵی لە سلێمانیە.

[57] کاک فەرەیدون، کاک جەوهەر و کاک فەرهادی حەویز خوا عافوی کات وەک قارەمانی ڕاپەڕینەکانی نیو شاری ٢٤ - ٤- ١٩٨٢ لە شوبنێکی تر ناساندوومن.

[58] دکتۆر ئیبراهیم میران لەو کات قوتابی کولیجی پزیشکی هەولێر بوو، هەڵوێستی هەبوو لەگەڵ نەو قوتابیە زانکۆییانەی کە جەیشی نا شەعبی بەعسیەکانیان ڕەد کردە و لەگەڵماندا ڕۆڵی بینی لە ڕێکخستنی ڕێپیوانەکانی ١٩٨٤ . ئێستا ماڵی لە سلێمانیە .

[59] کاک بەختیار و کاک ستاری حەمە تاهیری، کە مەبلینا بەلای پارتی دابوو بەڵام کاک ڕزگاری برایان لەگەڵ کاک سورەی لەڕێکخستنەکانی نهینی سۆشیالیستەکان کاری دەکرد و نەوانیش هەر دووکیان زۆر لە ئێمە نزیک بوون و هەموو قسە و باسێکیان بە ناشکرا لەگەڵدا دەکردین

دەست بەسینگەوە گرتنی بەعسی و دۆڕاوەکان:

ئەو ماوەیەیی لە قەڵادزێ مامۆستا بووم نەک ئێمە لە بەعس دەترسایین ئەوجا نۆرەی بەعسیان بوو دەست بەسینگەوە بگرن بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هەندێک جار ناچاریان کردوم کە بە ئاشکرا رووبەرووبان ببمەوە لەبەرکۆڵی بەرخۆدان تیشکم خستۆتە سەر هەندێکیان:

یەک: ڕۆژێکیان بەڕێوەبەری قوتابخانەکەمان مامۆستا (ص . ح . ع) [60] لە (منظمه حزب البعث العربی الاشتراکی قەڵادزێ) هاتەوە، ڕاستەوخۆ ووتی خالید ئەتۆم داناوە بە (عضو ارتباط) واتا ئەندامی پەیوەندی مەکتەب لەگەڵ منظمه. وەک لەبانێک بەرم بدەنەوە، چونکا تازە هاتووم بۆ قوتابخانەکە و یەکتر باش ناناسین جگە لەوەی هەر دووکمان قەڵادزەبین. ووتم دەڵێی چی؟! قسەکەی دووبارە کردەوە. ئەمنیش هیچ خۆم پێ نەگیرا زۆر بەتوڕەیی ووتم هەر نێستا دەچی ناوەکەم دەگۆڕی یەکی تر دادەنێی. ووتی کەس نیە. ووتم بۆ خۆت ببە، قسێک لە من، قسێک لە ئەو دەنگم لێ بەرز کردەوە پێم ووت: ئەمن نایکەم چ دەکەی بکە بەڵام ئەگەر یەک شتی خراپم لەسەر بنووسی یا هەر شتێکم بەسەر بێت، یەک دەقیقەش ناژی.. زۆر بەدڵ پڕی و توڕەیەوە ژووری نیدارەم بەجێهێشت و چوومە هۆڵی چالاکیەکان. مامۆستا خدر عومەر [61] بە دوامدا هاتە دەرێ و

---

[60] مامۆستا (ص . ح . ع) برایەکی لە بۆردومانی قەڵادزێ لە ١٩٧٤ شەهید بوو ، کا برایەکی بێ وەی بوو بەڵام نازانم چۆن ئەو هەڵوێستەی ناشیرینەی بەرامبەر بەمن نواند ، هیوادارم ئەو لێتووڕە بوونە و هەڕەشانە بۆی بەخێر تەواو بووبێ انشا الله لە دوای ئەوە لە کاری چاکە زیاتر هیچی تری نەکردووە.

[61] مامۆستا خدری مام ئەمەڕە کۆدەی، پیاوێکی هەتا بڵێی نەجیب و خانەدان و تێگەیشتوو، پێشتر زۆر تێکەڵاو نەببووین بە هۆی جیاوازی تەمەنمان بەڵام لەو ڕۆژەوە زۆری خۆش دەویستم، وام هەست دەکرد کە لە جیاتی هەموو کوردم ئەو قسانە کردبێ.

دەستی لەسەر شانی دانام و ووتی ئەتۆ ناترسی؟ چۆن ئەو قسانە بە ئاشکرا دەوێری بڵێی. ووتم مامۆستا ئەمن یەکجار دەمرم، نامەوێ بەسەر شۆڕی بژیم. ئەگەر پیاوە با سادەترین کاردانەوەیی خراپی ببێ. ئەگەر بە ڕۆژ ناترسی ئەدی خۆ شەو هەیە قوڕ بەسەری. ئێستاش خوا بە قوربانی خێزانەکەی و خەزوری کات، ئەگینا هەر ئەم شەو وامان دەکرد هەموو حساب و کتابێکی لەگەڵدا بکرێ. دوایی کە قسەکانی بیستمەوە بەردێکیان لەسەر داناو ببڕای ببڕای ئەی وێرا لەو بارەیەوە وورتەی لە دەم بێتە دەرێ.

دوو: یەک لە ڕۆژەکان لە منظمە لە دوای هەموو مامۆستایانی قەڵادزێ یان نارد بۆ ئەوەی قسەیان بۆ بکەن. ئەمنیش نەم کردە نامەردی ووتم ناچم. لەو لا سەیرم کرد مامۆستا عومەری فەقێ ئەحمەدی گردەسپیان لەگەڵ کۆمەڵێک مامۆستای قوتابخانەکەیان خوا عافویان کات مامۆستا (محەمەد سوڵتان، خالید حەمەی هەلاج) لەگەڵ مامۆستا عەبدەی مام سالحی مشت و مڕیان بوو بچن ... نەچن. لە منیان پرسی چ دەکەی ووتم ناچم. ووتیان زۆرباشە با بچین بۆ سەر قەبرانی قەڵادزێ پیاسەیەکی بکەین. ئاو و هەوا زۆر خۆش بوو. تاوتوێی بارووزوفی سیاسی ئەو کات و قسەی خۆشی ترمان زۆر کرد.

دوای گەڕاینەوەمان بۆ ناو شاری؛

پاش کەمێک مامۆستا (عومەر سۆفی فەتاح)م بینی [62] ووتم چی بوو مامۆستا؟ ووتی بەڕاستی لە قەڵادزێ هەر ئێوە پیاو دەرچوون. ووتم بۆ؟ ووتی وەڵا برام

---

[62] عومەر سۆفی فەتاح لە قوتابخانەی قەندیل بەیەکەوە مامۆستا بووین، زۆر قسە خۆش بوو، لەگەڵ هەندێک لە مامۆستاکان وەک (مام ئاغا) شەڕە جنێوی دەکرد.

چیت بۆ بگێڕمەوە، دوای ئەوەی زیاتر لە کاتژمێرێک باسی حزبی بەعس و چۆنیەتی پاڕیزگاری لە ووڵاتیان بۆ کردین بۆ ئەوەی بمان کەن بە (جیش الشعب) چەکمان پێ هەڵگرن. لە دوایدا زۆر بەبێ شەرمانە یەک لە بەرپرسەکانیان ووتی ئەوە دوو دەرگایە دەبینن:

یەکیان دەرگای شەڕەف و نیشتمان پەروەریە
دووەم دەرگای گەواد و بێ شەرەفیە
مامۆستا عومەر بۆی گێڕامەوە ووتی مامۆستا سالح عائیلە برای شەهید عوسمانی قالە منەوەر ووت بووی جا کەی کورد شەرەفی هەبووە، سڵاوەت لە پێغەمبەری لێدەن و ملی لێنا بۆ دەرگای گەواد و بێ شەرەفەکان، خەڵکەکەی تریش هەموو سەریان داخست و بەدوای ئەودا بە هەمان دەرگادا هاتنە دەرێ. جا بۆیە ئەوڕۆ هەموومان بەر جنێوی بەعسیەکان کەوتین لە ئێوە زیاتر. [63]

سێهەم بەهاری ۱۹۸۲ هەتا هاوینی ۱۹۸۷

بەشداریکردن و ڕۆڵ بینین لەخۆنیشاندان و ڕێپێوانە شکۆمەندەکانی ساڵانی ۱۹۸۲ و دواتر

[63] ئەو بابەتەم لەبەرکولی بەرخۆدان باسکردووە. هەڵبستی بە هێزتریش هەن لە شوێنی خۆیان تۆماریان دەکەین انشا الله.

بەر لە ڕاپەڕین

چەندین گردبوونەوە و ڕووبەڕوو بوونەوە ڕوویاندا لە نێوان خەڵکی ئەو دەڤەرە و حکومەت. هەروەک لەنووسین و کۆڕ و سیمینارەکان تیشکم خستۆتەسەر هەندێکیان؛ وەک ئەوەی بە پێشەنگی مامۆستا و زانای کورد خوالێخۆش بێت مەلا سەعدی بۆ پوچەڵکردنەوەی پڕۆژەی کردنەوەی (تاترۆخانە) لە قەڵادزێ. هەروەها چەند جار بڕینی ڕێگای ڕانیە و قەڵادزێ لەلایەن خەڵکی ڕاگوێزراوی گوندەکان لە ئۆردوگاکانی بەستەستێن و تۆسوران. بەتایبەت ئەوەی بەستەستێنی گرژی و ناڵۆزی زۆری لێکەوتەوە لەگەڵ دەزگا سەربازی و ئەمنیەکانی ڕژێم هەر بۆیە هەر چوار دەورەیان کرد بەڕەبایەیی جاش و جەیش وە ماوەیەک سەیتەرەشیان بۆ چوونە ناو ئۆردوگاکە دانا. ئەوکاتی کاک سورە بەرپرسی ڕێکخستەکانی قەڵادزێ بوو، لەبەستەستێنێ بوو، ڕۆڵی سەرەکی و کاریگەری تێدا بینی [64]

* یەک، دوو ڕۆژ بەر لە خۆنیشاندانەکان هەندێک قوتابی قەڵادزێ لە زانکۆ، پەیمانگا و خوێندنگاکان، هاوڕێکانیان لەگەڵ خۆیان هێنا بوو بۆ قەڵادزێ. هەندێک لەبرادەرانی کۆمەڵە زۆر هەرزەکارانە و بێترس جموجوڵیان دەکرد و حەزیان لەخۆدەرخستن و شانازی نواندن بەسەر ڕێکخستنی حزبەکانی تردا دەکرد. بەڕاستی ڕێکخستنەکانی تر سڵیان لێ دەکردنەوە لەبەر ئەوەی کۆمەڵێک لە کۆنە جەلالیەکان بە ناشکرا دەستیان لەگەڵ ئەمن ئیستخبارات تێکەڵ کردبوو، بە ناشکرا چەکیان هەڵدەگرت، بە ناشکرا هاتوو چۆی ناوزەنگیان

64 نامەوێت بەنیوە چڵی لەسەروەریەکان کەم بکەمەوە، بۆیە لێی دەگەڕێم بۆ خۆی.

دەکرد، بە ئاشکرا لە دائیرەکان دەهاتن و دەچوون [65] بەشێک لەو لاوە خوێن گەرمانەش منداڵ و کەس و کاری ئەوان بوو وایان دەزانی پارێزراون، بەشێکی تریشیان لەبەر دڵسۆزی، هەرزەکاری و ستەمی بەعس، خوێنیان کەفی دەکرد.

بەیانی ڕۆژی ٢٤ — ٤ — ١٩٨٢ بەر لە دەست پێکردنی ڕێپێوانەکە بەشەقەوە [66] سەردانێکی بازارم کرد و چوم سەرێکی ئۆرزدی باکم دا لەلای ماڵی قائیمقام. لەوێ تووشی هاورێی بەڕێز کاک ئاراسی وەستا زاهیری ڕەسام بووم [67] ووتی بەو وەزعەیەوە بۆ هاتوویە دەرێ؟! بڕۆ با وورده وورده بڕۆینەوە لای خوارێ، بۆ ئەوەی ئەگەر قەوما لە نزیک دائیرەکان نەبین چونکا تۆ ناتوانی باش بڕۆی یا ڕاکەی. ووتم قەیدی چ دەکات، پێم وانیە بگاتە ئەو ڕادەیەی. ووتی نا، ئێستا قوتابیانی ئامادەیی قوتابخانەیان بەجێهێشتووە، هەراکو بەکۆمەڵ بەرە و سەرقەبران بەرێ کەوتن. ووتم زۆر باشە ئاگادارم شتێک ڕوو دەدات بەڵام چوونی ئەو قوتابیانە بۆ سەر قەبران بەسەر کەوتوو نازانم. بەدەم قسە کردنەوە هاتینە مەیدانێ، لەوێ لێک جیا بووینەوە. ووتم باسەرێکی ماڵێ بدەم و لەوەزعەکەیان ئاگادار بکەم. کە گەیشتمەوە کاک ئەمین ڕەحمەتی [68] خۆی ساز

---

65 سوپاس بۆ خوای هەرگیز نەبووم و نامەوێت ببم بەبەشێک لەشەڕی ناوخۆ بۆیەوە داوای لێبووردن دەکەم لە تۆمارکردنی ناوەکانیان بەڵام ئەگەر لە هەر کەسێکی سەردەمی ئەو کاتی قەڵادزێ پیرسی یەک بەیەک ناوەکان دەزانێ.

66 لە بەرکوتی بەرخۆدان تیشکم خستۆتە سەر کە لە ١٩٨١ بە ڕووداوێک لە دوکانی کاک قادری برام بە بەردی کۆسەرە چۆن قاچی ڕاستی هەر سێکمان (باکم، کاک قادر و من) شکا.

67 کاک ئاراس وەستا زاهیری ڕەسام لە منداڵیەوە هاورێین، ئەندازیارە، ئێستا لە ستۆکهۆڵم دەژێت.

68 کاک ئەمین : شەهید ڕزگاری جوانە مەرگ بە داخە لە شەوی ٢٦ / ٢٧ — ١٢ — ١٩٩٦ بە پلانی داڕێژراوی نۆکەری داگیرکەران لە قەڵادزێ تیرۆر کرا.

دەکرد لەگەڵ هاوڕێکانی بچێت بۆ سەر قەبران. لێم پرسی ئەوە بەتەمای چی؟ ووتی لەگەڵ برادەرمکانمان دەچین خۆنیشاندان دەکەین لەسەر قەبران. ووتم دەزانی برادەرانی کۆمەڵە لەوانەیە خۆتان لێ بکەن بەڕیش سپی و لە نێو خۆتان لێتان ببێت بەکێشە، ووتی دەزانم بەڵام هەر دەچم، چونکا وادەم بەبرادەرمکانم داوە نامەوێت بێ وادە دەرچم. ووتم وەرە برادەرمکانت ئاگادار بکەوە ئێمە لە ناو شاری ڕا دەست پێدەکەین. ووتی نا ئەوان ڕۆیشتوون و دوای بەمن دەڵێن ترساوە بۆیە لە ناو شاری دا ماوەتەوە. مشت و مرێکی باشمان بوو، بەڵام هەر سور بوو لەسەر چوون [69]

پاشان هاتمەوە دەرێ گەیشتمە لای مزگەوتی کارەبایی، بوو بەتەقە و زیڕ و هوڕی ئەو دایک و باوکانەی کە منداڵەکانیان کە لەسەر قەبران بوون. لەو کاتەی دا چەند کەسانێک لە قوتابیە شیوعیەکان کە هاوڕێم بوون وەدەر کەوتن و هاتن بۆ لام [70] کاک فەرهادی حەوێزی مام بەکری قەساب خوا عافوی کات، کاک فەرەیدونی وەستا مەحمودی بەنا و چەند هاوڕێ یەکی تر لە حزبی شیوعی هاتن ووتیان چی بکەین؟ بەشداری بکەین یا نا؟ ووتم ڕۆژی ڕاوەستان نیە، چونکا ئەو خەڵکەی لەسەر قەبرانە لە هەموو چین و تۆێژەکانە و دەبێ ڕێپێوانەکە هی هەموو خەڵک بێت نەگیان سەرکەوتوو نابێت بەڵام ڕاوەستن نەوە کاک برایمی محەمەدی ڕەسوی میرانیە سەر بەڕێکخستەنەکانی یەکیەتیە بەرە و ڕووی ئێمە دێت بۆ ئەوەی قسەمان لەگەڵدا بکات. دوای سڵاو و چۆنی چاکی ڕامان ئاڵ و گۆڕ کردوو و پێک هاتین کە ڕێپێوانەکە کەس خۆی لێ نەکاتە ڕیش

---

[69] هێندەی نەبرد خەبەرمان بۆ هات کە ئەو یەکێک لەو ٥٩ قوتابی کوڕ و کچە زیندان کراوەکانە

[70] لەزۆر نووسین و کۆڕ و کۆبوونەوەکان ئەو پرسەم تیشک خستۆتە سەر و لە بەرکوڵی بەرخۆدان باسم کردووە.

سپی هی هەموانە ووتی زۆرباشە. ووتم دەبا دەست پێ بکەین بەم شێوەیە لە ناو شار لەبەردەمی مزگەوتی کارەباوە دەستمان کرد بە رێپێوان و ووتاف کێشان بۆ ناو بازاڕ و خەڵکێکی زۆرمان کۆکردەوە. ڕووبەڕووی تەقەی دۆشکەکانی سەر قەڵات و ئینزباتەکانی سەربازی ناو بازاڕ بووینەوە. رێپێوانی ناو شار زۆر سەرکەوت بوو، بووە هۆی کەم کردنەوەی فشاری ڕژێم لەسەر خۆپیشاندەرانی ڕاونراو لەسەر قەبران. هەستانەوەی خەڵکە پەرتەوازەکەی دەرەوەی شار و گەڕانەوەیان بۆ ناو شار. هەموو خەڵکی ناو شار لەگەڵ رێپێوان کەوتن. ئەوجا هەموو خوێندنگا، فەرمانبەر و کارمەندانی شارەکە دایانە پاڵ خەڵکی مانگرتوو و ناڕازی. دوو کەس شەهید ببوون (دایکە ئامینە [71] و مامۆستا سنەوبەر مەحمود [72])

---

[71] دایکە ئامینە: ناسراو بە ئامینە سوور، دایکی بەڕێزان کاک کەمال، جەمال و محەمەدی مام برایمی

[72] مامۆستا سنەوبەر مەحمودە ڕەش ! لە دایک بووی قەڵادزێ یە، هاوڕێی خوێندنی ناوەندی و مامۆستایەتی، لە ١٩٧٨ لە سلێمانی بەیەکەوە خوێندنمان تەواو کرد

تەرمەکانیان هێندرانە مزگەوتی کارەبا بە شێوەیەکی کاتی نێژران. هەموو خەڵکی شارەکە بێ جیاوازی لە دەور و بەری مزگەوتی کارەبا [73] کۆبوونەوە.

شارەکانی تریش دەنگی خۆیان خستە پاڵ دەنگی خەڵکی ڕاپەڕیوی قەڵادزێ و مانگرتنیان ڕاگەیاندن. خوێندکار و لاوانی کورد لە زانکۆکانی هەولێر، موسڵ و بەغدا خوێندنیان جێهێشت و بوونە پێشەنگی مانگرتنەکان. هەموو شارەکانی کوردستان دوکان بازاڕ و خوێندنگا و دائیرەکانیان جێهێشت، ئاخرین شار شاری ڕانیە دەستە خوشکی قەڵادزێ بوو مانی گرت و دەنگی خۆی خستە پاڵ دەنگی خەڵکی ڕاپەڕیوی کوردستان.

چۆک دادانی داگیرکەران بۆ ئیرادی گەل و داوای گفتوگۆ

یەکگرتوویی و یەکڕیزی خەڵک چۆکی بەڕژێم دادا و ئیرادەی گەل سەرکەوت بەسەر جەور و ستەمی بەعسیەکان بۆیە لە ترسان پەیوەندیان بە ڕیش سپی و پیاو ماقوڵانی شارەکەوە کرد بۆ ئەوەی لەگەڵ لیژنەی سەرپەرشتکاری مانگرتنەکە بە واتایەکی تر بەناڕاستەوخۆ لەگەڵ نوێنەری حزبەکان گفت و گۆ بکەن. زۆر باشم لە بیرە بە ئەمانەتەوە دەیڵێم کە کۆمیسیۆنی پیاو ماقوڵان (مامۆستا مەلا محەمەدی دەڵگەیی، حەمەی کانەبی ئاغا ، ڕەسوی حەسەنی سلێمان ئاغا و چەند کەسێکی تر بوون) . نوێنەری سەرپەرشتکاری مانگرتن و ڕێپێوانیش [کاک ئەمینی مام قادری، خوالێ خۆشبێت مامۆستا مەحەمەد سوڵتان لە یەکیەتی، مامۆستا حەسەنی مەلای فەقێ ڕەسوڵ لە پارتی و بەندەش

73 مزگەوتی کارەبا: کە دوای ئەو ڕۆژە ناونرا مزگەوتی شەهیدان .

نوێنەرایەتی سۆسیالیست[74] و شیوعی]، شیوعیەکان لە وێ بوون بەڵام لەبەر باری ناسایشی خۆیان کەسیان بە ئاشکرا بەشداریان نەکرد، بۆیە داوایان لێ کردم کە نوێنەرایەتیان ئەوانیش بکەم، بەسینگی فراوان قبوولم کرد.

داواکاریەکانی ئێمە لەو کاتیدا

١- ئازاد کردنی هەموو زیندانیە سیاسیەکانی کوردستان و قوتابیە زیندانیەکانی رێپێوانەکە

٢- گێرانەوەی گوندە ڕاگوێزراوەکان بۆ شوێنی خۆیان،

٣- ڕێگادان بە ئازادی و بە رێپێوان شەهیدەکانمان بەرین بۆ سەر قەبران

لە وەڵامدا ووتیان سنووری پشدەر لە ژێر دەستەڵاتی ئێمە دایە و دەتوانین داواکاریەکانتان لەو سنوورەدا جێ بەجێ بکەین. بەڵام بۆ زیندانیە سیاسیەکانی هەموو کوردستان و گێڕانەوەی گوندەکان ئەوە دەبێت ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش بڕیاری لێ بدات.

دوای سەرکەوتنی ئیرادەی گەل و ڕژێم هە موو زیندانیەکانی قەڵادزێی ئازاد کرد و ڕێگایدا بە ئازادی شەهیدەکان ببەین بۆ سەر قەبران. ئەمە بووە هۆی شکاندی تەلیسمی ترس. بە ڕژێمیان نیشاندا کە ئێوە، ئەوە نین کە ئێمە چاوترس بکەن. لە دواییدا دێمە سەر باسی ئەوەی کە چۆن یادەوەری ٢٤ — ٤ بووە هەوێنی خۆنیشاندان و ڕاپەڕین لە هەموو کوردستان و هەموو ساڵێک لەو کاتەدا شۆڕش گێڕان، قوتابیان وخوێندکارانی کوردستان، قەڵادزێیان دەکردە مەیدانی بەرخۆدان. هەروەک و شایی و سەیرانی لێهات بوو بۆ لاوە خوێن

---

[74] هەڵبەتە من بەرپرسی ڕێکخستنەکانی سۆسیالیست نەبووم بەڵام ڕێکخستنەکان ئەم شەرەفەیان بە من بەخشی سوپاسیان دەکەم.

گەرمەکان. ڕژێمیش دەکەوتە دڵە ڕاوکێ و چەند هەفتەیەک پێشتر ئامادە باشی دەکرد و هێزی تایبەتی و گۆپاڵ بەدەستی لە بەغداوە بۆ سەرکوت کردنی لاو و پیری کورد بۆ قەڵادزێ دەهێنا. [75]

لێبووردنی گشتی ڕژێم

ڕژێم لێبووردنی گشتێ بۆ سەربازی ڕاکردو یا ئەوانەی نەچوو بوونە پێش بۆ خزمەتی سەربازی دەرکرد، کە تێیدا هات بوو دوای مانگێک ئەوەی نەگەڕێتەوە، بەردەستیان بکەوێت حوکم لە سیدارەدانە. ئەمە بوو بە هۆی ئەوەی هەرچی لاوە ڕوو لە گوند ئازادکراوەکان و چیاکان بکات. بەڵام بەداخەوە لەبەر ئەوەی شۆڕشەکە یەک نەبوو، دابەشی دوو بەرە ببوون و شەڕی ناوخۆ هەبوو نەیان توانی ئەو هەلە مەزنە بقۆزنەوە ئەو ژمارە مەزنەی لاوان لەباوەش گرن و ڕایان بهێنن لەسەر پێشمەرگایەتی، بۆیە زۆربەی خەڵکەکە دڵ سارد بوون لە شۆڕش و بەڕادەیەک خەڵک ڕوویان لە بارەگای حزبەکان نەدەکرد. هۆکاری سەرەکیش دووبەرەکی و شەڕی ناوخۆ بوو. هەتا دوای ماوەیەک لێبووردنێکی گشتی بەرفراوانتری دەرکرد بەتەسریح کردنی سەربازانی ڕاکردو و ئینتداب کردنی مامۆستا لە قوتابخانەکان. بۆ ماوەیەک دنیا دامرکایەوە.

قۆناغی بوون بەبەشێکی کاریگەر و دیار لە شۆڕش بەبێ وویست و ئاگا:

---

[75] زۆر ووتار و بابەت لە ڕۆژنامە، کەنالەکانی ڕاگەیاندن و تۆڕی کۆمەڵایەتی لە بۆنەکانی ٢١ – ٤ لەسەر ئەم بابەتە نووسیووە و ووتووە و بڵاوکردۆتەوە

http://nawandiqaladze.asinger.co/intro.html

http://asinger.co/?p=1336

هەڵبەتا بەبێ ئەوەی بەخۆم بزانم لە دوای پەڕینەوەی سۆشیالیستەکان لەبەری ناوزەنگ بۆ بێدەلان و بەستنی کۆنگرەی دۆڵەتوو، بەڕاستەوخۆ نامەی مەکتەبی سیاسی و مەکتەبی ڕێکخستن و نوسراو بڵاوکراوەم بەبەردەوامی پێ دەگەیشت. جگە لە ئەو کەسە دیار و ناسراوانەی کە کاک سورە لە ڕێکخستنی نهێنی سەرپەرشتی دەکردن و لەگەڵ ئەو پێشمەرگە و کوڕە جوتیارانەی گەرمکان، چۆمخرکە، سرێجێ، سندۆلان و گوندەکانی تر بەهۆی کاک قادر، مام عوسمان و کاک سورەی تێکەڵیان ببووین و متمانەیان پێ دەکردین.

ڕۆژانەش لەگەڵ مامۆستا عەبدوڵای برای شەهید مام ئاراس کە ماوەیەک بەرپرسی ڕێکخراوی تۆڵە بوو لەنێو شاری قەڵادزێ سەر و کارمان بەیەکەوە بوو. زۆریش لە برادەرانی دەرەوە وەک کاک حاجی حاجی برایم، عەبدوڵای مام عەلی دەیان وویست سەردانیان بکەم. بەڵام ئەمن پەیوەندیم بەتایبەت لەگەڵ کاک ڕەسوڵ مامەند چڕ کردبۆوە. بەڵام لە دوای ڕاپەڕینەکەی ٢٤ / ٤ / ١٩٨٢ پەیوەندیەکان هێندە فراوان و ئاشکرابووون کە ئەک هەر ڕێکخستن و پێشمەرگەی جود دەیان ناسین بەڵکو لەگەڵ ڕێکخستنی یەکیەتی بەتایبەت ئەو کات (کۆمەڵە) زیاتر بەیەک ئاشنا بووین و ترسمان لەیەکتر نەبوو لە نێو شاربدا.

بەداخەوە لە دەرەوە زۆر پێچەوانەبوو. هەروەک پێشتر باسم کرد تا ئەو کاتەش بەهۆی شکانی لاقی ڕاستم بە کۆسەرە لەگەڵ کاک قادر و باوکم مەترسی سەربازیم لەسەر نەبوو بەڵام لە دوای لێبووردنە گشتیەکە، نەچوومە پێش بۆ سەربازی و ناچار بووم ڕوو لە چیا بکەم بەبێ ئەوەی بڕیاری بە پێشمەرگە بوونم بەفەرمی دابێ. بۆیە خۆم لەلای سورمدێ و ئاشقۆکە نەدا کە ئەو کات سەرکردایەتی جودی لێ بوو. بەڵکو لەگەڵ کاک سورەی لە چۆمخرکەیەوە بۆ

بێدەلان بە ئامانجی سەردانی خزمانی دیوی ئێرانێ.[76] لێرە تەنها دەمەوێت بەشێک لەو دیدار و چاوپێکەوتنانەی کە لەو ماوەیە لەگەڵ هەندێ بەرپرسی حزبەکان ڕوویدا، بڕێک تیشکی بخەمە سەرێ. لە بێدەلان چەند مەقەڕێکی حزبی سۆشیالیستی لێ بوو وەک ناوچە کە کاک عومەر یوسفی و چەند ئەندامێکی تری لێ بوو، هەرێمی ٦ کە خوا لێیان خۆشبێت عەبدوڵا بەگ، کوێخا مستەفای هەڵشۆی و کاک عومەر عەزیز، عومەری قادر بانەیی، کۆمەڵێک پێشمەرگە و بەر پرسی تری لێ بوون.

چەند ڕۆژێک لایان مامەوە هەتا کاک سورە چۆوە قەڵادزێ و بۆ ئەوەی خۆی ساز بکات بۆ سەفەری خوێندنەکەی و سەردان کردنی سەرکردایەتی لە سوردێ و ناشقوڵکە و بۆ هێنانی نوسراو و مامەڵەی سەفەرەکەی و گەرانەوەی بە قەلاتوکان و ڕەزگە و مارمدواندا. لەو ماوەیە تێکەڵی و قسە و باسمان زۆر بوو لەگەڵیاندا بەڵام کەمتر دەربارەی کارکردنی، ڕێکخستن، بەڵکو قسەی گشتی سیاسی، باروزروفی شۆڕش و پێشمەرگایەتی بوون.

ئەو برادەرانی ناوچە و ڕێکخستنەکان باش ئاگایان لە کار و چالاکیەکانم بوو، بەڵام ئەمن پێشتر لەگەڵ کاک سورەی بەرنامەمان دانابوو کە چۆن خۆمیان لێ دوور بگرم هەتا لەسەفەرەکەم دەگەڕێمەوە و بڕیارێکی تەندروست دەدەم. بۆیە خۆم لە لە باسکردنی کار و چالاکی ڕێکخستن نەدا.

---

[76] پێشتر کاک سورە، کاک مەحمودی مام قادری بردبۆوم بۆ لای مانێ خۆیان لە مهاباد، ڕێگاکەی شارەزابوو.

سەردانی بارەگای حزبی شیوعی و یەکیەتی

یەک لەو رۆژانەی کە لە بیدەلان بووم نازانم بەڕێکەوت بوو یا پلان بۆ داڕێژراو، کاک (حەمە برای شێخە دێگەیی)[77] چاومان پێک کەوت و زۆر بەگەرمی چۆنی چاکی و هەواڵ پرسینی کردم. داوای لێکردم کە سەردانێکی مەقەرەکەیان بکەم و چاوم بە (کاک مەحمودی حاجی فەقێ خدری)[78] بکەوێت. ووتم باشە لەوێشەوە سەرێکی کاک (سەربەست و نەوزاد مام حسێنی)[79] دەدەم لەلای یەکیەتی. بەر لەوەی بگەینە مەقەرەکەیان کە لەژێر ساباتێکی گەورە و بندارێکی بوو، چاوم بەیەک لە هاوڕێ کۆنەکانی قوتابخانە کەوت کە بەنهێنی دەمامکی کرد بوو دەیویست سەردانی هاوڕێ شیوعیەکان بکات. منیش لێی نزیک بوومەوە و چۆنی چاکیم لەگەڵ کرد ووتم ئەوە بۆ ئاوات خۆ دەمامک داوە؟! بەهەر حاڵ ناهەقی نەبوو چونکا ترسی حکومەت و دوایش یەکیەتیان لەسەر بوو. دوای گەیشتنمان بە مەقەری شیوعیەکان کاک مەحمود و چەند هاوڕێیەکی ترم بینی هەواڵ پرسین و چۆنی چاکی گەرمان کرد. پاش ماوەیەک دانیشتن و قسە و باس، ڕوخسەتم لێوەر گرتن ، ووتم دەمەوێت سەردانی مەقەرەکانی یەکیەتی بکەم. دوای نیشاندانی ڕێگاکە ماڵ ئاوایم لێکردن.

---

[77] کاک شێخە دێگەی بازرگانێکی ناسراوی قەڵادزێ بوو، سەر بەشیوعیەکان بوون، سەروکاریان لەگەڵ حزبی دینوکراتی کوردستان - ئێران هەبوو.

[78] کاک مەحمودی حاجی فەقێ خدری، ئەندامی نەنجومەنی نیشتمانی ناوچەی حوکمی زاتی کارتۆنی بوو لەسەر لیستی شیوعیەکان. باوکی پرشنگ خانی کاک مجەمەدی سۆفی ڕەحمانی بوو، کە بەهۆی مام هاشمی دەبوونەوە بە خزم.

[79] کاک سەربەست و کاک نەوزادی ڕەحمەتی کوڕی مام حسێنی حاجی تاهیری، بەر لە چوونە دەرەوەیان هاتوو چۆ و تێکەڵاویمان هەبوو.

دوای ئەوە گەیشتمە لای چەند خیوەتێک وادیار بوو پێشمەرگەی پاسەوانی سکرتاریەت بوون، پرسیاری کاک نەوزاد و کاک سەربەستم لێکردن، ووتیان وەرە جارێک دانیشە نانێکمان لەلا بخۆ ئەوان بڕێک دوورن لە مامەندەن. ئەگەر لە بیرم نەچووبێتەوە فاسۆلیایان هەبوو، زۆرتامم لێکرد جا نازانم هی برسیەتی و ماندوو بوونی ڕێگاکە بوو یا هەر بۆ خۆی بەتام بوو. دوای نان خواردن ڕێگاکەیان نیشاندام ووتیان لەو هەورازە زوو سەرکەوە بەڵکو بەر لە خۆر ئاوا بوون پێیان بگەی. پاش زیاتر لە کاتژمێرێک، نزیکی بە دوو کاتژمێری خایاند هەتا گەیشتمە مەقەری کاک (قادری ماندە ئاغای نورەدینی)[80] کە ئەرکیان پاراستنی سەرکردایەتی یەکیەتی بوو، لە ماندە بوو و ماڵیشی هەر لەوێ بوو. لەوێ کاک (ووشیاری حاجی ئەحمەد و نەوزادی مام حسێنی ڕەحمەتی و عەبدوڕەحمان ناوێک)[81] و چەند پێشمەرگەیەکی تری نەناسیاوی لێ بوون.

زۆریان پێ خۆش بوو، ڕێزیان زۆر لێگرتم. شەوێ لەلایان مامەوە. زۆر قسە و باسی سیاسی و بار و زروفی شۆڕشمان کرد. نیوە شەوێ کابرایەکی کاروانچی خەڵکی دێرێ کە دۆستی کاک قادر ئاغای بوو وادیار بوو لەشاری ڕا میوە و شتی بۆ هێنابوون. کاک قادر بە پێکەنین و قسەی خۆش هەڵی ستاندم ووتی دەبێ هەستی شوتی بخۆی. هاوین بوو بەڵام شەوێ زۆر سار بوو. نازانم شەوێک یا دوو شەو لایان مامەوە. ڕۆژێک دوای نانی بەیانی ووتم پسولەی هاتووچۆ بۆ من و کاک سورەی بکەن لەبەر ئەوەی دەمانەوێ بەناو حزبی دیموکراتی کوردستان -

---

[80] کاک قادری مامەند ئاغای نورەدینی پیاوێکی قسەخۆش و بە شەخسیەت. لە ٦٠کانەوە لەگەڵ مام جەلالی بوو، دوو براشی لەو ڕێگایەیدا لە دەست چوون. هاوسەری زەکیەخانی خوشکی کاک عەلی حاجی ئەحمەدی.

[81] کاک عەبدولڕەحمان پێشتر شاگردی چایخانەی سەید برایمی بوو لە قەڵادزێ ئەو کاتی کە چاومان پێک کەوتەوە یەکترمان ناسیەوە.

نێران دا بچین بۆ ئەودیوی. زۆر بەخۆشحاڵیەوە بۆی کردین و یەکێکی لەگەڵ ناردم تا ئاوای دیوی ناوزەنگێی کردم. ئەوجا لەوێوە گەڕامەوە بیدەلان.[82]

دەست پێکردنی گەشتی ئەو دیوو

کاک سورە پاش چەند ڕۆژێک پەیدا بۆوە زۆر ماندوو بوو، چەند ڕۆژ بوو لە ڕێگای پڕ مەترسی و بەپیادە ڕەو لە هات و چۆ دابوو، دڵیشی هەر لەلای من ببوو. ووتی با ئەو شەو نەڕۆین لێرە بمێنینەوە کەمێک پشوو بدەم. ووتم باشە. سبەینێ بە دەراوی دۆڵەتوو دا سەرکەوتین و بە دەشتی مردواوێ دا چووین بۆ کونە مشکێ و لەوێوە بۆ ئاڵوەتان ئەوجا میراوە. لەوێ باش بوو (مینی بوس)[83] هەبوو ، سوار بووین بۆ گوندێک (.....) لەنزیک سەربازگەی جەڵدیانی نەغەدە.

سبەینێ چووین بۆ نەغەدەی لە دوایدا سەردانی مهاباد، تاران، شنۆ و سەردەشتمان کرد. بەر لەگەڕانەوەم لە تاران کاک عەلی ئەقدەم خوا بەبەهەشتی شاد کات، پێشنیاری بۆ کردم کە لە تاران بمێنمەوە، لە بەرکۆڵی بەرخۆدان لەسەرم نووسیوە بە پەسندی نازانم دووبارە نووسی بکەمەوە.

---

[82] پەیوەندی حزبی سۆشیالیست و حزبی دیموکراتی نێران زۆر باش بوو، بەڵام لەوکاتی بڕێک گرژی تێکەوتبوو بۆیە پێم باشتر بوو پسوولەیەکی هاتوو چوی یەکیەتیم پێ بێت.

[83] مینی بوس واتا پاسی مام ناوەند، خزمانی ڕۆژهەڵات بەکاری دەهێنن * لە ووشە ئینگلیزیەکەی (Mini bus) وەرگیراوە

گەڕانەوە بۆ ووڵات

دوای گەشتێکی چەند هەفتەیی و بەسەر کردنەوەی خزمان لە ڕێگای (سەردەشت – نەڵاس) بەلا ڕێگا و بە قاچاخ لە شار دەرچووین. بەڕێکەوت تووشی بەڕێز کاک کەریم حەداد بەرپرسی ئەو کاتی حزبی دیموکراتی کوردستان – ئێران دەڤەری سەردەشت بووین. دوای چۆنی و چاکی، دڵتەنگی و نارەزایی خەڵکی (سەردەشت)م پێ گەیاند بەهۆی نەپێکانی پادگانی سەردەشت، کەوتنە خوارەوەی هەندێک لە تۆپەکان بۆ نێو ماڵی هاووڵاتیان[84]

دوای گەڕانەوە بۆ قەڵادزێ

کاتێک کە هاتمەوە سەیرم کرد دنیا وەک شامی شەریفی لێهاتووە، کەس نەما بوو، نەچوو بێتە پێش بە ئامانجی بەخشین لە ئەرکی سەربازی و گەڕانەوە بۆ سەر وەزیفە. چەند ڕۆژێک هەروا تەماشەی وەزعەکەم کرد، خەڵک ئەمنیان پێ شێت بوو کە ناچمە پێش. ئەوجا حکومەت بڕیاری دەرکرد هەر کەسێک ٥٠٠ دیناری عێراقی سویسڕی بدات، دەبەخشری لەسەربازی. من و چەند برادەرێکی تر پێمان تاوان بوو، خەڵک ئەو پارەیە بدات، بۆیە ئەمان دا هەتا ئاخر ڕۆژ. دوای پارە وەرگرتن و چەند ڕۆژێک دەوام ووتیان وەرە پارەکەت وەرگرەوە ڕۆژێک درەنگ داوتە، شمولت ناکات. ئەوجا بە بریار (انتداب) واتا لە جیاتی سەربازی دەرس بڵێمەوە جارێکی تر لەسەربازی بەخشرام و چوومەوە قوتابخانەی قەندیل بۆ دەرس ووتنەوە.

بە هەر حاڵ لەو کەین و بەینەدا چەند هەفتەیەکی کێشا بەیانیان بەجل و بەرگی مەدەنی دەچووین بۆ لیوای٩٧ لە نێو شاری بۆ تەواوکردنی مامەڵەی بەخشین لە ئەرکی سەربازی. یەک لەو بەیانیانە کە بەدەیان مامۆستا، مهندس،

---

[84] کاک کەریم کەبینیمی زۆری پێ خۆش بوو، ووتی وەرە بزانم لە نێو شارەکان چ باسە و کاردانەوەی ئەو تۆپ بارانی دوێنێی حزب بۆ پادگانی سەردەشتێ چۆن بووە.

دکتۆر، کارمەندی دەوڵەت، خزمەتگوزار و هاوڵاتی لە مەیدانی سەربازگەکە وەستا بوون، نائب زابتێکی کورد بە نێوی هەمزە[85] خەڵکی هەولێر، کە ڕەئیس عورەفای سریەی مقر لیوایەکە بوو، سافیرەی لێدا ووتی ڕیز بن. خەڵکەکەش پێیان سەیر بوو! کەمێک بە نابەدڵێ ڕیز بوو. چەند خولەکێکی پێ چوو هیچ نەبوو، کاک جەباری ئەحمەدی تەنەکە ساز[86] لەڕیزەکەی هاتە دەرێ، ووتی ئەمن ناتوانم ڕاوەستم برسیمە دەچمە حانوت شتێک دەخۆم. کا برای نائب زابت ، بە تورەییەوە ووتی بێ نیزامی دەکەی؟ بڕۆ لە ڕیزێ ڕاوەستە.
کاک جەبار وەڵامی نەدایەوە و وویستی بڕوات

کا برای نائب زابت تۆند قۆڵی گرت و بەتوندی ووتی پێشم کەوە، خۆ بەرەڵدا خانە نیە، کاک جەباری پێش خۆی دا.

کە چاوم بەوەزعەکە کەوت خۆم پێنەگیرا و ڕووم کردە مامۆستاکانی کە لە دەوربەرم وەستا بوون، ووتم ئەگەر بێدەنگ بین، سبەینێ خراترمان لێدەکەن و جل و بەرگی سەربازیشمان لەبەر دەکەن. بۆیە واچاکە ڕیزەکە چۆڵ کەین و ڕێگا نەدەین کاک جەبار بەرێت لەگەڵ خۆی. خوا هەڵناگرێ بە قسەیان کردم و بەیەکجار ڕیزەکەیان چۆڵ کرد.

---

[85] دوای ڕاپەڕین بە ڕێکەوت کارم بە ئیمزا و مۆری موختاری بوو لە هەولێرێ کە چوومە کۆڵانی موختاران لەلای ئوتێل پشدەر دەبینم ئەو نائب زابتە یەک لەو موختارانەیە، کە چاوی پێکەوتم ڕەنگی پەڕی لە ترسان ئەمنیش دەستم لەسەر پشتی دانا ووتم هیچ مەترسە، ئەمن برای تۆم و دەت بەخشم. بەڕاستی پێم شەرم بوو لە کاتێک دەسەڵاتم هەیە بیر لە تۆڵە بکەمەوە لە خەڵکی بێدەسەتەڵات، بۆیە بەخوام بەخشی.

[86] کاک جەبار خوا عافوی کات هاو پۆلی کاک سوورەی بوو لە منداڵی، کاک ئەحمەدی تەنەکە سازی باوکی لەگەڵ چەندین کەسایەتی ناسراوی شارەکەی لە زیندان دابوو بە تاوانی ڕێکخستن و کاری حزبایەتی.

کا برای نائب زابت، هەر شێت بوو، وازی لە کاک جەبار هێنا و تووند قۆڵی منی گرت، ووتی خەڵکی هان دەدەی خۆبیشاندان بکەن، بڕۆ پێشم کەوە بۆ لای ئامر.

زۆر بە بێمنەتی، ووتم قۆڵم بەردە بۆ کوێ دەڵێی ئامادەم بێم. بە گاڵە گاڵ وە پێش خۆی دام، بۆ ژووری ئامر، هەتا ئەو کاتی نەم دەزانی ئامری بەو روتبە بەرزەی لە قەڵادزێ دەوامَ دەکات!!

خۆش بەختانە لەو کاتەدا دوو کەسایەتی ناسراوی شارەکەی کەسەر بە حکومەت بوون بەڕێکەوت لەلای ئەو ئامرە دانیشت بوون[87] کەبینیمن بڕێک بێمنەتر بووم، کابرای نائب زابت شێت و هار ببوو. نەیدەزانی بڵێت چی. بەدەنگی بەرز دەیگوت؛ سەیدی ئەوە خەڵکی هانداوە گۆڕەپانی سەربازگە چۆڵ کەن و خۆنیشاندان بکەن، ئەگەر وای لێ نەکەی هەتا وابچێ ، پێم قبووڵ ناکرێت!!

ئەمنیش دوای پشوو وەرگرتنێکی باش ووتم، سەیدی ڕێگام پێدەدەی قسە بکەم؟ ئامرەکە ووتی فەرموو

ووتم سەیدی لە پەنجەرەکەتەوە سەیر بکە چەند خەڵک لەبەر دەرگاکەت وەستاوە؟ ئەوانە زۆربەیان مامۆستا، دکتۆر، مهندیس و کارمەندی دەوڵەت بوون، هەموویان قانون و نیزام دەزانن. بەڵام ئەو کابرایە لەبەر دەم بەڕێزتان ئەو هەموو بێڕێزیەی نواند، ئەی دەبێت لەدەرێ چی کردبێ؟ ئێستاش ئەگەر چەند

---

[87] یەکیان خالید مام سمایلی بوو کە کارمەندی دائیرەی کشتوکاڵ بوو، دەستی لەگەڵ حکومەت تێکەڵ کردبوو، دوایی بوو بە مستەشاری فەوجی خەفیفە. خوالێی خۆش بێت ڕەسوی حەسەنی سلێمان ئاغای بوو، کە لە زەمانی مەلیکیەوە نائب بوو بەناوی قەڵادزێ. لە دوایدا بیستمەوە کە هەر دووکیان قسەی باشیان بۆ کردبووم.

خولەکێکی تر نەمن ڕاگری لەسەر قسەی ئەو کابرایە تورەی، ئەوە سەربازگەکەت لێ تێک دەچێت،

ئامرەکە پرسی، ئەتۆ چ کارەی، ووتم مامۆستام، ئەوجا زیاتر قەناعەتی بە قسەکانم کرد،

کابرای نائب زابت هێندەی دیکە شێت بوو، بەدەنگی بەرز بەسەر ئامیرەکەی دا شیڕاند ، ووتی ئەمن سەر بە بەغدام، ئەگەر بێت و ئەو کابرایەی حوکم نەدەی، دەچم شکایەتی لە تۆش دەکەم.

کا برای ئامیر بە نائب زابتەکەی ووت (چپ) جنێوێکی سوکە بە زمانی عەرەبی

نائب زابت شێت و هار بوو، ووتی چۆن لەبەر چاوی سەربازێکی ڕاکردو ئەو قسە سوکەی بەمن دەڵێی؟!

ئامرەکە لێی دووبارە کردەوە و زۆر بە تواندی وەڵامی دایەوە، بە تورەییەوە پێی ووت بێدەنگ بە.

بەڕێزموە بەمنی ووت فەرموو ئەتۆ بڕۆ دەرەوە، ئەوجا کە خەڵکەکە منیان بینی هاتمە دەرێ بە سەلامەتی زۆر دڵخۆش بوون و بڵاوەیان لێکرد هەر کەس بۆ ماڵێ.

قۆناغی بوونەوە بە مامۆستا لە بری سەربازی (انتداب)[88]

یادی ٢٤ — ٤ - ١٩٨٣ کاریگەر و کاردانەوەی ناڕاستەوخۆی هەبوو، چونکا بەر لەو بەرواره هەرچی لاوی قوتابی زانکۆی شارەکانە رووبان لە قەڵادزێ کرد، حکومەتیش ئامادەکاری باشی بۆ کردبوو، کۆمەڵێک قوتابی زانکۆکانی بەغدا، موسل و باشووری عێراقی لەبەرگی جەیشی شەعبی بە چەک و بەگۆپاڵەوە چەند ڕۆژ پێشتر بەسەر بازاڕ، کوچە و کۆڵانەکانی قەڵادزێ دا بڵاوکردەوە. بەبێ شەقام گرتن و ووتاف کێشان، قەڵادزێ سیمای مەڵبەندی بەرخۆدان و ڕووبەروو بوونەوە لەگەڵ سوپای بەعس نەک (جیش) وەرگرت. هەڵبەتە ئەوەش لەوەوە سەرچاوەی وەرگرت کە لاوەکان ئەزموونیان پەیدا کردوو و سام و هەیبەتی بەعسیان تێک ڕۆشکاند پار ساڵ زیاتر بە یەکگرتووی هەموو چین و توێژەکان و بەدەنگەوە هاتنی قوتابیانی زانکۆ و شارەکانی تر. دروشمەکانیش کاریگەری هەبوو لەسەر سوپا چونکا یەک لە دروشمەکان (الجنود اخواننا، الفاشیست اعدائنا) بوو. جگە لەوە گوڵ باران کردنی سوپا هێندەی دیکە دنیایی لە بەعس و پیاوانی نەمن و ئیستخبارات تاریک کرد.

دەتوانم بڵێم زۆر بەداخەوە ئەو هەستە بەرزەی شۆڕشگێڕیەی کە لە دەمار و دڵی لاو پیری کوردستان چرۆی کرد، پاش چەند ڕۆژێک پەلاماردانی (ینک) بۆ سەر بارەگاکانی (جود) هەمووی بوو بە زوخاو و خەڵکی سارد کردەوە.

---

[88] ماوەی زیاتر لە ٢ ساڵ لەنێوان ساڵانی ١٩٨٣/ ١٩٨٤/ ١٩٨٥ / لەبری سەربازی بوومەوە بە مامۆستا لە قوتابخانەی قەندیلی سەرەتایی لە قەڵادزێ

کاریگەری شەڕی ناوخۆ و مەرگەساتی بە کۆمەڵی سورەدێ و ئاشقوڵکە

زۆر بەداخەوە ناهەقی حزبەکان بەرامبەر بەیەکتری رۆژانە چزیلکی بە جەرگی خەڵکی شۆڕشگێڕی ناو شارەکانەوە دەنا و لە ناخەوە دەیسوتاندن. لە بەهاری ١٩٨٣ دەشتی هەولێر تا بالیسان گڕی شەڕی ناوخۆی گرت بوو. چەند رۆژێک هەموو هێزی یەکیەتی گەمارۆی مەفەرەزیەکی ٧ – ٨ نەفەری حزبی سۆشیالیستی کوردستانی دابوو لە چیایی ئاسۆس. دوای شەڕێکی دەستە و یەخە و کوژران، بڕیندارببوون، دیل بوونی کورد بەدەستی کورد!! [89] دوای دەرباز بوونی مەفەرەزەکە لەڕێگای بەلەم بۆ بەری کۆسرەتی و یەکگرتنەوەیان لەگەڵ هێزێکی حزبی شیوعی کە هاوپەیمانیان بوون لە بەرەی جود [90] زۆر بە داخەوە هێزێکی زۆری یەکیەتی ناوچەکەی تەنی بوو و بەدوای یەکتریدا دەگەڕان. لەشەوێکی شومدا لە گوندێکی بناری کۆسرەت بە ناشارەزایی تێکەڵ دەبن، دوای لێکتر ئاشکرابوون زۆر بەداخەوە سەرباز و شەماڵ [91] و چەند پێشمەرگەی تر شەهید و بڕیندار دەبن.

---

[89] لە ناخەوە دژی شەڕی ناوخۆ بووم بەڵام غەدرەکەی یەکیەتی هێندە نابەرابەر بوو، قارەمانیەتی لەو مەفرەزە بچوکەش هێندە مەزن بوو، هەر مرۆڤێک دەستی قەڵەمی بگرتبا خۆی نەدەگرت شتێکی لەسەر بنووسێ بۆیە بابەتێکم لەسەر نووسی بە ناوی (دەنگێک لە شارەوە بۆ شاخ) لە گۆڤاری پێشمەرگە کە سۆشیالیستەکان لە شاخ دەریان دەکرد بڵاوکرایەوە

[90] بەرەی جود لە کوردستان دروست بوو لە دوای بەرەی جوڤد کە لە شام ڕاگەیەندرا بوو. جوڤد لە ٨ حزبی عێراقی و کوردستانی پێک هات بوو جگە لە پارتی. جود لە (پارتی، سۆشیالیست، شیوعی، پاسۆک و گەل) پێک هات بوو. بارەگای سەرکردایەتیان لە بناری قەندیل لە گوندەکانی سورەدێ، ئاشقوڵکە...هتد بوو.

[91] سەربازی مام ئەحمەد (کۆڕی) کورێکی ئازا و بەجەرگی کۆیە بوو، پێشتر سۆشیالیست بوو، لە ژێر فشاری یەکیەتی بە نابەدڵی ببوو بە یەکیەتی بۆ ئەوەی لە ناوچەکە جێگای ببێتەوە. شەهید بوونی ئازاری بە هەموو خەڵکی گەیاند.

دوایی شەڕەکان بوونە سەرتاسەری و هەموو هێزەکانی یەکیەتی و بیستمان کە هەندێ لە پێشمەرگەی ڕۆژهەلات و چەکدارە دۆستەکانیان لە ناو شارەکان بۆ ماوەی چەند ڕۆژێک لە ١ ئایاری ١٩٨٣ پەلاماری سەرکردایەتی جودیان دا. زۆر زۆر بەداخەوە بە دەیان کوڕ و کچی کورد و عەرەب کە بۆ شۆڕش لە چیاکانی کوردستان بوون، بوونە قوربانی. تاوانی گەورەی تێدا ئەنجام درا کە قەت لە بیر ناچێتەوە.

ئێمە لە ڕێگای ڕێکخستنەکانەوە پێشتر دەرکمان بە ئامادەکاری ئەو شەڕە نەگریسە کردبوو و بەنووسین سەرەوەشمان لێ ئاگادار کردبوو کە خۆلادەن لەو بەلایە و ڕێگری لێ بکەن. بەداخەوە بەرنامەکە هێندە گەورە بوو کە دابەش بوونی هێزە کوردیەکانی بەسەر ئێران و عێراقی لێ کەوتەوە کە ئەو کات لە جەنگێکی درێژخایەندا بوون. بەناڕاستەوخۆ وویستیان کوردی لێ بەشدار بکەن.

ئەوە بوو هەر وەک چاوەڕوان دەکرا یەکیەتی پەیوەندی و سەرە و بەرەی خۆی لەگەڵ حکومەتی عێراقی ئاشکرا کرد و بەناوی مفاوەزاتەوە هاتنەوە ناو شارەکان [92] مانەوەی مەفرەزەکانی بەرەی جود لە خوارەوە بە ئەستەم بوو. مەفرەزەیەکی هاوبەشی شیوعی و سۆشیالیست هاتنە خوارێ بۆ نێو قەلادزێ بۆ ئاگادار کردنەوەی خەڵک لە مەترسی ئەو مفاوەزاتەی یەکیەتی و حکومەتی عێراقی. سۆشیالیستەکان داوای نووسینی بەیانێکیان لێکردم، بۆ ئەوەی بەناوی بەرەی جود لە مینبەری مزگەوتەکان بیخوێنەوە و بڵاوی بکەنەوە لە شارەکان، بۆیانم نووسی [93] من تا سەر نێسقان دژی شەڕی ناوخۆ بووم، هەر ئەو هۆکارەش

---

[92] لەوەڵامی دیدارێکی ڕۆژنامەگەری نەوشیروان مستەفا دەڵێت بۆیە شەڕی جودمان کرد چونکا ببوون بە بەشێک لە جەبهەی ئێران. بە ناڕاستەوخۆ داندەنێ بە پشتیوانی کردنیان بۆ عێراقی !!!

[93] شیوعیەکان پرسی بوویان ئەو بەیانە لەکوێ دەرچووە، پێشمەرگەی سۆشیالیستەکان ووت بوویان لە سەرکردایەتی ناو شار، بەڵام باش بوو ناوی منیان نەدابوو

بوو کە پەیوەندی خۆم بە سۆشیالیستەکان و هێزی پێشمەرگە بە فەرمی ڕانەدەگەیاند. بەڵام لە دژایەتی حکومەتی عێراقی و بۆ ئەوەی کورد نەبێت بەبەشێک لە شەڕی ئێران عێراق بەیانێکی بەقوەتم دژی مفاوەزات نووسی. ئەوە بوو لە مینبەری مزگەوتی مەلا سەیدی قەڵادزێ خوێندرایەوە و دواییش کرا بە بەیان بڵاو کرایەوە [94] مەفرەزەکەش زۆر بەسەختی بەناو کەمین حکومەتی عێراقی و پێشمەرگەکانی یەکیەتی دا گەیشتەوە قەندیل.

گفتوگۆ لەسەر ڕێکەوتن (ینک و حکومەت) لەگەڵ کاک ڕابەری سەید برایم

لە ماوەی ڕێکەوتن (ینک) لەگەڵ حکومەتی عێراقی، کە ناویان نابوو مفاوەزات، گەشتێکی بە هارەی قوتابخانەمان ڕێکخست بۆ هیران و نازەنین، لەوێ چاومان بە مەفرەزەیەکی یەکیەتی کەوت کە کاک ڕابەری سەید برایمی کۆیە بەرپرسیان بوو. دوای گفتووگۆیەکی زۆر لەسەر ئاکامەکانی ئەو ڕێکەوتنە، پرسیارێکم ئاراستەی کاک ڕابەر کرد، ووتم لە ڕۆژنامەی (الراصد) [95] لێدوانێکی سەدام

---

[94] دڵنیا نیم هەمان بەیانی بوو ڕێکخستنەکانی ناو شار گەیاندبوویانە ئەوێ یا یەکێکی تر بووە. بەڵام ڕۆژێکیان مامۆستا عەبدوڵا جاف بڕای شەهید مام ناراس بۆی گێڕامەوە ، لەکاتی مفاوەزاتەکە ڕۆژێکیان کاک جەلالی مینە بەگ خۆی بە ماڵیان دا دەکات لەکانی سارد لەسەر ڕێگای سلێمانی – دوکان، دەڵێت مامۆستا بەیان سۆشیالیست لە سورداش بڵاو کراوەتەوە و گومانیان خستۆتە سەر من.

[95] الراصد ڕۆژنامەیەکی لاوان بوو لە بەغدا دەردەچوو، سەر نووسەرەکەی عودەی کوڕی سەدام بوو.

بڵاوکراوەتە نووسیوویەتی، (ئەوەی ڕۆژێک زووتر بگەڕێتەوە ڕۆژێک شەڕەفی زیاترە) ڕاتان چیە، ئەگەر سەدام جاشەکانی پێ لە ئێوە بەشەڕەفتر بێت چونکا لە پێشتر لەڕیز نیشتمانی دان بە ئسلوبی سەدام؟! زۆری پێ تێک چوو، چونکا وا تێگەیەندرا بوو کەوەک زەمانی مفاوەزاتی مەلا مستەفای هەموو جاش چەک دەکرێن و دنیا بۆ ئەوان دەبێتە شامی شەریف!! ووتی ئەگەر وابێت پێشمەرگە ڕازی نابێت. ووتم ئەدی ئەگەر سەرکردایەتیتان ڕازی بوو، ئەتۆ ڕات چ دەبێت؟ ناچار بوو بڵێ ئەمن لەگەڵیان دا نابم ئەگەر جاش فەزڵیان بەسەر پێشمەرگەی یەکیەتیەوە هەبێ.

بێوادەی دوو برا لە چونیان بۆ سەیرانگەی قەشقۆڵی

بۆ ڕاگەیاندنی ڕێکەوتنەکە بەشێکی لە قیادەی بەعس وەک عیزەت دووری، عەلی حەسەن مەجید و زۆربەی سەرکردایەتی یەکیەتی بە سکرتێری گشتییەوە هات بوون بۆ سورداش و قەشقۆڵی، پێشتر ئێمە ئاگاداری خەڵکمان کردبوو کە نەچن، بەڵام خەڵکێکی زۆر، بەشی ئەوان بە زیادەوە چوون. دوو برادەری ئێمە کە یەکێکیان خۆی بەهەواداری پارتی و ئەویتر بە هەواداری سەرەتا شیوعی دوای سۆشیالیست دەزانی، پەیمانیان دابوو کە نەچن و هانی خەڵکیش بدەن کە بەشداری نەکەن بەڵام دوای خۆیان هەوڵیاندا بوو بە دزی ئێمە بەشداری بکەن، لەگەڵ یەک لە دکتۆرەکان بەسەیارەی خەستەخانەی قەڵادزێ چوو بوون. لە ڕێگایە سەیارەکەیان وەر گەڕابوو سوپاس بۆ خوای خۆیان هیچیان لێ نەهات بەڵام لەشەرمان نازاریان لەبیر چوبۆوە، نەیان دەزانی چی بکەن.

کۆکردنەوەی کۆمەگ و گیرانی چەند پێشمەرگەیەک لەلایەن یەکیەتی دواتر حکومەت[96]

هەر لەو ماوەیەدا مەفرەزەیەکی سۆشیالیست هاتنە خوارە دوو تا سێ ڕۆژ لە ماڵی ئێمە مانەوە. دوای تاوتوێکردنی باروزروفەکە و خوێندنەوەی چەند نامە و نووسراوێک کە لەسەرەوە هێنا بوویان. ووتیان نامەمان بۆ کۆمەڵێک خەڵکی دەوڵەمەند هێناوە بۆ ئەوەی یارمەتیمان بدەن ڕای تۆ چیە و چۆنیان بگەیەنین؟ ئەمن پێم باش بوو بەڕۆژ نەک بە شەو یەک لە پێشمەرگەکان کە خەڵکی قەڵادزێ نەبوو و خەڵک نەیدەناسی [97] بەبێ چەک یا دەمەناچەیەک کە لە ژێرەوە پێی بێت و ڕێکخستنەکان بی بەن بۆ هەر یەک لەو ماڵانە و دوای خۆناساندن وەک پێشمەرگە، نامەکەیان بداتێ. هەر وایان کردوو و زۆر سەرکەوتوو بوو. تەنها لە ماڵێک نەبێت، کوڕێکیان مەفرەزەی ئیستخباراتی هەبوو بەڵام دۆستی خۆمان بوون [98] کوڕێکی کەشیان کە لەگەڵ یەکیەتی بوو هەندێک ناڕازەی دەربڕی بوو. بەڵام باوکەکەی زۆر بە مەردانە لە کوڕەکەی وەجواب هات بوو. ووت بووی ئەوانە هێندە نەبەردبن بە ڕۆژ بەناو حکومەت و ئەو هەموو یەکیەتیەدا بێنە ماڵی ئێمە، ئەتۆ ماف بەخۆت دەدەی بێ ڕێزیان بەرامبەر بکەی لێت قبووڵ ناکەم. دوای ڕێز لێنانێکی زۆر و نان خواردن هاوکاری

---

[96] سەعد و هەباس لای یەکیەتی گیران. دوای خدر سلێمان بە وەرمقەی جاشان چوو ڕزگاریان کات بەڵام بەداخەوە لە هەولێر لەلایەن حکومەت گیران، دوایی تەسلیم بوونەوەی کاک سواڕەی هەباس ناغای ڕانیە بەریدان.

[97] هەباس (یاسینی مەلا عوسمانی چاپچی) خەڵکی ڕانیە بوو ئەو ڕۆڵەی بینی

[98] کاک ئەحمەدی مستەفای زێڕنگەر برادەری کاک سورەی بوو مەفرەزەی ئیسخباراتی هەبوو بەڵام لە بنەوە هاوکاری سۆشیالیستی دەکرد. کاک نازاد برای پ.م یەکیەتی بوو ئەوکاتی.

باشی کردبوون. دوای تەواو بوونی کارەکەیان. ووتیان خەبەرمان بۆ هاتووە یەکیەتی لەچەند لاوە داوی بۆ داناوین ناتوانین لێرەوە بگەڕێینەوە. سەریان لێ دەشێوێنین بە سەیارە جاش دەمان گەیەننە شارەزوور لەوێ مەقەری خۆمانی لێیە و سەلامەت دەبین. ئەمن زۆرم دڵ لێ نەبوو، چونکا ڕیسکی زۆری تێدا بوو. بەڵام هەر چوون. بەداخەوە بەر لەوەی بگەنە شوێنی دیاری کراو بەر دەست یەکیەتی کەوتن. دوای ئیهانە و مەترسیەکی زۆر بە واسیتەی مامۆستای دەنگەیی و کاک هۆمەری حاجی موسای بەکەفالەت ڕێیان دان لە گوندی تیمار لە ژێر چاودێری خۆیان دانیشن.

پاشان کاک خدر سلێمانیان نارد بۆ لای من بزانن ڕام چیە و چی بکەن؟ ئەمن پێم پەسند بوو و لەو ژێر دەستیەی ڕزگاریان کەین نەبادە شەوێک بەبێ چەکی بیان کوژن بەڵام پێویستە بە ئاگایانەوە بڕێک ئارام بگرن تا وەزعەکە هێور دەبێتەوە و چاو و قسەی خەڵکیان لەسەر لادەچێ، دوایی بە هێمنی بە سەیارەی جاشان بیان هێنینەوە ناوچەی خۆمان و بەڕێگایەکی ئەمین بگەڕێنەوە. پێیان پەسند بوو بەڵام بە داخەوە ئارامیان نەبوو، هەڵەیەکی گەورەتریان کرد چوو بوون بۆ هەولێر بۆ ئەوەی لە ڕێگای بارزان بلەوە بگەڕێنەوە. بەداخەوە زۆر بەبێ منەتی چوو بوون بۆ ئوتێلێک، پاش ماوەیەکی کەم مەفرەزەی ئەمن دەیان گرێت. دوای خەم و ئازارێکی زۆر بۆ خۆیان و بۆ کەس وکاریان بە هەزار واسیتە دوای خۆ تەسلیم کردنەوەی کاک سواری هەباس ئاغای سەرکەپکان بەناوی خەت مائیلی خۆی لە ناو سۆشیالیست بەریدان. ئەوجا کەس و کاری ئاهەنگی خۆشیان بۆ گێران، هەباس داوای کردبوو دەبێ بەشداری میواندارییەکەیان بکەم. ئەمنیش بەبێ ترس چووم بەشداریم کرد لەبەر دڵی ئەو [99]سوپاس بۆ خوای پاریزراو بووم.

---

[99] لە دوای بەربوونی کاک هەباس (یاسین) لە داخی کچی (.....) کە شوی پێ نەکرد، چیرۆکی عەشقێکی پیرۆزی لەگەڵ ڕەوشەن خان کە ئێستا خێزانیەتی دەست پێکرد، هەوڵیدا ئەمن بکەن بە دەرهێنەری درامەکەیان، وەک پێشمەرگەیەکی دڵشکاوی ، ڕزگار بوو لە زیندان تا ڕادەیەکی زۆر لەگەڵ عیشقەکەیان ژیام.

ساڵی ١٩٨٤ یادی ٢٤ / ٤ و لیژنەی تەنسیقی (ینک) [100]

بەهەمان شێوەی ساڵی پێشوو هەرچی گۆڕاڵ بەدەستی [101] کە لە بەغدا وە هێنابوویانن چەند ڕۆژێک پێشتر بە بازاڕ و کۆڵان و کوچەکانی قەڵادزی بڵاوکرابوونەوە. بەیانی زوو هێزێکی (ینک) لەسەر قەبران دابەزی بوو. خەڵک بە هەستیارییەوە مامەڵەی لەگەڵ باروزروفەکە دەکرد. لەبەر یەکیەتی و دواتریش لەبەر ئەوەی یەک لە کادیرە چالاکەکانی یەکیەتی بەناوی شەهید فارق حەمەی مام عەلی بە شەو لە کاتی گەڕانەوەی بۆ ماڵی تیرۆر کرا بوو [102] وەک عادەتی قەڵادزێ بەبێ جیاوازی هەموو خەڵکی شار لەگەڵ جەنازەکەی چووین بۆ سەر قەبران، لە گەڕانەوە بەر لەوەی پێ وەژووری تازیە بنیین، لە پشتەوە یەکێک دەستی لەسەر شانی دانام. کە ناورم دایەوە کاک ئەمینی مام قادری بوو، زۆر بەگەرمی چۆنی چاکی لەگەڵ کردم و گلەی لێکردم بۆ هەموو خەڵکی شار چووە بۆ

---

[100] لە دوای ناشکرا کردن یا بڵێین ڕاگەیاندنی گفتوگۆی نێوان (ینک و حکومەت) لە هەموو شارەکان لیژنەیەکی هاوبەشی هەر دوو لا دروست کرا بوو، لە قەڵادزێ کاک ئەمینی مام قادری و خوا لێی خۆش بێت مامۆستا محەمەد سوڵتانیان دانابوو.

[101] هێزێکی تایبەتی بوو بەناوی (قوات مکافحة شغب) وات هێزی ڕووبەروو بوونەوەی ناڕاژاوە. زۆربەیان لاو و دەرچووی زانکۆکان بوون.

[102] خوا لێی خۆش بێت کاک فاروق حەمەی مام عەلی کارمەندی دانیرەی کارەبا بوو، لە کۆنە جەلالیەکان بوو. هیچ نەدەترسا زۆر بێباکانە ئیشی بۆ یەکیەتی دەکرد. جێگای داخ بوو بەدەستێکی چەکدارەکانی ڕژێم تیرۆر کرا.

بەخێر هێنانەوەی، من نەچووم!! بە هەر حاڵ بەڕێزموە لێی وەجواب هاتم ووتم جارێک لە گلەییان بگەڕێ، با پرسیارێکت لێ بکەم. ووتی فەرموو. ووتم ئەو هێزەی بەیانی زووی ٢٤ / ٤ لەسەر قەبران بلاوتان کردبۆوە بۆچی بوو؟ بۆ پارێزگاری لە خەڵک بوو، لە کاتی ڕوودانی ڕووداوێکی نەخوازراو لەلایەن حکومەت یا لەبری گۆڕاڵ بەدەستەکان پارێزگاری ئەو شوێنەیان بە ئێوە سپارد بوو؟! پرسیارەکەی زۆر بەدڵ نەبوو چونکا دەیزانی دەڵێم چی. بەڵام بەزەردەخەنەیەکەوە ووتی تەبیعی بۆ پاراستنی خەڵک بوو. بەڵام لە ڕاستیدا وا نەبوو بەڵکو بۆ دروست نەبوونی پەشێوی بوو بۆ ئەوەی زەمینەی مفاوەزات تێک نەچێت. لە دوای دێمە سەر ئەو باسە.

خۆنیشاندان بەهۆی نەچوونە پێشی زانکۆییان بۆ جەیشی شەعبی [103]

* خوێندی ساڵی ١٩٨٤ / ١٩٨٥ لەگەرمەی دانوستانی بەعس و ینک، لە خوێندنگا و زانکۆکان قوتابیانیان هەراسان کرد بوو کە بیانکەن بە (جەیشی شەعبی) [104] بەر لە کۆتایی خوێندن چەند قوتابیەکی زانکۆی هەولێر و موسڵ کە هاوڕێم بوون هاتنەوە، لەوانە بەڕێزان (دکتۆر ئیبراهیم میران لە زانکۆی هەولێر، دکتۆر عەبدوڕەحمان محەمەد ئەمین و دکتۆر کامەران محەمەد قەساب لە

---

[103] جیش شەعبی سەرەتا بەعسیەکان بوون وەک سوپای هێزی بەرگری میللی بۆ کاتی پێویست. بەڵام لە کاتی شەڕی ئێران و عێراق وەک نەفیری عامی لێ هات، ئەوانەی کە موالیدیان لە سوپادا نەبوو بە زۆر دەیان بردن بۆ جەیشی شەعبی، بەتایبەت کارمەند، موچەخۆری دەوڵەت و قوتابی نامادەیی، پەیمانگا و کۆلیجەکان.

[104] دەتوانم بڵێم ئەو بەرنامەیە یەکەم کاری هەرەموەزی شارستانی بوو بەبێ ئاگاداری سەرکردایەتی هیچ حزبێک، ڕیسکی زۆر تێدا بوو، بەڵام لەبەر ئەوەی بڕوا و ئیرادە بە هێز بوو، پشتیوانی خەڵکی بەدەست هێنا.

زانکۆی موسڵ، ئەو بەڕێزانەی تر کە ناوم بیرکردوون داوای لێبووردنیان لێ دەکەم. ووتیان نابین بە (جەیشی شەعبی)، بڕیارەکەش وا بوو ئەو قوتابیەکی هاوینان پەیوەندی بەو سەربازگانە نەکات سانێکی تر ناتوانی بەردەوام بێت لە خوێندن. زۆرمان قسە کرد، ووتمان با لیژنەیەک دروست بکەین بینێرین بۆ سەرکردایەتی یەکیەتی بزانین ئەوان هەڵوێستیان چیە؟ ووتیان خراپ نیە بەڵام وابزانین، نوێنەری هەموو کۆلیج و زانکۆکان چوون بۆ لایان، کاک فەرەیدوون عەبدولقادریان بینیووە، ووتوویەتی قەیچی نەکا، بچن با زەمینەی مفاوەزات تێک نەچێت! ووتمان بێسوودە ئەبێ شتێک بکەین. باش لە بیرمە دکتۆر ئیبراهیم، ووتی دەبێ بەڕێمان کەیە بۆ دەرێ و دەبینە پێشمەرگە و چەک هەڵدەگرین. پێم ووت زانکۆ بەجێهێشتن و چوونە چیا چارەسەر نیە. چونکا ئێمە کەمایەسی کادیری زانستی، ئیداری، هونەریمان زۆر هەیە، ئەگەر هەر یەک لە ئێوە ئێستا واز لە خوێندن بهێنن لە پێشمەرگەیەکی چەکدار زیاتر ڕۆڵ نابینن.

هەروەها پێم ووتن ئەگەر هەر کوڕێکی لادێی چەک هەڵگرێ لە ئێوە باشتر دەتوانێت هەڵکات لەگەڵ ژینگەی سەختی پێشمەرگایەتی. بەڵام ئەگەر خوێندن تەواو بکەن هەر یەک لە ئێوە سەرکردەیەک دەبن لە بوارەکەی خۆتان لە ناو شۆڕشدا. ووتیان ئەی چارە؟!

ووتم خۆنیشاندان ڕێک دەخەین،

ووتیان یەکیەتی لە دژی ئەوەستێتەوە.

ووتم هێندە بێ ئاقڵ نین قەرەی خۆیان لە قەرەی خوێندکارانی زانکۆ بدەن.

ووتیان زۆر باشە، با بەرنامە دابنێین.

ووتم من مامۆستای قوتابخانەی قەندیلی سەرەتایم بەیانی لە کاتی دەوام کە نیوەڕۆیانە، ئاگاداری ئیدارە دەکەم کە بڕیاری شۆڕشە، قوتابیەکان هاندەدەم بێنە سەرجادە، هەر یەک لە ئێوەش (تۆ، دکتۆر کامەران محەمەد قەساب، دکتۆر عەبدوڕەحمان و ئەوانی تر) دابەش بن بچنە ئیدارەی قوتابخانەکان بڵێن بڕیاری شۆڕشە قوتابیەکان ئەبێ بەشداری خۆنیشاندان بکەن، قوتابی هەموو قوتابخانەکان دەهێنینە ناو بازاڕ ئێوەش سەرپەرشتی بکەن. ووتیان لەوە باشتر نابێت. هەر ئێستا برادەرەکانمان لە شار و شوێنەکانی تر ئاگادار دەکەین کە ئەوە بەرنامەی ئێمەیە بۆ ئەوەی ئەوانیش دەست بەکاربن. بەڵێ پلانەکە زۆر جوان سەری گرت و جارێکی تر لە قەڵادزێ وە خۆنیشاندان بانگی کێشایەوە بەسەر هەموو زانکۆ و پەیمانگاکانی هەولێر و موسڵ. سلێمانیشی گرتەوە. هەڵبەتە خەباتێکی شارستانیانەی قوتابیان بوو بۆ ڕەدکردنەوەی جەیشی شەعبی. سوپاس بۆ خوا فشاری خەڵک وای کرد کە ئەوانەی نەچوونە پێش، سانی ئایینده بێ ترس بەڵکو بە شانازیەوە لە زانکۆ دەوام بکەن.

ئاشت بوونەوەی ینک لەگەڵ حسک و دواتر حزبەکانی ناو بەرەی کوردستانی:

* خوا لێی خۆش بێت کاک ڕەسوڵ مامەند نامەیەکی بۆ ناردم داوای لێکرد بووم کە سەردانی گاپێڵۆن لای ماوەت بکەم، مامۆستا عەبدوڵا و چەند برادەرێک لەوێ بیانبینم. ئەوەی ڕاستی بێت لەبەر ئەوەی جەماعەتی یەکیەتی تازە ئاشت ببوونەوە و هێشتا بە تەواوی ساغ نەبوو بوونە کێ لەگەڵ حکومەتە و کێ لەگەڵ پێشمەرگەیە. بەپەسندم نەزانی خۆمی لێدەم، چونکە بەشێکیان دەستیان لەگەڵ دەزگاکانی حکومەت تێکەڵ کردبوو، دوایش نەچوونەوە دەرێ. هەڵبەتا حکومەت

سام و کۆنترۆڵی نەما بوو بەسەر خەڵکدا بەسانایی دەتواندرا خۆی لێ ببپاریزی بەڵام ئەمن و ئیستخبارات خۆ لێپاراستنیان پێویست بوو.

* داوایان لە وەستا خدری نانەوە کردبوو کە کۆمەگ و بەتانی بۆ مەفرەکانی پێشمەرگە کە هاتبوونە بەری مەرگە کۆبکاتەوە. هەر چەندە شتێکی وامان نەبوو بەڵام توانیمان کەم تا زۆر بەشداری بکەین.

* دیتنی کاک محەمەد عەلی بەردەشانی لە ماڵێ وەستا خدری نانەوە لە ڕانیە لەگەڕەکی سەرایە [105]

* بە بەردەوامی هیوا برای کاک عومەر یوسفی نامەی سەرەوەی بۆ دەهێنام بەتایبەت هی (م.س)

* پاش ماوەیەک لە دوای بەربوونی هەڤاڵان (عەباس و سەعد) [106] لە ڕانیە هاتنە لام، ووتیان با پیاسەیەکی سەر قەبرانی ڕانیە بکەین. دوای تاوتوێ کردنی باروزروفەکە بە ووردی، ووتیان مەکتەب ڕێکخستن داوایان لێ کردووین کە هەر سێکمان بچینە سەرێ. وایان بڕیار داوە کە لیژنەیەکی سەرپەرشتیاری ڕێکخستنەکانی بیتوێن و پشدەر دامەزرێنن و ئەتۆش وەک ئەندامی ئەو لیژنەیە کارمان لەگەڵدا بکەی. ووتم بەرنامەکە چیە؟

---

[105] کاک محەمەد عەلی ئامر هەرێمی پارێزگاری سەرکردایەتی بوو، هاتبوو بۆ ڕانیەی، ڕێکخستنەکان پێیان چاک بوو ببینم بۆ ئەوەی لە نزیکەوە ئاگاداری گۆڕانکاریەکانی دوای ئاشت بوونەوە و هەنگاوەکانی دواتر لەگەڵ (ینک) ببین.

[106] خوا ماڵی سوارا ئاغای ئاواکات، لەبەشێکی تر بەدرێژی شێوازی گیران و بەربوونیانم باس کردووە.

ووتیان سەعد وەک بەرپرسی ڕێکخستن و هەباس بۆ چالاکی سەربازی و ئەتۆش بۆ ڕاگەیاندن و نامە و نامەکاری (بەزمانی ئێستا ڕاگەیاندن و ئیدارە)

ووتم دەبێت بم بوورن جارێک زوویە بۆ ئەوەی ئەمن بە ناشکرا لەگەڵ ئێوە هەستم و دانیشم، چونکا هیچ شتێکی هاوبەشمان نیە لە نێو کۆمەڵگا پێکمانەوە ببەستێ وەکو (کار، پیشە و هیوایەت...هتد) هەتا کۆمەڵگا پەنجەمان بۆ ڕانەکێشێ.

ئەوجا ووتم بەڕای ئێوە گونجاوە و سەلامەتە من لەگەڵ ئێوە کار بکەم کە تازە لە زیندان دەرچوون و لەوانەشە مەلەفەکەتان هەر دانەخرابێت؟

هەباس درکاندی ووتی ناوەڵا بەڵام ئەمە وەرەقەی سوارانناغامان لە باخەڵیدایە. دوای ووتی جارێک دەتوانین سەفەری سەرکردایەتی دوا بخەین هەتا کەمێک ترسمان لێ دەرەوێتەوە.

سەعد ووتی ئەمن پێم چاکە ڕاوەستین هەتا خدری برام بڕیاری بوون بە ئامر سریەی فەوجی خەفیفەی بۆ دەردەچێ، ئەو کات چەکدارمان زۆر لە ماڵی دەبن و ترسی بۆ من تێدا نامێنێ.

ووتم باشە، ئێمە هەر براین و لەسەر خەت دەبین بەڵام جارێک بەڕاستی نازانم [107] یا کەمێک ئارام بگرین تا تۆزێک باروزروفی ئێوە ڕێک دەکەوێت. ووتیان باشە.

---

[107] جگە لەو تێبینیانەی کە لەسەر خۆیان هەبوو، ئەمن زۆر بروام بە کاک (..... .....) نەبوو کە ئەو کات بەرپرسی مەکتەبی ڕێکخستن بوو، پەیوەندی من لەدەرەوەی زنجیرەی ڕێکخستنە نهێنیەکان ڕاستەوخۆ لەگەڵ کاک ڕەسوڵ بوو نەک ئەو بەرێزە یا کەسێکی تر.

یەکەم گەشتی نهێنی بەتەنها بۆ سەرکردایەتی لە هاوینی ١٩٨٦ بۆ کاولان لە قەندیل:

دوای چەند رۆژێک لەو قسە و باسە لەگەڵ ئەم دوو برایە، بەتەنها و بەنهێنی لە رێگای بەستەستێنەوە لەگەڵ کاک حاجی پور ئامانێ و قاچاخچیان بەدۆڵی رەسوی ، قەڵاتوکان، رەزگە، مارەدوو، هەورازی بێدێوی ، سەری سادری، کۆستانی خوار و کۆتڵەران و ئاڵیەمەران وەرێ کەوتم بۆ سەرکردایەتی سۆشیالیست کە تازە هاتبوون بۆ کاولان لە قەندیل [108]

لە هەورازی بێدێوی وەسەرکەوتین لە لوتکە چیای سادری برادەرانی حزبی شیوعی لێبوون، پێشتر باسم کردووە، کاک رزگارم بینی و بەیەکەوە چووین بۆ کۆستانی خواری دوای چەند رۆژێک لە ژێر دەواری مانێ پورئامانێ بەیەکەوە بووین. لە دوورەوە کاک هەباس و سەعدم بەدی کرد لە سەرکردایەتیەوە بەرەو شاری دەگەڕانەوە. کاک رزگارم تێگەیاند کە بانگیان کات بڵێ کەمێک ڕاوەستن دێم بۆ لاتان کارم پێتانە. ماڵیان ئاوا بێت وەستان. بەکاک رزگارم ووت بچۆ بۆ لایان پێیان مەڵێ کاکم لێرەیە. بڵێ ئەگەر چەند دەقیقەیەک بووەستن نامەیەک بۆ کاکم دەنووسم بۆی ببەن. مەبەستم بوو تاقیان بکەمەوە بزانم ڕاستگۆ دەردەچن لەگەڵم دا یا نا! بەداخەوە دوای گەڕانەوەم نەمن خۆم لێنەدا بڵێم سەفەرێکی ئاوام کردووە و ئەوانیش خۆیان لێنەدا نامەکەم بۆ بێنن. چونکە پیشتر وادەیان دابوو کە جارێک سەبر بگرن و دوایی پێکەوە قسەی لێ بکەینەوە.

---

[108] کاولان گوندی سەلیمی ناغای بایزیە، لەنیوان ئاڵوەتان و ئاڵیەمەران . لەدوای شەری سورەدێ و ئاشتکان برادەران سەرکردایەتیان لە گوندی (زێوکە و ماشکان)موە گواستبوویانەوە بۆ ئەوێ.

دوای یەک دوو ڕۆژ مانەوە لەو کوێستانە بەتەنها بەدیوی ئاڵیەمەران دا شۆڕ بوومەوە بۆ گوندی کاولان. لە قەراغ گوندی خێوەتێکی هەڵدرابوو لام دا، چەند پێشمەرگەیەکی بارەگای سەرکردایەتی لێ بوون، یەک لەوان مامە عەبەی ڕانیەیی بوو [109] دوای سڵاو و چۆن و چاکی. داوام لێکرد کە نامەیەک دەنوسم بیبات بۆ کاک ڕەسوڵ مامەند. ووتی بەسەرچاو. هێندەی نەبرد کاک ڕەسوڵ و کاک عەدنان موقتی هاتن زۆریان پێ خۆش بوو. ناردیان خواردنم بۆ هات، زۆرم برسی بوو.

دوایی دوو شەو و دوو ڕۆژ کەوتینە تاو تۆێ ئەوەی بۆ وامان بەسەر هات، وە دەبێت چی بکەین. ئەمن تیشکم بەزۆری دەخستە سەرنەبوونی فیرگەی پەروەردە و ڕاهێنان لەرووی زهنی، بەدەنی، سەربازی، دەرونی...هتد زۆر بابەتی دەروننناسی هەبوو تیشکم خستە سەرێ پێم وا نەبوو ئەوان زۆریان بەدڵ بووبێ! جانازانم ئەوان لە حاڵەتێکی دەروونی زۆرخراپی شکانی دوای شەڕ دابوون، یا ئەمن لە تێربە قسەم لەگەڵ دەکردن. بەڕاستی هێندەم لەسەر شۆڕشی گەلان خوێندبۆوە، دەموویست شۆڕشێکی نموونەی بە پەروەردە و زانستی شۆڕشگێڕی وەرێ خەین. هێندەم لەگەڵ گووتن هیلاکم کردن هەتا بەزۆر قەناعەتم پێکردن کەدەبێت فیرگەیەک یا قوتابخانەیەکی پەروەردە و ڕاهێنان بکەینەوە قێر سپی بوو!!

پاش دوو، سێ ڕۆژ بەرگەیەکیان بۆ کردم بۆ ئەوەی بچم بۆ چارەسەری هەندێک نەخۆشی کە پێشتر هەمبوون. چوومە نەغەدە، دوایی مهاباد ئەوجا سەردانی نورمێ ئوتێل حافزم کرد بۆ دیتنی خاڵە حاجی. بەڕێکەوت لەماڵی بوو، چوونە ماڵێ، لەوکاتەی میوانی تریشی لێ بوو، زۆر بە حورمەتەوە بەخێرهاتنی کردم و

---

[109] کاک عەبدوڵا ڕانیەی کە بە مامە عەبە ناسراو بوو، ئەوکاتی سایەتی تایبەتی مەکتەب سیاسی بوو، دوای ڕاپەڕین بەرپرسی هەرێمی پارێزگاری بوو لە ڕانیە، دوایی بوو بە پارتی.

هەندێک میوە و شوتیمان خوارد ووتی هەستە وەرە سواربە، بەسەیارەکەی خۆی کە کوڕێکی خزمیان بەناوی کاک واحید لێی دەخوڕی چووینە دائیرەیەک، لە بەڕێوەبەرەکەی وەژووری کەوتین، زۆر بەڕێزەوە فەرمووی دانیشتنیان لێ کردین. خاڵە حاجی کەوتە پێدا هەڵدانی بەمن لەبەر چاوی کابرای ئێرانی ، لەشەرمەزاریان نەم دەزانی چ بکەم! لە خۆم وە گومان کەوت بووم، پرسیارم لەخۆم دەکرد، دەم گووت دەبێت ئەمن ئەو کەسە بم کە ئەو باسی دەکات؟! [110]

پاشان کابرا بەڕێزەوە ووتی باسەردانی دکتۆرەکانی ئێرە بکات نەگەر پێویستی کرد نامەی بۆ دەکەین پێی بچێت بۆ تاران. هاتینە دەرێ. خاڵە حاجی ووتی نەگەر چوویەوە مهابادێ، سەردانی مەکتەبی ئاغای دکتۆر خوسرەوی بکە، سڵاوی منی پێ بگەیەنە، پێی بڵێ با ڕاپۆرتێکت بۆ بنووسێ کەپێویستە بچیتە تاران بۆ چارەسەر. ووتی ئەو پێشتر بەرپرسی حزبی دیموکراتی کوردستانی بووە، هەموو کارێکی ئێمە ڕادەپەڕێنی ووتم خەمت نەبێت سەردانی دەکەم [111] ڕاپۆرتەکەم بۆ بردوو بەرگەیەکی تارانی بۆ کردم. خاڵە حاجی ئەدرێسی تاران کلینیک چەند دکتۆرێکی دامێ سەردانی بکەم.

---

[110] ** گۆڕی خاڵە حاجی پڕ نوور بێت، هێندە بەتوانا و دڵسۆز بوو پێم وانیە هیچ کارێکی لەبەردەستی حاسێ بووبێ.

[111] دکتۆر خوسرەوی خزمی کاک سولێمان و کاک حەمەدەمین و کاک مستەفای خوسرەوی دایک برای مام هاشمی بوو. لەگەڵ کاک سلێمانی چووین زۆر بەڕێز، جەفەنگ و قسەی خۆشەوە ڕاپۆرتێکی بۆ نووسیم.

دوای گەیشتنم بەتاران، چووم بۆ شاری زیبا لە شیمالی تاران عەکاسی شلیر بۆ لای کاک عەلی ئەقدەم کوڕی پورە نوسرەتێ.[112] ماڵەکەشی هەر لەوێ بوو. دوای خزمەت و ئیحترامێکی زۆر بەسەیارەی خۆی بردمی بۆ تاران کلینیک، چارەسەر و ئامۆژگاری پزیشکی پێویستم وەرگرت.[113] نزیکەی هەفتەیەک زیاتر مامەوە. گەشتێکی شمالی ئێرانمان کرد لەگەڵ پورە نوسرەت و بە ئوتۆمبێلەکەی کاک مەمەدی شەوێک لە چالوس یا ڕام سەر ماپینەوە.

---

[112] پورە نوسرەت خوشکی مام هاشم و مام قادری ڕەحمەتی بوو، خوا لە هەر سێکیان خۆشبێت، دایکی کاک عەلی، مەمەد، حەسەن و مریەم خانێ بوو.

[113] کاتێک کە گەڕامەوە سەرکردایەتی برادەران هەستیان بەباش بوونی تەندروستیم کرد بۆیە بە پێکەنینەوە ووتیان ئەگەر دەمان زانی هێندەی سوود لێوەردەگری دەمێک بوو دەمان ناری بۆ چارەسەر.

دوایی گەڕامەوە مهاباد. چەند ڕۆژێک لەوێ مامەوە چووم بۆ نەغەدە ماڵی مام بابەکر و پورە گوڵەی. دوایی لەڕێگای میراوە و ئاڵوەتان بۆ کاولان. کە گەیشتمە لایان کێشەیان هەبوو ڕادیۆنەکە لە کارکەوتبوو. ووتیان کەسێکی شارەزای جێگای بڕوات پێ شک نایەت بۆ مان چاک کات؟ ووتم بەڵێ خزمێکمان هەیە لە مهاباد دوکانی تەلەفزیۆن سازی هەیە. ووتیان دەبێت هەر ئەورۆ بگەڕێیەوە مهاباد بە هەر شێوەیەک بێت دەبێت لەگەڵ خۆت بیهێنی.

گەڕامەوە مهاباد، شەو لەگەڵ کاک ڕەمزی وەستا شەریفی برازای وەستا سدیقی سەردەشتێ کە لەوێ ناوی خۆی نابوو (حسێن) لە ماڵێ کاک ڕەحمانی فەرهادی بووین. زۆریان خزمەت کردین. شەوێ ڕەمزیم تێگەیاند کەبەیانی دەبێت بەیەکەوە بچین بۆ قەندیل لەوێ ئەو کارە ئەنجام بدات. ووتی باشە.

بەیانیەکەی زوو بەڕێکەوتین دوای نیوەڕۆ گەیشتینە کاولان . برادەران زۆریان پێ خۆش بوو، وایانزانی موعجیزەم خوڵقاندووە. دوای نان خواردن، ووتم ئەمن دەبێ بگەڕێمەوە بەڵام تکایە سبەینی کاک ڕەمزی بەڕێ بکەنەوە و لە ئاپێندەش هەر کارێکتان پێێ هەبوو ئامادەیە هاوکاریتان بکات بەمەرجێک ئاگاتان لێی بێت، پسوڵەی مانەوەی لە ئێرانی بۆ تازە بکەنەوە.

دوای عەسری لەڕێگای گوندی ئاڵیەمەران گەڕامەوە، ڕێگام هەڵە کرد کەوتمە ناو جەنگەڵێکی زۆر بە نەستەم توانیم بێمەوە دەرێ، هەتا ڕێگام دۆزیەوە و لە هەورازی وەدیوی کوێستانی خواری کەوتم ئێوارە داهات. کاک حاجی زۆری کەیف پێهات کە گەڕامەوە بەسەلامەتی. ووتی ئەورۆ درەنگە بەیانی زوو دەچم کاک ڕزگاریت بۆ دێنم.

دوای زیاتر لە مانگێک و چەند ڕۆژێک لە ئۆگوستوسی ١٩٨٦ چەند شەو و ڕۆژان لەگەڵ کاک ڕزگاری ڕەحمەتی لە ژێر ڕەشماڵی ماڵێ پور ئامانێ لە کوێستانی

خواری ماپینەوە. دوایی مشاوەرە و لێک حاڵی بوون. گەیشتینە ئەو قەناعەتەی ئەگەر هەر کاتێک لەلای هاورێیان بێتاقەت بوو، یا هەراسانیان کرد. بچێتە لای کاک ڕەسوڵ مامەند خۆی پێ بناسێنێ [114]

دوای چەند ڕۆژێک کاک ڕزگار ڕێنوێنی کردم بە ڕێگای شوانکاران لە پشتی ڕەزگە و ماردەوان بە تەنها قەدبڕ هاتمە خوارێ. پرسیاری ماڵێ کاک سەیدم کرد [115] دوای خۆپێناساندن داوام کرد ڕێم بدات بڕێک ئاو بکوڵێنم و لاق و ڕانی خۆمی پێ بشۆم بۆ ئەوەی شەوێ بتوانم لەگەڵ کاروانچیەکان دەرچم. ماڵی ئاوابێت وولاغێکیشی بۆ بەکرێ گرتم بۆ ئەوەی لەو شوێنەی پێویستی کرد لەگەڵ سوارەکان دەرچم. ئەو شەوەی بە نێو ڕەبایەی جاشاندا بە دۆڵێ ڕەسوڵیدا هاتینە ئۆردوگای بەستەستێنێ.

وەسبەینێ دوای نیوەڕۆکەی لەسەر جادەی گشتی قەڵادزێ و ڕانیە وەستام بەچاوەڕوانی هاتنی گەڵابەی ئیشغال بۆ ئەوەی کەمێک ڕیسکی گیران لەسەیتەرەی دەربەندی لەسەر خۆم کەم بکەمەوە. سوپاس بۆ خوای ئێوارێ بەسەلامەتی گەیشتمەوە ماڵێ لە ڕانیە.

١٩٨٦ / ١٩٨٧ بەبەردەوامی نامە و پۆستی سەرەوەم پێدەگەیی

ئەو ماوەیە دوکانی سیمی پێچی (لەفی ماتۆراتم) دانابوو، هەروەها هەر لەو ماوەیەش ژیانی هاوسەریم پێک هێنا. لەو ماوەیەدا یەک دوو جار دیدارمان

---

[114] بەداخەوە ئەو سەفەرەم زۆر بەخێر بۆ کاک ڕزگاری تەواو نەبوو ، چونکا دوای گەڕانەوەی من هاورێ شیوعیەکانی خستبوویانە ژێر چاودێری خەستەوە و ئەویش پێی قبوول نەکرابوو. لەدواییدا بەجێی هێشت بوون. پاشماوەیەک بوو بە پێشمەرگەی سۆشیالیست.

115 لە ڕێی ژنانەوە بڕێک خزمایەتیمان تێک دەکردەوە

لەگەڵ پێشمەرگە بوو. یەک لەو جارانە دیتنی مەفرەزەیەک بوو لەبەری گەرمکان لەو برایانەی کە ناسراوبوون (عومەری مام ڕەشیدی، جوتیاری مام ڕەشیدی، جەلال بەگ و شەهید ڕزگار). لەگەل کاک رزگاری قسەی تایبەتیمان کرد. نووسراوێکیشم دایە بۆ سکرتێر و مەکتەبی سیاسی کەوا من لەسەر وادەی خۆم ناامادەم بێمە دەرەوە. [116] بەداخەوە بەهۆی کەلە ڕەقی خوا لێی خۆشبێت کاک موحسین بایزی بۆ وەیا کەس بە پیاو نەزانینی شەهید ڕزگاری بوو، لێک حاڵی نەبوون بۆ گەیاندنی نامەیەک پەیدا ببوو. دەنگیان لێک هەڵبەزبۆوە و کاک ڕزگار لەبەری دانەنەواند بوو بۆیە لەسەرکردایەتی کەوتبۆ بەر لێپرسینەوە زیندان.

116 بەداخەوە لەگەرانەوە بۆ قەلاتوکان شەهید رزگار ، داوای ڕوخسەتی کردبوو بۆ نەوەی نەمانەتەکە بگەیەنێتە مەکتەی سیاسی بەڵام خوا لێی خۆش بێت کاک موحسین بایز کە نەو کاتی نامر هەرێمی ٦ بوو ، ڕەزایەتی نەدابوو و ڕێگری لێکردبوو بچێتە سەرێ. کاک ڕزگار ڕازی نەبوو بوو. قسێک لەم و قسێک لەو لێک هەلبەزیبوونەوە. کاک موحسین دەستی بۆ دەماچە بردبوو ، شەهید ڕزگاریش میلی کلاشینکۆفی لێهێنابۆوە، سوێندی لێ خواردبوو نەگەر دەمانچەکەی دانەنێ نەقەی لێ دەکات. کاک موحسین بۆی دانەواند بوو، دەمانچەکەی دانابوو. نەوجا کاک ڕزگاریان لێزن دا بوو.

چوارەم هاوینی ١٩٨٧ هەتا بەهاری ١٩٩١

گەشتی دووەم بۆ کاولان بناری قەندیل

هاوینی ١٩٨٧ لەگەڵ ئەوەیشدا کەچەند رۆژێک بوو لەمانگی هەنگوینی هاتبوومەوە ناچار بووم بە پەلە بۆ خۆم بچمەسەرێ. لە رێگای گەلاڵەی ئیشغال بەیانیەکی زۆر زوو بەر لە دانانی سەیتەرە خۆم گەیاندە بەستەستێنێ. لەرێگای کاروانچیانەوە بە دۆڵی رەسوی بە نێو رەبایەی جاش و سەربازی عێراقی لەشەوێکی پڕ مەترسی کەوتینە بەر دەست رێژ و تەقەی لابەلا، خوا بەزەیی پێماندا هاتەوە هیچ نەبوو بەسەلامەتی لێی دەرباز بووین.

لە بناری قەلاتوکان و بەدیوی رەزگە و ماردەوان کە بەتەواوی دنیامان لێ روناک بۆوە، دیتم بنەماڵەیەکی زۆر گەورە و ناسراوی لای سلێمانی لەگەڵ کاروانەکەیە [117] دوای یەکتر ناسین وەک گەشت و سەیرانی لێهات لەرێگای هەورازی بێدێۆ بەدەم قسە و باسەوە سەرکەوتین بۆ سادر بەر لەگەیشتن بە کۆستانی خوارێ لە دوورەوە کاک رزگارم بینی بەتەنها بەرەو رووم دێت. بەپەلە وەپێش کاروانەکەی کەوتم و خۆم گەیاندنێ. سەرەتا زۆر تووڕەبوو، دوای وورده وورده قسەمان کرد سارد بۆوە و لەگەڵم گەرایەوە بۆ ماڵێ پور ئامانێ لە کۆستانی خوارێ. خێزانەکە بەرەو ئاڵوەتان رۆیشتن لەوێ پارتی چاوەروانی دەکردن . ئێمەش لەگەڵ کاک رزگاری بەرە و سەرکردایەتی سۆشیالیست لە کاولان. لە پێشێ لاماندا بۆ ماڵێ کاک نەبیە قەرەی (شۆڕش) زۆر بەرێزەوە بەخێر هاتنیان

---

[117] بنەماڵەی بەرێز شێخ رەوفی هەنجیرە ، کاک سەمەدی کوریانم دەناسی ماوەیەک ئینزباتی سەربازی بوو لەقەلادزێ.

کردین. لە دوای کاک محەمەد عەلی پەیدابوو ناگاداری مەکتەب سیاسی کرد کە ئێمە لێرەین، دەمانەوێ بیان بینین. [118]

شەوێ کاک رەسوڵ و کاک قادر جەباری هاتن بۆ لامان و بەیەکەوە نانمان خوارد. پێشتر لەگەڵ کاک ڕزگاری قسەمان کرد بوو پلانمان دانابوو بۆ ئەوەی ڕاستیەکان بسەلمێنین. ناهەقی کەبەرامبەری کرابوو وەدەر کەوێت. من داوام کرد کە پێویستە ئەمر بکەن کاک رزگار وەک ڕاکردوویەک لە زیندان بیگێڕنەوە زیندان و لێژنەی لێکۆڵینەوەی بۆ پێک بێت، لەسەر ئەوەی کە بەرامبەری ڕوویداوە. هەموو لایەک زۆریان پێ خۆش بوو. بەڵام حاجی ئەستی [119] ووتی هەتا نانی نەخوات بۆ یەک جێگای ناروا. نانی دایە ئەوجا هەنگاوەکانی تر پیادە کران. دوای چەند ڕۆژێک مانەوە لە کاولان، قەولم بە سەرکردایەتی دا کە بەخۆم خیزانم ببینە دەرێ، بۆ کردنەوەی فێرگەیەکی پەروەردە و ڕاهێنان بۆ پێشمەرگە [120] لێم دووبارە کردنەوە کە ئێمە ئیدارەکەی بەڕێوەدەبەین و بەرنامەش لە فێرگەی حزبی دیموکرات دەخوازین. سەرکردایەتی بەنۆرە وانەکان بڵێنەوە. کەمێک بە ساردتر لە پار دووبارە ڕەزامەندیان دایەوە. پێم ووتن کە

---

[118] تا ئیوارە داهات برادەران دەستیان چۆڵ بوو بێن بۆ لامان، لەگەڵ کاک محەمەد عەلی تاوتەمان کرد لەسەر ٢ مریشکان. من دۆڕاندم . حاجی ئەستی خێزانی کاک شۆڕشی بۆ ئیوارە بە قبوولی بۆی ساز کردین.

[119] حاجی ئەستی هاوژینی کاک شۆڕش ئەبیە قەرەی خانەخوێمان بوو.

[120] هەروەک پێشتر باسم کردووە کە ساڵێک پێشتر واتا لە هاوینی ١٩٨٦ چەند ڕۆژ بە ووردی کەم و کوریەکانی شۆڕشمان تاوتوی کردبوو بۆیە پەیمانیان پێدابووم کە هاتمە دەرێ هاوکاریم بکەن بۆ کردنەوەی ئەو قوتابخانەیە.

ئەمن دەچمەوە و پاش چەند ڕۆژێکی تر بە ماڵەوە دەگەڕێمەوە. بەهەمان ڕێگای پێیدا هاتبوو گەڕامەوە بەستەستێنێ و لەوێوە بۆ ڕانیە.

گەشتی سێهەم و درێژخایەنتر و پڕ مەینەتی تر:

بەرنامەم لەگەڵ گەلاوێژێ کێشا کە خوا حافیزە لەکەس نەکەین نەبادە تووش بین یا ڕێگری چوونە دەرەوەمان لێ بکرێ. بەهەر شێوەیەک بێت چووینە قەڵادزێ بۆ ئەوەی بۆ دواجار ماڵێ خۆیان ببینێ بەبێ ئەوەی هیچ بدرکێنێ. دوایی گەڕاینەوە ڕانیە. کۆمەڵێک نامەم بۆ دۆست و برادەران نووسی، داوای لێبووردنم لێکردن کە پرسم پێ نەکردوون و خوا حافیزیم لێ نەکردوون. لە ماڵێم دانا ووتم پاش چەند ڕۆژێک ئەو نامانە بگەیەنن دەست خاوەنەکانیان.

هەندێک کەلوپەلمان پێچایەوە لە دوو جانتادا. کاک ڕەئوف مام سادڵحی کە کاتبی فەوجی خەفیفەی محەمەد چکۆڵی بوو، سەیارەیەکی فەوجی خەفیفەی لا بوو، تێم گەیاند کە بمان گەیەنێتە ئۆردوگای بەستەستێنێ. وام دەزانی دەچین بۆ سەر شاییە بەبێ ئەوەی بزانین مەسیرمان چیە؟! یا پارەیەکی وام لەبەرکیدا بێت!! زۆر بەناڕەحەتی بەناو هەمان ئەڵغام و ڕەبایە و دۆڵ و شیوەکان کەوتینە دوای ژیانێکی نا دیار. یەک دوو ڕۆژ لە کوێستانی خوار ماییەنەوە، چووین بۆ کاولان لەمانێ کاک شۆڕشە قەرە ماینەوە، لەو ڕۆژەوە تاڵاوی ژیان دەستی پێکرد، خێزانم تووشی خوێن ڕێژی بوو.


uestani Xuary la Qandiel 7 juli 19

بەداخەوە لەو کاتیدا چەند رۆژێک بوو ئێران هاتووچۆی بەسەر حزبی سۆشیالیست دا داخست بوو بە هۆی ئەوەی یەکیەتی و پارتی لەگەڵ قەرارگای ڕەمەزان پێک هاتبوون وات عائید بەئەوانیان کردبوون.

تا ئەوێ ڕۆژێ پەیوەندی سۆشیالیست لەگەڵ ئوساتنداری و پارێزگاکان بوو، دوای ئەو ڕۆژە ووتیان برۆن لایی قەرارگا کاری خۆتان چاک بکەن وەک یەکیەتی و پارتی!! دەستێکمان کەوتە ئەم لاو دەستەکەی تر بۆ لاکەی تر، ناچار بووین پەنا بۆ یەکیەتی و پارتی بەرین بۆ بەرگەیەک بۆ ئەوەی گەلاوێژی پێ بگەیەنینە خەستەخانەیەک لە دیوی ئێرانێ. پسولەیەکی شەو و ڕۆژی یەکیەتی لە ئاڵوەتان بۆی کردین پێی بگەینە نەغەدە. کاک رزگاریشمان نارد بۆ ڕاژانێ بۆ لای کاک سەلام و کاک قادری بۆ دروست کردنی ڕوخسەد نامەیەک. بەهەر حاڵ بەسەد مەرگە سات و نەملا و نەولا گەیاندمانە ڕەزایە. خوا ماڵی باجی فاتمێ مام خالیدی بنووسێ، پێمانەوە ماندووبوو بۆ دکتۆر و خەستەخانە لە ڕێگای دکتۆر سەید حەسەن بەرزنجی چارەسەری بۆ کرا. خۆ ڕەحمی پێکرد زوو گەیشتە چارەسەری خۆی دەنا گومانی تووشبوون بەنەخۆشی سەختتری لێ چاوەڕوان دەکرا.

سوپاس بۆ خوای لەبەڵایەکی گەورە رزگاری کردین. ئەو مەرگەساتەی کە ئێستا بەچەند ووشەیەک باسی دەکەم، چەندین ڕۆژ، مانگ و ساڵی درێژە کێشا و هاتووچۆیی بەردەوامی دکتۆری ژنان و چارەسەری دەرمانی بۆ کرا. لە دوایشدا بوو بەهۆی لەدەست چوون یا لەبەرچوونی چەندین کۆرپەڵەی تر. سوپاس بۆ خوا دوای نازار و مەینەتیەکی زۆر خوا دەرکی ڕەحمەتی لێکردینەوە، خوا منداڵی پێداین. پەروەردگار سوپاسگوزارین لەسەر هەموو ئەو شتانەی بەسەرمان هات.

جەولەیەک بۆ ناو شار و دەوروبەری

هێشتا بەتەواوەتی جێگیر نەببووین و مانم دانەنابوو، کاک رزگار ووتی بابچینە خوارێ. هەڤاڵ جەمال کاک (مەریوان فەتحی) کە نەو کات لە ڕادیۆنی 'ئێرە دەنگی شۆڕشی کوردستانە' کاری دەکرد لەگەڵمان دابەزی. لە ڕێگای خواری بۆ ڕەزگە و ماردوو، لاماندا بۆ قەڵاتوکان. بارەگای ناوچە و هەرێمی ٦ی حزبی سۆشیالیستی کوردستان. شەوێک بە نابەدڵی لەوێ ماینەوە [121] و مامۆستا عەبدوڵا کەریم [122] بینی. خەڵکێکی زۆریش لەبەری مەرگە پەڕیبوونەوە لەوێ بوون، یەک لەوان کاک شێخ ئەحمەدی شەدەڵە، منداڵێکی کاک شێخ عەبدولکەریمی برای و خەڵکی تریشی لەگەڵدا بوو.

وەسبەینێ ئێوارێ دەمەو عەسر لە ڕەبایەی پشتی دۆڵی ڕەسوی نزیک بووینەوە، ووتمان بۆ نەوەی نەگەر کەمین هەبێت ببینین. هێشتا دنیا بە تەواوی تاریک نەببوو، بە بەردەم ڕەبیەیەک کە مدرعەیەکی سەربازی لێ بوو، ڕەت بووین. ووتمان با بمان بینێ نەگەر بزانێ ئێمە خۆ لەو ناگەیەنین نەویش چاومان لێ دەقوچێنی ناوێرێ بەو ئێوارەی لەخۆیمان نانۆڕ بکات. ڕسکێکی گەورە بوو، بەڵام دەبوو بڵێم بەڵێ بۆ نەوەی نەڵێن ترسنۆکە و جەولەکەمان لێ تێک دەدات!! هێشتا تاریک دانەهات بوو نەو ڕەبیەی مدرعەکەی ئێبوو بەجێمان هێشت. نە لەو دەنگ و نە لە ئێمە دەنگ، بەسەر سیفۆنیدا دەشتی بەستەستێن و ژاراومان بڕی،

---

[121] بەڕپرسی هەرێمی ٦ کاک موحسین بایزبوو، زۆر خۆشحاڵ نەبوو بەچوونمان بەڵام باش بوو مامۆستا عەبدوڵا لەوێ بوو، پێم ووت کەتێی بگەیەنێ.

[127] مامۆستا عەبدوڵا برای شەهید مام ئاراس بوو، پێش نەو کاتی بەڕپرسی ڕێکخستنەکانی ناو شاری قەڵادزێ بوو.

لەچۆمی ژاراوە پەڕینەوە، کەوتینە ڕێ بەرە و کانیە قەل لە پشت گردی حوسنی. شەو درەنگ ببوو گەیشتینە سەر کانیەکە [123] کەمێک پشوماندا و ئاوێکمان خواردەوە و هەستاین بەناو کۆنە ڕەبیەکان ئاوای دیوی قەڵادزێ ببین. لە دووری ١٠٠ یا ٢٠٠ مەترێک نەفەرێک بەرامبەرمان وەستاوە، وەک بت خۆی ڕەق هەڵێناوە، وەستاین تا بجوڵێ، ووتمان لەوانەیە ئەویش پێشمەرگەبێت لەشار دەرچێ چاوی بە ئێمە کەوتووە و وەستاوە بیر دەکاتەوە! کەمێک وەستاین هیچ نەجووڵا. کاک ڕزگار دەنگی دا ، زەلام کێی؟! دەسترێژێکی لێکردین، من دەستی کاک ڕزگار گرت ووتم تەقە مەکە بزانین چی دەبێت. کشایینەوە دواوە، جیهازی سەربازی کەوتە خۆ لە هەموو ڕەبیەکان دەنگی سەرباز و تەلەفۆن و بێتێل بەرز بۆوە. بەڕاکردن لەبەر گردەکە کشاینەوە بۆ گردی بەرامبەری و هەر سێکمان سەرمان پێکەوەنا بۆ ڕاوێژ کردن. کاک مەریوان ڕای وابوو کەمینە با هەرچی زووە بەر لە ڕوناکی بکشێینەوە بۆ گوندی سرێجێ و لەوێ ئاشنای هەیە و حەشارمان دەدەن. من ڕام جیا بوو. ووتم با دوورکەوینەوە لەلایەکی تڕپا بچینە ناو شار چونکە شار گەورەترە و ئەمینترە. کاک ڕزگار ئەوەی لا پەسندتر بوو، خۆمان لە ڕەبیەیەکی جاشان نزیک کردەوە، کەمێک بە ئاگاوا لە جادەی سەرەکی پەڕینەوە بەرەو ناو شار. گومانمان هەبوو کە کەمینی جاش هەبێ بەڵام تەقەیان لێنەکردین.

بەهەر شێوەیەک بێت کاک ڕزگار بە عمودی کارەبایدا سەرکەوتە ماڵێ کاک حەمەی دەروێش خدری (حەمەی نازێ) لە خەوی هەستاندن و دەرگایان بۆ کردینەوە چووینە ژوورێ، بە پەلە خواردنیان داینێ و پێڵاوێکیان دا بە کاک مەریوان و ووتمان وا چاکە بەر لەمەلا بانگدان شوێنەکەمان بگۆڕین نەبادە ئەو

---

[123] کانیە قەل یا کانیە مام ڕەسوی پێندەڵێن کەوتۆتە پشت گردی حوسنی بەرووی سرێجێ و ژاراوە.

کەمینەی جاشەکان شوێنیان هەڵگرتبین و زیانمان پێ بگەیەنن. کاک حەمە ماڵی ئاوا بێت کۆڵانەکەی تاقیب کردوو بەرێکەوتین بۆ ماڵێ باپیرم. کاک مەریوانمان بەڕێ کرد بۆ ماڵێ کاک بواری مەلا نورەی کوڕە پووری ئێمەش شەو و ڕۆژێک لەوێ ماینەوە و پشوماندا. ئەو شەوە کە ڕۆژبۆوە ناردمان بەدوای ست کەژاڵ [124] ئەوانەی پێویست بوو بیان بینین.

وەسبینێ ئێوارێ مام عومەر خوا عافوی کات پێشمان کەوت بەرەوە ناو بازار لەلای ماڵی مەحمودی مام ئاڵای بە بەردەم ماڵی حاجی ئیبریمی زێڕنگەر چووین بۆ ماڵی کاک بوار کە ئەو کات لە خانوی ماڵی فەقێ خدری سائیق دابوو. تا بەیانی ماینەوە.

مەلا بانگدان مام عومەر هەزار ڕەحمەتی لێ بێت بەسەیارەی کەمالی برازای حاجی سێناجیانی هات هەڵی گرتین و بە نێو بازاڕیدا بۆ بەری ئۆردوگای پێماڵک و لەوێ بەڕێگای چواسی بۆ نورەدینی و لەوێ بۆ سەر زێی بچوک بەرامبەر گوندی گەرمکان داینین. بەهۆی بەلەم و کەڵەک کە لەسەر زێیەکە بوو پەڕینەوە بەری گەرمکان.

سەردانی مەقەری شێخ سەدرەدینمان کرد و دوای خۆپێناساندن نانی بەیانیمان لەوێ خوارد. ئەو ڕۆژە تا نێوارە لەوێ ماینەوە و دەمەو نێوارە بە ئاسۆسیدا ئاوای دیوی ئەو دیوو بووین، چووینە گوندی سۆفیان، یەک دوو ڕۆژ لەبەری مەرگە ماینەوە و هاتینەوە دیوی گەرمکان. کاک مەریوان ڕوخسەتی خواست کە ماوەیەک دەمێنێتەوە تا خزم و کەس و کار دێن بۆ لای و دەیان بینێ.

---

[124] ست کەژاڵ مامۆستا بوو لەگەڵ گەلاوێژی هاوسەرم لە قەلادزێ. خوشکی شەهید ئاراسی حاجی حسێن.

ئێمەش دەمەو عەسرێک لە چۆمی پەرینەوە ڕوومو سندۆلان کەوتینە ڕێگا، هێشتا ڕووناک بوو چوینە ماڵێ شێخ ئەمینی سندۆلان. دوو ڕۆژ و شەوێک ماینەوە. مام عومەر دوای نیوەڕۆیە هات بەتراکتۆری بە برایماوا و ناو ژاراوەی، بردینیە پشتی گوندی بەستەستێنی سەرێ. لەوێ خوا حافیزەمان لەیەک کرد.

بەروناکی وویستمان بەبەردەم هەمان ڕەبیەی مەدرەسەکە ڕەت ببینەوە بەر لە تاریک داهاتن ئاوای دیوی دۆڵێ ڕەسوی ببین. لەودیوی ڕا کاروانچی هەستیان بە ئێمە کردبوو، وایان زانی بوو جاشین کەمینمان داناوە، هەر چەندی بۆیان کرا تەقەیان لێکردین، بەڵام سوپاس بۆ خوای سەلامەت بووین، هەروەها ئەو ڕەبیەیی لەبنی بووین زۆر بەوویژدانتر بوو لە قاچاخچیەکان هیچ تەقەیان لێنەکردین دەنا دەرنەدەچووین. ئەو ڕەبایە نەیدەویست پێشمەرگە لەخۆی ئاڵۆز بکات بۆ ئەوە لێی تێک نەچێت کەمتر خۆی لە پێشمەرگە دەدا بەڵام بیستبوومان جار جار دەچوون سەیتەرەیان دادەنا و سەرانەیان لە کاروانچیەکان وەرگرت بوو.

سوپاس بۆ خوای بەسەلامەتی گەیشتینەوە دیوی قەڵاتوکان. ئەوەی زۆر کاک ڕزگاری ماندوو کرد ئەو کۆڵەپشتە کولێرەبوو کە شێخ ژن، هاوژینی شێخ ئەمینی سندۆلان بۆی پێچابووینەوە، ماڵیان ئاوابێت. بەڕێگای شوانکاران لەپشت ماڵی ڕەزگە و ماڕەدوان سەرکەوتین بۆ کۆستانەکانی قەندیلی بەر لەوەی تاریکیمان لێ دابێت گەیشتینەوە مەقەرەکانی سەرکردایەتی لە گوندی کاولان.

بێ ئاکامی پڕۆژەی فێرگەی پەروەردە و ڕاهێنانی پێشمەرگە

دوای ماوەیەک بە ئامانجی بەدواداچوون کردن بۆ پیادەکردنی ئەو پڕۆژەیەی کەوادەیان دابوو هاوکاریم بکەن بۆ هێنانەدی لە نێو سەرکردایەتی هێزی پێشمەرگە، سەردانی مەکتەبی سیاسی و سکرتێری حزبی سۆشیالیستی کوردستانم کرد. زۆر بەڕێزەوە گوێیان لێگرتم. دوایی ووتیان پێمان چاکە لەگەڵ بەرپرسی مەکتەبی ڕێکخستن[125] دانیشتنێک بکەن و قسە لەسەر شێوازی پیادەکردنەکەی بکەن. بۆ ئەو مەبەستە مەوعیدێکم لەگەڵ خوالێی خۆش بێت عادل موارد دانا، شەوێک لە ئۆفیسەکەی بە دوو قۆڵی بە دوور و درێژی باسمان کرد. ئەو ووتی وایان لەمن حاڵی نەکردووە. من وام زانیووە پڕۆژەی کردنەوەی قوتابخانەیەک بۆ منداڵانانی گوندەکەیە. ووتم نەخێر ئەوە پڕۆژەکەیە و ڕەزامەندی زارەکیم لەسەر وەرگرتووە ماوە بکرێت بەکردار. بە خوا هەرچی کردم سوودی نەبوو، چونکا هیچی لێ وەرنەگرتم. بەداخەوە هیوا بڕاوی کردم. گەردنیان ئازادبێت دوایی بیستمەوە وەک نوکتە لە نێو بارەگاکانی سەرکردایەتی بڵاویان کردبۆوە کە (مامۆستا خالید بەنیاز بووە بەیانیان زوو بەجلی وەرزشەوە کاک سەید کاکە و پێشمەرگەکان وەبەندەنێ خات!!!) بۆیە بەنابەدڵی ناچاربووم داوای کارتی پەناهیندەی بکەم بۆ ئەوەی بتوانم خێزانم لە ژووڕێک لە ماڵی خزمان لە مهابادێ دابنێم و بۆ خۆم بێمەوە چیایی.

---

[125] بەرپرسی مەکتەب ڕێکخستنی حزبی سۆشیالیستی کوردستان ئەو کاتی خوا لێی خۆش بێت عادل موراد بوو.

کارت شناسائی دانشجوئی
کارت شناسائی دانشجوئی

دابەزینی بەشێک لە مەکتەب سیاسی بۆ بەری مەرگە:

لە وورمێ کاک دکتۆر مەحمود و کاک عەدنان موقتیم بینی لە سووریا گەڕابوونەوە، دوا بەدوای ئەوانیش کاک ڕەسوڵم بینی ووتی هەوڵدە زوو بگەڕێتەوە سەرکردایەتی جەولەیەکی بەرفراوانمان لە پێشە [126] پاش چەند ڕۆژێک گەڕامەوە بەبێ ئەوەی هیچیان لەگەڵ باس کردبم کاک دکتۆر ووتی لە جانتایەکدا هەندێک قەڵەم و کاغەز ئامادە بکە دەچین بۆ خوارەوە.

پاشان ئەوان لەگەڵ مەفرەزەیەک ڕۆیشتن بەرەو مەقەرەکانی خوارەوە لە قەڵاتوکان. پاش دوو سێ ڕۆژ کاک ڕەسوڵ جانتایەکی دامێ نازانم چی لەناودایە ووتی ئەوە هی تۆیە با لای خۆت بێت. منیش باش حاڵی نەبووم! وامزانی ئەمانەتە دەبێت لای من بێت. [127] دوای ئەوە مەفرەزەیەکی گەورە کاک ڕەسوڵ و کاک شێخ محەمەد شاکەلی لەگەڵمان بوون بەڕێکەوتین بەرە و مەقەرەکانی قەڵاتوکان. کاتێک گەیشتینە ئەوێ کاک دکتۆر و کاک عەدنان لەگەڵ مەفرەزە یەک پەڕیبوونەوە بەری مەرگە. بەڕێکەوت بارانێکی زۆر باری دوو شەو ئەمان توانی سەرمان دەرخەین لەبەر لێزمەی باران، دوایی هێشتا هەر خۆشی نەکردبۆوە ئێوەرەیەک ووتیان ئامادەبن دەبێ بڕۆین. بەدۆڵی ڕەسوی، دەشتی بەستەستێنی سەرێ، دۆڵەبەفرە بۆ کەرسۆنان. لەماڵی مەلا عەلی کەرسۆنان

---

[126] سبحان الله هیچ کامێک لەوان نەی ووت ئەوە ژن و مانی پێیە و پێویستە جێگا و ڕێگایەکی بۆ دابین بکەین! بۆیە ناچاربووم لە ژوورێک لە مانێ مام بابەکر و پورە گوڵەی هەزار ڕەحمەتیان لێ بێت، بە مەسیرێکی نادیارەوە بەجێی بهێڵم و بۆ خۆم بگەڕێمە چیا.

[127] هەزار جار سبحان الله، پێی نەوتم ئەوە پارەیە لەگەڵ جفرە و تۆ لێی بەر پرسیاری، یا لانی کەم بڵێن ئەوەندەیە پارەکە بیژمێرە وەیا شێوازی کردنەوەی جفرەکەم فێر بکەن!!!

لاماندا. هەموو گیانمان تەر و لە قوڕدابوو بەو نیوە شەوە خواردنیان بۆ سازکردین و کەمێک حەسایندەوە و بەڕێکەوتین بۆ سندۆڵان. لەوێ منیان ڕاسپارد کە دوو تراکتۆر ئامادە بکەم بۆ پەڕینەوە لەزێی بچوک. چوینە ماڵی شێخ ئەمینی سندۆڵان، کاک جەلالی کوڕیمان خەبەر کردەوە.

پێم ووتم تراکتۆرێکی دیکەش پەیدا بکە، وەرە بمان گەیەنە گەرمکان. بەهەر شێوەیەک بێت بەر لە ڕووناک بوون گەیشتینە گەرمکان. کاک ڕەسول سەری هێنایە بنگوێم ووتی لێرە بمێنینەوە پشوو بدەین. ووتم بە پەسندی نازانم با تا ڕووناک دا نەهاتووە سەرکەوین بۆ ئاسۆسی. هەموو کەنەفت ببووین پێڵاوەکانمان پڕ لە قوڕبوون بەنێو ئەو تاوێر و بەردە تیژانەی ئاسۆسیدا ئاوای گوندی سۆفیان بووین. وەخت بوو برسیەتی هیلاکمان کات، هێندەی نەبرد، پەنیریان هێنا، قەت جەمی ئاوا بەلەزەتم نەخواردووە هەرگیز لە بیرم ناچێتەوە. پاش ڕۆژێک یا دوو ڕۆژ لە پشوودان، برادەرانی یەکیەتی بەسەیارە بەدوامانداا هاتن بۆ مەرگە بەدۆڵی جافایەتیدا بەڕێکەوتین بۆ سەرگەڵۆ و بەرگەڵۆ. چەند ڕۆژێک لە ماڵەکەی مام جەلال ماینەوە و دوایی بۆ ماڵی کاک فەرەیدون عەبدولقادر، کاک نەوشیروان مستەفا و دەزگای ڕاگەیاندن و نەخۆشخانە و مەکتەبی ڕێکخستنی یەکیەتی. بەبەردەوامی کۆبوونەوە هەبوو [128] سەردانی مێرگەپانمان کرد و شەوێک لەماڵی کاکە حەمە شەدەڵە ماینەوە خزمەتێکی باشیان کردین و کاک شێخ ئەحمەدیی کاکە حەمە لەگەڵ کۆمەڵێک پێشمەرگە لەگەڵمان کەوتن. سەردانی ناوچەی دوکانمان کرد هەزار ڕەحمەتی لێ بێت کاک عەبدوڕەحمان و

[128] لە نیوەی ڕێگا پێشمەرگەکانیان گێڕایەوە و دابەشیان کردن بەسەر ناوچەکەدا تەنها من و کاک خدری قالە بانەیی لەگەڵ کاک ڕەسوڵ ماینەوە. لە ماڵی مام جەلال مناقەشەی گەرمان بوو لەگەڵ سکرتێرمکەی کە کوردێکی خانەقینی بوو. یەکێک لە ڕێکخستنی نهێنی کۆیەش هی یەکیەتی لەگەڵمان لە ژوورەکە بوو.

مامۆستا عەبدولای لێ بوو لەگەڵ کۆمەڵێک پێشمەرگەی ووریا و چالاک. کاتێک لەبەرگەڵو لە ماڵی کاک نەوشیروان هاتینە دەرێ، کاک دکتۆر و کاک ڕەسوڵ تەقیمی دیدارەکانیان دەکرد منیش لەگەڵیان وەستا بووم. لەوەزعەکە بەگشتی ڕازی بوون. دان پیدانانی کاک نەوشیروان بە سەرنەگرتنی ئەو هەموو هەوڵەی کە داویانە بۆ دروست کردنی بەدیلی سۆشیالیست لە نێو یەکیەتیدا و فەشەلی هێنانی پلانی پڕکردنەوەی بەشۆڕشگێران کرا. هەروەها ووتیان کە نەوشیروان ووتوویەتی کەس بەدیلی نێوە نیە. زیاتر لە ٤ ملیۆنی دیناری سویسڕیمان سەرف کردووە بۆ دروست کردنی بەدیلتان بەڵام سەرکەوتوو نەبووین! هەروەها باسی پڕۆژەیەکی گۆڕین یا چاکسازی لە نێو یەکیەتیدا کرد کە کاک نەوشیروان و مامۆستا عەبدولای شۆڕشگێران قسەیان لەسەر کردبوو، وا بڕیار بوو لە ئاییندە درێژەی پێ بدەن. کۆمەڵێک خاڵی پۆزەتیف و گەش بینیان خستە ڕوو.

کاک شێخ محەمەد لێمان جیا بۆوە بەڕەو گەرمیان. جیهازیکی پی نار سی بێتەل کەلای کاک ئامانجی کوڕی بوو ، دایان بەمن. واتا ئەوجا (جیهاز، جانتا و کڵاشینکۆفەکەم) پێ بوو.

پاش چەند ڕۆژ گەراینەوە بەری مەرگە لەوێ بۆ سێروان مەکتەب عەسکەری یەکیەتیان بۆ چۆڵکردین، کردمان بەبارەگای خۆمان لەنزیک گوندی هەڵۆنێ. هێشتا جێگا شوێنی تۆپی کیمیای بە زەویەکانی دەوروبەری مەقەرەکەوە دیار بوو. ڕۆژێک حاجی مەحمودی هەڵۆنێ نانێکی باش بۆ سازکردین، تامی مرەبای هەنجیرەکەم لەبیر ناچێت.

ژەهراوی کران

ڕۆژێکیان مانی خانە نەبەز (خولەی جگەر) لە مەرگە داوەتیان کردین. کفتەیان بۆ هاتبوو لە سلێمانیەوە، زۆر بەلەزەتەوە خوارمان لەگەڵ ماستاو، کەسمان دەرکمان بەخۆمان نەکرد پاش چەند ڕۆژێک کە نێمە لە ڕێگای کانی تو و هەورازی کۆرپس گەراینەوە [129] شەوێک لەلای کاک مستەفا سەلیم و پێشمەرگەکان یەکیەتی لەسەر چیای ماینەوە، هەستم بە کەمێک ماندوو بوون کرد بەڵام پشووی چاکمان دا و نانی باشمان خوار گومانمان بۆ هیچ نەبرد و هیچیشمان نەبیست بوو تا نێستا. وە سبەی شەو بەڕێکەوتین بەرەو ڕۆژهەڵات لە سیمەکە هەرزنە پەڕینەوە چوویە گوندەکانی نالان.

خوا لێی خۆش بێت کاک جەبار فەرمان بەدواماندا هات بمان بات بۆ سەردەشت. کە گەیشتینە سەردەشت ڕۆژێک پێشتر خەڵکەکە خۆنشاندانیان دژی یەکیەتی کردبوو، داوایان کردبوو بارەگاکانیان لەسەردەشت ببەنە دەر لەبەر مەترسی بۆردومانی فڕۆکەی عێراق. [130] شەوێ چوومە مانێ وەستا سدیقی فەرهادی هێندێک گوێ بیستی ناڕەزایی خەڵکی سەردەشتێ لە هەبوونی هێزی پێشمەرگە و مەترسی چەکی کیمیاویان بۆ کردم، هێندەی دیکەش بەوەزعەکە دڵگران بووم. وەسبەینێ بەڕێکەوتین بۆ سەقز، مەکتەبی عیلاقاتمان لەوێ بوو بەرگەیەکی پشودانیان بۆ کردم، کاک ڕەسوڵ نامەیەکی دامێ بۆ سەرکردایەتی بۆ هاوکاری کردنم. هاتمەوە مانێ پاشان چووم بۆ سەرکردایەتی هەندێک بەتانی و کەلوپەل

---

[129] دووبارە برادەران داوەتکرابوونەوە لە شوێنێکی تر لە مانی بەرپرسێکی تری یەکیەتی، دوای نەومی (دایکی مستەفا چاوڕەش، کچی مەلا محەرەمی مەرگە و بێستوونی مەلا عومەر) شەهید دەبن نەوجا کاک عەدنان و دکتۆر مەحمود دەزانن کە دەرمان خوارد کراون.

[130] نەو شەوە زۆر هەستم بەشەرمەزاری دەکرد خزمانی سەردەشت بەچەکەوە بمبینن. بۆیە کەمێک بەنابەدڵی کڵاشینکۆفەکەم لەلای خوالێی خۆش بێت کاک ڕەسوڵ بەجێهێشت.

و ٥ – ٦ هەزار تمەنێک یارمەتیان دامێ. ئەشیاکانم هێنا بۆ نەغدە لەوێوە لەگەڵ گەلاوێژێ چووین بۆ مهاباد. کاک فەتاحی پەروەری مالّی ئاوابێت ژوورێکی داینێ، موکێت شتەکانمان ڕاخست و پکنیکێک و سۆبەیەکمان کڕی و سوکەمالّێکی دەرونشانەمان لە تاقە هۆدەیەکی پێک هێنا.

ڕۆژێکیان سەردانی شاری شنۆمان کرد، دوای نان خواردنی نیوەڕۆ لەسەر دەستشوری مالّێ باجی ماپەرەی سەرم شووشت، بینیم هەموو مووی سەرم بەجارێک کەوتە ناو دەستشوریەکە. ووتیان هیچ نیە لەوانەیە ئاومکەت پێ نەکەوتبێت. ئەوجا ووتیان کە چوویەوە مهاباد دکتۆرێکی هیندی باشی لێیە سەردانی بکەم نەبادە بەناوچەی کیمیاوی بەر کەوتوودا ڕەت ببووبی و کاریگەری لێ کردبی. [131] دوای گەڕانەوەمان سەردانی دکتۆرم کرد، هەندێک فیتامین و دەرزی بۆ نووسیم. ناچار بووم سەرم سفرکرد. هەر کەسە دەیگووت شتێک بەکار بهێنە.

دوای تەواو بوونی مۆڵەتەکەم چوومە سەقز کاک ڕەسوڵم بینی ووتی ئەوەچیە بۆ سەرت تاشیووە ؟! ووتم هەموو سەرم هەڵوەریوە. ووتی ئەتۆش لە ژەهرەکەت خواردووە؟! ووتم ژەهری چی؟! ووتی نەت زانیووە؟! ووتم هیچم نەبیستووە. بەسەرهاتەکەی بۆ گێڕامەوە و ووتی کاک عەدنان و مستەفا چاوڕەشیان بەڕێکردووە بۆ تاران. بانگی برایم میرانی کرد ووتی وەرە لەگەڵی بچۆ بۆ لای دکتۆری قەرارگا. کە دکتۆرمان بینی ووتی ڕایمەگرن بەڕێ کەن بۆ تەورێز. بەرگە (پسولەی ڕێگادان) یان بۆ کردم، هاتمەوە مهاباد، وەزعەکەم لەمالّێ گەیاند وەسبەینێ وەڕێکەوتم بۆ تەورێزێ. کە گەیشتمە خەستەخانەکەی کە بۆیان نارد بووم، دکتۆر ووتی ڕایمەگرن بەڕێ بکەن بۆ تاران بۆ خەستەخانەی میهر تایبەت بە کیمیاوی.

---

[131] هێشتا بەڕووداوە گەورەکەی ژەرخوارنەکەمان نەزانیووە

کاتێک کە گەیشتمە تاران لەخەستەخانەکە سەردانی کاک عەدنانم کرد، تەلەفۆنی کاک ووشیار بەرپرسی پەیوەندیەکانی یەکیەتی لە تارانی دامێ ووتی تەلەفۆنی بۆ بکە با هاوکاریت بکات بۆ داخل بوون [132] دوای داخل بوون نەمنستی نێتەرناشنالێ، هومن ڕایت ۆچ و ڕۆژنامە و ڕاگەیاندنی دنیا سەردانیان کردین و دوای چەند ڕۆژێک کاک (مستەفا چاورەش، عەدنان موفتی، خوالێی خۆش بێت سامی شۆرش) بەڕێکران بۆ نەخۆشخانەیەکی لەندەن. ئێمەش لەگەڵ چەند پێشمەرگەیەک ماوەی مانگێک لەژێر چارەسەری دەرمانیدا ماینەوە [133] هەوانەکە لە میدیا و تەلەفزێۆنە جیهانیەکان بڵاوبۆوە. [134]

دوای دەرچوونم لە نەخۆشخانە، چووینە ماڵێ کاک عەلی نەقدەم و برایەکانی کاک محەمەد و کاک حەسەنی نەقدەم، ماڵیان ئاوابێت بە نسلوبی خۆیان خزمەتێکی (فەوقەل عادەیان) کردین، زۆریان دڵنەوایی کردین، گەڕاندیانین لە تاران. دوای چەندین ڕۆژ بە دوو قۆڵی لەگەڵ گەلاوێژێ گەڕاینەوە مهاباد.

---

[132] هاوژینەکەی زۆر بەڕێزەوە وەڵامی دامەوە ووتی لە شامە داخل ببە بەیانی دەگەڕێتەوە. بەهەر شێوەیەک بێت بەقەرز و قۆڵە داخل بووین چونکە نەخۆشخانەیەکی تایبەتی شەخسی بوو بەبێ پارە داخل نەدەکرای هەموو شتێک لەسەر حسابی خۆت بوو.

[133] لەو ماوەیەدا پورە گوڵە و نامۆژنە بەسن و گەلاوێژ هاتن بۆ لام، دوای دەرچوونم لە خەستەخانە ماوەیەک لە ماڵێ خوا لێی خۆش بێت کاک عەلی نەقدەم ماینەوە، جا دوایی گەڕاینەوە مهاباد.

[134] داوام لەسەر ڕژێمی عێراقی لە دادگای باڵای تاوانەکان لە بەغدا تۆمارکرد، لە ڕێگای سەفارەتی عێراقی لە هۆڵندا. دوایش خۆم چوومەوە لە هەولێر لەبەردەمی دادگا ئیفادەم دا.

بیمارستان مهر

گواهی میشود که آقای/خانم [illegible] بعلت [illegible] از تاریخ [illegible]

لغایت [illegible] تحت درمان بوده است و از تاریخ [illegible] بمدت [illegible] روز

استراحت داده میشود.

شالاوی جینۆسایدی ناوچەی بالیسان بەناوی (الانفال)

لە دوای چارەسەر و دەرمان پاش چەند مانگێک گەڕامەوە سەرکردایەتی، لە لیژنەی کڕینی ئیدارەی مەکتەبی سیاسی و سەرکردایەتی داندراین لەگەڵ کاک سەید نەجمەدین [135]

پاش ماوەیەک هێزێکی زۆری پێشمەرگەی شارەزوو بە سەرپەرشتی کاک محەمەدی حاجی مەحمود هاتن بۆ سەرکردایەتی بۆ ئەوەی لەگەڵ پێشمەرگەکانی پارێزگاری سەرکردایەتی و هەرێمی ٦ و پێشمەرگەکانی ناوچەکە بچن بەشداری لە شەڕی مان و نەمانی دژی بالیسانێ بکەن کەچەندین ڕۆژ بوو بەسەرپەرشتی کاک کۆسرەت ڕەسول بەرگری کەم وێنەیان دەکرد.

لە گوندەکانی میراوە و ئالۆەتان و دەوروبەری هەرچی نان و تەماتە و خەیار هەبوو کڕیمان بۆ ئەوەیی پێشمەرگەکان ژەمێکی زیادەیان پێبدەین بۆ ڕێگایە، هەتا دەگەنە بنکە و بارەگاکانی پێشمەرگە لە خوارەوە. هێزەکەی کاکە حەمە لەسەروی ١٨٠ پێشمەرگە دەبوون. لەبەر ئەوەی تەماتە و خەیارەکە بەشی هەموویانی نەدەکرد. ناچاربووین ئیختیار بدەینە دەست خۆیان کە هەر کەس مافی هەیە نان و تەماتەیەک یا خەیارێک هەڵگرێ لەگەڵ خۆی ببات.

هەرگیز لە بیرم ناچێت، پێشمەرگەیەک زۆر بەڕێز و بەشەرمەوە ووتی دەتوانم تەماتەیەک و خەیارێکی هەڵگرم؟ ئەمنیش پێم وا بوو کوفرە کە جیاوازی لە نێوانیاندا بکەم. ڕووی نەبوونی ڕەش بێت، هەرگیز لە خۆم نابووڕم کە لەبەر چەسپاندنی عەدالەت ناچاربووم بێ دڵی ئەو پێشمەرگە قارەمانە بکەم و بەڕێزەوە بە هێمنی پێم ووت دەبێت ببووری نابێ!! هەتا ئێستاش زۆر خۆم بەشەرمەزار دەزانم ، هیوادارم داوای لێبووردنەکەی بەدڵ لێ قبوڵ کردبم.

---

[135] * کاک سەید نەجمەدین لە برایان دەشتی هەولێر بوو، خزمی خاڵە سەید کاکەی بوو، ماوەیەک پێکەوە لە ئیدارە دەوامان دەکرد.

Mamunia Khalid - Kawlian 1988

بیرۆکەی خەباتی جەماوەری لە شار و ئۆردوگا زۆرەملێکان

شەڕی ٨ ساڵەی ئێران و عێراق وەستا، ئیتفاقیەیەکی مالوێرانکەر کەچی کەمتر نەبوو لە نسکۆ شومەکەی ٦ی ئازاری ١٩٧٥ ڕووی لە شۆڕشکرد. کۆتایی شالاوی ئەنفالەکان هات، بارەگای پێشمەرگە تاق و لۆق لەسەر سنوورەکان مابوون. پێشمەرگە ڕووی لەشارەکانی ئێران و تورکیا و بەشێکیش بەرەو هەندەران ئاوارەبوون. تاکە ڕووناکیەک کە لەبەر زوولم زۆری بەعسیەکان لە دڵی خەڵکی ناو شارەکان و ئۆردوگا زۆرەملێکاندا بەدی دەکرا، جێگای هیوا بوو ئەگەر بەبەرنامەڕێژی جۆش درابا.

بۆ ئەو مەبەستە سەردانی سەرکردایەتیم کرد بەداخەوە کاک ڕەسول لەوێ نەبوو. لە مەکتەب ڕێکخستنی سۆشیالیست مامۆستا عەبدوڵای برای شەهید مام ئاراسی لێ بوو، شەو کەوتینە لای یەک. متمانەم پێی هەبوو. ووتم هاتووم بیرۆکەی خەباتی شارستانی و ڕێکخستنی خەڵکی مەدەنی لەگەڵ برادەرانی مەکتەب سیاسی باس بکەم [136] بیرۆکەکەی پێ باش بوو. بەڵام بەپەسندی زانی لای کەس باسی نەکەم هەتا کاک ڕەسوڵ دەبینم و مشاوەرەتی پێ دەکەم. پێشنیارەکەیم قبووڵ کرد، چووم بۆ ماڵێ کاک ڕەسوڵی لە ئورمێ (ڕەزاییە). بابەتەکەمان بە دوو قووڵی تاوتوێ کرد. ووتی پێم باشە بەڵام نابێ ئەتۆ بچیە خوارێ! دەنگ و

---

[136] * چونکا بەڕاستی دوای شالاوی ئەنفال و کیمیا باران بەرگری بە کلاشینکۆف لەبەرامبەر ئەو هەموو هێزی و هەوایی و تەکنۆلۆجیای پاشماوەی شەڕی ئێران و عێراق دا ناڤقڵ قبووڵی نەدەکرد و شەڕی کلاسیکی نەستەم بوو.

ڕەنگت لە میدیا جیهانیەکان بڵاو بۆتەوە و زوو ناشکرا دەبی و دەگیرێی. منیش ووتم ئەگەر بۆ خۆم بەشدار نەبم چۆن بەخەڵکی رابگەیەنین.

کەمێک بە پەرۆشییەوە ڕازی بوو، دەقتەرێکی بچوکی لە گیرفانی دەرهێنا ووتی ناوی نەهێنیت (هیوا کەریم ٣٥١) . بەڵام دەبێت ووریا بیت ئەگەر زانیت مەترسیت لەسەرە خۆت بگەیەنە ژاراوەی مانی کاک (ئەحمەد قومبەلە)ی ئەو ڕۆژگارت دەکا و دەتهێنێتەوە سەرێ.

بە سوود وەرگرتن لەبریاری لێبووردنی گشتی لەگەڵ خێزانم بە قاسمەرەش و ناوزەنگێدا هاتینە سونێ لەوی بردیانین بۆ فیرقەی ٢٤ و دوای لێکۆڵینەوەیەکی وورد بەدەست بەسەری بەڕێیان کردین بۆ ئۆردوگای ماڵە پێشمەرگە و ئەنفالکراوەکان لە بەردحوشتر و گردەچاڵ. لەو دەشتەی فڕێیان داین بەبێ ئەوەی خەیمەیەک، خواردنێکمان بدەنێ. هەر باش بوو سەرمای شەوان نەیکوشتین [137] ئەمنی شارەوانی هەولێر سەرپەرشتی ئۆروگایەکەیان دەکرد زۆر تووند و تیژ بوون. ڕۆژانە چەند جارێک سەر ژمێریان دەکردین. لە دواییدا خەڵکەکە زۆر بوو، پێویستی کرد بۆ دابین کردنی خواردن و پێداویستی ئیجازەمان بۆ بکەن سەردانی شارەکان بکەین. ئێمەش سەردانی کەس و کارمان کرد. پاشان ترسمان بۆ پەیدا بوو، چونکا ناوە ناوە گروپێک لە لاوەکان بێ سەر و شوێن دەکران بۆیە وای لێ هات کە ئێوارە دادەهات بەدزیەوە دەچووینە هەولیرێ [138]

---

[137] مانی مام عەبدولا قاچی ناوابێت، لە سوچێکی خێوەتەکەی خۆیان جێگای کردینەوە و لەگەڵ خۆشیان نانمان دەخوارد تا ماوەیەک.

[138] مانێ کاک سدیق و پور ئامینێ ناوابێت، ژوورێکیان لەبەیتوونەی سەربانی داینێ، پاش ماوەیەکی شەوانە بە ناگا لە خۆیوونەوە دەچووینەوە ئەوێ.

مەترسیمان لەسەر بوو هەر کاتێک تووشی مەفرەزەیەک باین دەیان توانی بمان گرن چونکا هیچمان پێ نەبوو و مەوقیفم لەسەربازی فیرار بوو هەر نەوە بۆ خۆی حوکمەکە ئیعدام بوو. بەڵام دڵمان کەمێک بە عافواتەکە خۆش بوو کە بمان توانیبا لەو دەست بەسەریەی رزگاربین. [139]

شەهید رزگار ڕەحمەتی ئەسپێکی کڕی بوو، ڕۆژانە لاقێکی لە نۆکانێ و خڕی ناوزەنگێ بوو، بەر لە گیرانم چەند نامەیەکی گرنگی کاک ڕەسوڵ و مەکتەبی سیاسی بۆ هێنام یەک لەوان خۆ سازدان بوو بۆ خۆنیشاندان [140]

هەروەها پێی گووتم کەدەبێت چەند پۆشاکێکی سەربازیان بۆ پەیدا بکەم بۆ ئەوەی پێشمەرگە لە جادە سەرەکیەکانی دیوی پشدەرێ کە ئەوکات ناوچەی حەرام کراوبوون بۆ ژیان [141] بتوانن بەڕۆژ پێیدا هاتووچۆ بکەن.

---

[139] کاک سەید ئەمینی سەید ئەحمەدی رانیە، کەسێکی بۆ لە تەجنید دۆزیمەوە. کە کۆرە سەیدێکی بەغدای بوو، بڕیار بوو بە ١٥٠٠ دیناری سویسڕی لە سەربازی تەسریحم کات. کتابی بۆ کردم بۆ شوینی سەربازیەکەم بۆ هێنانەوەی کونیە، لە زاخۆ گرتیانم و ڕەوانەی بەغدایان کردم.

[140] بەداخەوە هێندەمان دەربەدری و گوازەگواز کرد زۆر نامە، نامیلکە، دیکۆمێنت هەر نازانم چی لێ هات، ئەونامانەش بەللودراوی لە کونێکی هەواگۆڕی بن سەقفی خانوی ڕانیە دانابوو. دوای ڕاپەڕین زۆری بۆ گەڕام دیار نەمابوو، کەمێکیش ترسم هەبوو کەچۆن دەبێ شتی نەمێنی لەو مانەی بزربێنت؟! بەڵام لەدوای هاوینی ١٩٩٦ کە هاتینە دەرەوەی وڵات، بۆیان گێڕامەوە کەداکم زۆرجار لە شتە نەمێنیەکانی لە تونی حەمامێ گڕداوە.

[141] لە ٢٥ / ٦ / ١٩٨٩ قەڵادزێ و هەموو ناحیە و گوندەکانی ڕاگوێزران، ناوچەی پشدەر کرا بە ناوچەیەکی حەرام کراو بۆ ژیان. (لەشوێنی تر بە درێژی ئەو باسە تیشکم خستۆتە سەر)

زیندانەکانی عێراق

شێوازی گیرانم

زۆر پەلەم بوو لە دەست بەسەری ڕزگارم بێت لە سلێمانی یا لە بەغدا خۆم وون کەم و دوای بەرنامەی خۆم بکەوم. بەڵام دادی نەدا لە هێنانی کتابنا کتابکم لە زاخۆ گرتیانم لەگەڵ ٤ کوری تر ڕەوانەی هەیئەی خاسەی بەغدایان کردین.
کوڕێکی کوردی بەغدایی لە فەوجەکە بوو بەر لە بەڕێکردنمان ئێوارەکەی بینیم و پێم ووت: ئێمە گیراوین دەمان نێرن بۆ بەغدا، بچۆ مەئموریەتەکەی وەرگرە هەموو مەسرەفت دەکێشین و بۆ خۆشت سەردانێکی ماڵێ دەکەیەوە. ووتی باشە.
شەو هاتەوە لامان ووتی مەئموریەتەکەیان پێداوم. ووتم بەیانی زوو بەڕێدەکەوین لە زاخۆ سەیارەی مەدەنی دەگرین، هیچ مەترسیت نەبێ تووشی سەر ئێشەت ناکەین. کوڕێکی زۆر باش بوو، هەرچی ووتمان وای کرد هەتا گەیشتینە هەولێر ڕازیمان کرد کەشەوێک بمێنینەوە بەڵکو کەس و کار بمان بینن، هەتا ڕازیمان کرد کە هەندێکمان ببات بۆ سلێمانی، دوای بگەڕێنەوە بچین بەغدا، زۆر مەرد بوو هەمووی قبووڵ کرد.

بەداخەوە کاتێک گەیشتینە سلێمانی ووبستمان کەس و کارمان ببینین، ئینزباتی سەربازی گرتنی. کورەکە زۆر ترسا. ووتم مەترسە لێیان بچۆ پێشێ بڵێ ئەمن بڕوا پێکراوی فەوجەکەمانم بە ئەمانەتەوە دەیان گەیەنمە شوێنی خۆیان.
قبووڵیان نەکرد سەیارەیەکیان بانگ کرد، ووتیان ئەوە ژمارەکەت دەنووسین تا ئێوارە دەیان گەیەنیە بەغدا. کابرا زۆر ترسا بەڵام هەتا گەیشتینە چەمچەماڵ هێنامانەوە سەرەخۆی ووتمان قەیدی ناکا کرێی ئەم سەر و ئەو سەر دەدەین بەو سائیقە با بڕوا ئێمە بەسەیارەیەکی تر دەچین.

بەهەر حاڵ ڕازی بوو بچینە ماڵی خوشکی لە کەرکوک و بەیانی زوو بۆ بەغدا. شەوێ پلانمان دانا کە بەیانی سەردانێکی چەند دەقیقەی هەولێر بکەین ئەوجا بە پەلە بەرێ بکەوین بۆ بەغدا. هەروەها لەسلێمانی لەڕێگای خزمان خەبەرم نارد بۆ باوکم کە بەیانی لەگەڵ گەلاوێژێ لە هەولێر لە ماڵێ پورە ئامینەی ئامادەبێت.

بەهەرحاڵ گەیشتینە هەولێر بەڵام ڕێگای نەدا لەسەیارەکە دابەزم بۆیە ناچاربووم لە جامەکەوە دوور بەدوور بە باوکم و خێزانم بڵێم (ئەوە ئەمن دەبەن بۆ بەغدا ئێوە واسیتەم بۆ مەکەن با کەسیش نەزانێ کە گیراوم چونکە کەس هیچی لەدەست نایە با ئیشەکە خراتر نەبێت. تەنها بڵێن سەربازە و ئیجازەی نیە بێتەوە. دەنا ئەو جاشانە بزانن هێندەی دیکە ئیشەکەم لێ خرا دەکەن. هەروەها خۆتان لە موختاری خەبات نزیک بکەنەوە بەبێ ئەوەی هیچی لەگەڵ باس بکەن [142] ئەوەندە قسەم کرد، کابرا ووتی بەسە کۆتایی بەقسە بێنن بابڕۆین. ڕۆیشتین بەرەو بەغدا، ئێوارێ گەیاندنیە (استعلامات مدیریە استخبارات العسکریە العامە / شعبە الرابعە) لەوێ تەسلیمی کردین.

زیندانی (مدیریە استخبارات العسکریە العامە):

بە هەڕەشە و ترس و تۆقاندن چاویان بەستین و دەستمان تێکخست بەرەو ژوورەوە. کاتێک چاویان کردینەوە، کۆگای جل و بەرگی کۆنەبوو، ووتیان بە

---

[142] نەو کاتی قەلادزێ ڕاگوێزرابوو، نەمنیش ناونیشانی نۆردوگای خەباتم دابوو. نەگەر لێکۆڵینەوەیان کردبا لە نەمنی خەباتەوە زانیاریان لەسەر کۆدەکردمەوە.. دوایی دەرکەوت پلانەکەمان سوودی هەبوو

پەلە جلەکانتان داکەنن، دزداشەیەک بدۆزنەوە و لەبەری بکەن. بە پەلە پەل خیرا خۆیان پێگۆڕین ئەوجا چاویان بەستینەوە و بەدوای یەکدا دەستیان ڕاکێشاین. بە هات و هاوار بەسەر کردندا بۆ بەردەمی چەند قاوشێکی، بە پاڵ فڕێیان داینە ژووری. لە قاوشەکان. ١٠ تا ١٥ کەسی تێدا بوو کەس هەناسەی نەدەدا هەتا چەند دەقیقەیەک. دوایی بەرپرسی ژوورەکە شوێنی نیشان داین کە لێی دانیشین یا پاڵ کەوین. ٨ ڕۆژ لەو زیندانەدا ماییەنەوە کە لە ناو بینایەکەدا بوو کە وا هەستدەکرا ژێر زەمین بێت. تەنها بەنجەرەی بچوکی لەبن سەقفەکەی هەبوو کە لە باڵای مرۆڤ بەرزتر بوون، هیچت تێڕا نەدەدی. بەڵام ڕووناکای لێوە دەهاتە ژووری. بە ئازار دانێکی ڕوحی سەخت لێکۆڵینەوەیان لەگەڵدا کردین بە چاو بەستراوی. ژیانێکی زۆر سەخت بوو مرۆڤ بەرگەی نەدەگرت. بۆ نموونە:

١- چوار چوار و پێنج پێنج دەیان بردینە سەر یەک ئاودەست کە ژوورەکەی تا قۆلە پێی پیسایی و ئاو بوو، دەیگوت هەتا ١٠ دەژمێرم دەبێ هەموو سەر ئاوتان تەواو کردبێت. ئەگینا بەر لێدان دەکەوتی.

٢- بەزۆر دەبێ خۆتان بشۆن، کاتێک بردیانین بۆ خۆشوشتن، وەک ئیهانە بەو ڕستانەی لە سوچێکی قاوشێک ڕایان گرتووین، تانکەری سەربازی ئاوی هێناوە بە سۆندە گەورەی بەسەرت دا دەکات، بە پەلە تا ١٠ دەژمێرم دەبێ هەمووتان تەواو بووین.

٣- ڕۆژێکیان یەک یەک بانگیان کردینە دەرێ بۆ ڕیش تاشین، لەسەر تەنەکەیەک دانیشە، کابرای دەلاک هەر بۆ ئیهانە بەلەتکێک مووس دەموچاوی زیاتر لە ٦ - ٧ کەسی کرد بەخوێن و بە لەتەکەی دیکەش زیاتر لە ٦ - ٧ کەسی تر. کاتێک گەڕاینەوە ژووری هەر کەس هاوزیندانیەکەی خۆی دەبینی

هەموو دەموچاوی برین و خوێنە لە حەسرەتان لە بری گریان پێکەنینت بە وەزعەکەی دەهات بەڵام نەتدەوێرا دەری ببڕی.

٤- ڕۆژێکیان تا بەرەبەری نیوەڕۆیە نانی بەیانیان نەهێنا، منداڵکارێک لە پاسەوانەکان سەری بەکونەکەیەوە نا ووتی حاڵتان چیە؟! بەڕپرسی ژوورەکە ووتی سەیدی نانی بەیانیمان نەخواردووە. ووتی باشە، هەر ئێستا. چوو ستڵێک لە ئاوی ساردی بەلوعەی هێنا و قوتویەک شیر و هەندێک چای ووشکی تێکرد و لەگەڵ چەند سەمونێکی کۆنی ڕەق لە ناوەڕاستی ژوورەکەی دانا. فەرموون ئەوە نانی بەیانی. سەرە ڕای برسیەتی و ترسان بەخۆت پێکەنینت بەخۆتدا دادەهات چونکا ئەو مامەڵە لەگەڵ ئاژەڵیشدا ناکرێ کە لەگەڵ ئێمەیان دەکرد.

کابرای بەڕپرس ووتی وەرنە پێش با بۆتان تێ بکەم یەک دووانێکَ لە پێش ئێمەوە بوون ووتیان ئێمە تێرین پێمان ناخورێ. ئەمن بە هاوڕێ کوردەکانم ووت بچن وەری گرن ئەگەر وەری نەگرین لەوانەیە تووشی ئازارمان بکەن بە تاوانی ئەوەی داوای نانمان کردووە ناشی خۆین. بەهانەمان پێدەگرن دەڵێن مانیان لە خواردن گرتووە.

دوای ئازاردانێکی روحی و ترس و تۆقاندن، لێکۆڵینەوەی وورد، ئێوارەیەکی درەنگ بەچاو بەستراوی سواری پاسی ٢١ نەفەریان کردین. دنیا تاریک، هەورە تریشقە و باران ، چاو چاوی نەدەدی لە ناو پاسەکە ووتیان چاوەکانتان بکەنەوە. بەڵام هیچمان نەدی هەروەک چاومان بەستراببێت وابوو لەبەر هەور و تاریکی. ئەوەندە حاڵی بووین کە بە ئاراستەی نەبوغرێب دەڕوات. کە گەیشتنە نزیک زیندانەکە، چەندین دەرگای قایم و توند و تۆڵی بڕی، دوایی لە حەوشەیەک لەبەردەم بینایەک ڕایان گرتین. ئەوەندە ڕۆژێکی تاڵ و ترش و تاریک و بارانی و هەورە تریشقاوی بوو، ووتیان لێتان نادەین لەوەرگرتندا لەبەر ئەوەی شانستان هەیە بەڕپرسی لێدانە کە لێرە نیە و بارانیشتان لەگەڵ

خۆتان هێناوە. لەوێ بۆ ناو قاوشێکی گەورە کە هەر چوار دەورەی ژووری بچوک بچوک و دەرگاکانی محەجەرەیی داخراوە. کە چووینە ژووری لە بەندیەکانمان بیست کە ئێرە (هیئە خاصە) یە

٣ مانگ لە زیندانی (هیئە خاصە)ی بەغدا

هەر کەداخلی قاوشە گەورەکەیان کردین بردیانین لە حەمامێ سەربان تاشین. کاتێک دابەشیان کردین بەسەر ژوورەکان، ئەوانەی پێش ئێمە شوێنی برینی و لیدانی وەرگرتنی حەفتەیەک لەمەو پێشیان بەگیانیەوە دیار بوو. زۆربان چاوەروانی حوکمی ئیعدامیان دەکرد وەیا حوکمەکەیان دەزانی چاوەروانی جێبەجێکردنی بڕیارەکەیان دەکرد. بەسەرهاتی سەیر و سەمەرە زۆرم بینی هەوڵدەدەم چەند دیمەنێکی لێ تۆمار کەم.

١- نزیکی ٢٠ رۆژ ئاسمان لێفە و نەو چیمەنتۆ ساردەش دۆشەگم بوو. کورێک ناوی کاک عەلی بوو، جێگاکەی دۆشەکێکی ئیسفنج بوو کە شەوانە خۆی لەبەرگەکەی هەڵدەکێشا وەک کیسەخەو. لوتفی لێکردم ووتی ئەمن ڕاهاتووم وەرە جێگاکەی خۆمت دەدەمێ ئەتۆ بەرگە ناگری. بەڵام قبووڵم نەکرد. دوای نازانم چۆن بوو یەکێک لەئێکی بچووکی بەتانی دامێ ، ئەویش نەم دەزانی بەخۆی دادەم یا ڕای بخەم. چونکە هێندە بچوک بوو تەنها بۆ ڕاخستن بەکار دەهات. پاش ماوەیەک یەکێک نازاد بوو بەتانیەکەم دەست کەوت. کورەکان زەرفی نایلۆنی نانی وەک بەرگ لێیان قایم کرد بۆ ئەوەی بەرگەی سەرمایە بگرم.

٢- بەیانیان مەلابانگدانێ هەڵیان دەستاندین دەبوو بە زووترین کات، جێگاکان لە محەجەرەکەی قایم بکەین و دەستبکەین بە خاوێن کردنەوە و شوشتنی

ژوورەکەی بە ئاوی سارد. ساحیبەشیان هەڵ کردبوو بۆ ئەوەی هەوای فڕێداتە دەرێ هێندەی دیکەی سارد کردبوو. هەڵبەتە لەسوچێکیش ستڵی پێشاو بوو، دەبوو ئەویش خاوێن بکرێتەوە. دوای درەنگ کە شوێنکە ووشک دەبۆوە هەر کەس جێگاکەی خۆی ڕادەخست و بێ قسە دەبوو بەتەنها دابنیشێ.

٣- کاک فەرەیدوون کوڕێکی زۆر خانەدانی سلێمانی بوو لەتەنیشتم بوو، تووشی پەشێوی دەروونی بوو لە زیندان. بە هەموانمان ناگامان لێی بوو. شەوێکیان نیوە شەوێ دایە پرمەی گریان و هات و هاوار، چاودێرەکانی زیندان هاتن ووتیان ئەوە چیە بەهیچ بێدەنگ نەدەبوو، دەی ووت بە هەموویان لێم دەدەن.
هەموومانیان بردە دەرێ بۆ لێکۆڵینەوە و چەرمەسەری بەڵام خوا ڕەحمی کرد زوو هەستیان کرد کە تێک چووە و کەس لێینەداوە. دوای ئەو شەوە شتی سەیری دەکرد. کاتی خۆشتن چووبوو بەجل و بەرگەوە خۆی تەڕکردبوو، ڕۆژێک زیاتر بە پێوە وەستا دانەدەنیشت بۆ ئەوەی جلکانی ووشک بێتەوە. وەیا مانی لە نان خواردن دەگرت. بە هەموومان دڵخۆشیمان دەدایەوە بەڵام بێسوود بوو.

٤- کاک عەلی خەڵکی گوندی دێرێی پشدەرێ بوو، پێشمەرگەی بزووتنەوەی ئیسلامی بوو، دەیگووت برای مامۆستا عەلی باپیری بەگرتنی داوم لە ناو شاری رانیە. زۆریان ئەزیەت دابوو تەنها دوو چل ئێسقانیان پێوە هێشت بوو، دانی بە هەموو شتێک دانابوو. چاوەروانی لوتفی خوای دەکرد کە تێهەڵچوونەوە بە دۆسیەکەیدا بکرێت و جارێکی دیکە بیبەنەوە بەردەم حاکم بۆ ئەوەی بڵێ ئەو قسانە هی من نین بەزۆر و بەلێدان پێیان کردووم. ئامادەیی تێدا بوو جارێکی دیکە بیبەنەوە رانیە، سلێمانی، کەرکوک و هەموو زیندانەکانی پێ بکەن بەس بۆ ئەوەی قەزیەکەی بگۆڕی لە ئیعدامەوە بۆ حوکمێکی تر. لە دوای ئازاد بوونی ئێمە ئەو هەر لەوێ چاوەڕوان بوو. بەداخەوە دوایی زانیمان کە ئیعدام کراوە.

٥- عومەر کوڕێکی عەرەب بوو، هەر هاواری دەکرد وا مەکە، جار جار چایەکم بۆ دەکڕی متمانەی پێ کردبووم. لە ٢ هەفتە جارێک کە زیندانی ئەبوغرێب مواجەهەیان هەبایە نانی لوبنانیەکەی ئەوانیان بۆ ئێمە دەهێنا ئەو ڕۆژانە جەژنی بوو، زیاتر لە دوو نانی بەر دەکەوت بەچاییەکی دەیخوارد، کوڵمەکانی سوور هەڵدەگەڕانەوە.

عومەر دەیگووت، ئەمن کوڕی کابرایەکی دەوڵەمەندی بەغدام. پاسەوانی تاقەی زەرپەکەی لای موسل بووم. فیرارم کردووە کە لە ڕێگای سوریا خۆم بگەیەنمە ئەمریکا. بۆ ئەوەی ئەوەی لە مێشکمدایە بیکەمە مەشروعێکی گەورە. دوایی گیراوم زیندانەکانی سوریا و لوبنان هەموویان پێکردووم لە ژیانی خۆم بێزار بووم کاتێک زانیووەمە عافواتە ووتوومە تەسلیم بە عێراقم بکەنەوە. ئازادیان کردوم داویانمە دەستی سەفارەتی عێراقی لە لوبنان. لەو ڕۆژەوە کە ناردوویانمەوە لە زیندانەکانی بەغدا دەم سوڕێنەوە. تاوانبارم بەوەی کەکاتی خۆی کەفالەتێکم پڕ کردۆتەوە کە نەهێنی شوێنی ئیشەکەم نەدرکێنم. لە لێکۆڵینەوە پێیان ووتوم، کاتێک کە گیراوی لە سوریا ووتووتە سەرباز بووم لە فڵان یەکەی سەربازی. ئەوان دەزانن ئەو یەکە سەربازیە پاسەوانی زەرەکەیە. لە تەعەهودەکە ئیمزام کردووە ئەگەر نهێنی ئێرەم بردە دەر ئامادەم بە حوکمی ئیعدام.

عومەر دەیگووت کەس لە قەزیەکەم حاڵی نابێت لە دکتۆرێکی نەفسانی ناسراوی بەغدا نەبێت کە ناوەکەی دەگووت. دەی ووت هەموو پرۆژەکەی بەزانستی پاراسایکۆلۆجی لە مێشکم دەرهێناوە، ئێستا لە ئەنقەرەیە دەیەوێت پرۆژەکەم بکات بە هی خۆی بچێت لە ئەمریکا پیادەی بکات. دەیگووت ئەو هێندە بەتوانایە بە (تێلەپاکس) کار دەکاتە سەرم و قسەم لەگەڵ دەکات. یا

کاریگەری لەسەر حاکمەکەم داناوە، دەیخاتە ناومێشکی دادوەرەکەم چم لێ بپرسێ و زانیاریەکانیش خۆی بە دادوەرەکەی دەڵێ.

ئەو کاتی خەڵک عومەریان پێ شێت بوو، هەتا لە ڕۆژنامەی (الراصد) لاپەرەیەکم بەر چاو کەوت کە ڕۆژانە لەسەر پاراسایکۆلۆجی دەنووسی ئەمنیش زۆر بەووردی هەموویم دەخوێندەوە. ڕۆژێک شتێکی نزیک لە بابەتی عومەرم بەرچاو کەوت. ووتم کورینە کاک عومەر شێت نیە. ئەوەتە ئەو عیلمە هەیە و بابەتێکی ئاوای تێدا نووسراوە، عومەر گەشایەوە هات ئەم لا و ئەولای ماچ کردم ووتی کوا چەند وەختە کەس باوەڕم پێ ناکات وا دەزانن ئەمن شێت بووم. ئەمن ئەو لاپەرەی هەڵدەگرم ئەوجا بمبەنەوە بۆ لێکۆڵینەوە یا بۆ بەردەمی دادوەر نیشانیان دەدەم بۆ ئەوەی باوەڕم پێ بکەن.

٦- محەمەد کوری خەتیبێکی گەورەی یەک لە مزگەوتەکانی بەغدا بوو. بەهۆی ناسراوی باوکی کەمێک ڕێزیان لێ نابوو. بەیانیان دەیان نارەدە ژووری پاسەوانەکان خاوێن بکاتەوە، دوایش بۆی هەبوو ستڵێک ئاوی گەرم بەکار بهێنێ. ئەسپێ لێیدابووین زۆربەمان گەڕ و گول ببووین. ڕۆژێکیان ووتی خالید ئەمن دەڵێم نەخۆشم ئەتۆ لە جێگای خۆم دەنێرم بۆ ئەوەی دوایی بەستڵە ئاوەگەرمەکەی کەمێک خۆت پاک بکەیەوە. خوا خێری بنووسی ئەوجا ئەوانی تریش داوایان کرد هەرجارە یەکمان بچین لە جێگای محەمەدی لەبەر خاتری ستڵە ئاوە گەرمەکە.

٧- زۆربەمان ناوگەڵمان ببوو بە برین. هیچ عیلاج و دەرمانێک نەبوو. کورێک بەناوی کاک فەرەیدون محەمەد مام عەلی دەرچووی پەیمانگای پزیشکی بوو لە ژوورێکی تر بوو، ووت بووی با لە حانوتەکە داوای مەعجونی ددان بکەن، پێی تەداوی بکەن. خوا خیری بنووسێ سەرەتا زۆر بە ئازار بوو بەڵام لە کۆتایدا کاری خۆی کرد.

٨- کوڕەکان ووتیان ئەگەر ئەوجارە بانگیان کردین بۆ هێنانی خواردن ئەتۆ بچۆ باکەمێک هەتاوت بەرکەوێت بەڵام ووریات لەخۆ بێت بیانووبان نەدەیە دەست ئەگینا لێت دەدەن. بە ئاگا لە خۆبوونەوە ڕام کرد بۆ هێنانی خواردنی نیوەڕۆ، هەتاوێکی خۆش بوو، هەر ئەوەندەم زانی یەکێک لە پشتم وەستا و ووتی ئاوڕ مەدەوە دەنا لێمان دەدەن. بە پەلە ووتی ئەمن جەنگی مام ڕەسوڵ بەفرفرۆشی ڕانیەم لەگەڵ کاک عەلی برام و مەجموعەیەک خەڵکی چوارقورنە و ڕانیە لێرەین. ئەگەر بەر بووی باوکم ببینەوە خەبەری پێ بدە ئەگەر ئێمەش بەر بووین بە هەمان شێوە خەبەری تۆ دەگەیەنین [143]

٩- هەفتەی جارێک بەزۆر ستڵێک ئاوی ساردیان ڕێگا پێ دەداین بۆ ئەوەی خۆمانی پێ بشۆین وە دەبوو بەزۆرترین کات بهێینە دەرێ. ئەگەر خۆت نەشوشتبا لێیان دەدای. ئاوەکە زۆر سارد بوو، حەمامەکەش هەر ساردبوو. سەرەتا بە ناچاری ئەو ئاوە ساردەمان بەکارهێنا هەتا دوای ماوەیەکی زۆر قەدیمیەکان فێریان کردین کە هەر سەر و گوێلاک و قاچ و قولی خۆمانی پێ تەڕەکەین بە خۆمانیدا نەکەین تەنها ئەو شوێنانەی بەدەرەوەن تەڕبن بەسە بۆ ئەوەی تووشی ئەزیەت دان نەبین.

١٠- پاش ٣ مانگ ڕۆژێک ناوم خوێندرایەوە ووتیان وەرە دەرێ، دوای لێدانێکی کاراتەییانە پەیماننامەیان لیوەرگرتین کە هیچ نەدرکێنین ئەگینا دەمان هێنەوە

---

[143] * دوای بەربوونم هەر چەندە پەیمان نامەیان پێ پرکردینەوە کە لای کەس بیدرکێنین کە لە کوێ بووین وەنابێ بڵێین کەسیشمان بینیووە. دەنا لەماوەی ٢٤ کاتژمێر دەتان هێنینەوە ئێرە. بەڵام ڕۆژێکیان بە تەنها چوومە دوکانێ مام ڕەسوی. پێم ووت هیچم لێ مەپرسە،. کاک جەنگی و کاک عەلی کوڕت ماون انشاالله بە زووترین کات قەزیەکەیان یەک لا دەبێتەوە. وەک گوڵێ گەشایەوە. ووتم خوا حافیز، ئەتۆ ئەمنت نەدیوە و نام ناسی و نات ناسم.

ئێرە. ووتیان بەر مەرحەمەتی سەید رەئیس کەوتووی نەگینا شایەنی ژیان نیت. بەڕێیان کردم بۆ ئەو شوێنەی کە پێشتر لێیان هێنا بووم. ووتیان بەرگێک بدۆزەوە لەبەری بکە، دوایی گواستیانمەوە بۆ زیندانی ژمارە ١

زیندانی ژمارە یەک

زیندانێکی سارد، ژووری بچووک، قاعەی جەمەڵۆنی بەرز، ئینزباتی دڕ و ترسناک، هەر چەندی بڵێی نەوەندە ناخۆش. لەسەرمان نەم دەزانی چ بکەم. یەکێک سەری هێنایە بن دەرگای بە هێواشی بە کوردی ووتی بە قوربانتان بم نەگەر کوردن و گوێتان لەدەنگمە و لێم حاڵی دەبن. نەمن شوانی ماڵێ (.....) لە گوندی (.....) نزیکی بێوران. (فڵان مستەشارەی) پشدەرێ نەمنی فڕاندووە تەسلیمی کردووم ووتوویەتی ئێرانیە بۆم هێناون. نەوە چەندین مانگە لەوان زیندانان دەم سوڕێنەوە نازانم مەسیرم چیە. نەگەر بەر بوون خەبەرێم بۆ بدەنە خزم و قەومی با مشوورێکم لێ بخۆن. کەمێکمان دڵ خۆشی دایەوە و و پێم ووت خوا بکات بەربین هەوڵدەدین. بەڵام زۆرم سەرمایە نیستا هیچت لەلانیە لەبن دەرکای وێم دەی ووتی ناوەڵا تەنها تەلیسێکی برنجی لێیە نەگەر بەکەڵکت دێت هەتا بۆت بهێنم. ووتم ماڵت ئاوابێت بیهێنە.

بەنیۆکان بنەکەم کون کرد بەڕادەی سەرم تێوە بچێت و تەنیشتەکانیشم کون تێکرد بۆ قۆڵەکانم لە بن کراسە سەربازیەکەم لەبەرم کرد. خوا بت حەسێنێتەوە کەمێک هەناسەم هاتەوە بەر. پاش ماوەیەکی زۆر بەیانی زوو بۆ یەکەم جار بە ئاوی گەرم دەستم شوشت. دوو هێلکە و چایەکیشم خوارد، وامزانی نەوجا گوڵە نامبڕێ. پاش ماوەیەک بە هات و هاوار و ترس و تۆقاندن گواستینیانەوە بۆ تەسفیراتی بەغدا.

زیندانی تەسفیراتی بەغدا

ئینزباتی ترسناک بە هات و هاوار کردن بردیانین بۆ قاعەیەکی جەمەلۆنی گەورە کە بەسەدان کەسی تێخزێندرابوو. حانوتێکی لێ بوو، بۆ ئەوەی ئەگەر پارەت پێ بێت لە فەیەک بکڕی. بەیانیان یەک سافیرە لێدەدا، دەبێ لە جێگاکەت کە بەتانیەکی پیسە دەرپەڕی دەنا دەکەویە بەر شەق و قامچی ئینزباتەکان. ئێمە کە گەیشتینە ئەوێ مستەشارێکی کورد [144] بە تاوانی ئەوەی برازایەکی پەیوەندی بە پێشمەرگەوە کردووە زیندانیان کردبوو، زانی کە کوردین خۆی لێ نزیک کردینەوە و خوا ماڵی ئاوا کات سەر و لەفەی بۆ کڕین، زۆرمان پێ خۆش بوو. پاش یەک، دوو ڕۆژ ژیانی کۆڵەمەرگی پڕ عەزاب، گواستیانینەوە بۆ تەسفیراتی موصل.

زیندانی تەسفیراتی موصل

بە هەمان شێوەی زیندانەکانی تر، دوور لەبەزەیی وەریان گرتین. چەند کەسێکی شەقاوەش لە زیندانیەکان وویستیان خۆیان دەرخەن و بەناوی پیاو چاکی سەرانە لەخەڵکی مندااڵ و کەم ئەزموون وەرگرن. ئێمە خۆمان تێکەڵ نەکرد لە پەنایەک پاڵماندایەوە، دوایی هەوڵماندا تازە لاوێکیش لە تەڵەی ئەوان ڕزگار بکەین. لەوێ بیستمان ئەگەر پارەی کرێ سەیارەت پێ نەبێت لەوانەیە چەندین ڕۆژ و هەفتە بتهێڵنەوە. من خەبەرم دایە ئیدارەکەی کە پارەی کرێم پێیە. بەیانیەک سواری کۆستەرێکیان کردم لەگەڵ چەندین زیندانی تر بەر لەوەی بەرێ بکەوێت بەرەو زاخۆ . سەربازێک بە پتی لە جامی سەیارەکەی دا، کە سەیرم کرد کاک

[144] وا بزانم کاک شێخ محەمەد باساک بوو.

حەسەنی مەلا بێشیریە. زۆر بەڕێز و بەشەرمەوە ووتی مامۆستا ئەو ٥ دینارەم لێوەرگرە بۆ ڕێگایە پێویستت پێ دەبێت، دوایی لێت وەردەگرمە. ئەمنیش هەر چەند بڕێک پارەم شاردبۆوە بۆ ڕێگایە بەڵام بە هەڵوێستەکەی گەشامەوە و دڵم نەشکاند لێم وەرگرت [145] لە ڕێگایە بە مەئمورەکانم ووت لەچێشتخانەیەک لادەن پارەی خواردنی ئێوەش عائیدی منە. زۆریان پێ خۆش بوو کەمێک غەزەبیان لەسەر کەم کردمەوە. دوای گەیشتن بە ئیبراهیم خەلیل بردیانم بۆ خەلفی فەوجی یەک لیوای ٩٧. ڕەئیس عرفایەکی پیر [146] ووتی ئەمن وەریدەگرم و بەیانی زوو دەیگەیەنمە مەقەری فەوج.

دوای ڕۆیشتی ئینزیباتەکان زۆر بە مرۆڤ دۆستانە مامەڵەی لەگەڵ کردم. ووتی ئەگەر نەم زانیبا ئەتۆ کوردی خۆم توشی ئەو بەر پرسیارەی نەدەکرد. دەزانی ئەو کتابە لەشوێنێکی چەند بەرز کراوە کەس ناوێرێ وەرت گرێ!! کتریەکی گەورەی ئاوی گەرم دامێ لەگەڵ سابوون، ووتی هیچ قسە مەکە برۆ خۆت بشۆ. دەستێک جلی سەربازی خاوێنی دامێ لەبەری بکەم. خواردنێکی چاکی بۆ ساز کردم. جێگایەکی گەرمی دامێ خوا پاداشتی بداتەوە قەت لەبیرم ناچێتەوە ئەگەر باب و براشم بایە هەر ئاوا بەڕێز و سۆزەوە خزمەتی دەکردم. پاش چەندین مانگ و هەفتان نەخواردنی وام خواردبوو نە جێگای ئاوا گەرم و نەرمیشم

---

[145] کاک حەسەنی مهندس بەوەندە نەوەستا بوو، دوایی چوو بوو خەبەری دابوو بە مالی ئێمە کەمن ئازاد بووم، کاک قادری براشم لە خۆشیان خواردنی لە پاشە ترکتۆرێکی نابوو، بردبووی بۆ بەر حوشتری بیکات بەخێر بەسەر مالە پێشمەرگە دەست بەسەرکراوەکان.

[146] دوایی بۆم دەرکەوت کە کوردی یەزیدیە و هەستی کوردایەتی پالی پێوەنا بوو، کە ئەو مەسئولیەتەی بخاتە ئەستۆی خۆی بۆ ئەوەی ئەمن نەگیرنەوە زیندانی موصل.

بەخۆوەوە دیبوو. بەیانی زوو هەڵیستاندم دوای نان پیدان لەگەڵ سەیارەی حانوت سواری کردم بۆ مقەری فەوج لە بالوکە لەولای باتوفە.

دەست بەسەری لە سەربازگە

بەرگی کیتابەکەم بینی لەسەری نووسرابوو. (دیوان رئاسە الجمهوریە / مدیریە استخبارات العسکریە العامە / شعبە الربعە) . کاتێک گەیاندیانمە مقەری فەوجەکە، کە بەرگی نامەکەیان بینی کەس نەی وێرا هەر وەڵامی سەلامەکەشم بداتەوە، کەس لێم نزیک نەبۆوە و دوورە پەرێزیان لێدەکردم. پاش ٧ / ٨ ڕۆژ توانیم داوایان لێ بکەم نەگەر بۆم هەیە داوای ئیجازەیەکی چەند ڕۆژی دەکەم بۆ نەوەی چاوم بەخێزانەکەمان بکەوێت. یەک هەفتەیان ئیزندام هاتمەوە خەبات و لەوێ بە پەلە بۆ ڕانیە. سوپاس بۆ خوایی، هیواو و خۆشی جارێکی دیکە گەڕایەوە نێو دڵی دایک و باب و خێزانەکەم و تەمی مەینەتیان لێ ڕەویەوە و ڕووناکیان لێ هەڵهات.

دوای گەرانەوەم زۆر خراتر لە زیندانەکە خستبوومیانە ژێر چاودێری، کەسیش هەڵسوکەوتی لەگەڵدا نەدەکردم، بۆ خۆم نەمدەزانی، سەربازم یا مەدەنیم؟! زۆر دوور لە هەستی مرۆڤایەتی چاویان لێ دەکردم. باشم لە بیر نەماوەوە کەی و لە کوێ بوو، ناچار بووم ڕۆژێکیان بەرە و ژووری نەفسەری بەرپرسی ئیستخبارات ڕۆیشتم. مراسیلەکەیم بینی ووتم چۆن دەتوانم گەورەکەت ببینم، ووتی بۆ چیتە؟! ووتم دەمەوێ ببینم. چۆ ژووری و پێی ووت، ووتی بابێت.



١٤٣٠/٢/٥١ هـ
تاريخ ١٤٢٩/١١/٨ هـ أرسلت مديرية الاستطبارات العسكرية العامة
٥٣٤ فاكس المدرجة حسب كتاب سنة وحدتنا ١٢٧ في ١٤٢٩/١١/٥ هـ
وتم الاستلام من قبل المديرية العامة حسب كتابها المرقم ٣/٦ في ١٤٣٠/١/٥
وتاريخ ١٤٣٠/١/١٦ هـ كنا قد شكرنا الجهات سابقة حسب كتاب ديوان
رئاسة الجمهورية / دائرة الشؤون الفنية رقم السري للغاية ٢٤٢٦ في
١٤٢٩/١٢/٢٦ هـ المبلغ الينا بكتاب مديرية الاستطبارات العسكرية
المرقم ٥٥١٥٦٥ في ١٤٢٩/١٢/٢١ هـ المبلغ بكتاب موقع المحل المرقم
١٨٥ في ١٤٣٠/١/١٠ هـ وذلك بعد ارشاده وتوجيهه وعلمه
الشكر .

کاتێک چوومە ژووری قورئانی دەخوێند، ملازمێکی دوو ئەستێرە بوو ناوی ملازم زیاء بوو، شیعە بوو، زۆر موسڵمان بوو لەبەر ئەوەی ڕەمەزان بوو بەرۆژوو بوو. بەبێ ترس پێم ووت سەیدی ئەگەر شتێکم لەسەر ماوە بۆ نازاد کراوم؟! ئەمن نیستا هەست ناکەم بەشەرم، پێویستە لەخۆم بگەم ئەگەر بەر عافوات کەوتووم و عێراقیم با وەک عێراقیەکان مامەڵەم لەگەڵدا بکرێ ئەگەر نا ناچارم جارێکی دیکە ڕاکەم و دەست وەچیای بدەمەوە چ دەبێت با ببێت. قسەکانم زۆر کاریگەری لێکرد. ووتی دانیشە مادەم هێندە نەترسی دەمەوێ قسەیەکی نهێنیت پێ بڵێم. ووتی دەبینی ئەوە قورئانە بەدەستمەوەیە، بەڕۆژشم، سوێندت بۆ دەخۆم کەس لێت ببیستێتەوە ئەمنیش لەگەڵ تۆ سجن دەکەن. ئەتۆ حجزت لەسەرە کەس ناتوانێ هیچت بۆ بکات هەتا لە بەغداوە بە کتابێک ڕەسمی لەسەرت لانەچێ. پشووت درێژ بێت، پەیمانت پێ دەدەم دوای تەواو بوونی ماوەیی حجزەکەت ئەوەی بکرێت بۆت دەکەم بەڵام ئیستا هیچم لەدەست نایە. زۆرم پێ مەرد بوو، خوا حافیزم لێکردوو ، ژوورەکەیم بە سوپاسە بەجێهێشت.

دوای تێکشکانی سوپای عێراق لە کوێت، ڕاپەڕین لە خواروووی عێراق بەرپا بوو

چەند ئەفسەرێکی شیعە کە ناویان ملازم هەمزە زابتی ئیعاشە، ملازم جاسم ئامر فەسیل بوو، سۆزیان بەلامدا جوولا بوو، بەر لەڕاپەڕین بەماوەیەکی کەم بردیانمە لای خۆیان لە حانوت دایان نام. جار جار بەناوی شت کڕینەوە شەوێکیان دەناردمەوە ماڵێ. کە لیوای ٩٧ ئەقلی نەجەف کرا، ئەمنیان لە خەلفی هێشتەوە و پەنایان دام، هەتا ناردیانمەوە بۆ ماڵێ بۆ ئەوەی ڕاکەم. ئەو ڕۆژەی هاتمەوە ٤- ٣ – ١٩٩١ بوو، لەخەبات تەقەبوو، ووتیان مەچۆ ناو

نۆردوگای لە بەیانیەوەوە تەقەیە چەند کەس کوژرا و بریندار هەیە. نەبادە شتێکت لێ بقەومێ . گوێم نەدایە کە هاتمەوە ماڵێ بەسەرهاتی ڕاپەڕینیان بۆ باسکردم، هێشتا ئێوارە بوو سەردانی چەند شوێنێکم کرد کە ڕووداوەکە لە نزیک وێ ڕوویدا بوو. هەتا بەیانی وەستام بە هیوای نەوەی شارەکانی تریش بگرێتەوە بەڵام هیچ خەبەر نەبوو، چونکا لە خواروی عێراق دەمێک بوو خەڵک ڕاپەڕی بوو. چوومەوە بۆ لای ملازم جاسم، ئەو ئاگای لەشت هەبوو بەڵام نەیدەوێرا دەری بڕێت. ڕادیۆنمان بەدزی کردەوە ٥ – ٣ لە رانیە ڕاپەڕین بوو. جارێکی تر ملازم جاسم ناردمیەوە ماڵێ، ئەوجا نەگەڕامەوە کەوتمە کۆکردنەوەی خەڵک و پەیدا کردنی چەک. هەتا ١١ – ٣ – ١٩٩١ ڕاپەڕین گەیشتە خەبات و هەموو دەزگاکانی میری بە شالاوی ڕکی پیرۆزی خەڵکی ڕاپەڕیوو پاکسازی کران.

پێنجەم دوای ڕاپەڕینی ١٩٩١ تا کۆنگرەی یەکگرتن

چاوەڕوانی و خۆئامادەکردن لە ٥ هەتا ١١ – ٣ – ١٩٩١

بۆ جاری دووەم ملازم جاسم ئیزنی دام بێمەوە ماڵێ، کاک قادری برام و کاک فەلامەرزی مولود ئاغای، کاک وەتمانی وسوی مام وەتمانی و کۆمەڵێک خزم و خەڵکی دەوروبەرم تێگەیاند کە دەبێت چەک پەیدا بکەین. تاقیبی کاک مەحموودی حاجی حەمە ڕەشیمان کرد کە بینێرینە لای برایمی کانەبی بۆ وەرگرتنی هەندێک چەک بەداخەوە کاک مەحمود لەماڵێ نەبوو، بەسەفەر ڕۆیشت بوو. دوایی ناچار بووین بەبێ ترس کاک قادری برام بنێرینە لای برایم ئاغای،

دوو کلاشنکۆفی دابۆیە بەلام ژمارەکانی نووسی بوو، ووت بووی دوایی دەبێ بۆم بهێننەوە. لەلایەکی تریش لەگەڵ ڕێکخستنەکان یەکتریمان دەناسی و ئاگاداری بەشداری کاک عومەر خەڵکی مام قاسمەی قەڵادزێ بووین کە بەنوێنەرایەتی حزب بەنهێنی پەیوەندی بە کۆمیتەی ئامادەکاری بەرەی کوردستانی کردبوو کە لە دوای ١١ – ٣ خۆیان ئاشکرا کرد.

ڕۆژ و کاتمان دەژمارد هەتا ڕاپەڕین دەگاتە هەولێر بۆ ئەوەی ئێمەش دەست بەکاربین

ئێوارەی ١٠ – ٣ بیرمان لە گەمارۆدانی قشلەی ناو ئۆردوگای کردەوە بۆ ئەوەی ڕێگا نەدەین ئەمنەکان بەسەلامەتی ڕزگاریان بێت. بەڵام خەڵکی ڕیش سپی و پیاو ماقوولێ یەک لەوان کاک حەمە سووری مینە عارەبی خەبەری بۆ ناردم ووتی نامانەوێت لە نێو ئۆردوگای خوێن جارێکی دیکە بڕژێ بۆیە واچاکە فشاریان نەخرێتە سەر با بۆ خۆیان چۆڵی بکەن. هەڵبەتە ١١ – ٣ کە بەیانیەکەی دەورەماندان، خەبەریان دایێ کەسی تێدا نەماوە لە چەکدارەکانی خزمانی هەرکی نەبێ. ئەویش کاک قادر لەڕێگای خزمەکانیان مانی کاک کەبیری خەبەری دانێ کە چۆڵی بکەن هەموویان بەبێ وەیی هاتنە خوارێ تەنها یەک کەنج نەبێت بیکەیسیەکی پێ بوو لەسەربانی مابوو. بانگم لێکرد وەرە خوارێ کەس نەماوە باشتێکت لێ نەقەومێ. ووتی ئەگەر چەکم بکەن نایەمە خوارێ. ووتمان وەرە خوارێ چەکەکە با بۆ خۆت بێت بیبەوە مانێ. پاشان هاتەخوارێ و مەخفەرەکە کاک قادری برام تۆند دەرگایەکەی گرت بۆ ئەوەی تالان چی نەچنە ناوێ. ووتی نایەڵم کەس بچێت هەتا نوێنەری بەرەی کوردستانی نەهێت تەسلیمی بکەم. دوایی ئەو لیژنەیەی بەرەی کوردستانی کە پێشتر بەنهێنی

دامەزرابوو خۆیان ئاشکراکردوو چوون دەستیان بەسەردا گرت بۆ ئەوەی تالان نەکرێ. یەک لەوان خوا لێی خۆش بێت کاک خالید سید وەسیمی بوو. هەر ئەو ڕۆژە دائیرەکانی کەڵەک کەوتە بەردەستی خەڵکی.

وەسبەینێ ئێمە دابەش بووین، چوار مقەرمان کردەوە لەکەڵەکی یاسیان ئاغای کۆن، دائیرەی ئەمنی کەڵەک، خانوویەک لە نێو ماڵی سەنگەسەریان و قوتابخانەیەک لە نێو ئۆردوگای خەبات کە لەگەڵ یەکیەتی هەریەکەمان لەلایەکیدا بووین.

بەداخەوە کاک لەتیف مەحمودە سووری کانی هەنجیرێ ١١ – ٣ لەسەر جادەی کەڵەک - موسڵ بریندار بوو. زوو دکتۆر و دەرمانمان بۆ دابین کرد برینەکەیان پێچا، شوکر سەلامەت بوو.

سوپاس بۆ خوای دەستمان بۆیەک پاتانی نەبرد، بەڵکو ڕێگریشمان کرد هەندێک ماڵە عەرەب لەکەلەکی خوارێ تالان بکرێن ١٢ – ٣ چووینە ناو خزم و کەسەکەیان خەبەرمان بۆ ناردن کە بگەڕینەوە ژیان و ماڵیان لەلایەن پێشمەرگەوە پارێزراو دەبێت. زۆریان پێ خۆش بوو، هەتا موختار هات لەبەر چاوی خەڵکەکە ماچی کردم، ووتی ئەوە بڕیاری تەندروستە. ووتم ئێستا ئەرکی ئێمەیە بیان پارێزین بۆ ئەوەی دڵنیا بن ئەگەر کورد دەسەڵاتی هەبێ هەموو گەل و نەتەوەکانی تر وەک کورد مامەڵە لەگەڵدا دەکات. با ئەو برا عەرەبانەش بڕێک حوکمی ئێمە ببینن، بزانن عادل دەبین لەگەڵیان یان نا.

کەسمان ئەزیەت نەدا لە مێر منداڵێکی کۆنە ئەمن نەبێت کە دوای ڕاپەڕین پەیوەندی بە حکومەت کردبۆوە و دەماچەشی لەلا بوو، ئەویش لەسەر داوای موختاری کەڵەکێ بە کەفالەت ئازادمان کرد. ئێمە وەک بەشێک لە عیبادەت تەماشای وەزعەکەمان دەکرد، ئەو شتەی دەست پێشمەرگەکانیش کەوتبا بە هی

شۆڕشیان دەزانی بەگوێرەی پێویست پێشمەرگەکان بەکاریان دەهێنا ئەگیان سەیارە و چەک تەسلیم بە بەرەی کوردستانی وەیا بەحزبمان کرد.

چەخماخەی ڕاپەڕین و پاکسازی [147]

بۆ هەموو ئەوانەی دەیانەوێ مێژووی ڕاپەڕین وەک خۆی تۆمارکەن، لەبەردەم خوا و میللەتەکەم بەهەر ١٠ پەنجەم بۆ مێژوو ئەم ڕاستیانە تۆمار دەکەم:
یەکەم: ٤ / ٣ چەخماخەی ڕاپەڕین لە خەبات دای و لە
٥ /٣ ڕامانێین و پاکسازی لە حاجیاوا و چوار قورنە و ڕانیە دەستی پێکرد.

دووەم: یەکەم شەهیدی ڕاپەڕین شەهیدان بەختیار هورێوەیی و لاوێکی دیبەگەیە بەداخەوە ناویم لە بیرکردووە.
سێیەم: یەکەم مەفرەزەی پێشمەرگە بەڕۆژێک بەر لەڕاپەڕین شەهید ڕزگار و محەمەدی مەلا مەحمود دێرێ چاوساغیان بوون لە تیتۆکە و کفرەدۆڵ جێگیرکرا بوون بەرپرسی پێشمەرگەکان (خوا لێیان خۆش بێت سابیر فەقێیانی کۆیە، موحسین بایز و مام هێمن) لەگەڵ چەند قارەمانێکی پشدەر، کۆیە و باڵەکایەتی بوون.

چوارەم: قەڵادزێ دەڤەری پشدەر و مەرگە ڕاگوێزرابوون ئەوکات پێیان دەووتن (منطقه المحرمه) واتا ناوچەی حەرام کراو بۆ ژیان. نابێ ئێستا پێیان بووترێ دەڤەری ڕاپەڕین چونکا ئەوکات تەنها لە(دەربەند، ڕانیە، سەرکەپکان تا چوارقورنە و حاجیاوا و شکارتەیە) لەسەر ئەرزی واقع مابوون.

[147] ئەو بابەتەم لەیادی ڕاپەڕینەکان لەساید و تۆزە کۆمەڵایەتیەکان بڵاو کردۆتەوە

پێنجەم: لە دوای شکستی شەڕی کەنداوی دووەم سوپای عێراق لە کوێت توانای لێبڕابوو، خەڵکی باشوور بەر لە کوردستان ڕاپەڕین. دوای ئەوەی سەدام مەزارگەکانی نەجەف و کەربەلای بە ساروخ وێران کرد ئەوجا جوڵە کەوتە کوردستان.

شەشەم: بەرەی کوردستانی سەرپەرشتی پێشمەرگەبوو، هیچ حزب و شەخسێک نە موهندس نە کرێکار نەبوو. میللەت بە پشتیوانی چەکدارەکانی ناو ڕژێم ڕاپەڕی ، پاش ٣ ڕۆژ ئەوجا خوا لێی خۆشبێت کاک ڕەسوڵ مامەند لە ٧ / ٣ وەک بەرپرسی یەکەمی بەرەی کوردستانی لەو دەڤەرە هاتە شاری ڕانیەی قارەمان.

حەوتەم: زۆربەی حزبەکان نامەیان بۆ مستەشار و ئامر مەفرەزەی چەکدارەکانی ناو ڕژێم ناردبوو لە ڕێگای ڕێکخستنە نهێنیەکان داوای ئامادەکاری و پشتیوانیان لێ کرابوو.

هەشتەم: بەر لە ڕاپەڕینی سلێمانی، دەربەندی بازیان هەتا چەمچەماڵ کەوتبووە ژێر دەستی مستەشارەکان و خەڵکی ڕاپەڕیوو ئەوجا ناو شار پاککرایەوە لە ئەمن و سەگ و تۆڵەکانی بەعس.

نۆیەم: هەموو خەڵک بەیەک دڵ و گیان ڕاپەڕین بە ئامانجی ژیانێکی نوێ بەڵام بەداخەوە تەنها پاتاڵخۆرەکان تێیدا سوودمەندبوون وە تەنها هەڵەوەرەکان مللەیانە تاپۆیکەن لەسەر خۆیان. هەوڵدەدەن وەک بیرە نەوتەکان میللەتی لێ بێبەری بکەن.

دەیەم: فەزڵی دانیشتوانی حەوزی بیتوێن، چوار قورنە و حاجیاوا لەسەر هەموانە بەتایبەت لەسەر خەڵکی قەڵادزێ و دەڤەری پشدەر چونکا ئەگەر ٥ / ٣ پاکسازی ڕانیە نەکرابا ئێستا دەبوو بۆ ئێسک و پڕوسکی دانیشتوانی ئۆردوگای

خەبات لە بیابانەکانی باشووری ڕۆژئاوای عێراق لەسەر سنووری سعودیە گەڕابایەن.

تکا لە مامۆستایانی بەڕێزی زانکۆی ڕاپەڕین دەکەم ئەو دە خاڵە بەهێنند وەرگرن و دیراسەی لەسەر بکەن و بیکەنە وانە و جیلی نوێی بەڕاستگۆیی پێ پەروەردە بکەن

چوون بۆ کەرکوک و مانەوە شەوێک لە تەلاری پارێزگاردا

سەیارەیەکی میسێۆبوشی دەبڵ کابینەی سەربازی دەست کاک بەهروزی جوامیری و کاک حەسەنی مام ئەحمەدی و کاک عەبدوڵای حەمە تورەی کەوتبوو. ووتیان دەبێ بچین بۆ کەرکوک لە مەعسکەر خالید شەرە. ئێوارە چووین بۆ کەرکوک سەردانی پارێزگامان کرد مامۆستا عەبدوڵامان بینی لەوێ ووتی شەوێ لێرە بمێننەوە لەوانەیە کاکە حەمە و ئەوانیش بگەڕێنەوە ئێرە بۆ پشوو دان. پێشمەرگەکان هەندێک بەنزینیان بە قوتووی تەنەکە لە تانکیەکانی شەریکەی نەوتی هەڵگیشا و لە سەیارەکەیان کرد. شەوێک ماینەوە هیچ شەڕ نەبوو. پێشمەرگە و خەڵکی ڕاپەڕیو چەند شەوێک پێشتر چەند جار پەلاماری سەربازگەی خالیدیان دابوو، بۆیان نەگیرا بوو. هیچ نەمابوو جگە لە تەقەی دوورا و دوور لە یەکتر کردن. ئێمە گەڕاینەوە خەبات. خەریکی ڕێکخستن و کاروباری خەڵک بووین.

سەردانمان بۆ ڕانیە و هاتنی کاک ڕەسوڵ بۆ دارەتوو و خەبات

دوای هێورببوونەوەی هەڵچوونەکە لەسەر بڕیاری برادەرانی خەبات سەیارەیەکی کرۆلام بۆ ڕانیە برد بیدەم بە مەکتەبی سیاسی بەتایبەتی سکرتێری حزب [148] هەرچەندە خۆشحاڵ یا سوپاسگوزار نەبوون، ووتیان ڕازی نابین بەناوی ئێمەوە سەیارە لەخەڵکی بسەندرێ، کەسێک هەر دەبێت ئێمە سواری سەیارەی بکات. یەکێک لە خزمان کە لەوێ بوو قسەکانی کاک ڕەسوڵی پێ خۆش نەبوو.

پاشان کاک ڕەسوڵ خۆی ئامادەکرد لەگەڵمان هات لە ڕێگا لایدایە ماڵی کەسایەتیەکی ناسراو لە کۆیە. دوایی ئەوە چووین بۆ دارەتوو بۆ ماڵێ مامۆستا مەلا محەمەدی دەڵگەیی، خەڵکێکی زۆر کۆبوونەوە ووتارێکی پێشکەش کردن. یەک لەقسەکان ووتی (دەبێ ئێمە هەتا دەمرین سوپاسی خوا و میللەتی خۆمان بکەین کە ڕاپەڕین ڕووبدا ئەگینا ئەستەم بوو ئێمە ئاوا بە هاسانی بگەینەوە ناو میللەتی خۆمان لێرە لە هەولێر و لەشارەکانی تر بە خزم و کەس و کاری خۆما شاد بووباینەوە).

پاشان کاک ڕەسوڵ ڕایسپاردم کە پێشتر بگەڕێمەوە بۆ خەبات و ئامادە باشی بکەم بۆ نانی ئێوارێ بۆ خەڵکەکەی کە لەگەڵیدا بوون. ووتی بچۆ ماڵی (کاک حەمە سووری مینە عارەبی و کاک حەوێزی مام بەکری قەساب) خەبەریان بدەیە کە ئێمە بۆ شەوێ لەگەڵ جەماعەت میوانی ئەوان دەبین. لە شەقامی گشتی

---

[148] کرۆلایەک لەسەر شەقامی گشتی خەڵکی مەدەنی لە نەفسەرێکی عێراقیان سەندبوو، بردمان بۆ ڕانیە بیکەینە دیاری مەکتەب سیاسی یا کاک ڕەسول. ئەویش لەدوایدا دەرکەوت کە هی کوری یەکێک لەسەرۆک عەشیرەتەکانە (ع . س) مامۆستا سەعد لە هەولێر بۆی ناردنەوە.

پێشمەرگەمان دانا بۆ پێشوازی بەڵام ئەمن زۆر ماندوو بووم، چوومەوە ماڵێ خۆمان نانم خوارد شەوێ نەچووم بۆ هیچ کام لەو ماڵانە.

بەرگری پیرۆز بەر لە کۆڕەو

لە ١١- ٣ - ١٩٩١ تا ٣٠ -- ٣ --١٩٩١ کۆڕەوەکە، هێزێکی گورز وەشێن و تۆکمەمان پێک هێنابوو، جگە لەو پێشمەرگانەی کە لە مقەرەکانی کەلەکی یاسین ئاغا و دائیرەی ئەمنی کەلەک دامەزرابوون. دۆشکەیەکی ١٢,٥ ملیم مان لەسەر میسیۆبوشیە دەبڵ کابینە سەربازیەکە دابەست بوو. شەوانە کەمین و سەیتەرەمان دەردەکرد. کۆمەڵێکیشمان چالاک کردبوو لەگەڵ لیژنەی بەرەی کوردستانی خەبات. دەتوانم بڵێم لە هەموو حزبەکان تۆکمەتر، ڕێکخستنی بەهێزتر، بارەگا و پێشمەرگەمان زیاتر بوو. تەنها مقەری بەعس لەدەست کاک محەمەد نەجار سەر بە پارتی دابوو، مەخفەرەکەش لەبەر دەستی بەردا بوو، ئەگینا لە هەموو شوێنێک ڕێکخستن و پێشمەرگەی ئێمە چالاک و ووشیارتر لە حزبەکانی تر بڵاو ببوونەوە. لە هەموولایەک چالاکیمان هەبوو.

چەند ڕۆژێک بەر لە کۆڕەوەکە

جموجوڵی سەربازی لەبەری خازری هەبوو، ڕۆژانەش تەیارە بە ئاسمانەوە دەبیندرا، ئێمەش لە چەندین لاوە ئاوە مەشقوڵمان دەکردن، دوور بەدوور بە دۆشکە هەراسانمان کردبوون. ڕۆژێکیان لەسەر جادەی گشتی هەلیکۆپتەرێکی سەمتیمان لێ پەیدابوو، لە دوورەوە بەڕاکێت لێیداین، ووبستی دۆشکەی سەر سەیارەکە بپێکێ بەڵام لەبەر سەقفی خانوویەکی کۆنکرێت بەری نەکەوت، شەهید ڕزگار کەبەسەر دۆشکەکەوە بوو بای ڕاکێتەکە هەڵیدا، خوا ڕەحمی پێکرد

پارچەی بەرنەکەوت و بریندار نەبوو. خێرا وەک شێران هەستایەوە و شوێنی سەیارەکەی گواستەوە بەبێ ئەوەی بشێوێت. هەموومان سوپاس گوزاری خوای بووین کە سەلامەت دەرچووین بەتایبەت لە خەمی کاک ڕزگاریدا بووین.
لە کەلەکێ لەسەر شا ڕێگای هەولێر – موسڵ سەیتەرەمان دانابوو بەناوی بەرەی کوردستانیەوە قسەمان دەکرد بەبێ ئەوەی یەک پێشمەرگەی هیچ حزبێکی دیکەمان لەگەڵ بێت جگە لە برادەرانی سۆشیالیست. یارمەتیەکی زۆری خێزانە ئاوارەکانمان دا، سەیارەمان بۆ ژن و منداڵەکان ڕاگرت و سوارمان دەکردن بۆ کوێ دەچن ئازادن. بەڵام داوامان لە پیاوە چەکدارەکان دەکرد کە لەگەڵمان بمێننەوە و بەرگری بکەن. وا بزانم هەڵوێست و بەرگریکردنەکەمان لە نێو خەڵکی دەنگی دابۆوە بۆیە خەڵک زۆر خۆشەویستی و سۆزی خۆیان بۆ دەردەبڕین.

ئەو ڕۆژەی کە هەولێر گیرابۆوە ئێمە لە خەبات لەگەرمەی بەرگری و خۆراگریدابووین

بەیانی زوو پێشمەرگەیەک هات بۆ لامان ووتی پیاوێک بەناوی کاک (.....) فەڕاشی کۆنی خەستەخانی قەڵادزێ لە هەولێر هاتۆتەوە و پڕوپاگەندەی بڵاوکردۆتەوە ووتوویەتی لە ناو هەولێر دەبابەم دیووە سوڕاوەتەوە. ترس و دڵە ڕاوکێی لە نێو خەڵکیدا بڵاوکردۆتەوە. ئێمەش زۆرمان پێ ناخۆش بوو، بۆیە ووتم نەگەر بە ماڵەکەی دەزانن با بچین. چووین کابرامان بینی نەوەی بینی بووی بۆی گێڕاینەوە بەڵام ئێمە بڕوامان پێ نەکرد چونکا دەمانزانی کە پێشتر کارمەندی حکومەت بووە و جەیشی نا شەعبی بووە. هەندێک ئامۆژگاری و وورده هەڕەشەیەکمان لێکرد کەواز لەو قسانە بێنێت چیدی باسی نەکات ئەگینا لێی قبووڵ ناکەین. کابرا بەترسەوە ووتی باشە، بەس ئێوە نەوجارەی بمبوورن کەس هیچم لێ نابیستێ. دەوربەری نیوەڕۆ بوو پێشمەرگەیەکی تر هات ووتی دەزانی لەدوێنێ شەوێوە پێشمەرگەکانی یەکیەتی و پارتی ئێرەیان چۆڵ کردووە لە ئێمە

زیاتر کەسی لێ نەماوە. ووتم هیچ نیە ئێمە دەتوانین خۆراگری بکەین هەتا شەوێ بزانین چ ڕوو دەدات. کە ئێوارە داهات بە سەیارە بەرەو هەولێر بەڕێ کەوتین بۆ تاقیبی ئەو خەبەر و باسە، لەبەر ئەوەی هیچ جیهاز و هۆکاری پەیوەندیمان لەگەڵدا نەبوو. لە دووڕیانی ئۆردوگای جەدیدە خەڵک بە پێڕەو لە هەولێرەوە بەرە و ڕوومان دەهاتن دەستیان لێ ڕاگرتین. ووتمان چ باسە؟ ووتیان ئێمە لە ڕێگای عەنکاوە دەرچووین بەترس و لەرزێکی زۆر توانیوومانە بگەینە ئێرە. ووتمان بۆ چی، چ ڕوویداوە؟ ووتیان لەبەیانیەوە هەولێر گیراوە. ئێمەش کە دڵنیا بووین گەڕاینەوە بۆ لای برادەرەکانی خۆمان لە خەبات و کۆبوونەوەیەکی بەپەلەی سەرپێیمان کرد ووتمان کێ شارەزایە چۆن لەو نێوەندەی دەربازبین. ووتیان غەمت نەبێت بە ڕێگای کەورگۆسکیدا دەڕۆین لە ڕێگایە لادەدەین بەرە و شاخۆلان لەوێوە بۆ بن لۆفەکانی مەسیفی. ووتم شارەزان ووتیان بەڵێ. هێشتا ڕووناکیمان بەتەواوەتی لێدانەهاتبوو گەیشتینە بن لۆفەکان. بەڵام بەر لەوە یەکێک لە سەیارەکان کلاجی سووتا ناچار بووین بە پشتێندەکانمان بە سەیارەکەی تر ڕایکێشین بە هەر شێوەیەک بێت لە هەوراز و لۆفەکانی مەسیف سەرمان خست، تا گەیشتینە سەرێ هەتاو هەڵات. تووشی مامۆستا سەعد مەلا عەبدوڵا بەرپرسی لقی هەولێر حزبی سۆشیالیستی کوردستان بووین. یەک بەیەک لەباوەشی گرتین و داوای لێبووردنی لێکردین کە باروزرووفەکە هێندە سەخت بووە نەیتوانیوە کەس بنێرێ بۆڵامان بۆ ئەوەی ئاگادارمان بکاتەوە کە بکشێینەوە. زۆر خۆی بەشەرمەزار زانی. هەر لەوێ کاک کۆسرەت ڕەسوڵیشمان بینی. زۆربان پێ خۆش بوو بەسەڵامەتی ڕزگار بووین. ئەوجا بەڕێکەوتین بۆ ڕانیە.

بردنی نان لە حاجیاوایەوا بۆ مەسیف

وە سەبینێ ئێمەیان ڕاسپارد کە لەگەڵ کاک بەهروزی جوامێری سەنگەسەری و خوا لێخۆش بێت کاک موحسین بایز، ئەو نانەی کە لە حاجیاوایە لە ماڵان کۆکرابۆوە بیبەین بۆ مەسیف سەلاحەدین. دوای گەیشتنمان خالە سەید کاکە پێشوازی لێکردین کە لەگەڵ پێشمەرگەیەکی زۆر بریاری بەرگری کردنیان دابوو. چونی ئێمە خۆشحاڵی کردن، نانەکەمان دانێ و تا ئێوارە لایان ماینەوە و دوایی گەڕاینەوە ڕانیە.

هاتنی سوپای عێراقی بۆ هیزۆپ

پێشمەرگە لە داری قەمتەران بەریان لەپێش ڕەوتی سوپای عێراق گرت. شایەنی باسە شەهید ڕزگار بەخۆی و دۆشکەکەی و ١١ یا ١٢ پێشمەرگە سەنگەری نەبەردی و خۆراگریان تۆمار کرد. شایەنی باسە ٢ لەو پێشمەرگانە کچ بوون. یەکێکیان کچی خوا لێ خۆشبێت مام ڕەسول چاوشینی قەسابە قەلادزێ ئەوی تر کچێکی کەرکوکی بوو کە بەداوای لێبووردنەوە ناوەکەیم لە بیر نیە. خۆزگە ناوی هەر ١٢ قارەمانم دەزانی لێرەدا تۆمارم دەکردن.

گەیاندنی هەندێک لە بریندارەکان بۆ سەردەشت

دوای گەیشتنی سوپای عێراقی بەهیزۆپ، بۆ ڕێگری کردن لە قەتل و عامی کویرانەی ڕژێم بە هەمان شێوەی خەستەخانەی سەدام لە کەرکوک. چووم سەردانی خەستەخانەی ڕانیەم کرد. سەرەتا بە عەرەبی بۆ سەربازە عەرەبە دیلە بریندارەکان، ئەوجا بەکوردی بۆ هەموان قسەم کرد و پێم ووتن ئەوە باروزروفەکەیە، ئێوە نازادن، کێ دەیەوێت بمێنێتەوە بۆ خۆی بەرپرسیارە لەوەی

بەسەریدێ چونکە کارەساتێکی ئاوا دڵتەزێن لە کەرکوک ڕووبداوە. ئێستا کێ دەیەوێت ئێمە بەڕێی دەکەین بۆ نەخۆشخانەی سەردەشت. هەموو زۆر سوپاسیان کردم. کارمەندێکی تەندروستی بەناوی کاک لوقمان زاوای مامۆستا وەهابی رانیە پەیدا کرد. داوام لێکرد کە لەگەڵمان بێت و هەندێک دەرمانی سەفەری و پێداویستی برین پێچی لەگەڵ خۆی هەڵگرێ. کاک خالید مەحمودی خدر ئاورەحمان بانەی پیکابێکێ پێ بوو، داوام لە ئەویش کرد کە هاوکاریمان کات لە سوار کردن و گواستنەوەی بریندارەکان. مامۆیان ئاوابێت خۆبەخشانە و پێشمەرگانە هەر دووکیان لەگەڵمان هاتن و ئەوەندەی توانیمان نەخۆشمان هەڵگرت و بەرە و دارەرەشمانە بەڕێکەوتین. لەوێش ڕێگا نەبوو، وولاخمان بۆ پەیدا کردن و (برگە) پسولەی ڕێگادانم بە فارسی بۆ نووسین.[149] هەروەها نامەیەکیشم بۆ کاک دکتۆر نیبراهیم میران لە نەخۆشخانەی سەردەشت نارد بۆ هاوکاری و سەرپەرشتی، مامۆیان ئاوا بێت ئەویش زۆر دڵسۆزانە هاوکاری کردبوون بۆ داخل کردنی خەستەخانە و هەتا بەڕێکردنی هەندێکیان بۆ نەخۆشخانەکانی تر. یەک لەو بریندارانە کاک فەلامەرزی مەولود ئاغای خوارزام[150]بوو کە دوای چارەسەر لەودیوی چاک بۆوە.

---

[149] ناوەڕۆکی بەرگەکە بە زمانی فارسی بریتی بوو لە (برادەرانی شۆڕشگێری ڕێگای کێلێ بێوارن سەر ڕێگای سەردەشت بە ئامانجی گەیاندنی ئەوبریندارانە بەنەخۆسخانە داوای هاوکاریتان لێ دەکەین) تکایە هاوکاری بفەرموون. مۆرێکی حزبی سۆشیالیستم بۆ لێدا.

[150] کاک فەلامەرز لە جادەی گشتی کەلەک لەدەمەقانەیەک لەگەڵ پێشمەرگەکانی یەکیەتی گونەیەکیان لەدەست دەرچوو بەر لاقی کەوت. شوکر سەلامەت بوو .

پەلاماردانی ڕەبیەکانی سەر چنارۆک

کاک ڕەسوڵ وەک ئەندامی سەرکردایەتی بەرەی کوردستانی سەرپەرشتی میحوەری بیتوێن، پشدەر و کۆیەی لە ئەستۆ بوو. بۆیە پێشمەرگە و هێزەکانی هەموو حزبەکانیان کۆکردەوە و بڕیاریاندا لە سەعاتی سفر پەلاماری ڕەبیەکانی سەری هەیبە سوڵتانی بدەن و لە حکومەتی وەرگرنەوە. ئێمە لەگەڵ هێزەکە تا داری قەمتەران ڕۆیشتین، چونکا لە هیزۆپ سوپای حکومەتی عێراقی لێ بوو. پێشمەرگەکان بە ڕێگای جیا جیا و بەروواکی بە ناو شیو و دۆلەکاندا بڵاو بوونەوە و بە پشتی هیزۆپیدا هەوڵیاندا خۆیان بگەیەننە ئەو شوێنانەی کە پێیان سپێردرابوو. وا بڕیار بوو کە لە ڕەبایەکانیاندا لە هیزۆپ و ناوچەکانی تریش پێشمەرگە پەلامار بدات. بەداخەوە لەبەر نەبوونی دیسپلینی سەربازی و ئیمکاناتی پێویست نەیان توانی هەموو ڕەبیەکان بگرن. هەندێک لە ڕەبیەکان دەستیان نەدا و چەند پێشمەرگەیەکی قارەمانیش شەهید بوون. هێزەکە لەگەڵ ئەوەیی کە چەندین ڕەبیەیان گرت و دەستی چاکیشیاان لە دووژمن وەشاند بەڵام هەر ئەو شەوە پاشەکشەیان پێکرا.

گەیاندنی کاک سابیر فەقێیانی بەبرینداری بۆ سەردەشت

کاک سابیر فەقێیانی (لاتە) لەگەڵ پێشمەرگەیەکی تر بریندار بوون، بەسەیرە بەرازیلیەکەی خۆی کە لەبەردەم پارێزگای هەولێر دەستی کەوتبوو گەیاندمانە کێلێ. بەڵام ڕێگاکە ئەوەندە گیرابوو بەخەڵکی دەبوو داوای هاوکاریمان کردبایە بۆ ئەوەی ڕێگامانەدەن. لە سالارا مێر مندالێکی میلی کلاشینکۆفی لێ هێنایناەوە ووتی ئەمن یەکیەتیم ڕێگا نادەم یەک کەس پێشە بڕەی بکات. بە قسەی خۆش چەندی لەگەڵمان کرد وەری نەگرت. پێمان ووت برام ئەوە بریندارە پێویستی بە

یارمەتیە، فلان کەسە، لەو گوێیەی نەچۆ نەو گوێیەی و هەرەشەی تەقە کردنی کرد نەگەر بچینە پێش. وەلا نەمنیش بەری چاوم تاریک داهات کە نەو هەموو تەعدایەم بینی چیتر خۆم پێنەگیرا لێم هەلکێشا دەمانچەی و کابرا بەکلاشینکۆفەوە ڕایکرد. هاواری کرد کاک مستەفا مەرگەی نەمن یەکیەتیم مامۆستا خالید سۆشیالیستە دەیەوێ بم کوژێ دەفریام وەرە. خەڵکەکە کۆبۆنەوە، دوای نەوەی تێم گەیاندن مەوزوعەکە چیە، نەوجا چەکەکەیان لەدەستی مێر منداڵەکەی دەرهێنا و تەکلیفیان لەمن کرد بیبووم. نەوجا کەوتنە پاڵنانی سەیارەکەی و ڕێگا بۆ کردنەوەی نەوەندی توانیمان بردمانە سەرێ. دوای ووڵاخمان بۆ پەیدا کردوو بە هەمان شێوەی بڕیندارەکانی تر بەرگە و نامەمان بۆ کردوو ڕەوانەی نەخۆشخانەی سەردەشتمان کرد.

لێژنەی کۆکردنەوەی چەک و مومتەلەکاتی گشتی:

بەبڕیاری سەرکردایەتی سیاسی بەرەی کوردستانی لێژنەیەکی باڵا پێک هات بۆ کۆکردنەوەی چەک و مومتەلەکاتی گشتی. ئیمە وەک نوێنەری حزبی سۆشیالیستی کوردستان، کاک عەلی قادری مام عەلی ڕانیە [151] نوێنەری پارتی. کاک عەبدوڵا سەنگەسەری نوێنەری یەکیەتی و کاک شەپۆل فەتحی نوێنەری حزبی شیوعی عێراقی. مەفرەزەیەکی هاوبەشمان پێک هێنا بۆ بەرگری کردن لە نەفەوتانی ممتەلەکاتی گشتی بە تایبەت ڕێگری کردن لە ئاوابوونی چەک و سەیارەی دەوڵەت بۆ سنوورەکان. لە هەموو سنوورەکانیش بازگەیەکی بەرە داندرابوو بەڵام ئیمە لە سنوور و ناوچەکە دەسوڕاینەوە. لە هەمان کاتدا حزبی سۆشیالیستی کوردستان کۆکردنەوەی چەک و ممتەلەکاتی حزبیشی هەر بە ئیمە

[151] کاک عەلی برای کاک سەرۆ قادر بوو.

سپاردبوو. ئەو ماوەیە زۆر بەگیانی بەرەیی و هەرەوەزی کارمان کرد، کەلوپەلەکان لیژنەکە وەکو بەرەی کوردستانی دابەشی کرد بەسەر بارەگای حزبەکاندا. تەنها لە بناری قەندیل نەبێت بە تاک لایەنانە نوێنەری حزبی شیوعی وویستی سەیارەیەکی کرۆلا لە پێشمەرگەیەکی بزووتنەوەی ئیسلامی بستێنێ، لە کاتێکدا کە ئارمی بزووتنەوەشی لێدابوو. ئێمە سەرکۆنەمان کرد لە دوایشدا بزووتنەوەی ئیسلامی بۆ خۆیان لەگەڵ حزبی شیوعی چارەسەری ئەو کێشەیەیان کرد.

لەو ماوەیە ئەرکمان زۆر بوو بەبێ ئەوەی هیچ ئیمکاناتی مادی لە بەردەستدا بێت. بە سواڵ و سەدەقە و قەرز لە دۆست و برادەران کارەکانم ڕادەپەڕاند. هەمووشی بەڕاپۆرت داومە بە سەرکردایەتی و مەکتەبی سیاسی حزبی سۆشیالیستی کوردستان. ئەوە نموونەی ڕاپۆرتێکە.

(۲)

٤

سوپاس بۆ خوا فیشەکێک، برغویەکی سەیارە بۆ شەخسی خۆمان وەیا بۆ بنەماڵەکانمان بە کار نەهاتووە. جگە لە تفەنگێک کە بۆ شانی خۆم پێویست بووە نەویشم پێ خۆش نەبووە بەڵام هیچ چارەی ترم نەبووە. لەوانەیە ئێستاش قەرزداری هەندێک لەو خۆبەخشانەبم کە هاوکاریان کردوین بەسەیارە یا بە بەنزین بە پێدانی کرێی تراکتۆر و سەیارە بۆ هات و چۆ و گواستنەوەی ئەو ممتەلەکاتانە.

ئەوەی زۆر شانازی پێوە دەکەم سەیارەیەکی کرۆلا کە وەک پشک لەگەڵ سەیارەی تر لە بەرەی کوردستانی بەر حزبی سۆشیالیستی کوردستان کەوت بوو، بەشێوەیەکی کاتی بۆ ڕاپەڕاندنی کارەکان بەکارمان دەهێنا. ڕۆژێکیان پیاوێکی ناوارەی کەرکوکی هات بۆ لام ووتی ئەو سەیارەیە هی منە لەکاتی ڕەوەکە لە سنووری کێڵێ بەجێمان هێشتووە. ووتم بەڵگەت چیە؟ ووتی نامەیەکم بۆ هێناون. کە سەیری نامەکەم کرد کاک ئەوزادی حاجی ئەحمەد حەمەدەمین کۆیی وەک دۆست و خزم بۆی نووسی بووم کە هاوکاری ئەو پیاوە لێقەوماوە بکەم. ئەمنیش ووتم بەسەر چاو، چی دەڵێی وادەکەین بەڵام سەنەوی سەیارەکەت لایە؟ ووتی بەڵێ فەرموو بەناو خۆمەوەیە. ئەگەر وای ووت. ووتم ئەوە سوبچەکان بەڵام برادەران قائیمەیان هەیە کە پاتریان بۆ سەیارەکە کڕیووە و چاکیان کردۆتەوە. ووتی ڕاست دەکەن پاتریەکەی مردبوو. ئێستا پارەم پێ نیە، ئەگەر سەیارەکەم بدەیەوە دەچم لە کەرکوک لە ماڵێ بۆتان دەهێنم و زۆر سوپاسیشتان دەکەم. هێنده سەر ڕاست بوو، بڕوام پێ کرد ووتم پێویست بە کەفیل ناکات فەرموو ئەوە سەیارەکەت برۆ کەی هاتیەوە وەرەوە ئەو پارەی مەسرەفە بۆ برادەران بگێڕە. ووتی بەسەر چاو بەدڵێکی پاک پاش یەک دوو ڕۆژ هاتەوە . ئەو چەند خۆشحاڵ بوو ئێمەش دە ئەوەندە.

سەردانی وەفدی ئەنیستیتۆی کوردی پاریس و بۆ کەلاوەکانی قەڵادزێ و دەفتەری سیاسی حزبی دیموکرات - ئێران

کاک بەختیار ئەمین و ملازم فوئاد لە ئەنیستیتۆی کوردی لە پاریس سەردانی ڕانیەیان کرد. برادەران داوایان لێکردم کە سەیارەیەک پەیدا بکەم و لەگەڵیان سەردانی قەڵادزێ بکەین و لەوێشەوە هاوڕێگاییان بکەین بۆ دەفتەری سیاسی حزبی دیموکرات بۆ لای شەهید دکتۆر سەعیدی شەرەفکەندی لە بناری قەندیل. دوای ئەوەی گەیشتینە قەڵادزێ ئەو هەموو کەلاوانەیان بینی هەزارەها پرسیاریان لەلا دروست بوو، دەبوو بەگوێرەی توانا وەڵامیان بدەمەوە. ئەوجا داوایان کرد هەندێک خەڵک بدوێنن بەڵکو هەندێک دیکۆمێنت دروست بکەن یا بەدەست بهێنن. یەک لەو خەڵکە کاک حسێنی حاجی عەلی مەلای فەرەج بوو کە لە منداڵیەوە تێکەڵاوی خێزانیمان هەیە. زۆر فیلمی دیکۆمێنتیان لەلا بوو کە بۆ خۆیان تۆماریان کردبوو لای کەس نەبوو. تەکلیفیان لێکردن کە بە ئەمانەت وێیان دەن کۆپیەکی لێبگرنەوە بۆ ئەوەی لەگەڵ خۆیان بیبەن بۆ دەرەوە. دوای ئەوەی بەڵێنمان پێدان، زۆر بە مەردانە بەبێ مقابل وەک کوردێکی زۆر دڵسۆز ڤیدیۆ کاسێتەکانیان تەسلیم کردین بەمەرجێک نەفەوتێن و دەستیان بکەونەوە.

ئێوارێ چووین بۆ بناری قەندیل. زۆر بەگەرمی پێشوازیان لێکردین. قسە و باسی زۆرمان کرد. دکتۆر سەعید هەزار ڕەحمەتی لێبێت کوڵمەکانی گەشابوونەوە و خەندەی لە لێوەکانی دەباری. بۆ مێژوو دەیگێڕمەوە لە نێو قسە و باسەکاندا ووتی (لەگەڵ ئەوەی لەگەڵ برادەرانی کۆمەڵە وێکمان هەڵنەدەکرد و ئەزیەتی یەکتریمان زۆردا بەڵام زۆر نیگەرانین بۆ ئەو بڕیارەی داویانە کەواز لە خەباتی چەکداری بهێنن و ڕوو لە هەندەران دەکەن. حەیفمان لەو هێزە لاوە خوێن گەرمە دێت کە ڕووی لە هەندەران کردووە. ئێستا ئامادەین هەموو هاوکاریەکیان بکەین

بۆ پاشگەز بوونەوە لەو بڕیارە وەیا دەست بەکاربوونەوەیان بە هەر شێوازێکی بۆ خۆیان بەگونجاوی دەزانن.....هتد)

بەیانی هاتینەوە ڕانیە و ئەوان چوون بۆ شەقڵاوە. بەداخەوە ئەو شەوە کاک بەختیار ئیمکاناتی بەردەست نەکەوت بوو کۆپیان بکەن بۆیە لەگەڵ خۆیان بردبوویان بۆ پاریس. ئەمنیش زۆر خۆم بەشەرمەزاری کاک حسێنی دەزانی. هەتا لە ڕێگای کاک عەدنان موفتی گلەیم پێگەیاندن لەبەرامبەر ئەوەی لەگەڵیاندا کردووم. پاشان کاک بەختیار نامەیەکی بۆ ناردم دوای داوای لێبووردن وادەی دامێ کە بۆم بنێرێتەوە بە سوپاسەوە.



هاوکاری کردنی هەر دووبالّی حزبی دیموکرات و لایەنەکانی تری ئۆپسیۆنی ئێرانی

لە دوای ڕاپەڕین حکومەتی ئێرانی لە ڕێگای تۆڕی خۆیانەوە کاری دەکرد بۆ نەزیەت دان یا دەرپەڕاندنی پێشمەرگەکانی ڕۆژهەلّات لەو مەقەر و شوێنانەی کە لە دیوی پشدەرێ و دەشتی بیتوێن هەیان بوو. ڕۆژانە خەلّکی ناوچەکەیان بەگژدا دەکردن، گێچەلّیان پێ بکەن، شەوانە تەقەیان لێ دەکرا یا هەوڵی دانانی لوغم و هەتا تیرۆرکردنیان دەدان.
کاک تەها کرمانج و کاک محەمەدی وەلد بەگی هەر دووکیان زۆر پەیوەندیان توند بوو لەگەلّمدا هەر ئیش و کارێکیان هەبایە ڕووبەرووی ئێمەیان دەکردەوە. ئێمەش زۆر بەدڵسۆزی دەمان پاراستن و لە هەر کوێیەک گرفتیان بۆ سازبایە شەوبا یا ڕۆژ دەفریایان دەکەوتین. زۆرمان هاوکاری کردن.
وەک بەرە لەچەند لیژنەدا بەشداریم کرد بۆ کڕینەوەی زەویزاری جوتیارەکانی سلّێ و بوڵێ و بناری قەندیل لە خاوەن زەویەکان و دوور خستنەوەی خەلّکی ناوچەکە لەبارەگاکانیان.
هەروەها لە دۆڵێ بە هەمان شێوە زۆر جار خەلکی نەناسراو هەوڵی شەڕ پێفرۆشتنیان دەدا.





ڕزگار کردنی کاک تەها کرمانج لە هەولێکی تیرۆرکران

هەڵخەڵەتاوێک کە هەر پێشمەرگەی خۆمان بوو، وویست بووی سوودی خراپ لە بارەگای ناوچەی ڕانیەوە وەرگرێت، کەنزیک بوو لە مقەری پەیوەندیەکانی کاک تەها کرمانج. کابرا بەر لە ئەنجام دانی ئەو تاوانە ووڕدانی ئازاری دابوو، هات بەترس و بەشەرمە بابەتەکەی بۆ باس کردم. لێم پرسی دڵنیای؟ ووتی بەڵێ. ووتم ئامادەی لەگەڵم بێی بۆلای حزبی دیموکرات؟ ووتی ئەگەر ئەتۆ زمانەتیم بکەی بەڵێ. لەگەڵ خۆم بردم بۆ لای کاک تەها کرمانج لەوێش بۆ دەفتەری سیاسی بۆ دۆڵێ، بە دوور و درێژی پلانەکەی بۆ باس کردن. کاک جەلیل عەفوی کرد لەبەر ئەوەی پەشیمان بۆتەوە و ئەو کارە گلاوەی ئەنجام نەداوە. ڕێزیشی لە هەڵوێستی ئێمە گرت کە هاوکاریمان کردوون. پاشماوەیەک کاک تەها هەزار ڕەحمەتی لێبێت بەسەفەر چوو بۆ تورکیا بە ئامانجی خۆ دوور خستنەوە و سەلامەت بوون بەداخەوە دوایی زۆر بەدرەنگەوە بیستمانەوە کە ئێران لە نێو خاکی تورکیادا دەستی لێوەشاندووە و تیرۆری کردووە.

پێشکەش کردنی ووتەیەک بۆ زابت و دەرەجەدارە دیلەکانی ڕانیە

کاک محەمەدی حاجی مەحمودی بەسەردان هات بوو بۆ ڕانیە. داوای لێکردم کە بچم قسە بۆ ئەو زابت و دەرەجەدارە دیلانە بکەم کە لە ڕانیە لەلای بەرەی کوردستانی بوو. کامیرەمانێکی لەگەڵ ناردم بۆ تۆمارکردنی ووتەکان. لە دوای پێگەیاندنی سڵاو و ڕێزی سەرکردایەتی سیاسی بەرەی کوردستانی پێیان، پێم ڕاگەیاندن کە هیچ دڵ تەنگ نەبن، ئەوان میوانن و ئەو پەڕی ڕێزیان لێ دەگرین. وە مژدەم دانێ کە دیالۆگ و دانوستان هەیە لە نێوان حکومەتی عێراقی و بەرەی کوردستانی. پێم ڕاگەیاندن کە انشا الله بە زووترین کات دەیان

نێرینەوە ناو مارْ و منداڵیان. لە دوایدا داوام لێکردن کێ پرسیارێک یا داواکارییەکی هەیە با بە ئازادی و بێ ترس بیکات. زۆریان دڵ پێ خۆش بوو بەڵام هەندێکیان نەیان دەویست لەبەر کامیرەکە قسە بکەن. لە گەشتێکی گفتوگۆ لەگەڵ حکومەت، وەفدی بەرەی کوردستانی هەموویانی ئازاد کرد و تەسلیم بە حکومەتی عێراقی کردنەوە.

لێژنەی تەنسیقی پارێزگای سلێمانی

وەفدی سەرکردایەتی سیاسی بەرەی کوردستانی چوون بۆ بەغدا، کاک ڕەسوڵ یەک لە ئەندامی وەفدەکە بوو. کاک دکتۆر مەحمود هاتەوە، لە ڕێگای مەرگە و دۆڵی جافەتی چووین بۆ لای ماوەت، پێنجوێن و هەڵەبجە سەر بە لقی سلێمانی. لە ماوەت بووین وەفدی بەرەی کوردستانی لەگەڵ بەغدا پێک هاتبوون کە بۆ شارەکان لێژنەی تەنسیق دابندرێ. بۆیە مامۆستا عەبدوڵا بۆ خەتی شارباژێر و شارەزوو، منیش بۆ خەتی پشدەر ڕانیە، دوکان و سلێمانی داندراین.

لەگەڵ نوێنەری پاسۆک مامۆستا فەرهاد، حزبی شیوعی (؟) و پارتی کاک (کەمال چاومار و جەمالی عومەر مڵۆزم) کۆبوونەوەمان کردوو و بڕیارماندا سەردانی قەڵاچوالان بکەین، چاومان بە کاک عومەر فەتاح ئەندامی مەکتەب سیاسی کەوت و داوامان لێکرد کە نوێنەری یەکیەتیمان پێ بناسێنێ بۆ ئەوەی بەرنامەی چوونە ناو شاری سلێمانی و چۆنیەتی پەیوەندی کردن بە پارێزگار دابڕێژین. کاک عومەر ووتی ئێوە بڕۆن نوێنەرەکەی ئێمە لە ناو شار پەیوەندیتان پێوە دەکات.

بەنوسراوێکی فەرمی لەڕێگای ئەزمر هاتینە ناو شاری سلێمانی. دوای پەیوەندی و هاموشۆکردن. نادی مهندسینیان بۆ دیاری کردین. لەوێ نوێنەری یەکیەتی کاک شێخ سالاری حەفید خۆی پێناساندین.
وەک یەک ستاف زۆر بەدڵسۆزی کەوتینە ڕێکخستنەوەی پەیوەندیەکان بەتایبەت دائیرەکان کە زۆر بێسەرەوبەرەبوون. دوای ماوەیەک پەیوەندیەکان زۆر فراوان بوون. ڕێکخستنی ناو شارەکانیش زۆر بەگەرم و گوڕی لە دەورەمان کۆبوونەوە. ڕۆژانە بە دوای چارەسەری کێشە و مەشاکیلی خەڵکەوەبووین. ئەوەی لە هەمووی سەیرتر ئێستاش کەس دینارێکی نەخستە بەردەستمان بۆ مەسرەف و هاتووچۆ. هەر خەڵکی خۆبەخش بەسەیارەکانی خۆیان دەیان هێنایە و دەیان بردین و هەر ڕۆژە لە ماڵێک نانمان دەخوارد. من و مامۆستا عەبدوڵا لە حزبەکەی خۆمان هیچمان نەخرابۆ بەردەست، لە بەرەی کوردستانی و حکومەتی عێراقیش هیچمان داوا نەکرد و کەسیش هیچی نەدایێ. ئاگامان لە باروزروفی ئەو برایانەی حزبەکانی تریش نیە، حزبەکانی خۆیان چی بۆ کردوون یا نا.

گواستنەوەی بایعی خۆراک لە بازیان و باینجانە بۆ سنووری بیتوێن

لەسەر داوای خەڵکی ڕاگوێزراوی دەڤەری پشدەر بۆ ئۆردوگاکانی دەوروبەری سلێمانی کە لەگەڵ کۆڕەومکەی گەڕابوونەوە ناوچەکانی خۆیان، مەکتەب سیاسی نامەیەکی بە خوا لێی خۆشبێت کاک دکتۆر عزیز دا بۆ ناردم. لەنامەکە داوای کردبوو کە هەوڵبدەم بەڕێز دکتۆر نەجمەدین نەقشبەندی پارێزگاری ئەوسای سلێمانی ببینم و خراپی وەزعی خۆراکی خەڵکە گەڕاومکە بۆ قەڵادزێ و دەڤەری پشدەر بۆ باس بکەم. ئەوێ ڕۆژێ وابوو لەبەر ئەوەی ناوچەکە لە سنوری ئیداری

و خەریتە سڕابۆوە، هەموو شتێک پێویستی بەبڕیاری ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕشی بەعسیەکان (مجلس القیاده الثوره) بوو. بۆیە پارێزگار ووتی بە فەرمی هاسان نیە دەبێ موافەقەتی بۆ وەرگرین. لەگەڵ قائیممقام مرکز کاک هۆشەنگ هەورامی و بەشی ئیداره و مالیه و موادی خۆراک پارێزگای سلێمانی قسەمان کرد کە بەشێوازێکی ناڕاستەوخۆ بۆیان بگوازینەوە بۆ سنووری قەزانی ڕانیه و ئۆردوگای حاجیاوا و چوار قۆرنە بۆ ئەوەی خەڵکەکە لەوێوە بتوانن لێی سوود مەندبن.



بسم الله الرحمن الرحيم
الجمهوريه العراقيه
السليمانيه قضاء موجركز السليمانيه
((الاداره العامه))
العدد /
التاريخ / ١٩٩١
((وثيقه عدم المحكوميه))
يسمح لسياره المرقمه ( ) رقم محركها ( ) ورقم الشاصي ( ) لمالكها ( ) و بقودها السائق ( ) من سليمانيه الى ( ) ناقده المفعولها لمده (اسبوعين)
التاريخ الاصدار / ١٩٩١
قائمقام قضاء المركز

بردنی خانە حاجی بۆ سلێمانی

حزبەکانی تر سەرکردەکانیان هاتبوونەوە ناو شار بۆ ڕێکخستنەوەی کاروباری حزبی خۆیان، ڕێکخستنەکانی ناو شاری حزبی سۆشیالیستی کوردستان داوای ئەندامێکی مەکتەب سیاسی یا سەرکردیەتیان کرد بۆ سەرپەرشتی و ڕاپەڕاندنی کارەکانیان. ئەو بابەتەم لەگەڵ مەکتەب سیاسی باس کرد. کاک ڕەسوڵ نامەیەکی دامێ ووتی ببیە بۆ شەقڵاوە بزانە بۆچوونی کاک دکتۆر مەحمود و برادەران چیە لەو بارەوە. کاک دکتۆر زۆری پێ پەسند بوو. ووتی بەڵام پێم چاکە خانە حاجی نەچێت، لەبەر ئەوەی پێشینەی لە سلێمانی هەیە نەبادە بەخراپ بەسەرماندا بشکێتەوە. هاتمەوە ڕانیە بابەتەکەم بۆ کاک ڕەسول وەکو خۆی باسکرد. خانە حاجی هەستی بەشتەکرد، چونکە پێشتر خۆی ئامادەکردبوو کە ئەو بنێرن. خانە حاجی کەوتە قسەکردن لەگەڵ کاک ڕەسوڵ بەنابەدڵی ڕازی کرد کە دەبێت هەر ئەو بچێت. ووتیان باشە بەفەرمی داوا لە پارێزگار بکە.

چوومەوە سلێمانی لە ڕێگای کاک مەسعودی حاجی ئەحمەد ڕەشید کە ئەوکاتی سکرتێری پارێزگار بوو مەوعیدێکم لەگەڵ دکتۆر نەجمەدین نەقشبەندی ڕێکخست و بریاری حزبی سۆشیالیستی کوردستانم پێ ڕاگەیاند، کە دەمانەوێت مقەرێک بەڕەسمی بکەینەوە. ووتی کێ دێت لێرە دانیشێ. ووتم خانە حاجی. ووتی هەڤاڵ جوجەئە؟ ووتم بەڵێ. ووتی ئەوایان هەر نابێت، چونکا شارمان لێ تێک دەدات. ووتم ئێمە پێویستمان بە موافەقەتی ئێوە نیە کێ دابنێین تەنها وەک ڕەسمیات ووبستوومە ناگادارتان بکەینەوە. ووتی سەبرێکم لێبگرە بەرقیەیەک دەکەم بۆ بەغدا ناگاداریان دەکەم، بزانم ڕای ئەوان چیە؟ بەیانی وەڕەوە وەڵامت دەدەمەوە. بەیانی چوومەوە ووتی لە بەغدا خۆشحاڵ نین بەهاتنی ئەو کابرایە، کێ دێت با بێت بەڵام با ئەو نەبێت. ووتم خوا حافیز. ووتی ڕاوەستا برام با تەگبیرێکی لێ بکەین. ووتم چیت پێ باشە وا بکە. ئەو دێت و چەند وەختە پێشمەرگە لەشارەکانە موافەقەتی حکومەتیان وەرنەگرتووە هەتا ئێستا پێویست بکات.

ووتی باشە بارێک کەوین لەسەر شێوازی هاتنەکەی و ژمارەی نەو پێشمەرگانەی لەگەڵیدا دەبن. ووتم باشە. ووتی لە دوو سەیارە و ١٠ پێشمەرگە زیاتری لەگەڵیدا نەبێت. ووتم زۆرباشە. نووسراوێکی فەرمیم لێوەرگرت.

نەوجا دەستێکم کەوتە نەم لاو دەستەکەی تر بۆ لاکەی تر! چونکا نە پارەم پێیە نەسەیارە، چۆنیان بهێنم؟ نازانم! کاک مستەفای حەمە ئاغای (کەپتان) م بینی ووتی هاسانە، سۆپەرەکەی من بەرە و لەوێشڕا سەیارەیەک بهێنە. بەسەیارەکەی نەو هاتم بۆ رانیە، بەرازیلیەکی بەرهەمی کاک مستەفا ئاغای بەری مەرگەیان پەیدا کرد. وەسبەینێ بەرێکەوتین بەرە و سلێمانی. نەو ماوەیە زۆرکاری باشمان بەیەکەوە بۆ خەڵک کرد. یەک لەوان ڕاگرتنی تۆپبارانی ناو شاری سلێمانی و دەرمان کردنی بریندارەکان و هێورکردنەوەی بارووزوفەکەی کە لە دوای ڕاپەڕینی دووەم لە نێو شارەکاندا خوڵقا.

ڕاپەڕینی دووەم لە ناو شارەکانی سلێمانی و هەولێر

حکومەتی عێراقی لەگەڵ نەوەی دەیووسیت بارووزوفەکەی بۆ هێور ببێتەوە لەهەمان کاتدا پلانی ستراتیجی خۆیان نەگۆڕی بوو بۆ نەوەی جارێکی تر کۆنترۆڵی خەڵکی ناو شارەکان بکەنەوە. بۆیە دەیان وویست سام و ترسیان لەسەر شارەکان هەر بمێنێ. زۆربەی فولکەکان کیسە گڵ و ڕەبایەی سەربازیان دانابوو. چەند جار لە لیژنەی نەمنی و پارێزگار باسمان کرد کە خەڵکی سلێمانی هەستیاریان هەیە بەرامبەر نەو دیمەنانە بۆ خۆیان باشترە لای بەن بەڵام بەگوێیان نەکردین.

هەتا ڕۆژێک منداڵ و مەزن لەسەر شەقامەکان لێیان هاتنەدەست و شاربەدەریان کردن. بۆ مێژوو دەیلێم تەنها یەک دەبابە پێشمەرگەیەک بەناوی سەرگوڵ تەقەی لێکرد نەگیان نەوانیتر هەموو منداڵ دەستی بەسەرداگرتن یا بە مۆلۆتۆف سوتاندنی. دەست بەجێ لەگەڵ خاڵە حاجی بە تاکسیەک خۆمان گەیاندە باغی بەختیاری بۆ ڕاگرتنی بۆردومانی شاری سلێمانی. کە گەیشتین ملازم عومەر و مام ڕۆستەم لەوێ بوون.

بەڕێوەبەری نەمن ڕووی تێکردم ووتی ئێستا سەیارە ئۆزمۆبیلەکەی خۆم بەدواتاندا نارد نەتان بینیووە؟ ووتم کێ ئاگای لەکێیە، ئێستا لەوانەیە منداڵ لێیان ستاندبن. ووتی جا چۆن دەبێت؟ ووتم نازانم. ووتی ئەگەر وابێ ئەمنیش دەتوانم تۆ گل بدەمەوە هەتا بۆم نەهێنەوە ئازادت نەکەم. ووتم ناتوانی. چونکە وەفدمان لەبەغدایە و ئەمنیش بەفەرمی بە ئیجازەی خۆتان لێرەم. تۆ کەست ئاگادار نەکردووە و لەو تۆپ بارانە سەیارەت ناردووە خوا دەزانێ چی بەسەر هاتووە.

ئەوجا دکتۆر نەجمەدین کەوتە گلەیی ووتی دوو ڕۆژ لێرە نەبووم چیتان بەسەر ئەو شارەدا هێنا؟ ووتم خەتای خۆتان بوو. پێشتر ئاگادارمان کردبوون کە خەڵکی ئەو شارە ئەو وەزعە داسەپاوەیی پێ قبووڵ ناکرێ ئێوە گوێتان نەگرت. دوایی مشت و مڕێکی زۆر لەسەر هێورکردنەوەی باروزروفی ناو سلێمانی ڕێک کەوتین و تۆپ بارانیان ڕاگرت.

ئەوجا گەڕاینەوە ناو شار بەرە و خەستەخانە ڕۆیشتین و کەوتینە هەوڵی پەیدا کردنی سەرۆکی تەندروستی سلێمانی، دکتۆر و دەرمان بۆ بریندارەکان. لەلایەک کارەبا نەبوو، دەبوو مولیدە پەیدا بکەین. لەلایەک قەرەبالغیەکە ئەوەندە زۆر بوو، بڕین پێچ و دکتۆرەکان پێ ڕانەدەگەیشتن. ڕۆژێکی زۆر تاڵ و سەخت بوو بۆ ئێمە. لەگەڵ ئەوەش لەولا هێزی (ئاڕ ئاڕ) هەڵمەتی کێشانەوەی تالانکردنی

دائیرە حکومیەکان پانەدەوەستان. کەس گوێی لەکەس نەدەگرت. وەک شاری بێ خاوەن هەر کەس بۆ خۆی بوو.

کشانەوەی دام و دەزگاکانی حکومەتی عێراق لە ٣ پارێزگاکە

لە دوای پاپەڕینی دووەم خەڵکی چاوی کرایەوە و لە ناو شارەکان تەنگیان بە ئەمنەکان و پیاوانی ڕژێم هەڵچنی بوو. ڕژێم هێزەکانی خۆی پێ کۆنترۆڵ نەدەکرا بۆیە دائیرەکانی کێشایەوە بۆ کەرکوک و موصل. لەو ناوە بۆشایەکی ئیداری گەورە پەیدابوو. ئاواتی ڕژێم دروست بوونی ئاژاوە و شەڕی نێو خۆ بوو لەو ناوچانەدا.

هێشتا هەڵبژاردن نەکرابوو، ئێمە بیرمان لەوە کردەوە کە ئیدارەکانی نەکتیڤ بکەینەوە بۆ ڕای کردنی کاروباری ڕۆژانەی خەڵک. بۆ ئەو مەبەستە ئەم ڕاپۆرتەم پێشکەش بە سەرکردایەتی و مەکتەب سیاسی حزبی سۆشیالیستی کوردستان کرد.



٣

دوای پەیدابوونی بۆشایەکی زۆری ئیداری و کەم وکوڕی خۆراک، نەوت، دەرمان، ئاستی بژێوی ژیان نەوجا نەتەوە یەکگرتووەکان و ڕێکخراوی مرۆڤ دۆستیەکانی کە لە پشتی هێڵی ٣٦ زیاتر نەکتیڤ بوو. یەک لەو ڕێکخراوانە میدیکۆ ئنترناشانڵ و شێڵتەر بوو کە لە سنووری ڕانیە و قەڵادزێ هاتنە سەر خەت و ڕۆڵی مرۆڤ دۆستیان بینی، ئێمە زۆر هاوکاریمان کردن.

-

وەگەڕ خستنەوەی مایکرۆوەیڤ و دائیرەی پۆستی ڕانیە

دوای چەندین دانیشتن لەگەڵ کاک هاوار حەسەن جەلال بەڕێوەبەری دائیرەی پۆستی ڕانیە، دیراسەکردنی بە ووردی بۆ وەگەڕخستنەوەی مایکرۆوەیڤی ڕانیە، هەوڵماندا هەموو پێداویستی جیهازەکان لە بەڕێوەبەرایەتی سلێمانی دابین بکەین و کەم و کوڕی مادی و پێداویستیەکانی دائیرەکە و فەرمانبەرەکانی لە بودجەی حزب بە مەبلەغی زیاتر لە ٢٠ هەزار دیناری سویسڕی کە بۆ ئەو کات پارەیەکی زۆر زۆر بوو دابین بکەین. تەلەفۆنی ماڵان و دائیرەکان وەگەڕ بخەینەوە و کۆمەڵێک تەلەفۆنی دائیرەکانی ئەمن، ئیستخبارات، مخابەرات و ڕێکخراوی بەعس بەسەر بارەگای حزبەکان، ڕێکخراوە خێرخوازیەکان و کادیرانی پێشکەوتوو دابەش بکەین. [152]

[152] بۆ زانیاری هەتا حزبی سۆشیالیستی کوردستان ما بوو، لە سنووری ڕانیە لە ڕێگای بەندەوە پەیوەندی لەگەڵ دائیرەکان دەکرا بۆ ڕاییکردنی کاری پێشمەرگە و خەڵک.

بۆ/ بەڕێز خاڵە ڕەسوڵ

سڵاو و ڕێز لێتان گەرم

ئەرێز کاتی خۆی داوای خەتێکی تەلەفۆنم کرد بۆ عالی خۆمان
ئاگام نەما کاتێ نەبو ئێستا دەکاتەوە هەر بۆ ئەرشیف
ماوە خەتی تەلەفۆنەکە بەڵام بەتاڵ جا بێ بیستمان
خەتێکی هەیە دەتانەوێ هەر بۆ کوێ؟

کاوە محمد قادر
٢٤/١٠/٢٠٠٤

هەڵگری تێکۆشەر ماموستا خالە

سڵاوێکی تەنو ڕشکێنەرانە

تکایە بێ کێشە تەلەفونەکانی کەتبی سیاسی بەردەن بە کاوە
١٠/٢٠٠٤

مانگرتنەکان

لە زۆربەی شار و شارۆچکەکان مانگرتن و خەباتی شارستانی دەستی پێکرد بۆ باشترکردنی باروزروفی خەڵکی بەگشتی. لە ڕانیەش کۆمەڵێک چالاکوانی مەدەنی لەژێر سەرپەرشتی دکتۆر ڕێزان دەستیان دابۆ مانگرتن. ئێمە ڕۆژانە لە هاموشۆ دابووین بۆلایان وَ بار و زروفەکانمان تاوتوێ دەکردوو و داواکاری مانگرتوانمان دەگەیاند بەنەتەوە یەکگرتووەکان و جیهان لەڕێگای دەزگاکانی میدیکۆ ئینترناشانال [153] دوای ماوەیەک نەتەوە یەکگرتووەکان و ڕژێمی سەدام کەوتنە دانوستاند لەسەر بەرنامەی (نەوت بەرامبەر موادی خۆراک) دوای ئەوەی مانگرتنەکان ئامانجەکانی پێکا، لەسەر داوای نەتەوە یەکگرتووەکان و بریاری سەرکردایەتی سیاسی بەرەی کوردستانی ئێوارەیەک بەفەرمی بەربانگی ڕۆژووی سیاسیمان کرد و بەخواردنی سادە وەک سوب و شلەمانی کۆتایی بە مانگرتن هات.

میدیکۆ ئینتەرناشانالْ:

ڕێکخراوێکی خێرەومەندی ئەڵمانی بوو لە دوای بڕیای ٦٨٨ دیاری کردنی هێڵی ٣٦ بۆ پارێزگاری کردن لە لەبەین نەچوونی میللەتی کورد و ئاوارە نەبوونی، ئۆفیسان لە ڕانیە کردەوە. هاوکاری خۆراکی و پڕۆژەی بچوکی خێرەومەندی ئاوارەکانیان دەکرد. لە دیوی پشدەرێ بەجیا هەرێەک لە شێلتەر و میدیکۆ

---

[153] * (ڕانگ، لیزی، مقەدەست) لەبەر پرس و ستافی میدیکۆ ئینتەرناشنالْ بوون، ڕۆژانە پەیوەندیم لەگەڵیاندا هەبوو. بەتایبەت هەموو ئێوارەیەک لەڕێگای لیزی خانم هەوالْ باسی ناوچەکەمان دەگەیاند بە میدیاکانی نەڵمانیا و جیهان.

هاوکاری خەڵکی بێ ماڵ و حاڵیان دەکرد بۆ ئەوەی نوایەک بۆ خۆیان دروست بکەن و لەژێریدا بحەوێنەوە. بەرپرسەکەیان ڕاڵف بوو، خاتو لیزی ڕۆژنامەنووسی ئەڵمانی و مقەدەس هەڵگری جنسیەی ئەڵمانی بەڕەچەڵەک کوردی باکور لەگەڵ کۆمەڵێک لاوی چەپەکان کاروبارەکانیان ڕادەپەڕاند. ڕۆژانە بە خۆبەخش هاوکاری و ڕێکخستنی کارەکانیان لە ناوچەکە دەکرد. هەموو ئێوارەیەک ڕاپۆرتم دەدانێ لەسەر پێشێلکاریەکانی ڕژێم لە ناوچە کوردنیشینەکانی (ئەوەی ئێستا ناویان لێناوە ناوچەی کێشە لەسەر) وەک کەرکوک و خانەقین و شوێنەکانی تر. خاتو لیزی [154] دە یناردبۆ ڕادیۆن و و ڕاگەیاندنەکانی ئەڵمانیا و جیهان[155]

---

[154] لیزی خانمی کورد پەروەر بەداخەوە لە دواییدا ڕژێمی سەدام لە ناوچەی سەید سادق بە دەستی کوردی خۆفرۆش تیرۆری کرد.

[155] لە سەردانێکم بۆ بەرلین بە تەلەفۆن قسەمان لەگەڵ مقەدەس خاتوون کرد، بەداخەوە لەبەر کەمی کاتی من نەم توانی زیاتر بمێنمەوە و ببینم.

پرۆژەی نەوتی کوردستان

هەروەک کاک سەردار پشدەری لەلاپەڕەیی ٨٨ ی کتێبی پرۆژەی نەوتی کوردستان تیشکی خستۆتە سەر کە لە ٢٧ – ١١- ١٩٩١ لە بی بی سی لەندەن، پرۆژەکەی ڕاگەیاندوە و لە میدیاکان دەنگی دایەوە.

لە 8 - 12 - 1991 خێزانم نارده‌وە بۆ کوردستان و چەند نامەیەکم نارد بۆ بەڕێزان کاک مەسعود بارزانی و مام جەلال و کاک ڕەسوڵ مامەندو چەند نوسەرو هەندێ لەسەرەک عەشیرەتەکان و هەروەها نامەیەکی کراوەش بۆ گەلی کورد و جەماوەری ڕاپەڕیوی کوردستان نارد، بەڵام لەبەر ئەوەی کە بنکەکەی کاک ڕەسوڵ نزیک بوو لە ناوچەکەمانەوەو لەلایەکی تریشەوە بەپێی نۆبە سەرۆکایەتی بەرەی کوردستانی لەوکاتەدا لەدەست ئەواندابوو، وام بەباشزانی کە خێزانم لەگەڵ کوڕەکانمدا بنێرم بۆلای ئەو، بۆ ئەوەی نامەکانی بداتێ و ئەویش دابەشیانکات بەسەر بە بەرەی کوردستانیدا.

دوای گەیشتنی نامەکان لە ڕێکەوتی 10 - 12 - 1991 کاک ڕەسوڵ مامەند بە فاکس وەڵامی دامەوەو پێشوازی لە پرۆژەکە دەکرد، لە هەمان کاتدا سەرکردایەتی بەرەی کوردستانی سەرگەرمی گفتوگۆ و جێبەجێکردنی داخوازیەکانی سەدام بوون ؛ لە

لە ١٠ – ١٢ – ١٩٩١ خوا لێی خۆش بێت کاک ڕەسوڵ مامەند، نەوبەهار خان هاوژینی کاک سەردار پشدەری لە بارەگای مەکتەبی سیاسی لە ڕانیە پێناساندم. باسی پڕۆژەکەی بەووردی بۆ کردم. ڕایسپاردم کە نەوبەهار خان بەرم بۆ نێو مانگرتووەکان بۆ ئەوەی ئەو مژدە خۆشەیان پێ ڕابگەیەنێ.

کاتێک نەوبەهار خانم برد بۆلای مانگرتووەکان لە ڕانیە بۆ ئەوەی ئەو نامەیان بۆ بخوێنێتەوە کە کاک سەردار بەناوی پڕۆژەی نەوتی کوردستان ئاراستەی سەرکردایەتی سیاسی بەرەی کوردستانی و خەڵکی کوردستانی کردبوو. داوای لێکردم بە سوپاسەوە کە ئەگەر بکرێت لە بری ئەو بیخوێنمەوە. مانگرتووەکان زۆریان پێ خۆش بوو.

لە دوای گەرانەوەمان کاک ڕەسول بروسکەیەکی دامێ. ئێوارە دوای چاپکردنی، بردم بۆ خاتو لیزی بۆی فاکس کردین بۆ لەندەن بۆ کاک سەردار پشدەری.



00873/ 112 14 11

له/ رسول مامند

فرق ۳

بو/ برای بەریز کاك سەرداربشەری

۱۹۹۱/۱۲/۱۰

سلاویکی شۆرشگێرانە هیواماں خۆشی و سەرکەوتنتانە

۱ ـ ئەمرۆ خۆشکە بەهار خان هاتە لامان وناممکتانمان پی‌گەیشت (۰)

۲ ـ بەیانی مام جلال وکاك مەسعود دەبینین وکاکەدارتان دەکەینەوە ۰

۳ ـ هەموڵ ئەدەین جی لغانەکتاندا باس‌کراوە بەزیاد ەوە جی بەجێی بکەین (۰)

٤ ـ تکایە لەریکەی ئیم رقمە فاکسەوە بمزانە موام بەیوەند پیان لمگل بکەن ۰

٥ ـ ئەولیەهەی کە ئیوەو ئیمەو دلسۆزانی کەلەکمان ئیمتا هەولی بۆ دەدەن ئیمەری هەمیرو دانیشتوانی کورد ستانەلیەهیشاندانکاراند ا بەرزیان کردوتەوە لەسەر دەوای ئیمە ۰

٦ ـ ئەمەهار خان وئێمەری حزبەکان وبتاری رۆژنامەکمیان بۆ خەڵکەمان کرتوەکە خویند وە لەرانیـــــــەوە زۆر سودی هەیرو وەیان خۆشیـــــو (۰)

۷ ـ تکایە لە تاریخی حرکت وگەیشتتان بۆ لای زاخو وە گەڕانەوی میوانکان ئاکادارمان بکەرەوە بۆ ئەوەی تەدابیری بچیرست بکەین بۆ پێشوازی کردن لەئەمیرو رۆیەکەوە وئێمەی بچیرست بارێزراویت ۰

پێشوازیەکی گەورەی جەماوەری لە کاک سەردار پشدەری

لەگەڵ هێزێکی زۆر پێشوازیەکی گەورەمان لە کاک سەردار پشدەری کرد. وەک نوێنەری سکرتێری حزبی سۆشیالیستی کوردستان کەوتمە کارسانی بۆ کارەکانی. سەرەتا سەردانی کێڵگە نەوتیەکانمان کرد نەوجا لە هەموو شار و شارۆچکەیەک کۆڕ و سیمینارمان بۆ سازدا.

٥ – ١ – ١٩٩٢ بە هیمەتی کاک محەمەدی حاجی مەحمود و برادەرانی لقی سلێمانی لە هۆڵی ڕۆشنبیری سلێمانی کۆبوونەوەیەکی جەماوەری بەرفراوانمان بۆ سازکرد کە بەسەدان خەڵک بەگەرمی بەشداریان تێدا کرد. برادەرێکی ڕەوتی کۆمەنیست بە تۆندی تێبینی هەبوو، ووتی نامانەوێت (ئال پشدەر) دروست بێت. لەگەڵ خوا لێی خۆش بێت نەندازیار عەلی بۆسکانی هەردووکمان بەجیا زۆر بەڕێزەوە وەڵاماندایەوە. لە دوایشدا کاک سەردار لەلای خۆی داینا و بە نەوبش و بەخەڵکەکەشی ووت ڕێگری مەکەن لە پیادەبوونی پڕۆژەکە، نەمن نەسەرۆک عەشیرەتم نە سەرۆک حزب، کەی تەواو بوو، گولەیەکم بەسەرییەوە بنێن و بمکوژن با پڕۆژەکە ببێ بەهی خەڵک. نەمن دوو کوڕم هەیە، هێندەم سامان هەیە کە پێویستیان بەوەی نەبێ دوایی یارمەتیان بدەن یا چاویان لە پارەی نەوتەکەی بێت.

٧ -١ – ١٩٩٢ لە دوای سەردانی بیرە نەوتەکانی چەمچەماڵ، لە ناهەنگێکی قوتابخانەیەکی چەمچەماڵ باسی پڕۆژەکەی بۆ قوتابیان و خەڵکی ناوچەکە کرد.

٩ – ١ – ١٩٩٢ بە هاوکاری مامۆستا جەعفەر خوشکەزای کاک سەید کاکە و برادەرانی لقی هەولێر چەند کۆڕ و سیمینارێک ڕێکخرا.

١٤ — ١ — ١٩٩٢ بەبەشداری دەیان مامۆستای زانکۆ، یاساناس، ڕۆشنبیر و سیاسیەت مەداران سیمینارێکیان بۆ لە هۆڵی کۆلیژی یاسا لە زانکۆی سەلاحەدین سازدا، زۆر بەووردی لەڕووی یاساییەوە تاوتوێی پڕۆژەکەیان کرد. دکتۆر سەعد بەرزنجی، دکتۆر خورشید ڕەواندزی، دکتۆر حەمە سالح بەرزنجی، بەڕێز دکتۆر تەها بابان عەمیدی کۆلیجی ئەندازیاری و چەند مامۆستا و ڕۆشنبیر و ئەندازیارێک زۆر بەگەرمی پێشوازیان لە پڕۆژەکە کرد و گفتوگۆی چڕوپڕیان لەسەر دامەزراند.

سەردانی سەرۆک بارزانی:

یەکیەتی و پارتی بە هیچ شێوەیەک لە پڕۆژەکە نەدەهاتنە پێش و نەک هەر هاوکاریان نەدەکرد بەڵکو ئەگەر بۆیان کرابا پڕۆژەکەیان بەبێ ئەهمیەتی دەخستە بەرچاوی خەڵکی بۆیە پێویستی بە هەوڵی زۆرتر بوو بۆ بەدەست هێنانی پشتیوانی. بۆ ئەم مەبەستە لەگەڵ کاک سەردار و کاک حسێن حەمە سور ئاغای سەردانی مەکتەبی سیاسی پارتی دیموکراتی کوردستانمان کرد لە هاوینە هەواری سەلاحەدین. دوای نیوەڕۆ بوو، کاک سیداد بارزانی پێشوازی لێکردین، داوای دیداری کاک مەسعودمان کرد. ووتی باشە بەسەر چاو کاک دکتۆر مەحمودی لەلایە با هەستێ ئێوە دەبینێ.

بە هەڵمان زانی کاک دکتۆر مەحمودیش لە دانیشتنەکە بەشدار بێت بۆیە نامەیەکم بۆ کاک دکتۆر نووسی پێم ڕاگەیاندن کە ئێمە لێرەین بۆ ئەو مەبەستە و نەگەر دەکرێ تۆش لە دانیشتنەکە لەگەڵماندا بەشداربیە. بۆیە هێندەی نەبرد بانگیان کردین لە ژوورێکی بچووک کە تەنها کاک مەسعود و کاک دکتۆر مەحمودی لێدانیشت بوو. دوای ئەوەی بەگەرمی بەخێرهاتنی کردین کاک سەردار بەدوور و درێژی باسی پڕۆژەکەی بۆ کردن لە دواییدا بە کاک مەسعودی ووت: (لەلام نامۆ

نیە یەکیەتی ڕێگری لەو پڕۆژەیەیی بکەن لەبەر ئەوەی ئەمن تۆپ چی بووم لە شۆڕشی ئەیلول لەوانەیە جارێک لەجاران ئەزیەتیان لەدەست دی بم بەڵام پێم سەیرە کە برادەرانی پارتی بەتایبەت ئەوانەی لەندەن کە نەک هاوکارنین بەڵکو دژم بووەستن!)

کاک مەسعود ووتی هیچ ئاگام لێ نیە. کاک سەردار ووتی ئێستا ئەوە ئاگادارم کردی کەوایە فەرموو تەوجیهاتیان بدەیە با دژ نەبن. کاک مەسعود ووتی بەسەر چاو. هیچ وادەیەکی تری پێ نەدا جگە لەوەی کە ووتی لەگەڵ برادەرانی خۆمان و بەرەی کوردستانی زیاتر قسەی لێدەکەین،. پاش نزیکەی کاتژمێرێک ژوورەکەمان بەڕێزمووە بەجێ هێشت.

کاک حەمەی حاجی
ڕۆژی غەیبەکە و تامۆستا برزۆی عەلی هەژار و گەلێ دۆستی دیکەش.

تامۆستا خالید ئاسنگەر، سەردار پشدەری، کاک حەمەی حاجی مەحمود، حوسەینی
حەمە سور ئاغای پشدەری لە کۆتایی 1991 کە ئەو کاتە شۆسیالیست سەرۆکی
بەرەی کوردستانی بوو

دیداری کاک سەردار لەگەڵ مام جەلال لە ڕانیە:

مام جەلال لە ماڵی یەکێک لە کۆنە دۆستەکانی بوو لە ڕانیە، دوای ئەوەی کاک سەردار داوای لێکردبوو کەدەیەوێ ببینێ. وەڵامی دایەوە بابین. کاک سەردار لەگەڵ کۆمەڵێک لە خەڵکی و هەندێک مامۆستای زانکۆ چوو بۆ دیتنی. ئەمن بە پێویستم نەزانی بچم، چونکە لە کاک ڕەسوڵ بەرگوێم کەوت بوو، کە کاتێک باسی پڕۆژەکەی بۆ کرد بوو، هێندەی بەهێند وەرنەگرت بوو. تێبینی لەسەر کاک سەردار هەبوو بوو. لەبەر ئەوەی دەم زانی کە هیچ ئاکامی نابێ، بۆیە داوای لێبووردنم لە کاک سەرداری کرد، پێم ڕاگەیاند کە ناتوانم بەشداری لەو دیدارە لەگەڵدا بکەم.

هۆکارەکانی نەبوونی توانای سەرخستنی پڕۆژەکە

دوایی هەوڵ و ماندوو بوونێکی زۆر ، هاتووچۆ و مەسرەفێکی زۆر ، زۆر بەداخەوە نەمان توانی ئەو پڕۆژەیە سەرخەین، هۆکار زۆر بوون بەڵام بەڕای من هەندێک لە هۆکارەکان:

١- پڕۆژەکە وەک گەمەیەکی مخابەراتی نێو دەوڵەتی بۆ فشار خستنە سەر ڕژێمی عێراق دەهاتە بەرچاو، چونکا ئابلوقەی ئابووریان خستبۆ سەر عێراق، دەیان ووبست ملی پێکەچ کەن بۆ قبووڵ کردنی پڕۆژەی نەوت بەرامبەر خۆراکی نەتەوە یەکگرتووەکان.

٢- کاک سەردار هەندێک سەرمداوی یاسایی و نیو دەوڵەتی هەبوون نەێتوانی بوو جوان پێکیانەوە گرێدا، هەوڵیشی نەدەدا پرۆژەکە لەدەستی خۆی بێتە دەرێ و ببێ بە پرۆژەیەکی گشتی.

٣- سەردار پشدەری پێشمەرگەیەکی بریندارى شۆڕشی نەیلول بوو، نەو سەرمایەدارە نآسراوە نێو دەوڵەتیە نەبوو کە شارەزایی بازرگانی نەوت بێت. زۆرجار بۆمان پێشنیار کرد کە بیکاتە دامەزراوەیەکی خەڵکی بۆ نەوەی هەموو خەڵک بەهی خۆی بزانێ بەڵام نەیکرد لەبەر نەوەی متمانەی بەکەس نەبوو لەخۆی زیاتر.

٤- جگە لە کاک ڕەسوڵ مامەند و هەندێک لە برادەرانی سۆسیالیست زیاتر کەس پشتیوانی نەدەکرد. بەتایبەت یەکیەتی و پارتی کە هەردووکیان دوو زلهێزی ناوچەکە بوون، کاک سەرداریان قبووڵ نەبوو، لە نێو خۆشیاندا کۆک نەبوو لەسەر پرۆژەکە پێیان وەک خەون و خەیاڵ وابوو، بۆیە هیچ کۆمەگیان نەکرد.

٥- حکومەت و پەرلمان لە کوردستان نەبوو هەتا شەرعیەت بدات بە کاک سەرداری وەک نوێنەری نەوان لە پرۆژەکەی ڕابچێنێ. کاتێک کە دروست بوو، بوو بە پەنجا بە پەنجا بەهیچ شێوەیەک نە بەیەکەوە نە تاک تاک لەگەڵ کاک سەرداری نەهاتنە پێش و کاک سەرداریش نەیدەویست ڕیشی خۆیان تەسلیم بکات، هەندێک پەیوەندی و ژمارە و نەدرێسی بەنهێنی لای خۆی هێشتبۆوە نەیدەدا بەسەرۆکی حکومەت و پەرلمان کاتێک کەدیداری لەگەڵیان هەبوو، لەبەر نەبوونی متمانە بەهیچ کەس.

٦- ڕێگری یاسایی نێو دەوڵەتی و نەبوونی سیستەم ، بانک و مامەڵەنەکردنی جیهان بەفەرمی لەگەڵ نەو هەرێمە دانپێدا نەندراوە و کۆمەڵێک هۆکاری تریش

کە هەتا ئێستاش ڕێگرن لەبەر سەربەخۆیوونی هەرێم لە فرۆشتنی نەوتی خۆی بۆ خۆی.

٧- هەموو توانایەکمان خستە گەر بە ئامانجی ڕزگار کردنی میللەتەکەمان لە برسیەتی، نەبوونی و هەڵگرتنی فشاری ئابووری لەسەری، لەوە زیاترمان پێ نەکرا بەتایبەت دوای ئەوەی نەمان توانی بەشداری لە پەرلمان و حکومەتی هەرێم دا بکەین.

تێبینی:

١- کاک ڕەسوڵ زۆر بەجدی بە پێویستی دەزانی کە هەر پرۆژەیەک لەبەرژەوەندی خەڵکیدا بێت پشگیری بکەین. بەتایبەت پرۆژەیەکی ئاوا کە پێشمەرگەیەکی بریندارى وەک کاک سەردار کە کوڕی ڕەش و ڕووتە و خەڵکی ناوچەکەیە و هەموومان دەیناسین. بۆیە هانی ئێمەی دەدا کە زۆر بەجدی نەو پرۆژەیە بچێتە پێش. [156]

٢- لەدوای مانگی ٢ — ١٩٩٣ کە یەکگرتنەوەمان لەگەڵ یەکیەتی کرد، نامەیەکم بۆ کاک سەردار پشدەری نووسی کە بێتەوە کوردستان ئێستا بەشدارین لە حکومەت و پەرلمان لەوانەیە بتوانین لە ڕێگای کاک کۆسرەت سەرۆکی حکومەت لەگەڵ پارتی و یەکیەتی وەیا بە تەنها لەگەڵ یەکیەتی دانوستان بکەین بۆ

---

[156] دەی ووت (نەگەر ڕۆژناواییەکان بەڕاستیان بێت نەوت واتا ئابووری و بەدوایدا سوپایەک بۆ پارێزگاری لێکردنی و نەوجا دەوڵەت). وە (نەگەر گەمەیەکی مخابەراتی نێو دەوڵەتیش بێت بۆ فشار خستنە سەر عێراق بۆ دەرچوونی نەو خەڵکە لە نەبوونی و نابلوقەی ئابووری ناوخۆ و دەرەوە) هەر پێویستە پشتیوانی لێ بکەین و هاوکاری بکەین.

زیندوو کردنەوەی پرۆژەی نەوتی کوردستان و کردنی بە واقع. بەداخەوە کاک سەردار پێشنیارەکەی قبووڵ نەکرد بە مەعنەویاتێکی زۆر بەرزەوە وەڵامی دامەوە کە یەکیەتی و پارتی بەبێ ئەو هیچیان پێ ناکرێ وە ئێستا هەڵوێستی لە جاران بە هێزترە و گۆڕانی لە پرۆژەکەدا کردووە و هەر جێبەجێی دەکات. [157]

[157] لە هامش بۆی نووسی بووم کە ئاگاداری مامۆستا خورشید بکەم کە پرۆژەکەی حزبی پارێزگاریان ناردۆتەوە بۆ لای ئەو.

بۆبرای بەرێز خۆشەویستی هاوەڵم خالد
سلاوێکی گەرموگوڕ لە خۆتو مالو منداڵ
تیکڕای خزمو برادەران.
سڵاوی تایبەتی بۆ خاڵ محمد هەرمنەس و خاڵ
باسیر و خاڵ عەبدوڵڵا خاوەن هەرمنەس
و هاوەڵم جەبار و هاوەڵم هوشیار
بڕام نامەکانم بە وەستا گوێتێ. داستە بەرزو ئاسای
بەشی کراوە بڕام ئیسانیک بەشی ناکرێ
بەڵام نامەیەک کە سەرجاوەکان لێکەوانەی گرنگ و ترە
بەشی ناکرێ دەبێ بە ناچاری تەسلیم بین
بۆ ئیستێ بۆچاوەسەرکردنی بارێ ئابووری
کوردستان. نەوای نەوەستاوی دەرلیا داوە
بۆخوایە کامەرەکەی بڕام نەیان توانیوە
وەنا توانن هاوکاری بکەن کە پەیوەندیەکی
لەگەڵ کردەناوی تالۆکۆمپانیەی بڕام
لەنێوان یەکگرتووەکان چونکە وێبی بەڵێ
نەرخانەیەکی ئەم جیهانی ناکرێ



خەباتی مەدەنی

لە دوای ڕاپەڕینە میژوویەکەی بەهاری ١٩٩١ خەڵکی کوردستان هەوڵی دا بەڕێگای شارستانیانە و سەردەمیانە تەعبیری لەخواست و داواکاریەکانی بکات. بۆیە ماوەیەک بوو لە بەرامبەر دەست درێژیەکانی ڕژێم لە پشتی هێڵ ٣٦ و هەروەها فشاری ئابلوقەی ئابووری بۆ سەرهەڕێم لە هەموو شار و شارۆچکەکان بەتایبەت لە ڕانیە مانگرتن لە خواردن دەستی پێکرد. [158]

بۆ هەڵسەنگاندنی ئەم جۆرە خەباتە و بە ئاگاهێنانەوەی گەلەکەمان لە کاریگەری چالاکیە مەدەنیەکان و ڕاهێنانیان پێی دوو کۆڕی یەک بەدوای یەکمان لە قەڵادزێ و ڕانیە بەست. لەگەڵ کۆمەڵێک نووسەر، سیاسی، ڕۆشنبیری هەر دوو شارەکە بەدوور و درێژی کەم و کوڕی و ئاستەنگیەکانمان هەڵسەنگاند و تاوتوێی هەنگاوەکانی ئایندەمان بۆ ئەو جۆرە خەباتە سەردەمیە و چۆنیەتی خۆ لەگەڵ ڕاهێنانی کرد. بۆ ئەو مەبەستەش جگە لە هەڵواسینی پۆستەر و بانگەواز کردن لەگەڕەکەکان بە موکبەرە، ئەم حزب و ڕێکخراو دامەزراوانەشمان بە فەرمی داوەت کرد.

[158] پێشتر باسم کردووە کە مانگرتنەکان بەفەرمانی سەرکردایەتی سیاسی بەرەی کوردستانی بەبەرنامە کۆتاییان پێ هات لە دوای بەدەنگەوە هاتنی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ بەشێک لە داواکاریەکان و فشار خستنە سەر حکومەتی عێراق.

بڕیارەکان/

لە کاتژمێر (٢) دوا نیوەڕۆی ئەمڕۆ ١٥/ ١٢/ ١٩٩١ سەرۆکایەتی سازدەکەین بۆ ئاماژەدان خالید ئەحمەد (بە نیوەی ئامادەکردن و ئەنجامدانی) لە هۆڵی یەکێتی نوسەرانی کورد بۆ بەرامبەر پەرلەمانی کوردستان.

یەکێتی نوسەرانی کورد
کۆمیتەی ڕاپەڕین





نمایشی سەربازی سلێمانی

حزبی سۆشیالیستی کوردستان هیچی خۆ پێ کەمتر نەبوو لە یەکیەتی و پارتی بەڵکو خۆی بە بەدیلی هەر دووکیان دەزانی، بە تایبەت لەو شوێنانەی کە دەستی لێ رۆیشتبا دەی وویست ووجودی خۆی بسەلمێنێ. بۆ ئەمەش لقی سلێمانی چەند سەربازگایەکی مەشق و ڕاهێنای پێشمەرگەی لە شارەزوور کردبۆوە، دوای تەواو بوونی خولی ڕاهێنان، نمایشێکی گەورەی وەک سوپایەکی مەشق پێکراوی بەبەرگی (یونی فۆرم) پێشمەرگایەتی ڕێکخست. سەکۆیەکی پشوازی لەلای حەسیب سالح بەرامبەر بە باغی گشتی ڕێکخست بوو بۆ دانیشتنی میوانەکان و ووتار خوێندنەوە.

ئێمەش لە ڕانیەوە لەگەڵ کاک ڕەسول و مامۆستا مەلا ناسیح چووین. مقەدەس خانم [159] لەگەڵ خۆمان برد بۆ سلێمانی. لەوێش ئەندامی ڕێکخراوە بیانیەکان بانگهێشت کرابوون. زیاتر لە هەزار پێشمەرگە بەچەکی جۆرا و جۆر بەشێوەیەکی زۆر نزامی نمایشێکی گەورەیان نواند کە بۆ ئەو کات هیوایەکی زۆر گەورە بوو بۆ ڕێکخستنی هێزی پێشمەرگەی کوردستان و توانای بەرگری کردن و خۆبەڕێوەبردن.

---

[159] مقەدەس خانم سەر بە حزبی سۆشیالیستی کوردستان باکور بوو (لە هەڤاڵانی کاک کەمال بۆرکای بوو)، هەڵگری پاسپۆرتی ئەلمانی بوو لە ستافی میدیکۆ ئینتەرناشنال کاری دەکرد.

ئەمن گوتم نەدەدا بەبالّ بالّێن و تەکەتوولات هەمیشە لەگەلّ کۆدەنگی و تەبایی نێو خۆدا بووم، بۆیە زۆر جار لەگەلّ کاک دکتۆر مەحمودیش بەشداریم دەکرد بۆ گەشتی قەلادزێ، سلێمانی، پێنجوین. چوارتا، هەڵەبجە و شوێنەکانی تر. ئەوە وتنەی یەک لە کۆڕەکانیەتی کە لەبەردەم بارەگای حزبی سۆسیالیست لەگردەکەی ڕزگاری بەستوویەتی [160]

هەروەها هەمیشە ڕاو سەرنجی خۆم ڕاستەوخۆ بێ پێچ و پەنا دەربڕیووە وە لە کۆبونەوەکان بەڕاشکاوی قسەی خۆمم کردووە وە زۆر جاریش بە ڕاپۆرت داومە بە مەکتەی سیاسی و سەرکردایەتی.

[160] کەنێستا ماڵی کاکە حەمە و مەقەرەکەی ئەوی لێرە.



کۆنفڕانسی یەکیەتی مامۆستایانی حزبی سۆشیالیستی کوردستان

حزبی سۆشیالیست بەر لە هەڵبژاردنی یەکیەتی مامۆستایانی کوردستان کۆنفڕانسێکی بۆ ڕێکخستنەکانی یەکیەتی مامۆستایانی حزب لە بارەگای مەکتەبی سیاسی حزبی سۆشیالیستی کوردستان لە ڕانیە سازکرد.
شایەنی باسە نزیەکەی ٢٠ مامۆستا لە هەموو لقەکان هات بوون، ماوەی ٢ ڕۆژی خایەند. زۆریان هەوڵ لەگەڵدام خۆم بۆ ئەندامی سکرتاریەت کاندید بکەم بەڵام قبوولّم نەکرد تەنها ڕۆڵی میواندار ی و تەشریفاتی کۆنفڕانسەکەم بەجدی بینی. بەڕێز مامۆستا شێرزاد مامۆستای زانکۆی هەولێر چەند مامۆستایەکی تری بەڕێز هەڵبژێردران بۆ دەستەی سکرتاریەتی یەکیەتی مامۆستایانی سۆشیالیست.
هەروەها لە کۆنفڕانسەکە پێشنیار کرا کە کاک دکتۆر مەحمود خۆی کاندید بکات بۆ ڕابەرایەتی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردستان. ئەو پەیامەش بەنووسراو و بەدەم گەیاندمە ناو کۆبوونەوەی ئەنجومەنی سەرکردایەتی حزب کە لە هەمان ئەو ڕۆژانەدا لە هەمان شوێن لە هۆڵێکی تر بەردەوام بوو. بەشداربوانی کۆبوونەوەی سەرکردایەتی لەوەڵامدا پێیان پەسند بوو، ووتیان ئێمەش هەمان بابەتمان تاوتوێ کردووە و بە پەسندی دەزانین.

هەڵبژاردنی سەندیکای یەکیەتی مامۆستایانی کوردستان:

لە کۆبوونەوەی سەرکردایەتی سیاسی بەرەی کوردستانی حزبەکان پێک هات بوون کە هەڵبژاردنی یەکیەتی مامۆستایان و چەند سەندیکایەکی تر بەر لە هەڵبژاردنی گشتی بۆ پەرلمان و ڕابەرایەتی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردستان ئەنجام بدرێ. بۆیە بەر لە هەڵبژاردنی گشتی بەپێی بەرنامەی بۆ دارێژراو لە هەموو کوردستان هەڵبژاردنی یەکیەتی مامۆستایانی کوردستان بەڕێوەچوو. بەر

ئەنجامەکەی بۆ ئیمە جێگای خۆشحاڵی نەبوو بەڵام مامۆستا شێرازاد و مامۆستایەکی تر چوونە سکرتاریەت یەکیەتی مامۆستایانی کوردستان.

هاوڕێگایی کردنی وەفدێکی باڵای حزبی سۆشیالیستی کوردستان بۆ تورکیا -

هێشتا بەرەی کوردستانی ووڵاتی بەڕێوە دەبرد، پەرلمان و حکومەتی هەرێم دانەمەزرابوو. حکومەتی تورکیا دەیووسیت سەرۆک و سکرتێری حزبە کوردستانیەکانی باشوور ببینێ و مامەڵەیان لەگەڵدا بکات. دوای ئەوەی کە یەکیەتی و پارتی ئۆفیسیان لە تورکیا کردبۆوە. کاک دکتۆر خێروڵا کە خەڵکی کەرکوک بوو وەک بەرپرسی پەیوەندیەکانی ئۆفیسی نوێنەرایەتی حزبی سۆشیالیتی کوردستان بە فەرمی لە ئەنقەرە کردەوە. پاشان ١٥ — ٤ - ١٩٩٢ وەفدێکی حزبی سۆشیالیست کوردستان بانگهێشت کرا بۆ ئەنقەرە. وەفدەکە پێک هات بوو لە (کاک ڕەسول مامەند، کاک نزامەدین گلی، کاک عوسمان موفتی و کاک عومەر بۆتانی) لە دەرەوەش کاک عەدنان موفتی پەیوەندی پێوە کردن. پێشتر ناگام لە کاروباری داوەت نامە و ڕێکخستنی وەفدەکە بوو بۆیە بۆ کاک ڕەسوڵم نووسی پاسپۆرتم هەیە، ئەگەر گەشتەکە فەرمیە و لەسەر مەسرەفی حکومەتی تورکیایە دەمەوێت هاوڕێگایەتیتان بکەم. کاک ڕەسول ڕۆژێک پێشتر ڕەزامەندی دەربڕی. بە پەلە خۆم ساز کرد و ئامادەی بەڕێکەوتن بووم لەگەڵیاندا [161] لەزاخۆ خوالێخۆش بێت دکتۆر عەزیز حسین حاجی سوورە و کاک عەبدوڕەحمان کۆدە بوون بە هاوڕێگای گەشتەکەمان.

---

[161] کاک ڕەسول کە بەسەر و ڕیشی چاککراوەوە بینیمی، قاقایەکی لێدا بە برادەرەکانی دەوروبەری خۆی ووت ئەمڕۆ زۆر دڵم خۆشە، ووتیان بۆ؟ ووتی یەکەم مامۆستا خالید دێت بۆ ئەنقەرە لەگەڵمان، دووەم کە ڕیشی تاشیووە و لەو ڕیشە ڕزگاری بوو.

لە فرۆکەخانەی دیاربەکر ڕۆژنامەنووس و ڕاگەیەنکارێکی زۆری تورکیا ئامادەبوون، دەیان وویست شتێک لەسەر وەفدەکە و ئامانجی سەردانەکەیان هەڵگرێنن لە میدیاکان بڵاوی بکەنەوە. بەڵام بەداخەوە کاک ڕەسوڵ هیچ قسەی نەکرد، کەسیش لە ئەندامانی وەفدەکە لێدوانی نەدا [162] لەگەڵ گەیشتنمان بۆ فرۆکەخانەی ئەنقەرەش میدیایەکی زۆر لەدەورمان کۆبۆوە بەڵام بەهەمان شێوە کەس قسە و لێدوانی نەدا.

پۆلیسی تورکیا پاسەوانی وەفدەکەی کرد بۆ یەکێک لە هوتێلەکان کە بەکرێگیرابوو بۆ شوێنی پشوودان. لە ڕۆژانی دواییدا چەند کارمەندێکی وەزارەتی دەرەوە دۆسیەیی عێراق (باکوری عێراق) ئەوکاتی هەرێم دروست نەببوو، وەفدەکەیان بینی بەڵام بە بەهانەی ئەوەی سەرۆک کۆمار و سەرۆک وەزیران بەرنامەی تایبەتیان بۆ هاتۆتە پێش، ووتیان دیداریان بۆ کاتێکی تر دەبێت. ئێمە پاش ٥ – ٦ ڕۆژ لەگەڵ خوا لێی خۆش بێت دکتۆر عەزیز، کاک ڕەحمان کۆدە و کاک عوسمان موفتی گەڕاینەوە دیاربەکر لەوێوەش بە تاکسی بۆ سلوپیە. کاک ڕەسوڵ پاش چەند ڕۆژێک سەردانی ماڵی خۆیانی کرد لە لەندەن. پاش چەند هەفتەیەک بەر لە هەڵبژاردنی پەرلمانی کوردستان گەڕایەوە کوردستان.

---

[162] لە دواییدا بە کاک ڕەسوڵم ووت هەڵێکی زێڕین بوو بۆ قسەت نەکرد. ووتی نا قسە ناکەم. ووتم بۆ؟ ووتی یەکەم ووشەیان بەخێرهاتن دەبوو، دووەم پرسیاریان دەربارەی ڕەوشی پەکەکە دەبوو. ئەمن نامەوێت بەهیچ شێوەیەک لێدوان دەربارەی پەکەکە بدەم.



EXIT

تێبینی لەسەر گەشتەکە:

١- هەستم کرد هەندێک برادەران لە جوان ڕێک نەخستنی میواندارییەکە ڕازی نەبوون و گلەییان دەکرد.

٢- وا تێگەیشتم کە هەندێک لە ڕەخنەکان لە جێگای خۆیان نەبوون بەڵکو بڕێک لە ئیرەیی پێبردن بە دکتۆر خێرولا و ناشیرین کردنی لەبەر چاوی وەفدەکە بوو. چونکا کاتێک کە بینیان لە ئۆفسی مەکتەبی پەیوەندیەکانی تورکیا وێنەیەکی کاک ڕەسوڵ هەڵواسراوە، تێبینیان هەبوو و ڕاستەخۆ دەریان بڕی. کاک ڕەسوڵیش بە نیگەرانیەوە بە کاک دکتۆر خێرولای ووت، وێنەی من پێویست ناکات بکرێت بەڕێکلامی بازرگانی تکایە لای بەن.

٣- وەفدەکە زۆر پۆشتە و پەرداغ نەبوون، جل و بەرگێکی وایان لەبەردا نەبوو، هەتا کاک ڕەسوڵ لە ئەنقەرە لە کاک شەماڵ قالە منەوەر کە لە دەرەوە هات بوو داوای دەستێک جلی ڕێکو پێکی کرد بۆ ئەوەی لەبەری بکات.

٤- لە ڕووی ئەتەکێتات و پەیوەندی نێو دەوڵەتیش جگە لە کاک عەدنان و کاک عومەر بۆتانی کەسێکی دیاریان لەگەڵدا نەبوو، کاک ڕەسوڵیش خۆی چەند بە نەدەب و نەوەندەی تریش نەیدەویست دەرکەوێت یا لێدوان بۆ میدیاکان بدات بۆ ئەوەی گرنگی سەردانی وەفدەکە و ئامانجیان لە میدیاکانەوە بگاتە خەڵک و حکومەتی تورکیا. هەر ئەو هۆکارەش بوو لە نوێنەرانی وەزارەتی دەرەوە زیاتر نەیان توانی پێشکەوتنی زیاتر بە دیدارەکانیان بدەن.

هەڵمەتی هەڵبژاردن و هێنانی پارە لە لای کاکە حەمە:

دوای گەشتەکەی ئەنقەرە کاک ڕەسوڵ سەردانی ماڵەوەی کرد لە لەندەن. هێشتا نەگەڕابۆوە. سەرەتای مانگی ٥ بوو، کاک دکتۆر مەحمود وەک ئەندامی مەکتەب سیاسی و کاندید بۆ ڕێبەرایەتی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردستان سەرپەرشتی هەڵمەتی هەڵبژاردنەکانی دەکرد. ماوەیەک لە ڕانیە بوو. کۆبوونەوەی لەگەڵ دەزگاکانی سەرکردایەتی کرد بەتایبەت لەگەڵ ستافی ڕادیۆن و ڕاگەیاندن بەگشتی.

کاک دکتۆر پێشوەختی وەعدی لە کاک حەمەی حاجی مەحمود وەرگرت بوو بۆ پەیداکردنی هەندێک پارە. بۆیە بەنوسراوێک منی نارد بۆ سلێمانی بۆ ماڵی کاکە حەمەی بۆ هێنانی ئەو برە پارەیە. شەو و ڕۆژێک مامەوە هەتا کاکە حەمە توانی مەبلەغی ٤٠٠٠٠ چل هەزار دیناری سویسری دابین بکات. لەگەڵ خۆم هێنام بۆ سەرکردایەتی. تەسلیم بە مامۆستا عەبدولکەریم بەڕێوەبەری ئیزگەی شۆڕشی کوردستانم کرد. ئەم وەسلەشم لێوەرگرت.

وصل استلام مبلغ

استلمت من الرفيق كامل خالد مبلغاً قدره أربعة
الف دينار ٤٠٠٠ فقط . وقد عمله وقعت .

تحريراً ١٩٩٢/٥/٧

عبدالكريم
٧/٥/٩٢

پێشوازی وەفدێکی پەرلمانتێرانی کوردی تورکیا

ناوەڕاستی مانگی ٥ی ١٩٩٢ بوو، چەند ڕۆژێک بەر لە هەڵبژاردنی پەرلمانی هەرێمی کوردستان لەگەڵ خەڵکێکی زۆر چووین بۆ سەر ئاوی قەندیل بۆ پێشوازی کردنی کاک ڕەسوڵ کە لەدوای سەفەرەکەی تورکیا لە لەندەنەوە گەڕایەوە. لەو کاتەدا وەفدێکی پەرلمانتێرانی تورکیا کە لە (لەیلا زانا، ئەحمەد تورک و چەند پەرلمانتێرێکی تر) پێک هات بوون گەیشتنە سەر ئاوی قەندیل، زۆر بەگەرمی پێشوازیمان لێکردن. لەیلا زانا زۆر خۆشحاڵ بوو بەبینی پێشمەرگەی ژن بەتایبەتی مریەم خان لە نێوماندا، بۆیە دوایی کە بەتایبەتی هاتن بۆ بارەگای مەکتبەی سیاسی لە ڕانیە ئەو هەستەیان دەربڕی. دانیشتنەکەیان چەند کاتژمێرێک بوو زۆر قسەیان ئەدرکاند بەڵام ووتیان کە هاتووین برادەرانی پەکەکە ببینین و پەیامێکی گرنگی سەرۆکی تورکیامان پێبە بۆیان.

هاوپەیمانی سۆشیالیست و پاسۆک

پەیوەندی پاسۆک و سۆشیالیست زۆر بەهێز بوو. لە ڕووی چۆنایەتی پاسۆک زیاتر دیسپلینیان هەبوو، بەڵام لەڕووی چەندایەتیەوە ژمارەی سۆشیالیست زۆر بوو ململانێی لەگەڵ یەکیەتیدا دەکرد. ڕۆژێکیان بەکاری فەرمی چوو بووم بۆ سلێمانی، لەگەڕانەوەم بەر لەوەی لە چوارقوڕنە دابەزم، یەکێک لەسەر نشینەکانی ناوپاسەکە پرسیاری لێم کرد ووتی ئەرێ ئەو یەکگرتنەی پاسۆک و سۆشیالیستت ئاگا لێ هەیە؟ ووتم پەیوەندیمان خۆشە بەڵام بەڕەسمی تا ئێستا ٢ حزبی جیاوازین. ووتی ئەو بەیانەی ئەمڕۆ لە سلێمانی دەریان کردووە نەت بینیووە؟ ووتم نەخێر ئاگام لێ نیە. ووتی ئەوە بڵاوکراوەکەیە فەرموو بیخوێنەوە با لات بێت. لێم وەرگرت و لەگەڵ خۆم بۆ برادەرانی مەکتەب سیاسیم برد.

کاک ڕەسوڵ زۆر سەری سوڕما! ووتی ئێمە کاکە حەمە، خاڵە حاجی و کاک قادر جەباریامان ڕاسپرادبوو بۆ ئەوەی لەگەڵیان دانیشتن تاوتوێی بەیەکەوە کارکردن و هاوپەیمانی بکەن نەک یەکگرتنەوە بەناوی مەکتەب سیاسی. ئەوە بوو دوای بوو بە ڕاستی بەیەکەوە کارمان دەکرد پاش ماوەیەک بەفەرمی مامۆستا هادی وەک نوێنەری مەکتەبی سیاسی پاسۆک لە مەکتەب سیاسی سۆشیالیست لەرانیە دەوامی دەکرد. لە کۆتاییدا بەیەکەوە بەلیستی هاوبەش بەشداری هەڵبژاردنەکانی ١٩٩٢ یان کرد.

دەستەی بالای سەرپەرشتی هەڵبژاردنی
ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستان سالی ١٩٩٢
[هەڵبژاردنی پاپەڕی یەکێتیەوەی دژکاریخوازی کوردستان]
تکایە :
بەکێك لەم بەرژانەی خوارەوە هەڵبژێرە بەپێنووس دەست نیشانی بکە.

	لیستی پارتەکان	ژمارەی دەنگەکان	ڕێژەی سەدی
1	پارتی دیموکراتی کوردستان	437889	%45.5
2	یەکێتی نیشتمانی کوردستان و حزبی زەحمەتکێشانی کوردستان	423833	%43.61
3	یەکگرتن (پارتی سۆشیالست و پارتی سەربەخۆیی کوردستان)	24882	%2.56
4	یەکێتی دیموکراتی کوردستانو حزبی شیوعیو بێلایەنەکان	21123	%2.17
5	لیستی ئیسلامیەکان	49108	%5.5
6	لیستی پارتی گەلی دیموکراتی کوردستان	9903	%1.02
7	لیستی سەربەخۆی دیموکراتەکان	501	%0.05
	کۆی دەنگەکان	971953	%100

هەڵبژاردنی پەرلمان و ڕابەری بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردستان

ئەو لیستانەی سەرەوە بەشداریان لەهەڵبژاردنەکەدا کرد:
یەکەمین ئەزموونی هەڵبژاردنەکان بەشێوەیەکی دیموکراسی لەکوردستانی عێراق بەپێی یاسای ژمارە(١)ی بەرەی کوردستانی لە ١٩ — ٥ - ١٩٩٢ بەسەرپەرشتی و چاودێری نوێنەرانی چەندین ڕێکخراوی بیانی لەبواری مافی مرۆڤ و دیموکراسی و ئەندامانی پەرلەمانی وڵاتانی ئەورووپا و رۆژنامەنووسانی بیانی ئەنجامدرا، کە (٩٦٧٢٢٩) دەنگدەر بەشداریان تێدا کرد.

بەپێی ئەنجامەکانی هەڵبژاردن، کەلەلایەن دەستەی باڵای سەرپەرشتیاری هەڵبژاردنەکانی ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستان ڕاگەیەندرا، کەبەسیستمی نوێنەرایەتی ڕێژەیی (التمثیل النسبی) بەڕێوەچوو، تەنیا (لیستی پارتی دیموکراتی کوردستان)و لیستی هاوبەشی (یەکێتی نیشتمانی کوردستان و حزبی زەحمەتکێشان)، هاتنە نێو پەرلەمان لە کۆی ١٠٥ کورسی پەرلەمان هەریەک لە یەکێتی و پارتی ٥٠% ی کورسیەکانیان بەرکەوت.

بەپێی بڕیارێکی سەرکردایەتی سیاسی بەرەی کوردستانیش کە لە ٨ — ٤ - ١٩٩٢ دەرچوو (٥) کورسی بۆ مەسیحیەکانی کوردستان تەرخان کرا، کە (٤) ئەندامیان لە لیستی بزووتنەوەی دیموکراتی ئاشووری و (١) ئەندامیش بۆ لیستی یەکگرتووی مەسیحیەکانی کوردستان تەرخان کرا.
بەهۆی هەڵگیرسانی شەڕی ناوخۆ، لە٢ی مایسی ١٩٩٤ نەتوانرا هەڵبژاردنی خولی دووەم ئەنجام بدرێ، بەڵام پەرلەمانی کوردستان هەوڵێکی زۆری دا بۆ ئەوەی ڕێگا لەتەشەنەسەندنی ئاگری ئەو شەڕە ناوخۆییە بگرێ.

بۆ ئەمەش هەڵوێستی خۆی لەڕاگەیاندنێکی دیکۆمێنتیدا کە لە ١٩ خاڵ

پێکهاتبوو دژی ئەم شەرە دەرکردو چەندین لیژنەی مەیدانیشی بۆ چاودێری کردنی جێبەجێکردنی پرۆسەی ناگربەست و بریاردانی ناشتی لەبەرەکانی شەڕدا پێکهێنا، هەروەها ٥٩ ئەندام بۆ ماوەی ١٠١ رۆژ لە هۆڵێکی نێو پەرلەمان دژی شەری ناوخۆ پەناگیری خۆیان راگەیاند .
ئەم هەڵوێستەش لەناستی ناوخۆو دەرەوەی کوردستان پشتیگریەکی زۆری لێکرا. لەم رۆژەوە ئەو هۆڵە ناوی لێنراوە هۆڵی پەناگیری. تەشەنەسەندنی گرژی ناوخۆ و زیادبوونی مەترسیەکان بۆ سەر ئەو دیموکراسیەتە ساوایەی کوردستان سەرەنجام پەرلەمانیشی کردە قوربانی شەڕی ناوخۆ و بۆ ماوەیەکی زۆر پەکی کەوت و نەیتوانی رۆڵی خۆی ببینێ و ئەرکەکانی خۆی جێبەجێ بکات.

بەڵام دواجار بەهۆی رێکەوتنامەی ناشتی واشنتۆن کەلەساڵی ١٩٩٨ بەناماەبوونی وەزیری دەرەوەی ئەوسای ئەمریکا ((خاتوو مادلین ئۆلبرایت)) لەنێوان (مام جەلال و کاک مەسعود) واژۆکرا، پەرلەمانی کوردستان یەکی گرتەوە .لە ٤ — ١٠ - ٢٠٠٢ یەکەم کۆبوونەوەی یەکگرتنەوەی کرد و هەفتەیەکیش دوای ئەوە کۆبوونەوەی دووەمی یەکگرتنەوەی لەسلێمانی گرێدا [163]

سەرنج لەسەر هەڵبژاردنەکە و ناکامی ئەنجامەکانی

١- هەرچەندە سەرژمێری و ناماەکاریەکی وا تۆکمە نەکرابوو بۆ بەرێوەچوونی هەڵبژاردنەکە بەڵام لەبەر ئەوەی خەڵک بە پێویستیان دەزانی زۆر بەپەرۆشەوە

163
http://www.perlemanikurdistan.com/Default.aspx?page=page&c=Parliament-History1992

و بە گەرم گوڕی بەشداریان تێدا کرد. ئەندام و لایەنگرانی پارتی و یەکیەتی زۆر ملە و ڕک بەڕکەیان کرد هەر ئەوەندە شەڕیان لەگەڵ یەکتردا نەکرد!
٢- ئێمە لە ڕانیە دەنگمان دا و هەتا بە کۆڵێ باوکم کە ئەو کات نەخۆش بوو بەناو قەرەبالغیدا برد بۆ دەنگدان، دڵنیام خەڵکی تریش وایان کردووە.
٣- لە دوای نیوەڕۆیەوە دکتۆر مەحمود دەنگی نارەزایی بۆ هەبوونی پێشێلکاری و تەزویرات لێ بەرز بۆوە و لە هەندێک لە ناوەندەکانی هەڵبژاردن نوێنەری هەندێک حزب کشاندەوە.
٤- لە ئۆردوگای بازیان کە نوێنەرەکەی کاک مستەفای حەمە کەپتانی بوو خۆراگری کردبوو، سندوقەکانی بەجێ نەهێشت بوو. حزبی سۆشیالیست لەوێ دەنگی لە هەموو شوێنەکانی تر زۆرتر بوو.
٥- نارەزایی تەزویرات و هەڵوەشاندنەوە بەهێز بوو بۆیە بۆ ماوەی ٢ ڕۆژ ڕاگەیاندنی ئەنجامەکەیان دواخست. هەتا سازانیان کرد کە بزووتنەوە، شیوعی، سۆشیالیست و پاسۆک بە ووستی خۆیان کشانەوە بەو مەرجەی کە پاش ٦ مانگی تر هەڵبژاردنی سەر لەنوێ بکرێتەوە.. لە ڕادیۆن و ڕۆژنامە و ڕاگەیاندنەکان هەر دوو سەرۆک سوپاسی هەڵوێستی نیشتمانی هەست بە مەسئولیەت کردنی حزبە غەدر لێکراوەکانیان کرد کە بە پشوو درێژی ئەنجامەکەیان قبووڵ کرد.
٦- یەکیەتی و پارتی ٥٠ بە ٥٠ هەموو شتێکیان بەش کرد، هەر لە ڕەواییدان بەشەڕی پەکەکە لە پەرلمانەوە هەتا بەشکردنی ناخر فەڕاش و خزمەتگوزاریان جگە لە زەحمەت کێشان کە لە ٥٠ کورسیەکەی یەکیەتی بە ڕێککەوتن ٥ کورسیان پیدرابوو لەگەڵ ٥ کورسی کۆتا بۆ کەمەنەتەوەیەکانی تر، ڕێگای کەسیان نەدا لە هیچ پۆستێکی بچوک یا گەورە بەشداری بکات.
٧- بە داخەوە بناغەی گەندەڵی و پشک پشکێنە کە تا ئێستاش لە پەرلمان و حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆتە شێرپەنجە سەرچاوەکای لەو پۆخڵەواتەی ٥٠ بە ٥٠ وە سەرچاوەی گرت.
٨- یەکیەتی و پارتی بەیەکەوە کەوتنە هەڵوشینی سەروەت و سامانی و وڵات و خەڵکی کاسب کار هەر لە کەلوپەلی سەدی بێخمە هەتا ناخر نوقتەی گومرگ

بەیەکەوە دەستیان بەسەر داگرت بەبێ ئەوەی هیچ حسابێک بۆ هیچ لایەن و کەسێک بکەن.

۹- بەداخەوە هەڵبژاردن نەکرایەوە بەڵکو لە ۲ – ۵ – ۱۹۹٤ شەڕی ناوخۆ لە قەڵادزێ وە هەموو کوردستانی گرتەوە.

۱۰- ناسۆری شەڕی مالوێرانی و دوو نیدارەیی بە سیمای هەموو چین توێژەکانی کوردستانەوە دیار بوو کەس نەبوو زەرەری بەرنەکەوت بێت بەڵام بەداخەوە لەسەر هیچ ڕێک نەبوون هەتا ڕێکەوتنی ۱۹۹۸ی واشنتۆن .

هەوڵەکان بۆ یەکگرتنەوەی حزبەکان و ئامادەکاری بۆ هەڵبژاردنی ئایندە:

کۆبوونەوەی بەرفراوانی کادیران حزبی سۆشیالیست لە ڕانیە

دوای ئەوەی یەکیەتی و پارتی سوپاسی حزبەکانیان کرد بۆ قبووڵ کردنی ئەنجامی هەڵبژاردن، سۆشیالیستەکان کۆبوونەوەیەکی فراوانیان بۆ کادیرانی سەربازی و سیاسی لە ڕانیە ڕێکخست بۆ ئامادەکاری بۆ قۆناغی ئایندە، چەند پێشنیار و داخوازیەک کرانە بەرنامەی کاری چەند مانگی ئایندە

۱- بەستنی کۆنگرەی سۆشیالیست لە ماوەیەکی زۆر نزیکدا و کۆمیتەیەکی ئامادەکاریان بۆ پێکهێنا

۲- کارکردن بۆ یەکگرتنەوەی سۆشیالیست و پاسۆک و گەل و حزب و خەڵکی بێلایەنی تر

۳- کۆمەڵێک چارەسەر و ڕاسپاردەی هەنووکەیی نێو خۆی حزب

گۆڕانی کۆنگرە حزبی سۆشیالیستی کوردستان بە پلینیۆمی سلێمانی:

هەڵبژاردنی ڕێکخراو و ناوچە و لقەکان کرا بۆ دەست نیشان کردنی نوێنەرانی کۆنگرە یا کۆنفرانس. لە ٨ – ٧ – ١٩٩٢ ڕووماں کردە ئوتێل ئەبو سەنای سلێمانی. ٩ – ٧ – ١٩٩٢ زۆرینەی سەرکردایەتی بە دکتۆر مەحمود کاک ڕەسوڵ مامەندیشەوە لە هۆڵی ئامادەکراوی کۆبوونەوەکە ئامادەبوون، دوای مشت و مڕێکی زۆر. کۆنگرەیان گۆڕی بە پلینیۆم:

١- لەبەر گلەی و گازندەی لقی (ڕاپەڕین و هەولێر) بۆ کەمی ژمارەی بەشداربوانیان لە بەرامبەر زۆری ئەندامانی لقی سلێمانی

٢- خەبەریان دا کە پارتی گەلی دیموکراتی کوردستان بەڕابەرایەتی خوا لێ خۆشبێت سامی عەبدوڕەحمان ئامادەیە بۆ بەستنی کۆنگرەی یەکگرتنەوە لەگەڵ سۆشیالیست و پاسۆک.

پلینیۆمەکەی ئەبو سەنای سلێمانی

زیاتر لە دوو ڕۆژ کۆبوونەوەی چڕوپڕ و کای کۆن و نوێ بەبا کردن، لە ١٠ – ٧ – ١٩٩٢ بەم ئەنجامانە کۆتایی بە کۆبوونەوەکان پلینیۆم هات:

١- ماوەی مانگێک دیاری کرا بۆ دیدار و گفتوگۆکان لەگەڵ پارتی گەل ئەگینا بەو ئامادەکاریانەی کە ئێستا کراون حزبی سۆشیالیست کۆنگرەی خۆی ببەستێ

٢- سەرۆک یا سکرتێر لە حزبی سۆشیالیستی کوردستان بێت

٣- ئەو حزبەی کە دروست دەبێت پاشان ناوی (سۆشیال دیموکرات) بەخۆیەوە بگرێ وەیا بە کردار حزبی سۆشیال دیموکرات بێت

٤- مامۆستا سەعد لە سۆشیالیست ڕاسپێردرا بۆ یەکلای کردنەوەی یەکگرتن لەگەڵ ئەو لیژنە ٣ قۆڵیەی کە دیاری کرابوو.

پەرتەوازەیی و بێسەروبەرەی لە ڕێکخستندا

هەر لەسەرەتاوە سۆشیالیستەکان هێندە پەیوەست نەبوو بە حزبی عەقائیدی بەڵکو بڕوایان بەکاری دەستە جەمعی و بەرەیی زیاتر بوو وەک تاکڕەوی و خۆسەپاندن بۆیە هێندەی گرنگیان بە کۆکردنەوەی هەموو هێز و ئایدیا جیاوازەکان دەدا بۆ ڕووبەڕوو بوونەوەی ئەو باروزروفە ناهەمـوارەی کە لە دوای نسکۆی شومی ١٩٧٥ بە سەر گەلەکەماندا داسەپێندرا بوو، هێندە سەرنجیان نەخستبۆ سەر پەیوەست بوون بە تاکە ئایدۆلۆجیا و دیسپلین و ڕێکخستن بەڵکو خەباتیان دەکرد بۆ هەرچی زووی هەستاندنەوەی شۆڕش و دروست کردنی زەمینەیەکی لەبار بۆ دانوستاندی دەستە جەمعی لەگەڵ ڕژێمی عێراق لە پێناو ڕاگرتنی پڕۆژەی ستراتیجی بەعسیەکان کە خۆی لە (تبعث، ترحیل و تعریب) ی دانیشتوانی کوردستاندا دەبینەوە. هەر بۆیە لە دوای نسکۆی هەکاری کە زۆربەی سەرکردە و فەرماندە پێشەنگەکانی لەو شەڕە مالوێرانکەرە تێدا چوون، خەڵکی کەم ئەزموون و ناشایستە هەڵکشینە سەرێ بۆ پڕ کردنەوەی شوێنە بەتاڵ بووەکان. هەروەها لە دوای تیرۆرکردنی سەیدا سالح یوسفی لە بەغدا و گیرانی چەند سەرکردەیەکی ناو ڕێکخستنەکانی ناو شار وەک شەهید (عەلی هەژار و کاردۆ گەڵاڵی) لە هەولێر و شەهید جەمالی حەمە نوقڵە و ملازم مەجید لە سلێمانی و دواتر نیزامەدین گلی و مامۆستا عەبدولکەریم لە بەغدا هەنگا و بە هەنگا ڕێکخستنەکانی ناو شار چیتر پۆلایی نەمان و نەو کاریگەریە ڕاستەوخۆیەشیان نەما لەسەر نەو سەرکردایەتیە مەیدانیەی کە بە کردار قیادەی حزبیان دەکرد لە شاخ. بۆیە لە هەموو لایەکەوە درز و کەلەبەری گەورەی تێکەوتن، زەمینە لەبار تربوو بۆ نەوەی یەکیەتی و پارتی و هەتا حزبی شیوعی کاریگەری خۆیان لەسەر دابنێن و ساناتر دەستیان بچێتە ناو حزبەکە و ڕاجیایی و بانبانێنی تێدابچێنن.

سوپاس بۆ خوا ئەو کاتە و ئێستاش زۆر ئاسوودەم

چونکا هەمیشە حزبم بە هۆکار زانیووە نەک ئامانج. ئەوەندەی لە تواناش دابووبێت لە نێو حزبدا لەگەڵ پەیڕەو پڕۆگرام بەواقیعانە مامەڵەم کردووە. لەگەڵ تەبایی، یەکڕیزی، و نیزام و یاسا ناوخۆ بووم. بڕوام بە شەفافیەت، حساب و کتاب و لێپرسینەوە کردووە. بڕوام بەکاری هەرەوەزی و بەرەیی بووە لە نێوخۆ و لەدەرەوەی حزب. بەینم لەگەڵ تاک ڕەوی و سەرەڕۆی نەبووە. لەوانەیە لەلایەن خەڵکی بێکەڵک و کەمتەرخەم هەموو کاتێک خۆشەویست نەبووبم لەبەر بەجدی و بەدڵسۆز گرتنی هەر کارێک کە لە ئەستۆم بووبێ بەڵام بۆ خۆم بەشانازی دەزانم. ئەمەش چەند نموونەیەکە لە ووتە و کردارەکانم:







حزبی سوسیالیستی
کوردستان - عیراق
نوسینگەی

[illegible]

[illegible]

[illegible]

[illegible]

ژمارە	بڕی پارەی دینار		جۆری کەرەستەکان	بڕی پارە
١	—	٢٠	تاکسی هێنان و ناوشار	١١١/٢٥
٢	—	٦٠	کرێی سەیارە بۆ هێنانەوەی کەشایەکان	〃
٣	—	١٧	خواردن و سەرف	〃
٤	—	١٠	بەخشش و هتد	〃
	١٠٠	١٠٧	[illegible]	

[illegible]

[illegible]

[illegible]

١١١/٢٦

"وەصلی ئیستلام"

مبلغی ١٠٠٠/- یەک هەزار دینارم لەخاتوو خالد
وەرگرت بۆ خەرجی وکاروبارەکانی ڕۆژانەی کۆمپانیای
ئاسمانی ڕابێ، وە لەدوایدا بەپێی لیستە تەقدیمی
دەکەم. لەبەرئەوە بڕی لەهەزارەوە ئەنجام کرد.

عەلی حسێنای
بەڕێوەبەری ئاژانسی هەواڵی
لیشبۆرا ڕۆژی ٧/٦
١٩٩٤

وەسڵی ئیستلام

بەیەکەم (١٠٠٠) سێ هەزار دینارم وەرگرت لەخالد کە (٣٠٠٠) ی وەرگرتبێ چاکردنەوەی سەیارەکەی بەپێی وەصڵی ناگاداری
دارایی ژمارە یەک بڕیارەکە، لەبەرئەوە ئیمزام کرد

لیشبۆرا ڕۆژی ٧/٦
عەلی محمود محمد
١٩٩٤

[illegible]

[illegible]

[illegible]

نمبر	رقم	تفصیل
۱۰	۴۵۰	[illegible]
۱۷	۱۷۵	[illegible]
[illegible]	۱۲۵	[illegible]
	۴۵۰	[illegible]

۵۰۰
۴۵۰
۱۴۵

[illegible]

[illegible]

بێ هیوابوونی هەندێ سەرکردە لە گۆڕانکاری لە نێو خۆدا و گەڕان بەدوای دەریچەی تردا:

لەدوای یەکگرتنەوەی لیژنەی ئامادەکاری پارتی دیموکراتی کوردستان و حزبی سۆشیالیستی-دیموکراتی کوردستان دوو جەمسەری و باڵ باڵێن لە نێو حزب دا بە ناشکرا دیار بوو پاش کۆنگرەی یەکەم لە دۆڵەتوو زیاتر زەق ببوۆوە و جەماعەتێکی زۆر کە خۆیان بەباڵی کاک دکتۆر مەحمود دەزانی دوای نەبوونەوەی بە سکرتێری حزب پەرینەوە بەری یەکیەتی بە هیوای نەوەی پاش ماوەیەک کاک دکتۆر لە شام دەگەڕێتەوە و حزبێکی سەربەخۆ دادەمەزرێنێ بەڵام نەوەبوو دوای گەڕانەوەی نەیتوانی بۆیە بەشێکی زۆر لەوانە نەگەڕانەوە ناو حزب بەیەکجاری بوون بە یەکیەتی.

لە دوایدا کۆمەڵێک کادیری چەپ سەربان هەڵدابوو بەناوی (سۆشیالیستی زانستی) نەوانیش هەوڵیان زۆردا کە حزبەکە بکەن بە مارکسی عەیار ٢٤ بەڵام وادیار بوو نەکەرەسەی حزبەکە هی نەوە بوو نە کۆمەڵگاش نەو فکرەیەی هێنده بەووشکی پێ هەزم دەکرا بۆیە لە دوای کارەساتی ئایاری ١٩٨٣، شەڕی مالوێرانی داسەپێنداراو بەسەر سەرکردایەتی (جود) لە بناری قەندیل نەو برادەرانە هێنده لە نێو حزب دا نەمانەوە و پەرینەوە بۆ ناوچەی بارزان و لە دواییدا حزبی زەحمەتکێشانی کوردستانیان ڕاگەیاندن.

دوای ڕاپەڕین بەتایبەت دوای نەچوونە ناو پەرلمان جارێکی تر باڵی دکتۆر مەحمود وورده وورده پەرەی سەند بەدوای زەمینەیەکدا دەگەران بۆ پلینۆم یا کۆنفرانس یا کۆنگرەیەک بۆ گۆڕان کاری. بەڵام هەلیان بۆ نەڕەخسا هەتا لە دوای کۆنگرەی یەکگرتن خۆیان ساغ کردەوە و بەشێکیان کەوتن بەڵای یەکگرتنەوە لەگەڵ پارتی دیموکراتی کوردستان.

سوپاس بۆ خوا هەر لەسەرەتاوە هێندە بە تۆندی نەچوومە نێو دەمارگیری حزبایەتی و بانّبانێن بۆیە لە کۆڕ و کۆبوونەوەی بەرفراوانەکان و وەک کەسێکی میانڕەو بەڕاشکاوی بیر و ڕای خۆم دەردەبڕی و هەموو بانّەکانیش بە گرنگیەوە لێیان وەردەگرتم. بەتایبەت لەکاتی پلینێۆم و کۆنگرەی یەکگرتن و کۆنگرەی دووەم (دروست کردنەوەی سۆشیالیست) کە بەڕپرسی ناوچەی ڕانیە و هەموو دەڤەری بیتوێن و بەشێک لە خۆشناوەتی بووم ڕۆڵی پێکەوە گرێدانی سەرە جەمسەرەکانم بینی بۆ بەیەکەوە کارکردن نەک پەرتەوازەیی و بەش بەش بوون.

هەزار ڕەحمەتی لێبێت مامۆستا ئەمین قادر کە ئەو کات بەر پرسی لقی ڕاپەڕین بوو، هەر چەندە کاک ڕەسوڵ زۆر ڕێزی لێدەگرت بەڵام زیاتر مەیلی بەلای بە کاک دکتۆری بوو، بۆیە بۆ ئەوەی خۆی لە تێکگیران لەو نێوەندە بدزێتەوە بەر لە کۆنگرەی یەکگرتن کارەکانی ناوچەی ڕانیە، قەڵادزێ و کۆیە کە سەر بە لقی ڕاپەڕین بوو حەوانّەی مەکتەبی سیاسی لە ڕانیە کردەوە.

ئەم ئالان لە هێزیاکوێیە و نامەیەکەلاوزیاد
نامەیەکی ڕاپێچە و نامەیەکی کوێیە

ـــــــ ڕادەگەیەنم ..
بە هیوای سەرکەوتن .

لەبەر ئەوەی ئەم هاوڕێیە ئیجازەم وەرگرتن هەرێمی
کۆمەڵەی وەکانی هاوبەشین ، کاتیە بۆشایی و کارەکانتان
بەڕێوەبەرم هەستاوە بە تێپەڕبکەن . بە هیوای سەرکەوتنی
بەردەوام بۆتان لە پێناو خزمەت کردنی گیشتی
گەلەکەمان ...

هەژێن
ئالان
ئەندامی

١٩٩٧/٧/١٥

هاتنی برادەرانی پەکەکە بۆ ناوچەکە و داوای هاوکاری و پێکەوە کارکردن

زۆر بە داخەوە لە دوای دروست بوونی حکومەت و پەرلمانی ٥٠ بە ٥٠ یەکەم بڕیار کە رای پەرلمانیان لەسەر وەرگرت شەڕی هاوبەشی پەکەکە بوو. کە بووە هۆی ماڵ و وێرانی کورد و دەست خۆشانەی حکومەتی تورکیا و پشتیوانی کردنی لە حکومەتی هەرێم. لە دوای ڕێکەوتنێکی سەربازی لە شەرگەکان، ڕێکەوتن کە برادەرانی پەکەکە بەبێ شەڕ بگوازرێنەوە بۆ بناری قەندیل و دەڤەری پشدەر و بیتوێن.

ئێمە زۆر دڵگران بووین بەو بەڵایە گەورەی بەسەر کوردیان داهێنا بۆیە زۆر بەدڵسۆزی و بە پەرۆشەوە باوەشمان بۆ هەڤاڵان کردەوە بەڵام لەبەر بەشداری نەکردنمان لە پەرلمان و حکومەت باروزروفمان لە هەموو ڕوویەکەوە خراپ بوو. بەتایبەت لەڕووی مادیەوە هەموو شتێکیان لێ بڕی بووین تەنها پێرانەگەیشت بوون کە بە دوو قۆڵی لە نێومان بەرن!! بۆیە نەمان دەتوانی بەپێی پێویست هاوکاریەکانمان کاریگەر بن.

لە سەردانێکی گروپی میدیا بۆ ناوچەی ڕانیە داوایان لێکردین کە لەبارەگاکانی خۆمان جێگایان بۆ بکەینەوە بۆ نەوەی بنکەی کاروچالاکی مەدەنی و ڕاگەیاندن تێدا ئەنجام بدەن. منیش مەبدەئیەن پێم خۆش بوو بۆیە پێم ووتن باشە بەڵام پێویستە ڕەزامەندی مەکتەبی سیاسی خۆمانی لەسەر وەربگرم. بە ئاساییان وەرگرت، ووتیان لۆجیکە.

بە نوسراوێک داواکاریەکەیانم گەیاندە سەرکردایەتی حزبی سۆشیالیستی کوردستان و بۆ خۆشم سەردانی کاک شێخ محەمەد شاکەلیم کرد لەو بارەوە

قسەمان کرد. ووتی خراپ نیە بەڵام سەبر بگرە با لەگەڵ برادەرانی مەکتەب سیاسی قسەی لێبکەین دوای وەڵامت دەدەمەوە پاش چەند رۆژێک ئەم نووسراوەی بۆ ناردم کە تێداهاتووە کە ئەوانیش هاوڕان بەڵام لەبەر باروزروفەکە بە پەسندی دەزانێ خۆم لە ئیلتزامات بکشێنمەوە بەبێ ئەوەی لەسەرم بکەوێ یا عەیبداربم.

کۆنگرەی یەکگرتن:

پاش تەواو بوونی ئەو ماوەیەی کە بۆ چاوەڕوانی دیاریمان کردبوو لە پلینیۆمی سلێمانی، هەموو هەڵبژێردراوان بۆ کۆنگرەی سۆسیالیست بانگهێشت کراین بۆ هۆڵی میدیا لە هەولێر نەک ئەبو سەنا یا ئوتێلێکی تری سلێمانی بۆ بەشداری لە کۆنگرەی یەکگرتن نەک کۆنگرەی حزبی سۆشیالیست. شوێن و جێگا پشوودانیان لە هەولێر فەراهم کردبوو. ٢٠ هەتا ٢٧ - ٨ — ١٩٩٢ بە بەشداری ژمارەیەکی زۆری هەر سێ حزبەکە کۆنگرەی یەکگرتن بەگەرمی دەستی پێکرد.

یەکەم رۆژی کۆبوونەوەکە بە ووتاری حزب و رێکخراوە سیاسیەکانی کوردستان کۆتایی هات بەبێ تێکگیران و لێک بەرزبوونەوە. بەڵام کاک دکتۆر مەحمود و کاک عەدنان موقتی لەدەرەوەی ووڵات بوون، نامە و بروسکەشیان نەنارد بوو کە دوا دەکەون وەیا ناتوانن بەشداری بکەن، بۆیە تێبینی و ڕەخنە لەلایەن کاک ڕەسوڵ و هەندێک برادەران لەو بارەوە خرایە ڕوو.

رۆژی دووەم چەند لیژنەیەکیان دروست کرد، من بەر لیژنەی دارشتن و پێداچوونەوە بە پەیڕە و پڕۆگرام کەوتم. یەک دوو رۆژ زۆر بە ووردی خاڵ بەخاڵمان مشت و مڕ لەسەر کرد و زۆر بەجدی لێمان دەکۆڵیەوە. هەتا گەیشتینە سەر ناوی حزب و سیستەمی بەڕێوەبردن، سەرۆک ، سکرتێر و دەستەی سەرۆکایەتی. لەوێ تێکگیران دروست بوو. نەمان توانی لە نێو خۆماندا بە مشاوەرە لەگەڵ برادەرانی هەر سێ لا یەکلایان بکەینەوە. بۆیە هێشتمانەوە بۆ کۆبوونەوەی فراوانی هەموو لیژنە و بەشدارانی کۆنگرە بۆ ئەوەی بەدەنگدان یەکلای بکرێتەوە.
لێرە بۆمان ومدەرکەوت کە یاخو مامۆستا سەعد خوا لێی خۆشبێت خانەکانی ڕاسپاردەی پلینیۆمی سلێمانی بەتەواوەتی نەگەیاندووە وە یا نەیتوانیووە قەناعەتیان پێ بهێنێ و هێشتوویەتەوە بۆ بڕیاری ناو کۆنگرە.

بەداخەوە لێک بەرز بوونەوە و دەمار گرژی لە هەموو لایەک پەیدا بوو.
بەشداربوان دابەش بوون بەسەر چوار، پێنج بەرە دا لە ناو هۆڵی کۆنگرەدا بە ئاشکرا دیاربوون:
١- جەماعەتی کاک سامی عەبدوڕەحمان.
٢- جەماعەتی کاک ڕەسوڵ مامەند.
٣- جەماعەتی کاک دکتۆر مەحمود بەنیابەتەن چونکا خۆی ئامادە نەبوو.
٤- جەماعەتی خەڵکی بێلایەن، یەک لەوان خوا لێی خۆش بێت کاک شەمسەدین موفتی بوو.
٥- - جەماعەتی پاسۆک زۆربەیان بێ وەی بوون بەڵام ئەوانیش دابەش ببوون ، بەشێکیان کەوتووبوونە لای کاک سامی.

تێبینی و سەرنج لەسەر کۆنگرەکە:

١- ناوی حزب لەسەر ئەو خاڵە ناچار بووم وەک ئەندامی لیژنەی پەیڕەو پڕۆگرام بچمە سەر سەکۆکە بۆ گەیاندنی پێشنیار و ڕاسپاردەی ئەندامانی لیژنەکە لەسەر ئەو خاڵە بۆ بەشداربوانی کۆنگرە. کە بریتی بوو (پێویستە ناوەکەی حزبی سۆشیالیستی دیموکراتی کوردستان بێت وە یا بە ناوەڕۆک تەعبیر لە حزبێکی سۆشیال دیموکرات بکات). زۆربەی بەشداربوونی کۆنگرە چەپلەیان بۆ لێدام جگە لە چەند برادەرێک نەبێت کە لە ناو هۆڵەکە هەستان و بەدەنگی بەرز ووتیان ئێمە تەنها بەوە ڕازی دەبین کە ناوەکەی حزبی سۆشیالیست بێت بە هیچ ناوێکی تر ڕازی نین. زۆربش لە من بە گلەیی بوو هەتا کاک ڕەسوڵ لە دواییدا هێوری کردنەوە. دوایی بەدەنگی زۆرینە ڕازی بوون کە ناوەڕۆک حزبێکی سۆشیالیستی دیموکرات دەبیت بەڵام ناوەکەی (حزبی یەکگرتنی کوردستان) پەسندکرا.

٢- لیژنەی ئامادەکاری کۆنگرە پێک هات بوون لەسەر ٨ ئەندامی سەرکردایەتی لە هەر حزبێک لەگەڵ کەسایەتی بێلایەن کە ئەو کات تەنها کاک شەمسەدین موفتی دیار بوو. خوا لێی خۆش بێت کاک سامی دەیگوت با لەو کۆنگرەیە لێگەڕێن هەموو ئەندامانی سەرکردایەتی هەر سێ حزب بە سەرکردایەتی هاوبەش بمێنن تا کۆنگرەیەکی تر لە ئایینده. چونکا ئەو پێی وا بوو یەکیەتی و پارتی سەلەی گەورەیان داناوە بۆ ئەوەی هەر کەسێک لە کۆنگرەکە بەر بێتەوە ئەوان دەیگرنەوە و بە زەرەدی یەکگرتن تەواو دەبێت.

٣- کاک ڕەسوڵ هەستی کرد کە برادەرەکانی لەگەڵیدا نین وویستی خۆی کاندید نەکات ، هەندێک لە برادەران بە زۆر ڕازیان کرد بمێنێتەوە. مامۆستا سەعد مەبەستی بوو کاک ڕەسوڵ بمێنێ و بە ئەنجامی کۆنگرەکە ڕازی بێت. کاک شێروان شیروەندی بە تورەییەوە پێی ووت ئێمە کڵاومان لەسەر نراوە. (خوا لە هەموولایەکیان خۆشبێت)

٤- هەندێک لە پاسۆکەکان بە ئاشکرا دەیان ووبست سامی عەبدورەحمان وەیا دکتۆر مەحمود ببێت بە سەرۆک یا سکرتێر ، برادەرانی سۆشیالیست ئۆتۆماتیکی ببوون بە دوو بەشەوە بەڵام هیچیان بە کاک سامی عەبدورەحمان ڕازی نەبوون. لە دوایشدا نەگەیشتینە هیچ ئەنجامێک بەڵکو ئەنجومەنێکی ٣ قۆڵیان بۆ سەرۆکایەتیان پێک هێنا کە لە (کاک ڕەسوڵ، کاک سامی عەبدورەحمان و ملازم شوان) پێک هات بوون.

٥- کاکە حەمە و خاڵە حاجی و هەندێک لە سەرکردەکانی سۆشیالیست و کادیران سەیرکەر بوون بە هیچ لایەکیاندا نەدەشکاندەوە.

٦- ئێمە کۆمەڵێک کادیری پێش کەوتووی بیتوێن و پشدەر بووین هیچ کێشەمان لەگەڵ یەکگرتن نەبوو بەو مەرجانەی کە پێشتر لە پلینۆمی سلێمانی ڕامان

سپارد بوو، لاشمان گرنگ نەبوو کاک دکتۆر دەبێت یا کاک ڕەسوڵ بەڵام کاتێک بینیمان وەک غەدرێک پشتیان لە کاک ڕەسوڵی کردووە و دەیانەوێ بە گورگان خواردی بدەن. بۆیە ناچار بووین لەبەر وەفا و نەخلاقی پێشمەرگایەتی ڕابردوو لەو دەشتەی وەک حسینی بەجێی نەهێڵین. ئێمە هانماندا کە لە ناو کۆنگرەی یەکگرتن بمێنێتەوە و پشتی دەگرین ئەگەر وەک حزبی سۆشیالیستی کوردستان بکشێتەوە هەر پشتی دەگرین.

٧- کۆنگرەی یەکگرتن بەنا بەدڵی و بە زۆرینەی دەنگ تێک پەڕێندرا. دوای هاتنەوەمان بۆ ڕانیە کاک ڕەسوڵ دەری بڕی کە زۆر دڵی لەبرادەرانی سەرکردایەتی عاجزە. لەگەڵ چەند کەسایەتیەک هەوڵماندا خاڵە حاجی و کاکە حەمەمان قەناعەت پێکرد سەردانی کاک ڕەسوڵ بکەن. دوو ڕۆژ لای مانەوە وا دەیان پێدابوو کە هەر بەبرا گەورە وەک جاران مامەڵەی لەگەڵدا دەکەن بەڵام بیستمانەوە کاک ڕەسوڵ بە کاکە حەمەی ووت بوو نەگەر بەبرا گەورەت زانیبام چەندین سااڵە ئیلتزامت پێوە دەکردم. بۆیە برا گەورایەتی بۆ تۆ قبووڵ ناکەم.

یەکەم کۆمیتەی قەزای یەکگرتن ئیمە بە هەڵبژاردن پێکمان هێنا لە ڕانیە

دڵە ڕاوکێ و دوودڵی زۆر بوو لەسەر سەرنەگرتنی حزبی یەکگرتن، زۆری گلەی و گازندەکانیش لە قاعیدەی سۆشیالیست بوو. کاک ڕەسول بەشداری کۆبوونەوەکانی دەکرد بەناوی ئەنجومەنی سەرکردایەتیە ٣ قۆلیەکە بەڵام هێشتا خەڵک چاوەڕوانی یەکلای بوونەوەی سۆشیالیستیان دەکرد. بۆ پێکهێنانی یەکەم کۆمیتەی ناوچەی حزبی یەکگرتن لە حەوزی بیتوێن ئەم هەنگاوانەم نا:

یەکەم: کاک ڕەسوڵ و کاک شێخ محەمەد شاکەلیمان بینی بەووردی تاوتوێی ئاکامەکانی کۆنگرەمان کرد و بەڕاشکاوی پێم ووتن ئەگەر ئێوە ڕەزامەندیتان لەسەر بێت لەبەر ڕۆشنایی بڕیارەکانی کۆنگرە ئیمە یەکەم کۆمیتەی قەزای یەکگرتن لێرە پێک دەهێنین بۆ ئەوەی هۆکاری سەرنەگرتنی یەکگرتن کەس نەتوانێ لەسەری ئێوەیدا بشکێنێتەوە، ووتیان چی بەباش دەزانی وا بکە، ئیمە هاوکار دەبین.

دووەم: کۆبوونەوەیەکی بەر فراوانمان بۆ بەڕپرسی ڕێکخراو و ئەندامانی کۆمیتە و کادیرە پێشکەوتووەکانی لە بارەگای ناوچەی ڕانیە سازکرد. زۆر بەووردی و بە ئاگایانەوە لایەنی باش و خراپی کۆنگرە و شێوازی دروست بوونی حزبی یەکگرتنمان تیشک خستە سەر. پلان و بەرنامەی پێکهێنانی کۆمیتەی ڕانیەی یەکگرتنمان بۆ خستەنە ڕوو، هەموو هاوڕابوون لەسەر شێوازی پێک هێنانەکەی. بەڕوونی پێمان ڕاگەیاندن کە کێ ئارەزووی لێیە ببێتە بەڕپرسی کۆمیتە با خۆی کاندید کات هەتا بەدەنگی زۆرینە پەسندی بکەین، ڕەزامەندی سەرکردایەتی بۆ وەرگرین و هەموو بەدڵ و بەگیان پشتگیری بکەین. هەموویان بەتێکڕا ووتیان دەبێ بۆ خۆت ئەو ئەرکەی بە ئەستۆ بگری و ئیمە پشتیوانیتان لێ دەکەین.

منیش بەڕاشکاوی پێم ووتن ئەگەر یەک بەیەک پەیمانم نەدەنێ کە پاشقولم لێ ناگرن ئەو بەرپرسیاریە ناخەمە ئەستۆی خۆم. لەبەر ئەوەی نامەوێت وەک کاک ڕەسوڵ قبووڵ بکەم بەناو سکرتێر بم کەچی بەکردار چەند ساڵە کاک دکتۆر بەسکرتێری خۆی قبووڵی نەکردبم. ئەوجا یەک بەیەک پەیمانیان پێدام و سوێندیان بەگۆڕی شەهیدان خوارد کە خیانەتت لێ ناکەین و لە پشتە ملی تۆ کەس نابینن و بە قسەی کەس هەڵناستین و دانانیشین. ئەوجا ووتم فەرموون دوای دەنگدان واژۆی مسۆدەی کۆبوونەوەکە و ئەو ڕاپۆرتە بکەن کە دەینێرین بۆ سەرکردایەتی.

سێهەم: دانیشتنێکی تایبەتمان کرد لەگەڵ کاک بەختیار شەوکەت دانساز کە ئەندامی کۆنی سەرکردایەتی پاسۆک بوو لە ڕانیە دەوامی دەکرد. باسی وورد و درشتی خاڵی پۆزەتیف و نیگەتیفی کۆنگرە و حزبی یەکگرتنمان کرد. ئەوجا پلانی خۆمانم بۆ خستە ڕوو و پێمان ووت ئەگەر ئەتۆ دەتەوێت ببیت بە بەرپرسی ئەو کۆمیتەیە من ئامادەم پشتیوانیت لێ بکەم و دەنگت بۆ کۆبکەمەوە. ئەویش ووتی من تا کۆنگرەی یەکگرتن ئەندامی سەکردایەتی پاسۆک بووم نێستا چاوم لەبەرپرسی کۆمیتەی قەزایەک نیە. دوای ئەوەی دڵنیا بووم لێی ئەوجا داوام لێکرد هاوکاریمان بکات بۆ ئەوەی پێکەوە ئەو دوو دڵیە بڕەوێنینەوە لێرەوە یەکگرتن بکەین بەواقع. ووتی هاوڕام چی بەمن دەکرێ ئامادەم. ووتم لەگەڵ برادەرانی خۆتان قسە بکە و کۆبوونەوەیەک لە ناوچەی خۆتان ساز بکە ئێمە دێین لەگەڵیان کۆدەبینەوە و قسە دەکەین. ئەگەر خۆشت ئارەزووت لێبوو لەکۆبوونەوەکە بەشداری بکە. ووتی باشە بەڵام پێویست ناکا من بەشداربم.

چوارەم: کۆبوونەوەی بەجیا لەگەڵ کۆمیتەی کۆنی پاسۆک ئەوجا لەگەڵ کۆمیتەی گەل ئەنجام دا، دوای تاوتێ کردنی ڕابردوو، بەرنامەی ئایندەمان خستە ڕوو. پێشنیارمان بۆ کردن کە ئەگەر پێکەوە بچینە هەڵبژاردنی ڕێکخراوەکان بۆ هەڵبژاردنی ئەندامانی کۆمیتە، ئەوە ئاشکرایە کەس لە ئێوە دەرناچێ، چونکە

ژمارەی ئێمە، سەد بەرابەری هەر یەک لە ئێوەیە. بەڵام دەتوانین کۆبوونەوەکان بکەین بە ٣ بەش هەر حزبە بەجیا ئەندام بۆ کۆمیتەیێ قەزا هەڵبژێرێ، بە کۆتا دەتوانین بە هەر کامێکتان شوێنی ئەندامێکی کۆمیتە و یەک ئەندامی یەدەگ بۆتان تایبەت بکەین. ئێوە لە نێو خۆتان کۆنفڕانسی مەحەلی بکەن و ئەو ئەندامانە هەڵبژێرن. بۆ ئەوەی کۆمیتەی ئایینده هەم بە هەڵبژاردن دروست بێت وە هەم تام و بۆی یەکگرتنی پێوە دیار بێت. بەرنامەکەیان زۆر پێ لۆجیک بوو پەسندیان کرد. ماوەمان دانێ بۆ کۆبوونەوەیەک تایبەت بەخۆیان و دیاری کردنی ئەندامەکان.

پێنجەم: دوای تەوا بوونی کۆبوونەوەکانی هەر سێ حزب و دیار بوونی ئەندامان، کۆبوونەوەیەکمان بەیەکەوە بە ئەندامانی هەڵبژێردراو بۆ کۆمیتەی کرد و کارەکانمان دابەش کرد لە دواییدا بە دەنگی زۆرینە هەڵیانبژاردم بۆ بەرپرسی کۆمیتەی قەزای رانیە. بە ڕاپۆرتێک بەڕوونی هەموو هەنگاوەکان و بەرنامەی ئایینده‌مان دا بە سەرکردایەتی کۆنی هەر سێ حزبەکە و بەسەرکردایەتی ٣ قۆڵیەکەی یەکگرتن.

شەشەم: بارەگاکانمان کرد بەیەک و شوێنی کاری هەر یەک لە ئەندامان و کادیرانی قەزا و ڕێکخراوەکانمان دیاری کرد.



تێبینی: دوای گەیشتنی ڕاپۆرتی ئێمە و بڵاو بوونەوەی یەکگرتنی کۆمیتەکە لەسەر کردایەتیە ٣ قۆناغەکە باسیان کردبوو. بەڕەحمەت بن هەر دووکیان، مامۆستا سەعد زۆری پێی باش ببوو ، ووت بووی ئەوە یەکگرتنەوەی لۆجیک و ڕاستە ئەمنیش بەو شێوەیە نەبێت بە یەکگرتن ڕازی نابم. کاک سامی عەبدوڕەحمان ناڕازی ببوو، نامەی نارد بوو بۆ کاک کارزانی عەبدوڕەحمانی خەیات کە بەرپرسی کۆمیتەی پێشوی پارتی گەل بوو لە ڕانیە، ناڕەزایی خۆی دەربڕی بوو، داوای لێکردبوون کە تێکەڵ نەبن و مەقەر و کەل و پەلی خۆیان وەرگرنەوە و چاوەروان بن هەتا لیژنەیەکی باڵا پێک دەهێندرێ بۆ ئەوەی پرۆسەی یەکگرتن لە ناوچە و ڕێکخراوەکان جێبەجێ بکات. ئەمنیش بە فەرمی برادەرانی خۆمانم لەوەزعەکە ئاگادار کردەوە.







دوای ئەوە ئێمە ئیختیارمان خستە بەردەستی خۆیان چی بە پەسند دەزانن با وابکەن بەبێ ئەوەی هیچ ڕێگیریەکیان لێ بکەین. کاک بەختیار و برادەرانی پاسۆک هەلوێستی پارتی گەلیان سەرکۆنە کرد و لەو بارەوە ڕاپۆرتیان بۆ سەرکردایەتی خۆیان و لیژنە ٣ قۆناغەکە بەرز کردە و بەیانێکیشیان بۆ ڕای گشتی بڵاو کردەوە.

ڕاگەیاندنی پرسە بۆ شەهید دکتۆر سەعیدی شەرەفکەندی

کاک ڕەسول لە دوای ناردم ووتی وەرە بچۆ بۆ دۆڵێ بۆ دەفتەری سیاسی ئەو نامەیان بدەیە و سڵاوی من بە کاک جەلیلی گادانی و دەفتەری سیاسی و کۆمیتەی ناوەندیان ڕابگەیە. پێیان بڵێ ڕەسول دەڵێ تیرۆری دکتۆر سەعید جیایە لە تیرۆری دکتۆر قاسملو و کێشەکانی نێوان خۆیان. تکام وایە تەعزیەی گشتی بۆ ٣ ڕۆژ ڕاگەیەنن و لە ڕاگەیاندن بڵاوی بکەنەوە. چونکا تەعەدا لە هەموو میللەتی کورد کراوە و ئێمە بە فەرمی پرسە لە شارەکان دادەنێین ، داوایان لێ دەکەین کە ئەوانیش بەیانی لە مەڕاسمی پرسەی لە مزگەوتی گەورەی ڕانیە بەشداری بکەن.

کاک جەلیل دەستی خستە سەر شانم. ووتی بەڕاستی هەر ئەومان لە کاک ڕەسوڵ چاوەڕوان دەکرد چونکا زۆر کوردێکی پاک و ڕەسەنە. ئاگاداری بکەوە کە ئێمەش وەک ئەو لەو بابەتە بیرمان کردۆتەوە. ئێستا لە کۆبوونەوەی دەفتەری سیاسی تەواو بووین هەمان ڕای ئەومان هەبووە و بڕیارماندا تازیەی سەرتاسەری ڕابگەیەنین.

وەسبەینێ ڕا ئێمە لە مزگەوتی گەورەی ڕانیە مەڕاسمی تازیە باریمان بەڕێوەبرد، هەر دووڵایەنی حزبی دیموکرات بەشداریان تێدا کرد. وەکو بەرپرسی کۆمیتەی

قەزای رانیەی حزبی یەکگرتنی کوردستان، تیرۆر کردنی دکتۆر سەعیدی شەرەفکەندی لە نێو دڵی ئەوروپا شەرمەزار کرد و بۆ رادیۆن، تەلەفزیۆن و میدیاکان ئەو سەردەمی لێدوانم دا.

شەشەم دوای کۆنگرەی یەکگرتن تا مانگی ٢ی ١٩٩٣

سەرنەکەوتنی حزبی یەکگرتن و دابەش بوون

ماوەیەک کاک ڕەسوڵ، شێخ محەمەد و شیروان شیروەندی لەگەڵ ژمارەیەک لە کادیری دیاری هەموو لقەکانی حزبی سۆسیالیستی کوردستان بە دوو دڵی لە نێو حزبی یەکگرتن درێژەیان بە کار و چالاکیەکانیان دا. هەتا دەرئەنجام دەرکەوت کە کاک سامی و مامۆستا سەعد و زۆرینەی سەرکردایەتیە ٣ قۆڵیەکە لە دیالۆگ و ووتوێژدان بۆ ئەوەی لەگەڵ برادەرانی پارتی دیموکراتی کوردستان یەک بگرنەوە.

هەر بۆیە زیاتر کات نەکوژرا جارێکی تر ڕێکخستنەکانی سۆشیالیست ڕێکخرانەوە و پەیوەندی بە هەموو کۆنە پێشمەرگە و ڕێکخستنەکانەوە کرا کە ئێمە ناتوێنەوە و دەمانەوێ بەسەربەخۆ بمێنینەوە و جارێکی تر سەر لە نوێ خۆمان دارێژینەوە. ڕادیۆن و دەزگای ڕاگەیاندن لەبەر دەستی ئێمەدا بوو لە چوارقورنە.

پاشان کەوتینە باریکی گرژ و زۆر ئالۆز. ڕێکخستن و پێشمەرگە پەرتەوازە و دابەش بوون. لە زۆر شوێن دڵگرانی تێک گیران دروست بوو. بەتایبەت دوای ئەوەی بانگەوازی بەستنی کۆنگرەمان ڕاگەیاند.

گرژی کەوتنە نێو برادەرانی سۆشیالیست لە شەقڵاوە و قەڵادزێ

لە زۆربەی ڕێکخراو، ناوچە و لقەکان، پێشمەرگە و ڕێکخستنەکان کەوتنە پەشێوی و لێک دڕدۆنگ بوون و دابەش بوون بە نابەدڵی. ووتیان لەشەقڵاوە کاک کارزان تەقەی کردبوو خەریک بوو وەزعەکە بەتەواوەتی بشێوێ.
لەقەڵادزێ برادەران دابەش ببوون، جەماعەتێکی زۆری پێشمەرگە لە قەڵادزێ و ڕانیە چووبوون هەر چوار دەورەی ناوچەی قەڵادزێ یان گرت بوو. مەترسی لەسەر خەڵکی قەڵادزێ و دەوروبەری پەیدا ببوو کە شەڕ لە نێو شاریدا ڕووبدات.
نیوە شەوێ لە چوارقوڕنەی بووم کە خوا لێی خۆش بێت کاک عەلی برایمی ڕەشید ناغای پێماڵکێ لەسەر داوای ڕیش سپیان و پیاو ماقوڵانی قەڵادزێ بەتایبەتی هات بۆ چوار قوڕنە بۆ لای برادەران. داوای کرد کە کاک ڕەسوڵ بۆ خۆی تەدەخول بکات ئەگینا ئەگەری ڕژانی خوێن هەیە. دوای مشت و مڕێکی زۆر ئەمن ڕووم کردە برادەرانی سۆشیالیست و پێم ووتن ئەگەر ڕەزامەندیتان لەسەر بێت، بەناوی ئێوە دەچم و هێزەکان لێک دوور دەخەمەوە. برادەران ووتیان کار لە کار ترازاوە باوەڕ ناکەین کەس گوێ لەکەس بگرێ بەو نیوە شەوە. ووتم قەیدی ناکا هەوڵێکە دەیدەدم لە پێناو خەڵکە قەڵادزێ و برادەرە کۆنەکانی خۆمان بۆ ئەوەی ڕزگاریان بکەین لەو ئاشوبەی. ووتیان بەبێ چەک مەڕۆ نەبادە تەقەت لێ بکەن. ووتم باشە.

بە پەلە چووین بۆ قەڵادزێ. بەر لەوەی بگەینە مەقەری سۆشیالیست لە خواری شاری ئەو بەر ئەو بەری جادەی خەڵک تفەنگیان لە وورگی یەکتر هێشت بوو. کە سەیرم کرد زۆربەیان هەر سۆشیالیست نەبوون بەڵکو پێشمەرگەی پارتی و

یەکیەتی بوو، یەک لەوان خوارزایەکی خۆم بوو ئاربیجی لەسەر شانی بوو، بانگم کرد و پێم ووت ئەو ئاربیجیەی گولەکەی لەسەر لابە بیبەوە ماڵێ.

لەو کاتەیدا سەیارەیەک ڕووبەڕووی سەیارەکەی ئێمە هات، دوو کەسی لێ دابەزین و بۆ لای ئێمە هاتن. دیتم کاک نادری حەمەی قادری و کاک خالیدی جەوهەر ئاغای لێوژێ بوون، کە دوو بەرپرسی پارتی بوون بە دڵخۆشیەوە ووتیان زۆرمان پێ خۆشە هاتووی بەڵکو بە هەموو لایەک ڕێگری بکەین لەو بەڵایەیی کە یەخەی گرتووین. ووتم خەمتان نەبێ لەلایەن ئێمەوە هیچ نابێت. ووتیان بەڕاستی؟! ووتم بەڵێ. ئێستاش دەچم برادەرانی لایەکەی دیکەش دەبینم بۆ ئەوەی دڵنیا بین لێیان کە شەڕ ناکەن. ووتیان دەباشە لێرە بمێنە هەتا دەچینە ڕانیە و دەگەڕێنەوە. بروسکەیەکی بەپەلەی کاک مەسعودمان پێ‌یە بۆ کاک ڕەسوڵی دەبەین. ووتم خەمتان نەبێت، ئێوە بڕۆن کاری خۆتان بکەن.

چوومەلای پێشمەرگەکانی خۆمان کاک حوسێنی حەمە سور ئاغای و هەندێک لە خزمانی بەردەشانیم بینی ووتم بڕیاری کاک ڕەسوڵە دەبێ دەورەی مەقەرەکەی چۆڵ بکەن و کەس نابێ تەقەیان لێ بکات. ئەمنیش ئێستا دەچمە لایان قسەیان لەگەڵدا دەکەم.

بەر لەوەێ بچمە لای برادەرانی ناوچەی قەدیمی خۆمان سەردانی کۆمیتەی یەکیەتیم کرد بۆ ئەوەی لێیان دڵنیا بم کە تەقە ناکەن. لەوێ کاک عومەر قەڵادزەیی لەوێ بوو. دڵنیای کردم نەک تەقەمان لێ ناکەن. بەڵکو لەسەرمان وەجواب دێن. هەروەها ووتی هەر چەندە بروسکەیەکمان بۆ هاتووە کە هاوکاری ناوچەی پارتی بکەین و بە هەر دوولامان پێکەوە وەکو پشتیوانی بۆ حکومەت ڕێگری بکەین. ووتی ئەوە بروسکەکەیە بیخوێنەوە. جا نازانم بروسکەی ڕاستی بوو یا خۆیان دایان ڕشت بوو! لە بروسکەکەدا هات بوو (لە مەسعود بارزانیەوە بۆ کۆمیتەی ڕێکخستنی یەکیەتی نیشتمانی کوردستان و ناوچەی پارتی دیموکراتی

کوردستان لە قەڵادزێ . داواتان لێ دەکەم هەر دوولا هاوکار بن بۆ دەست وەبەر دەست نانی ئەوانەی ئەو وەزعەیان خوڵقاندووە و جەماعەتی ڕەسوڵ لەسەر هەق نین، ڕێگا مەدەن ئاسایشی ناوچەکە تێک بدەن.....هتد)
زۆر بڕوام بە بروسکەکە نەبوو بۆیە هیچ قسەم نەکرد بەڵام ئەو دڵنیای کردم کە هاوکاری پارتی ناکەن بەڵکو ئەگەر خوا نەکردە تەقەشیان لێ کردین، ئەوان پشتی ئێمە دەگرن.

لەگەڵ کاک عەلی ئاغای بە دوو قۆڵی بەو تاریکە شەوە و بێ کارەباییە بە نێو دوو ئاگردا چووینە ناو مەقەڕی ناوچەی کۆنی سۆشیالیست کە جەماعەت ئێمەیان بینی گەشانەوە و ئاهێکیان بەبەردا هات. لەگەڵ کاک سەربەست، سەعد و بایز ئاغای بە ٤ قۆڵی کۆبوونەوە بەناوی کاک ڕەسوڵی دڵنیام کردن کە کەس تەقەیان لێ ناکات ، مەقەرەکە هەر خۆیان لێی بەر پرس دەبن کەس بەرپرسیان لێ وەرناگرێتەوە. ووتیان ئەدی لە ئێوارێ وە بۆ ئەتۆی نەدەنارد، حوسێنی حەمە سوور ئاغای ناردووە خەریکە جارێکی تر شەڕی نێوان ئاغا و جوتیارەکان سەر هەڵداتەوە. ووتم برا ئێوە هەر حزبێک بن سەد ساڵ لێرە بن ئەمن نایەمە سەرتان. ئێستاش لەسەر داوای کاک عەلی ئاغای کە ڕێشسپیانی قەڵادزێ ناردوویانە لە بری برادەران ئەمن هاتووم بۆ ئەوەی دڵنیاتان بکەمەوە و لەو دڵە ڕاوکێ یەی ڕزگارتان بکەم. هەندێک گلەی و گازندەی تریان کرد، بە ئەرمی وەڵامم دانەوە و لە قسەکانم خۆشحاڵ بوون بەڵام وا دیار بوو لە خەتی تریشەوە پەیوەندیان لەگەڵدا بوو بۆیە بڕیاریان پێ نەدرا کە هەر ئەو شەوە لەگەڵم بێن بۆ چوار قورنە و هەموو شتێک یەکلا بکەینەوە.

دوای ئەوەی پەیمانیاندا کە تەقە ناکەن هەتا تەقەیان لێ نەکرێ و بەیانی بەدەنگ پێشنیارەکەمانەوە دێن ئەو شەوە گەڕامەوە لای برادەرانی خۆمان و کەمێک دوورم خستنەوە و گەڕامەوە چوار قورنە. بەیانی زوو کاک ڕەسوڵی حەمە مستەفای جەماعەتێک پێشمەرگە چووبوونە ناو بارەگاکە، کە دیت بوویان

ئەشیاکانیان بۆ مەقەری پارتی ڕاگواست بوو، کەسیشی لە نێو بارمگایەکەی نەمابوو. لە دوایدا دەرکەوت کە لەگەڵ برایانی پارتی هیچیان لەبەیندا نەماوە و تێکەڵ بوون. لە دواییدا کێشەی خانوبەرەی بارمگاکە بەووتوێژ چارەسەر کرا.

بەستنی کۆنگرەی دووەم و دروستکردنەوەی حزبی سۆشیالیست

ڕۆژی ٤ شەممە ٤ — ١١ -١٩٩٢ هەر چەندە زۆر غەدر لێکراو و نەبوو بووین بەڵام زۆر بە جورئەتەوە لە ژێر دروشمی (لە پێناو بەخۆدا چوونەوە و خۆڕێکخستنەوە و بەدیهێنانی یەکگرتنێکی ڕاستەقینەدا لەسەر ڕێبازی سۆشیالیستی و دیموکراتی و دادپەروەری و کۆمەڵایەتیدا) بە بەشداری ٣١٥ کادیری سیاسی و سەربازی و ڕێکخستنەکان لە هۆڵی مەڵبەندی ڕۆشنبیری ڕانیە کۆنگرەی دووەمی حزبمان بەست.

سرودی نێمە سۆشیالیستین ئاتوێنەوە لە ئامادەکردنی هونەرمەندان محەمەد عەزیز و زیاد ئەسعەد لە هۆڵی کۆنگرە ڕوحیەتی سۆشیالیستی قەدیمی بەبەر بەشداربواندا کردەوە بەبێ ئەوەی ترسیان هەبێ لە یەکیەتی و پارتی و بەشێک لە برادەرانی کۆنی خۆمان کە لەگەڵ یەکگرتن ڕۆیشتن و کەوتنە سەنگەرێ لێمان.

یەکەم ڕۆژ ووتاری یەکیەتی لە لایەن کاک قادری حاجی عەلی پێشکەش کرا کە لەگەڵ کاک شێخ دارۆ و کاک ئاوات عەبدول غەفور بەشداری کۆنگرەکەیان کردبوو.
ووتاری حزبی شیوعی لەلایەن هاوڕێ جەلال دەباغ خوێندرایەوە.
ئەوجا ووتاری حزبی زەحمەت کێشان لەلایەن کاک دکتۆر سەردار خوێندرایەوە.

لە دواییدا بەیانی حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران / ڕێبەرایەتی شۆڕشگێر پێشکەش کرا
لە دوای ئەوە کاک ڕەسوڵ ووتارێکی دوور و درێژ بە ووردەکاری زۆرەوە بارو زروفی حزبی لە ڕابردوو و پلان و بەرنامەی ئایندەی خستە ڕوو.
ئەو ڕۆژە بە کۆمەڵێک بروسکە و پەیامی حزب و ڕێکخراو و کەسایەتی سیاسی کوردستان و کۆمەڵێک سرودی حەماسە خوڵقێنی پێشمەرگایەتی کۆتای پێ هات.

دووەم ڕۆژ کۆنگرە گواستراییەوە بۆ هۆڵی کۆبوونەوەکان لە بارەگای سەرکردایەتی لە فرقەی چوارقوڕنە. دوای ئەوەی چەند لیژنەیەک پێک هات بۆ تاوتوێی پەیڕەو پڕۆگرام. وەک ئەندامی بەڕێوەبردنی دیوانی کۆنگرەکە لەگەڵ مامۆستا عەبدوڵا کەریم و یەک دوو برادەری تر دانداراین بەڵام پاش ماوەیەک لەسەر داوای کاک ڕەسوڵ مامەند لە لیژنەکە کشامەوە.

دانیشتنی شەشەم لە ٦ - ١١ — ١٩٩٢ دەستی پێکرد بە پێشکەش کردنی ڕاپۆرتی سیاسی لەلایەن هەڤاڵ ڕەسوڵ مامەند. لە دواییدا گفتگۆی زۆری لەسەر کرا بە دەنگی زۆرینە پەسند کرا.

دانیشتنی حەوتەم دوای نیوەڕۆی هەمان ڕۆژ دەستی پێکرد کە تایبەت بوو بە هەڵبژاردنی ئەندامانی سەرکردایەتی لە کەش و هەوایەکی تا ڕادەیەک دیموکراتی، بەدەنگی زۆرینە کاک ڕەسول وەک سکرتێر و کاک شێخ محەمەد و کاک شیروان شیروەندی وەک مەکتەب سیاسی داندران. لەو ٢٠ ئەندامەی کە خۆیان کاندید کرد بوو ، سەرجەم (١١ بۆ سەکردایەتی ٥ بە یەدەگ) هەڵبژێردران.

بە سروودی ئەی ڕەقیب کۆتایی بە کۆنگرە هات

ڕۆڵی ڕێکخستن و پەروەردە لە حزبدا:

بەر لە پەیوەندی کردنم بە هێزی پێشمەرگەی کوردستان لە دوای کۆتایی هاتنی شەڕەکانی ناوخۆ و سەرەتای دیالۆگی ناشت بوونەوە پێک هێنانی بەرەی کوردستانی سوور بووم لەسەر ڕێکخستنی پۆڵاینی نهێنی ناو شارەکان و چالاکی جەماوەری و کاری مەدەنی لە پێش چوونە چیا پرۆژەی ڕێکخستن و پەروەردەکردن لە ناو هێزی پێشمەرگە لەگەڵ سکرتێر و ئەندامانی مەکتەب سیاسی تاو توێ کرد بوو. کە وادەم پێدابوون وەک کەسێکی ئیداری ناوەندەکەیان بۆ دروست بکەم و بەڕێوەبەرم. بەداخەوە لەبەر بەهێند وەرنەگرتنی سەرکردە کلاسیکیەکان لەو کاتیدا بوو بە خەون و خەیاڵ.

لە دوای ڕاپەڕینیش هەر ئەو پێشنیار و داواکاریانەم هەبوو بەڵام بەمنیان نەسپارد بەڵکو بەکۆمەڵێک ئەفسەری کۆنی سوپای عێراقیان سپارد کەببوون بە پێشمەرگە. هەر باش بوو چونکە گرنگ گیانی ڕێکخستن و پەروەردەکرن لەناو هێزی پێشمەرگە و خەلک بەهێز بکرێت. بۆ ئەو مەبەستەش بەبەردەوامی ڕاپۆرت و نووسینم ئاراستەی مەکتەب سیاسی و مەکتەب ڕێکخستن و دەزگاکانی سەرکردایەتی دەکرد. ئەوەش نموونەیەکە لەو ڕاپۆرتانە:



۷) [illegible]

۸) [illegible]

[illegible]

[illegible]

[illegible]

هەوڵی ناسایی کردنەوەی پەیوەندیەکان لەگەڵ حزبەکان بەگشتی، پارتی بەتایبەتی و ڕاشکاوانەتر لە نێوان (کاک مەسعود و کاک ڕەسوڵ مامەند)

بەر لە هەڵبژاردنی پەرلمان و ڕابەرایەتی و لەدوای هەڵبژاردن هەر دوو حزبی (پارتی و یەکیەتی) کێ برکێیان بوو بۆ دانوستان لەگەڵ سۆشیالیستەکان و پێدانی چەندین کورسی پەرلمان بەسەرۆکی پەرلمانیشەوە، بەداخەوە لەبەر دوو جەمسەری و ڕارایی لە نێو سەرکردایەتی سۆشیالیست نەتواندرا سوود لەم هەلانە لە هیچ لایەکیان وەرگیرێ. وەک نموونە بۆ خۆم شاهیدی چەند لەو هەوڵانەم.
یەک لەوان دوای هەڵبژاردن بوو ماوەیەکی زۆر لە مەسیف بەتایبەت لە مەکتەبی سیاسی بەسەرپەرشتی کاک مەسعود و ئامادەیی کاک دکتۆر و کاک ڕەسوڵ چەند کەسایەتیەکی تری سەکردایەتی وەک کاک عەدنان موفتی مناقەشەی دانوستان و بەشداری پێکردنی سۆشیالیست بوو لەسەر پشکی پارتی. دوای گەڕانەوەمان نێوارە بۆ بارەگاکانی خۆمان لە شەقڵاوە، مام جەلال چاوەڕوانی دەکردن بۆ خۆی هات باوەشی پێدا کردن و یەک بەیەک ماچی کردن و ئەرێ ئەوە لە کوێن؟ دوو ڕۆژە ئەمن لێتان دەگەڕێم و چاوەڕوانی نێوەم؟ بەقسەی خۆش و پێکەنین ڕایکێشان بۆ مەقەرەکەی خۆی لە شەقڵاوە. دوای مجامەلەیەکی زۆر و پێدا هەڵدان لەوێش نەیان توانی بوو یەک ڕا بن و لەگەڵی یەکلا بکەنەوە. بیستمەوە کە وادەیان بە کاک محەمەدی حاجی مەحمود دابوو کە یەکیەتی ئامادەن هەتا ١٧ کورسی بدەن بەسۆشیالیستەکان ئەگەر سەرکردایەتی بە تێکڕای دەنگ خۆیان یەکلا بکەنەوە بەلام بەداخەوە ئەوەشیان لە کیس خۆیاندا.
لە دوای کۆنگرەی دووەم و دروست کردنەوەی حزبی سۆشیالیستی کوردستان زۆر پێویستیمان بە زیندوو کردنەوەی پەیوەندیەکان لەگەڵ هەموو لایەک بووین بەتایبەت لەگەڵ پارتی کە لێمان تەریک کەوت بوو بەهۆی یەکگرتنەوەیان لەگەڵ سەرکردایەتی حزبی یەکگرتن. کاک مامەندی هەباس ئاغای سەرکەپکانی

ڕانیە کاک مەسعود بارزانی بینی بوو لەو بارەوە باسی بوێری، توانا و قابلیەتی کادیرانی کۆن و تازەی سۆسیالیستی بۆ کردبوو. کاک مەسعود بارزانی وادەی بە کاک مەمەند ئاغا دابوو کە ئامادەی ئاسایی کردنەوەی باروزروفەکان و ڕازیە گفتوگۆ دەست پێ بکرێتەوە.

بۆ ئەو مەبەستە مەکتەبی سیاسی حزبی سۆشیالیست لیژنەیەکی ٣ قۆڵی لە کاک موحسین بایز خوا لێی خۆش بێت ، کاک حاجی برایم ڕۆستەم و بەندە دروست کرد و ڕایان سپاردین کە لە ڕێگای کاک مامەند ئاغا درێژە بە زیندوو کردنەوەی پەیوەندی لەگەڵ پارتی بدەین بەتایبەت کار بکەین بۆ سازدانی دیدارێک لە نێوان کاک مەسعود بارزانی و کاک ڕەسوڵ مامەند. ئێمە کەمتەرخەمیمان لێ نەکرد، هەموو ئامادەییەکمان دەربڕی. هەتا کاتێک دیاری کرا بۆ سەردانی کاک ڕەسول بۆ لای کاک مەسعود لە مەسیف سەلاحەدین.

بەداخەوە نازانین تا ئێستاش هۆکارەکەی چ بوو، دوای چاوەڕوانیەکی زۆر براەدران لە ئۆفیسەکەی کاک مەسعود داوای لێبووردنیان کردبوو کە بەهۆی کاری ناوەخت لەگەڵ هەندێک لەبیانیەکان لەو کاتەدا ناتوانێ بیان بینێ.

کاک ڕەسوڵ بە دڵگرانیەکی زۆر گەڕایەوە ڕانیە. لە دوای ئێمەی نارد. ڕایسپاردین کە بە دوای کاک مامەند ئاغا بچین، بۆ ئەوەی بزانین خەڵەل لەکوێدایە کە برادەرانی مەکتەب سیاسی پارتی گرفتیان خستۆتە دیدارەکە.

بیستمان کە لەدواییدا کاک مەسعود بارزانی بروسکەی بۆ کاک ڕەسوڵ ناردبوو، داوای لێبووردنی کردبوو کە بەهۆی خەڵەلی ئیداری خۆیان ئەوە پێش هاتووە و ئامادەیە کاتێکی تر دیاری بکات بۆ ئەو دیدارە.

کاک ڕەسوڵ هێندەی دڵشکا بوو کە هەتا سەریشی نایەوە لە دڵی دەرنەچوو. زۆر جار بەسەر سوڕمانەوە دەی گووت نازانم هۆکار چیە کاک مەسعود ئاوا چاکەمان دەداتەوە لە ٦٠ کان ئەمن بە کەلەپچەوە لە بەکرەجۆ بردوویانم بۆ تاقیکردنەوەی وزاری [164]، چونکا دڵم بڕوای نەداوە بۆ جەلالیەکان دان بەوە دابنێم کە مەلا مستەفا خائینە. هەروەها لەم شۆڕشەش هەرچی بەسەر برادەرەکانمان هاتووە لەلایەن یەکیەتیەوە تەنها لەسەر ئەوە بووە کە نەچووینە ژێر باری ئەوەی کە پارتی حزبێکی نیشتمانی نیە و لەگەڵیاندا چووینە بەرەی جودەوە!

شکانەوە بەلای یەکیەتیدا و سازبوونی زەمینەی یەک گرتنەوە:

بەداخەوە ئەو دڵشکاندنە سەری کێشایە هیوا بڕان لە ژێر کاریگەری یەکگرتنەوەی حزبی یەکگرتن لەگەڵ پارتی، مەکتەبی سیاسی پارتی ڕێگای نەدا جارێکی تر پەیوەندیەکان لەگەڵ کاک مەسعود بچێتەوە پێشێ، لەلایەکی تریش مام جەلال بە چەپ و بەڕاست بە ناشکرا و بەنهێنی دەرگای هاوکاری بۆ دەکردینەوە. هەروەک قەت ناخۆشیمان لەگەڵیاندا نەبووێ وەیا ئەوان هیچ هاوپەیمانیەکی ٥٠ بە ٥٠ یان لەگەڵ پارتی مۆر نەکردبێ.

بەڵام هەموومان بەتایبەتی کاک ڕەسوڵ ڕامان وابوو کە ئەو تەجروبەی حکومەت و پەرلمانی کوردستان بەرهەمی خوێن و ماندوو بوونی هەموانمانە و دەبێ بە هەر شێوەیەک بێت دەریچەیەک بدۆزینەوە تێیدا بەشدار و هاوکار بین بۆ سەرخستنی. پێمان وا بوو منداڵ و کەس و کاری شەهیدەکانمان چاوەڕوانی دامەزراندن لە حکومەتی خۆمانیمان لێدەکەن نەک بیرکردنەوە لە خۆشگوزەرانی و

[164] تاقیکردنەوەی وزاری واتا تاقیکردنەوەی بەکەلۆری

دەسکەوتی شەخسی بۆ ١٠٠٠ یا ٢٠٠٠ کەسێک، ئەگینا بەبەردەوامی دەزگا بەرپرسەکانی عێراق و ئێران لەسەر خەت بوون بۆ پەیوەندی پێوە کردن.

خولقانی زەمینەی گفتوگۆ و یەکگرتن لەگەڵ یەکیەتی

لە دوای ئەوەی کە لە ٦ – ١٢ – ١٩٩٢ مام جەلال بابەتێکی لە رۆژنامەی کوردستانی نوێی ژمارە (٢٦٠) دا بڵاوکردەوە لە ژێر ناونیشانی (لە پێناو گەشە پێدانی یەکێتی نیشتمانی کوردستان) بە مەبەستی یەکگرتنەوەی سۆشیالیست و چەپ و دیموکرات و پێشکەوتوخواز و هەڤاڵە دێرینەکان بڵاکردەوە. کە لە ناوەرۆکەکەیدا باسی یەکخستنەوەی باڵەکانی ناو یەکیەتی کردووە و لە دوای کۆنگرە پەسندی بەرنامەی سۆشیال دیموکراتیان کردووە و دەیانەوێت لە ناوەوە لەدەرەوە هەموو حزبە چەپ، دیموکرات و سۆشیالیست و پێشکەوتووخوازەکان بەمینبەری خۆیانی بزانن.

لە ناوەرۆکی بڵاوکراوەکەدا داوای کردووە لە ئالای شۆڕش، زەحمەتکێشان ، سۆشیالیست و هەموو ئەوانەی ڕۆژێک لە یەکیەتی دابووبن بۆ یەک گرتنەوە [بەڵای ئێمەوە ڕۆژی ئەوە هاتووە کە ئەوانەی لەسەرەتاوە لە ناو (ی.ن.ک) بوون و پاشان لەبەر هۆی جۆرا و جۆر یان بە بیانووی جیا جیا لێی دوورکەوتنەوە یان جودا بوونەوە. بیر لەیەکگرتنەوەی بکەنەوە لە ناو ڕیزەکانی (ی.ن.ک) دا لە پێش هەموان ئەوانەی ئالای شۆڕش و حزبی زەحمەتکێشانی و حزبی سۆشیالیستیان پێکهێناوە. یان لە هەندێ کۆمەڵی بچووکدا خۆیان گرتۆتەوە بەتایبەتی کە هەموو ئەوانە لەسەرەتادا، لە دەستپێکی (ی.ن.ک) و هەڵگیرساندنەوەی شۆڕشی نوێی گەلەکەمانەوە، شەرەفی پێکەوە خەبات کردنیان هەبووەو پێکەوە چەندین سەروەری هاویەشمان تۆمارکردووە و سەدان شەهیدی موشتەرەکمان پێکەوە فیدای گەل و نیشتمان کردوە.]

لە کۆتایی بانگەوازەکەدا هاتووە:
[دەبا مونازەرەیەک (پۆلیمیکیک) لەسەر ئەم گرنگە بەرپا بکەین و بە ئەنجامی سەرکەوتووی خۆشی بگەیەنین.]
هەروەها پێی وایە ئەوە داواکاری شەهیدەکانیشە:
[پێشم وایە گیانی شەهیدە نەمرەکان بانگمان دەکا و دەڵێ: بۆ پێشەوە بەرە و یەکگرتنەوەی هەموو کۆنە یەکێتی یەکان، هەموو چەپ و دیموکراتە پێشکەوتنخواز و سۆشیالیستەکان لە ناو (ی.ن.ک) ی گەشەکردوو ڕێبەردا.]

لە پێناوی گەشە پێدانی بزووتنەوەی نیشتمانی کوردستاندا[165]

خوا لێی خۆش بێت ڕەسوڵ مامەند پاش چەند ڕۆژێک وەڵامی نووسینەکەی مام جەلالی دایەوە لە ژێر ئەو ناونیشانەی سەرەوە، لە کاتی خۆیدا لە ڕێبازی نازادی، دەزگای ڕادیۆن و ڕاگەیاندنەکانی ئەو سەردەمدا بڵاکرایەوە.

لەناوەڕۆکی نووسینەکەدا هاتووە
[... حەز دەکەم پیرۆزبایی لەو دەست پێشخەرییەی بەڕێز مام جەلال بکەم کە بۆ سەرەتای گفتوگۆ و ڕادەربڕین لەمەڕ یەکگرتن و جۆشدانی خەباتی هەمە لایەنە زەمینەیەکی لەباری دروست کردووە. ئاواتە خوازین بەخۆنەویستی و بەشداری کاریگەری هەرچی زۆری بۆ چوون و ڕاکانە ئەم زەمینەیە چاکتر بخەملێنن و بیهێنە سەر گۆڕەپانی واقیع و کردەوە.]

هەروەها لە پەڕەگرافێکی تردا هاتووە:

---

[165] وەڵامی بانگەوازەکەی مام جەلالە بۆ یەکگرتنەوە لەلایەن کاک ڕەسول مامەند.

[لەسەرەتاوە دەبێ هەموو جۆرە زەختێکی سیاسی و مادی، وەلابنرێت، دەبێ ووتوێژەکان لە جەوێکی ئازاد و دیموکراسیانەدا ئەنجام بدرێن. دەبێ وا تەماشای یەکگرتن بکرێت کە کۆکردنەوەی ئیرادە و تواناکانی تێکۆشەرانی گەلەکەمانە و پێویستیەکی بابەتی و بەپەلەی ئەمڕۆی بارودۆخی کوردستانە،.....]

لە خانێکی ٣هەمی سەرەکی مەبەستداری یەکگرتن و یەکبوون بەم شێوەیە دەربڕیووە:

[لەم ڕۆژگارەدا پاراستن و بەهێزکردنی دەستکەوتەکانی ڕاپەڕین و تاقیکردنەوەی پەرلمان و بن بەست کردنی دەزگاکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان، بووەتە ئەرکی سەرەکی خەبات و هیچ بەدیلێکی تر نابیندرێ بۆ ڕاپەڕاندنی ئەرکەکانی ئەمڕۆ، چونکە ئەم هەلومەرجانە ڕەخساوە و ئەم حکومەتی هەرێمە بەرهەمی تێکۆشانی دێرینەی خەڵکی کوردستانە و هەر نشوستیەکیش لە وەزعەکە ڕوویدات، هەر ئەو حزبانە ناگرێتەوە کە ئەمڕۆ حکومەتی هەرێمیان بەدەستەوەیە نشوستی دەبێ بۆ سەرجەم خەباتی گەلەکەمان و گشت هێزە سیاسیەکان دەگرێتەوە.

هەر لەو بۆ چوونەشمانەوە بوو ئەنجامەکانی هەڵبژاردنمان پەسند کردوو پشتیوانی تەواویشمان لە حکومەتی هەرێم کرد، لەگەڵ گازندەی زۆریشمان لە حکومەت کە تا ئێستا بەشدار نەبووین لە دەزگاکانی بەرێوە بردنیدا و لە زۆر بواریشدا هەستمان بەبێ بەشی کردووە و واش دەبینین حکومەتی هەرێم لەسەرەوە تا خوارەوەی لە پاوەنی دوو حزبدایە و بە هۆی جیاوازی بیر و ڕای سیاسی خەڵکی ناتوانن ببنە کارمەندیش تیایا کە ئەمەش زەنگێکی مەترسیدارە بۆ پێشێل کردنی دیموکراسیەت و مافەکانی مرۆڤ و عەدالەتی کۆمەڵایەتی]

لە پەرەگرافێکی تردا هاتووە:

[ئەوە روونە هێزە نوێیەکانی جوڵانەوەی ڕزگاریخوازی گەلەکەمان بەتایبەت ئەوانەی بۆ دروست کردنەوەی شۆڕشی نوێی گەلەکەمان هاتنە مەیدان، سەرەتا هەنگاویان لە کەش و هەوایەک نەش و نمایان کرد جیا لەو کەش و هەوایەی لەم قۆناغەی ئەمڕۆماندا کاری پێدەکرێ، ئێمە و یەکیەتی نیشتمانی کوردستان، لە منداڵدانی داپڵۆسین و تیرۆر و ڕەشەکوژی و سەردەمی نادیموکراسیەتدا لە دایک بووین و گەشەمان کردوە و شێوەی تێکۆشانمان بە تەواوی جیا بووە، لە شێوەی تێکۆشانی ئێستامان، هەر بۆیەش پێویستمان بە گۆڕانکاریەکی بابەتی گەورە هەیە بۆ بەهێزکردن و خەملاندنی ڕێکخراوێکی جەماوەری بەهێز.]

لە کۆتایدا هاتووە:

[..... بەڕاشکایەوە ئەوە دەردەبڕین کە ئێمە لەگەڵ هەموو مونازەرە و گفتوگۆیەکین بۆ بە ئەنجام گەیاندنی پڕۆسەی یەکگرتن و جۆشدانی خەباتی گەلەکەمان و یەکگرتنەوەی هەموو ڕووبارەکان، یەکگرتنەوەی سۆشیالیست و چەپ و دیموکراتەکان.]

تێبینی:

ئەوکاتی ئەندامی مەکتەبی ڕێکخستن بووم، ڕاو سەرنجی خۆم بەڕاشکاوی بۆ ڕێکخراو و دامەزراوەکانی حزب و ڕاگەیاندن دەردەبڕی و دەنووسی بەر لە وەڵام دانەوەی بانگەوازەکەی مام جەلال بۆ یەکگرتنەوە ئەو بابەتەم ئاڕاستەی دەزگاکانی حزب کرد

حکومەتی هەرێمی کوردستان
یا حکومەتی خەڵکی کوردستان

حکومەتی هەرێمی کوردستان ئەنجامی تاقی کردنەوەی سالّەهای سالّی خەبات و رەنج و تێکۆشانی و ئەنفال و سیاسەتی جینۆساید کە فاشستەکان بەسەر گەلەکەماندا جێبەجێیان کرد و ڕاپەڕین و ڕەو و نابلوقەی ئابوورییە.....
هیچ کەسێک نەماوە لە خەلّکی کوردستان کەم یا زۆر نەبووبێتە سووتەمەنی ئەم دەسکەوتە مەزنە. جا بۆ ئەوەی هەموو چین و توێژەکانی کۆمەلّگای کوردەواری بەری ڕەنج و ماندووبوون و خوێن و فرمێسک و کەسە لەدەست چوەکانیان لەو حکومەتەدا بەدی بکەن و بەبەرهەمی هەلّقوڵاوی دڵ و دەرونیانی بزانن، پێویستە لە پاوەنکاری سیاسی و خۆسەپاندنی چەند کەس و لایەنێک دەربچێت سیاسەتێکی بەربڵاو و فراوان بگرێتە بەر و زۆربەی حزب و ڕێکخراو و خەلّکی کوردستانی لێ بەر پرسیار بکرێ.

بۆ ئەوەی ڕێگا نەدەین هیچ کون و کەلەبەرێک لە ڕیزەکانی گەلەکەمان بەجێ بهێڵین بۆ ئەوەی دوژمنان کەلّکی لێوەبگرن و بیکەنە پێگەیەکی پلانە گلاو و شومەکانیان لە دژایەتی کردنی ئەو کۆرپە ساوایەی گەلەکەمان و بەدەردی کۆمارە ساواکەی مهابادی بەرن.

گەر بڕواشمان بەسەرەتاکانی دێموکراتیەتیش بێت دەبێ هەر ئەو بیرکردنەوەیەمان هەبێ لە ئاستی ئەو ڕەنج و خەبات و خۆراگریە و هەلّوێستە کەم وێنەیەی خەلّکی نەدار و برسی و ڕەش و ڕووتی کوردستان، کە بە هەموو شێوەیەک شانیان وەبەرداوە و نەبرسیەتی و نەسەرما و نەداری و نەبوونی نەیتوانیوە چۆکی پێ دادەن و لە ئیرادەی کەم بکەنەوە و پاشگەزی بکەنەوە لەو بڕیارە مێژووییەی کە داویەتی کە دەبێ وەک هەموو گەلانی بە مافی چارەنوسی خۆی بگات کە ئەوەش لە تاقی کردنەوەی پەرلمان و حکومەتی هەرێمی کوردستان لەسەر بنچینەی فیدارالی خۆ دەنوینێ.
جا کوردستانێک خاوەنی خەلّکێکی ئاوا خۆراگر و بەبڕوابێت، دوژمنان پێیان خۆش بێ یا نا خۆشبێت نەک فیدڕالّی بەلّکو زیاتریشی بە ڕەوا دەزاندرێ. جا

بەرامبەر بەو هەڵوێستە خۆراگرییە و کەم وێنەیەی گەلەکەمان نابێ هیچ کەس و لایەنێک غرور بیگرێ و وابزانن کەوا خەڵکی کوردستان بۆ هەر دوو سەرۆکی بەڕێز و هێژا یا هەر دوو لایەنی سیاسی بەڕێز نەو نەرکەیان وە نەستۆ گرتووە و نەو باجە زۆرە دەدات.. هیچ کەس ناتوانێ نکۆڵی لەو دوو بەڕێزە و لە هەر دوو حزبی تێکۆشەر بکات کە خاوەنی بنکەیەکی جەماوەری بەرفراوانن و زۆربەی خەڵکی کوردستان دەگرێتەوە. بەڵام هەر هەموو کورد ناگرێتەوە.

بەڵکو دەبێ زۆر چاک بزانین کە لە نەنجامی زوڵم و زۆری دوژمنان و سانەهای چەوسانەوە و ژێر دەستی و مانّ وێرانی و جەرگ برانە و خوێن و فرمێسک نەو بەرهەمەی بەدەست هێناوە و هەڵوێستی وەرگرتووە و ئامادەیە بیپارێزێ و قبوڵ ناکات کەس نیرادەی پێشێل بکات و خۆی بەسەردا بسەپێنێ.

نەگەر بێت و کاربەدەستانی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە ئاستی نەو بەرپرسیاریە نەبێت و زۆرترینی نەو خەڵکەی تێدا بەشدار نەکات کە هەوڵ و خەباتیان داوە، زۆر بەتوندی هەموو جۆرە خۆسەپاندن و پاوەنکاریەک رەد دەکاتەوە و نەگەر بە قنە قنی دوژمنان و دەستی بەکاربوونی رەتڵی پێنجیش نەبێ هەر نەو خەڵکە رەش و رووت و ستەم دیدە بەرووباندا تەقێتەوە و لەبەرهەمی رەنج و خەباتی و شەهید و وون بووی خۆی دەپرسێتەوە.

پتەوتربێ رێزەکانی خەڵکی چەوساوە و ستەم دیدەی کوردستان لە پێنا بەدەست هێانی مافی چارەنووس دا کە خۆی لە حکومەتی هەرێمی کوردستان و پەرلمانی کوردستاندا دەنوینێ.

واژۆ

هیوا کریم

١٩٩٣ / ١ / ٢





بە ووردی شیکاری خاڵ بەخاڵ بانگەوازەکەی مام جەلا کرد

زۆر بەلۆجیکانە وەڵامی چۆنیەتی بەدەمەوە چوونی بانگەوازەکەی مام جەلال بۆ یەکگرتنەوە دابۆوە. نیشانی کاک شێخ محەمەد شاکەلی و هەندێک لە برادەرانم دابوو، پێیان خراپ نەبوو کە لە ڕێبازی نازادی بڵابکرێتەوە. بۆ ئەو مەبەستە دام بە کاک محەمەد ڕەنجا کە سەرپەرشتی ڕۆژنامەکەی دەکرد. بەڵام لەدوای ماوەیەک داوای لێبووردنی لێکردم کە برایەکی تازە دەرچوو بۆ سەرکردایەتی ڕێگری لێکردووە لە بڵاوکردنەوەی[166] بەڵام دوای ئەوە هەوڵمدا زۆربەی برادەرانی سەرکردایەتی و ئەندامانی دەزگاکانی سەرکردایەتی ئەم بابەتەیەن ببینن.

[166] وەکو نێستا میدیا نازاد نەبوو، ڕێبازی نازادیش حزبی بوو.



رای سەربەست

چەند ڕاو تێبینیەک لەسەر بانگەوازەکەی بەڕێز مام جەلال (لە پێناو گەشە پێدانی ی. ن . ک. دا)

خالید، ٢١ — ١ - ١٩٩٣

بانگەوازەکەی بەڕێز مام جەلال لە کوردستان نوێ دا ژمارە (٢٦٠) و ڕوون کردنەوەکەی لەسەری لە ژمارە (٢٩٢) دا، پێویستی بە زیاتر شیکردنەوە و قوڵ بوونەوەی فکری هەیە، پێویستە سیاسیەت مەداران و ڕۆشنبیرانی کورد وورتر مامەڵەی لەگەڵدا بکەن، بە تایبەت ئەوانەی بەڕێز ڕووی دەمی تێکردون و بۆ یەکگرتنەوە وەک (سۆسیالیست و ئازادی شۆڕش و زەحمەتکێشان و دیموکرات خواز پێش کەوتوخوازەکانی تر) کە پێشتر لەناو ڕیزەکانی (ی . ن . ک) دا خەباتیان کردوە.

یەکگرتن و یەکگرتنەوەی ئەوانەی زوو لە ناو (ی . ن . ک) دا بوون و بەهۆی بار و زروفی جیا جیا و هەر بڕ و بیانویەک لێی دەرچوون...!؟

یاخود یەکگرتنەوەی چەپ و هەنگرانی بیری سۆسیالیست و کۆمەنیزم..!؟

یاخود پیادەکردنی بیری سۆسیال دیموکرات کە پەرەی سەندووە لە جیهاندا و لەدوای گۆرانکاریەکانی (گلاسنوس و پرستریکا) خو گونجاندن لەگەڵ ئەو ڕەوتە..!؟

ئەوانەی هەربەکە پێویستە بە جیا جیا شیان بکەینەوە:

گەر مەبەستی بەڕێز مام جەلال ڕێکخستنەوەی ناو ماڵی خۆ (ماڵی ی . ن .ک) ی دێرین بێت، شتێکی ڕەوایە و هەموو مافێکی پێ دەدەین. بەڵام پێویستە شیکاری

ڕاپۆرت

چەند ڕاوێژێکی لەسەر بانگەوازەکەی بەڕێز ماموستا جەلال (لەپێناوی گەشەپێدانی ـ ی.ن.ک ـ دا)

خالید [redacted]

بانگەوازەکەی بەڕێز مام جەلال لەکوردستانی نوێدا (ژمارە(٢٦٠) ڕێکەوتی ٢٠/٤/٩٧ دا، پێویستی بە ڕاڤەکردنێکی وردتر هەیە بۆ ئەوەی ببێتە ڕێنوێنی سیاسەتی هەمووان بەرامبەر ئەو هێزانەی کورد بەگشتی، بەتایبەتی ئەوانەی بەڕێز ماموستا لەگەڵدا بکەن، بەتایبەتی ئەوانەی بەڕێز ماموستا ئامادەیە بۆ بەگژدا بچێت و بۆ بەگژدانەوە وەک (سوسیالیستەکانی شۆڕش و زەحمەتکێشان و دیموکراتخوازو پێشکەوتنخوازەکانی تر) کە پێشتر لەناو ڕیزەکانی (ی.ن.ک)دا هەبوون و بەگژدانەوەی ئەوانەی زوو لەناو (ی.ن.ک)دا بوون و بەهۆی بارودۆخی جیاجیا و هەڵوێستی جیاوازەوە لێی دابڕاون و بەرەو ڕووی بوونەتەوە...!؟

یاخود بەگژدانی هێزێک هەڵگری بیری سوسیالیست و کۆمۆنیزم...!؟ یاخود پاڕاستنی بیری سوسیالی دیموکراتی کە بەرەی سەدەی لە هەڵگرانی دابوو لەدوای گۆڕانی کارەکتەر (گلاسنۆس و پەرەستروێکا) هەڵگرنەماندنی لەگەڵ ئەو ڕەوتە...!؟

ئەوانەی هەڵوێستە پێویستە بەجیاجیا ڕوونبکرێنەوە!

هەڵگری بەڕێز ماموستا بەڕێز مام جەلال پێناسەی ئەو ئاماژەی خۆی (مانای ی.ن.ک)ی داڕێژێنێ بێت، ئینجا ڕەوایە و هەموو هاوئامانجێکی بۆی دەبێ، بەڵام پێویستە ئەمەیان

(ی . ن . ک) ی دێرین و دوێنێ و ئەمڕۆ بکەین و هەندێ هۆکاری دەرچوونی هەر یەک لەو حزب و ڕێکخراو و دەستە و گروپانە بخەینەڕوو، ئەوجا بکەوینە بەرنامە ڕێژی بۆ داڕشتنەوەی لەسەر شێوەی هاوچەرخ و نوێی ئەو (ی . ن . ک) کە لە ئایندەدا دەمانەوێ.

سەرەتا دێینە سەر شیکردنەوەی (ی . ن . ک) و دەتوانین بڵێین بەسێ قۆناغدا تێ پەڕیوە تا ئێستا:

١- قۆناغی سەرەتای دروست بوونی وەک نیمچە بەرەیەک کە هەردوو ڕێکخراوی بزووتنەوە و کۆمەڵەی وەک دوو باڵی سەرەکی تێدا بوو.

٢- قۆناغی دوای ساڵانی ١٩٧٩ و پێش کۆنگرەی یەکەمی، کە بزووتنەوەی لێی دەرچوو و کۆمەڵە باڵی بەسەردا کێشا و شۆڕشگێرانیش وەک تەواوکەرێک لەگەڵیدا هاوکاری دەکرد، کە ڕێبازی مارکی – لینینی بڕەوی تێدا سەندبوو و شانازی پێوە دەکرد.

٣- قۆناغی دوای کۆنگرەی یەکەمی (ی . ن . ک) و بوونی بەڕێکخراو یا حزب و هەڵگرتنی بیری سۆسیال دیموکرات و بەرزکردنەوەی دروشمی ڕەواخوازی / دادپەروەری کۆمەڵایەتی (العداله الاجتماعیه) و مافی مرۆڤ.

قۆناغی سەرەتای دروست بوونی (ی . ن .ک) لە شێوەی نیمچە بەرەیەک: لە هەموان ڕوون و ئاشکرایە کە لە چ بار و دۆخێکی ناهەموار دروست بوو لە دوای نسکۆی ساڵی ١٩٧٥ کە بێ ئومێدی باڵی ڕەشی بەسەر گەلەکەماندا کێشابوو. (ی . ن . ک) لە شێوەی نیمچە بەرەیەک ئەرکی مێژووی ئەم قۆناغەی بە ئەستۆگرتوو

ڕۆڵی سەرەکی خۆی ببینێ لە دروست کردنەوەی شۆڕشی نوێدا و بوون بە جێگای هیوا و ئاواتی خەڵکی کوردستان، هەر دوو باڵی سەرەکی بزووتنەوەی سۆسیالیستی دیموکراتی کوردستان و کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان ڕۆڵی گرنی خۆیان تێدا بینی وەک دوو ڕێکخراوی شۆڕشگێڕی پێشکەوتوخواز.

- بزووتنەوەی سۆسیالیستی دیموکراتی کوردستان: وەک بزووتنەوەیەکی ڕاستکردنەوە (الحرکه التصحیحیه) هاتە مەیدان و بیر و بۆچوونی شەهید (سەیدا صالح یوسفی) و دەستەی دامەزرێنەری هەموو جۆرە هەڵچوونێکی توندڕەوی فکری ناواقیعیانەی کۆمەڵایەتی و سیاسی لە کوردستان ڕەت کردەوە، لە لێک دانەوەکانیان دا بایەخی تەواوی بەتایبەتمەندیەکانی (سیاسی – کۆمەڵایەتی – ئابوری) مێژووی گەلی کورد دەدا و هەر لەیەکەم کۆبوونەوەی دامەزراندنیدا بیرۆکەی ململانێی شەریفانەی بەبناغەی یەکلاکردنەوەی کێشەکان دادەنا و هەموو جۆرە زەبر و زەنگێکی وەلا دەنا و دادپەروەری کۆمەڵایەتی (العداله الاجتماعیه)ی بەگونجاوترین شێوازی ڕەتکردنەوەی چەوسانەوە دەزانی. وەبڕوای وابوو کە دادپەروەری کۆمەڵایەتی تەنها لەسایەی پیادەکردنی تەواوی دیموکراسیەتدا دابین دەکرێ. بۆیە دەتوانین بڵێین لەسەرەتادا ڕێبازی سۆسیالیستی دیموکراتی هەڵبژاردبوو.

- کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان: کە لەسەرەتا (کۆمەڵەی مارکسی – لینینی کوردستان) بوو. پێشڕەوایەتی ئەو کۆمەڵە لاوە خوێن گەرمە شۆڕشگێڕانەی وە ئەستۆی خۆگرت بوو کە چارەسەری کێشەکانیان ڕەوای گەلەکەمانیان لە ڕێبازی مارکسیزم – لیلینیزم بەدی دەکرد.

ئەو بار و دۆخە ناهەمواڕەی کە فاشستەکان زۆر بەتوندی بەسەر گەلەکەمانیاندا سەپاند لە دوای نسکۆی شۆڕشی ئەیلول، لە ڕاونان و تۆقاندن و ڕاگواستن و بە عەرەب کردن و بەبەعسی کردن، هەروەها بەپێی پێویست نەبوونی حزبی شیوعی عێراقی لە تینویەتی ئەو لاوە شۆڕشگێڕانە بۆ تێنۆری مارکسی – لینین
بۆ وەڵام دانەوەی ئەو بارە ناهەمواڕە و ڕەت کردنەوەی. کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان وەک ڕێکخراوی شۆڕشگێڕی چەپڕەو دەستی بە خەباتی چەکداری کرد. هەر بەهەمان تەوژم و تۆندی ئەو واقیعە فەرزکراوەی بەسەرماندا کەوتە وەڵام دانەوەی و ئەنجامدانی کاری شۆڕشگێڕی و چارەسەرکردنی کێشەکان و یەکلاکردنەوەیان. کە لە ئەنجامدا بوو بەسەرەتایەکی خاڵی جیاوازی لەگەڵ بزووتنەوەدا
کە لەیەک سەنگەردا لە (ی . ن . ک) دا هاوخەباتی بوو.

لە ئەنجامدانی چالاکیە شۆڕشگێڕیەکان و پەیوەندیی ناوخۆییەکاندا خاڵێ جیاوازی لە بیر و بۆچوون و کرداردا لە بەینیاندا پەرەی سەندو ململانێ لە بەینیاندا سەری هەڵدا بووە هۆی

لەبارچواندنی ئەو زەمینە گونجاوەی کە لە (ی . ن . ک) دا وەک نیمچە بەرەیەک بۆیان ڕەخسابوو، کە ماوەی سێ ساڵ پێکەوە خەباتیان کرد لە ساڵی ١٩٧٦ وە تا ساڵی ١٩٧٩، لێک جیابوونەوە و شەڕی براکوژی لەدوا جاردا. کە دەتوانین بە کۆمەڵە هۆکارێکی تریشی ببەستینەوە:

١- بزووتنەوەی سۆسیالیستی دیموکراتی کوردستان هەڵوێستی گونجاوی کردبووە دروشم لە هاوکاری نێوان پێشمەرگە خاوەن بیروباوەڕی سیاسی جیاواز، وە ئیشی بۆ دەکرد و نەی دەهێشت یەکلاکردنەوەی کێشەکان کە لەبەینی قیادەی مۆقەتە و ی . ن . ک دا هەبوون بەچەک چارەسەر بکرێن، بەڵام کۆمەڵە بەپێچەوانەوە زۆر توند مامەڵەی لە یەکلاکردنەوەیان دەکرد و دەرفەتی بە بزووتنەوە نەدەدا بۆ سەرخستنی تەجروبەی چارەسەرکردنی بەشێوەی گفتوگۆ و هێمنانە.

٢- ی . ن . ک جیاوازی بیرەڕای هەبوو لەگەڵ بزووتنەوەی سۆسیالیستی دیموکراتی کوردستان لە ڕووی شکلی و بابەتی لەبەرزکردنەوەی دروشمی ڕوخاندنی ڕژێمی بەغدا کە التزامی دابوو لەگەڵ (تجمع وطنی عێراقی) کە خەبات بکات بەبێ پسانەوە و وەستان تاکو بەدیهێنانی ئەم ئامانجە. لەکاتێکدا بزووتنەوە ئەو التزامەی نەدابوو و بڕوای وابوو کە بەرەیەکی عێراقی فراوان و شۆڕشێکی عێراقی دەبێ ئەو دروشمە بەرز بکاتەوە و جێبەجێی بکات نەک مقاومەیەکی کوردی لەوکاتەدا.

— ٥ -

له یا- هیواندنی ئەو ژینگە گونجاوەی کە لە (ک.ن.ک) دا وەک
نیمچە بەرەیەکی بۆیان رەخسابوو، کە ماوەی ساڵانی
پێنجەم و شەشەم باتیان کرد لە ساڵی ۱۹۷۶ و تا ساڵی ۱۹۷۹، لەگەڵ
هیابوونەوەی ئەو بارگرژیانەی لەدوا چاردا کە دەتوانێ
بۆ کۆتایهێنان بە کارێکی ترسناک بیەنێتەوە:

۱- بزووتنەوەی سۆسیالیستی دێموکراتی کوردستان هەڵوێستی گونجاوی
لەبەردەمدا نەبوو لەهاوکاری شێوان پێشڕەوی خاوەن
بیروباوەڕی سیاسی جیاواز، هەر ئەمەش بۆ دەکرێ و
نابێ دەستنیشانی بکرێ لەکرانەوەی کێشەکانی کە لە نێوان
هێزەکانی مۆتەکەی ک.ن.ک دا هەبوون بەهۆی جیاوازی
بۆچوونێ، بەڵام کۆمەڵە بە پێچەوانەی زۆر بە تووندی
ماوەتەوە لەسەر لاکردنەوەیان دەکرد و دەڕوانێ بە
بزووتنەوەکە نەدا بۆ سەرخستنی تەجروبەی جیاوازی
بە شێوەی گفتوگۆ و هێمنانە.

۲- کۆمەڵە جیاوازی بیروڕای هەبوو لەگەڵ بزووتنەوەی
سۆسیالیستی دێموکراتی کوردستان لەبەر ئەوەی شکڵی و
پراکتیکی لەبەرزکردنەوەی دروشمی سەرخاندنی رژێمی
بەغدا کە ئەرکی داهێنەری لەگەڵ (بنچینەی وڵتی ئێرانی) کە
هەمیشە لەبەرچاوی بووە و دەستەبەری ئەوەی کە
ئەم کارەیە. لەکاتێکدا بزووتنەوەکە ئەو ئەرکەی نەداهێنا
بەڵکو حاجوو کە بەرەیەکی عێراقی نیشتمانی و شۆڕشگێڕی
عێراقی دەبێ کە دروشمی بەرزکردنەوەی وجودی سەربەخۆی
کوردی لەوکاتەدا.

ئەمانە و کۆمەڵە هۆکارێکی تر سەری هەڵدا لەدوای لەدەستدان و شەهیدبوونی کۆمەڵێک سەرکردەی بزووتنەوە لە کارەساتی هەکاریدا کە زیاتر بووە هۆی لێک جیابوونەوەیان.

یەکەم: ئەو باڵانەی کە لە بزووتنەوەی سۆسیالیستی دیموکراتی کوردستان جیابوونەوە دوای دەرچونی لە (ی . ن . ک) .. باروزروفێکی زۆر ناسک بۆ بزووتنەوە هاتە پێش دوای جیابوونەوە لە (ی . ن .ک) و کۆنگرەی یەکەمی حزبی سۆسیالیستی کوردستانی بە ناکاملی بەست لەبەر ئەو باروزروفە کەبووە هۆی دانیشتن یا گەڕانەوەی کۆمەڵێک کادیر و پێشمەرگەی بۆ ناو (ی . ن .ک) پاش ئەوەی حزبی سۆسیالیستی یەکگرتوی کوردستان بوو بە حزبی سۆسیالیستی کوردستان.

لەسەرەتای ساڵی ١٩٨٥ باڵێکی تر بەناوی (اتجاهی دیموکراتی شۆڕشگێڕ) لە حزبی سۆسیالیستی کوردستان جیابوونەوە، کە لەدوایدا کۆنگرەی خۆیان بەست و ناوی خۆیان نا حزبی زەحمەتکێشانی کوردستان. ئەوەشیان کۆمەڵە هۆکارێکی تایبەت هەبوون کە پەیوەندی بەناوخۆی حزب و پەیوەندی نێوان هەندێک لە سەرکردەکان و پێ داگرتنی ئەو باڵە لەسەر پیادەکردنی بیری سۆسیالیزمی زانستی ڕووی دا.

پەرت بوون و لێک جیابوونەوەیەکی تر لە ناو حزبی سۆسیالیستی کوردستان ڕوویدا لە دوای کۆنگرەی یەکگرتن، ئەویش بۆ کۆمەڵە هۆکارێکی زۆر دەگەڕێنەوە کە دەتوانین بە کورتی بڵێین بۆ ناکاملی کۆنگرەی یەکەم و نەبەسترانی کۆنگرەی دووەم بۆ ماوەیەکی دوور و درێژ و شەهید بوونی ١١ سەرکردە لەو ماوەیەدا و نەپاراستنی دیسپلین و پێشێل کردنی ناوەندی و لاوازکردنی و پەرەسەندی دیموکراسی و ناتەبایی نیوان سەرکردەکان و

تەزویرکردنی کۆنگرەکە بە ١١٨ ئەندامی نا شەرعی و زیاد و مساومە و اتفاق و جۆرەها شێوەی تر کە لە ئەنجامدا کۆمەڵێک کادیر و پێشمەرگە و خاوەن شەهید هەڵوێستیان وەرگرت و کۆنگرەی یەکگرتنیان ڕەت کردەوە. پاشان لە پایزی ڕابردوو کۆنگرەی دووەمی حزبی سۆسیالیستی کوردستانیان بەست و ڕێبازی سۆسیالیستی دیموکراتیان لە کۆنگرەکەدا پەسند کرد.

دووهەم: ئەو باڵانەی کە لە (ی . ن . ک) جیابوونەوە دوای دەرچوونی بزووتنەوە لێی:
ئەوەی زۆر بەڕاشکاوی و دیاربووبێ ئاڵای شۆڕشە، کەدوای جیاوازێکی زۆری بیرو بۆچوون و تێکهەڵچون و ململانێ کۆمەڵێک لە کادیر و ئەندامان لە کۆمەڵەی ڕەنجدەران جیابوونەوە و کە لە مانگی ٥ی ١٩٩٢ لەگەڵ زەحمەتکێشان بوون بەیەک و هەردووک وەک یەک حزبی چەپ لەژێر ناوی حزبی زەحمەتکێشانی کوردستان خەبات دەکەن، کە لەئەنجامدا لەم چەند مانگەی پێشوودا جارێکی تر کۆمەڵێک کادیر و ئەندامیان بانگی سەربەخۆیی خۆیان ڕاگەیاندەوە وەک ئاڵای شۆڕش کەوتنەوە کار.

ئەو لێک جیابوونەوە و یەک گرتنانە کۆمەڵێک هۆکاری جیاجیای هەیە، کە زیاترینیان وابەستەن بە بیرو بۆچوونی جیاواز و ساغ نەبوونەوەیان لەسەر ئایدیۆلۆجیا و بەرنامەی کار.



گەر مەبەستی بەڕێز مام جەلال لە ڕێکخستەوەی ماڵە دێرینەکەی (ی .ن . ک) بێت کە لەسەر شێوەی نیمچە بەردیی بوو و دارشتنەوەی بێت لەسەر شێوەی نوێ و هاوچەرخ و گونجاو لەگەڵ ڕەوتی دنیا و گۆڕانکارییەکانی ئەم دواییەی جیهان و بیری باڵە سەرەکیە کۆنەکەی تری کە بزووتنەوەی سۆسیالیستی دیموکراتی کوردستان بوو بەمو پێ بدات و دای بڕێژێتەوە و بیکاتە مینبەری (ی .ن .ک) و ناوەندی یەکگرتنەوەی باڵە جیا جیاکانی تری .. ئەوە بەردەئی من کارێکی بەجێیە و سەرکەوتن بەدەست دەهێنێ چونکا ڕەگ و ڕیشەیی میژووی بۆ ئەو سۆسیال دیموکراتە پەیدا دەکات کەوەک ڕێباز هەڵی گرتووە .

وە بۆ ئەو مەبەستەش لە ئاستی دەرەوە کاری بۆ کردوە و هاوینی ساڵی ١٩٩٢ نوێنەری بەشداری کۆنگرەی ئینترناسیۆنالیزمی سۆسیالیزم کردوە. ئەوەی ماوە کامڵی بکەین کە بە کۆبوونەوە و گردبوونەوەی هەموولایەکمان دەبێ لەدەوری.

چونکە ئەوەی نکۆڵی لێ ناکرێ ئەو ئەندام و کادیرانەی ناو (ی . ن .ک) ی ئێستا لەدوای کۆنگرەی یەکەم کار بۆ ئەو بیر دەکەن، تازەن لە پیادەکردنی دا. چونکە زۆربەیان هەڵگری بیری مارکسی – لینی بوون و ئەندامی کۆمەڵەی ڕەنجدەران بوون کە جیاوازە لەبیری سۆسیالستی دیموکرات.



پێویستە واقع بینانە مامەڵە لەگەڵیدا بکەین و هەموو لایەک لەسەری یەک لا ببینەوە و بەگونجاوترین شێوەی دابنێین.

چونکە گونجاوترین شێوە لەگەڵ ڕەوتی دنیا و خزمەتێکی گەورە بە کێشەکەمان دەگەیەنێ لەڕووی نێو دەوڵەتی و زیندویەتی میللەتەکەمان ڕادەگەیەنێ و دەیسەلمێنێ کە داهێنان و نوێخوازیمان تێدایە گەر ئازادبین و بوارمان بۆ بلوێ .. لە بوارێکی تریش دەوڵەتە زۆر هێزەکان کەڕۆڵی سەرەکی دەبینن لە دابەش کردنی دنیا و دیاری کردنی چارەنووسی گەلەکانیان دڵنیا دەکەین کە قابیلیەتی خۆڕێکخستنەوە و ئیدارەی گەلەکەمان تێدا هەیە لەسەر شێوەی نوێ و هاوچەرخ...

با وورتر بچینە ناو کێشەکە و بەراوردی بکەین، بڵێین با (ی . ن .ک) لەشێوەی قۆناغی دووەمیدا دابڕێژینەوە واتا (دوای ١٩٧٩ و پێش کۆنگرە) و شتێکیشی لێ زیاد بکەین بەو چەپ و مارکسیانەی کە ئارەزووی یەکگرتنیان هەیە .. ئایە ئەم ڕەوتەیان لەگەڵ قۆناغی ئەمڕۆی گەلەکەماندا دەگونجێ وە خزمەت بە کێشەکەمان دەگەیەنێ و بەرە و پێشی دەبات؟ یاخود چەند لەناوەوە بە تەجروبە و بەکردار سەلماندومانە کە هەزم کردنی هاسان نیە، هێندەش لەڕووی دووەلییەوە کێشەکەمان دەخەینە بەر مەترسی و دوورەپەرێزی ..

با ئەو هەڤاڵ و هاوڕێیانە کە تا ئێستاش تووندڕەوی لە چەپیدا لە مێشکیاندا جنگڵ دەدا لە دیدی بەرەوپێش بردنی کێشەی گەلەکەمان لەڕووی نێو دەوڵەتی

بڕوانن و خۆیان ڕێک بخەنەوە و یەک بگرنەوە و خۆیان دووبارە پەرێز بگرن لە هەموو بیر و بۆچوونێک کە لەخزمەتی بەرەو پێش بردنی کێشەکەماندا نەبێت .. چونکە هەموومان دەزانین کە حزب وەسیلەیە .. هۆیە بۆ بەدەست هێنانی کۆمەڵە ئامانجێک لە قۆناغێکی دیاری کراودا.

- گەر مەبەستی بەرێز مام جەلالیش ئەوەبێ کە ئەو دروشم و ڕێبازەی کە لە کۆنگرەی یەکەمی (ی . ن . ک) ڕایانگەیاندووە دەوڵەمەند بکات و خەڵکی پێڕاکێشێتە ناو ئەو (ی . ن . ک)ی کە ئێستا هەیە .. ئەوە بەڕاشکاوی دەڵێم هیچ خزمەت بە کێشەکەمان ناکات و (ی .ن . ک) پش بەرەو پێش نابات و نوێی ناکاتەوە، چونکە بەکارهێنانی تاکتیک لەگەڵ کێشە ستراتیژیەکان خزمەت ناگەیەنن بەڵکو کاردانەوەی پێچەوانەشی دەبێت.

چونکە ئەو (ی . ن . ک) کە ئێستا هەیە لە دوای کۆنگرەوە لە ناستی ئەو بەرپرسیاریە میژوویە دا نیە کەگەلەکەمان چاوەروانی دەکات .. وە ناتوانێت نوێنەرایەتی هەڵگرانی بیری سۆسیال دیموکرات بکات لە کوردستاندا بەتەواوەتی. پێویستە هێز و چەندایەتی وەلا بنێن .. بکەونە پیادەکردنی دیموکراتیەت و دادپەروەری کۆمەڵایەتی و دابین کردنی مافی مرۆڤ کە بنچینەی سەرەکی بیری سۆسیال دیموکراتن و زۆر دوورن و دژن لەگەڵ هێز و چەندایەتی کە ئێستا (ی . ن . ک) شانازیان پێوە دەکات.

جا بۆ ئەوەی تووشی هەڵە نەبین و چیتر کورد نەبێتە تاقیگەی بیر و فەلسەفەکانی دنیا و تەجروبە تاڵەکانی ڕابردوو ببنە پڕۆسەی نەو تاقیکردنەوە نوێیە پێویستە واقع بینانە بیر بکەینەوە و بەشێوەی ڕاست و دروست مامەڵەی لەگەڵدا بکەین..

-

ئەو دەست پێشخەرییەی بەڕێز مام جەلال جێگای شانازی هەموولایەکمانە و هەڵبەتە ئەو زۆر زوورتر و ڕاشکاوانەتر بۆی چووە و دەرکی بەهەموو ئەو ڕاستیانە کردووە و بۆیە بانگەوازی بۆ پڕکردنەوەی ئەو بۆشاییە کردووە کە لە حزبەکەیدا هەیە، کە بە هەوڵ و تێکۆشان و لێ کۆبوونەوەی دڵسۆزانەی هەموو لایەکمان پڕ دەبێتەوە.

لەگەڵ داوای لێبوردنیش دەڵێم: هێشتا هەنگاوێکی گرنگ تریش ماوە دوای سەرکەوتنی ئەم هەنگاوە پیرۆزە، ئەویش نوسینەوە و دارشتنەوەی مێژوو و خەباتی هەموو بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی گەلەکەمانە لە کوردستانی خواروودا بە لەبەین بردنی هەموو ناکۆکییەکی زاتی و بنبڕکردنی و نەهێشتنی و چارەسەرکردنی. چونکە بەڕاستی بەتاقیکردنەوە سەلماندومانە کە هەموو یەکبوون و یەکگرتنێک سەرکەوتنی بەدواوە بووە و هەموو لێکترازان و لێکجیابوونەوەیەکیش زەرەر و زیانی گەورەی پێگەیاندوین. تاقیکردنەوەی بەرەی کوردستانی بەرهەمەکەی ڕاپەڕینی بەهاری ١٩٩١ بەدواوە بوو .. یەک دەنگی

میللەتەکەمان لە کۆرەومکەدا سۆزی دنیامان بۆ لای خۆمان ڕاکێشا و کێشەکەمان بوو بە کێشەیەکی نێو دەوڵەتی .. تەجروبەی پەرلمان و حکومەتی هەرێمی کوردستان بەهاودەنگی و تەبایی هەموولایەک هاتەدی ..

وە ئێستاش سەرکەوتنی هەر لەیەکگرتن و لێک نزیک بوونەوە و داڕشتنەوەی هاوچەرخانەی حزبە کوردستانیەکاندا دەبێت .. بۆ نەو مەبەستە نالێم پێویستە بەرنامەی یەک حزب بۆ هەموو کورد دابڕێژین و هەموومان لەدەوری کۆببینەوە چونکە زیندویەتیمان لەبەین دەبات و نزیکمان دەکاتەوە لە دیکتاتۆریەت ...

با جیاوازی بیر و ڕا هەبێ بەڵام با یەکگرتن و یەکبوونیش هەبێ .. با شێوەکاریەکی تازە بدۆزینەوە کە زیاتر نەو دوو پۆلە سەرەکیە کە زۆربەی میللەتەکەمان بەسەریاندا دابەش بووە لێک نزیک بکاتەوە و بەداهێنانی نوێ دای بڕێژینەوە و دەسکەوتی مەزنتری پێ بەدەست بهێنین و برسی و ڕەش و ڕووت و سەرما بردە و خۆڕاگرەکانی گەلەکەمانی پێ ڕازی بکەین، دڵی کەس و کاری شەهیدەکانی پێ فەرامۆش بکەین
شانازی سەروەریەکەشی بۆ نەو کەسەیە کەدەست پێشخەری دەکات و زیندویەتی تێدایە و لە ئاستی ڕووداوەکاندایە.

هەر شاد و سەرکەوتووین
٢١ / ١ / ١٩٩٣

-١٢-

لە مانگەکانی کۆتایی ١٩٩٢ زەمینە زیاتر ساز بوو کە ئاڵوگۆڕکردنی بیروڕای یەکگرتنەوە لە قۆناغی ڕاگەیاندن و نامە و ڕاسپاردەی شەخسیەوە پێ بنێتە قۆناغی دیداری فەرمی و پێک هێنانی وەفدی دانوستاند. ئەوەی کە ئێمە ئاگامان لێ بوو سەرۆکی لیژنەی دانوستان مامۆستا شێخ محەمەد شاکەلی و ئەندامیەتی کاک شیروان شیروەندی و بەرپرسی پەیوەندیەکان. دوای لێک حاڵی بوون لە یەکێتری لەگەڵ وەفدی یەکیەتی مسۆدەی پەیماننامەی یەکگرتنەوەیان لە ناوەڕاستی مانگی ١٠ – ١٩٩٢ ئامادە کردبوو.

حەوتەم مانگی ٢ – ١٩٩٣ تا مانگی ٨ی ١٩٩٦

بەر لەمانگی ٢ – ١٩٩٣ کە میساقی یەکگرتنەوەکەی تێدا ڕەگیەندرا، لە هەمان کات کە دانیشتنەکانی وەفدی دانوستانکار بەردەوام بوو، لە هەر دوولاش زەمینە سازی دەکرا بۆ تێگەیاندنی ڕێکخستنەکان لە پرۆژە گەلاڵە کراو بۆ یەکگرتنەوە. لە بیرمە دوای ئەوەی کاک ڕەسوڵ مامەند ڕای وەرگرتم و دڵنیا بوو کە من کاریگەری پرۆسەی بەشداری لە پەرلمان و حکومەت بە هەر ڕێگایەک بێت پێ گرنگتر و مەزنترە لە کاری تاکە حزبی و پەنا گیری، ڕایسپاردم وەک ئەندامی مەکتەبی ڕێکخستن کۆبوونەوە بە ئەندامانی دەزگاکانی سەرکردایەتی بکەم و ڕۆشنایی بخەمە سەر پرۆژەکە و ڕا و سەرنجی ئەوان وەربگرم. هەر بۆیە کۆبوونەوەیەکی بەرفراوانمان بۆ کادیرانی دەزگاکانی سەرکردایەتی ڕێکخست. لە کۆبوونەوەکەدا هەندێک لە برادەران تێبینیان هەبوو، یەک لەوان مامۆستا حەسەن بوو کە بەرپرسی ڕادیۆن بوو بەڕاشکاوی تێبینیەکانی خۆی خستە ڕوو.

لەلایەکی تر برایەک زۆر بە نیگەتیفانە باروزروفەکەی هەڵسەنگاندبوو لە ژێرەوە خەڵکی دەوروبەری دژی یەکگرتن تیژ کردبوو، لەسەرەوەش بۆ خۆ پیاو چاککردن لای برادەرانی مەکتەب سیاسی ووت بووی پەیامی یەکگرتنەکە بەباشی بە ئەندامان ڕانەگەیەندراوە ، پێویستی بەڕوون کردنەوەی و کارسازی زیاتر هەیە!!. [167]

مەڕاسمی ڕاگەیاندنی میساقی یەکگرتنەوەی حزبی سۆشیالیستی کوردستان و یەکیەتی نیشتمانی کوردستان

١٠ — ٢ — ١٩٩٣ لەو ڕۆژەدا مەڕاسمی ڕاگەیاندنی میساقی یەکگرتنەوەی حزبی سۆشیالیستی کوردستان و یەکیەتی نیشتمانی کوردستانی بە ئامادەبوونی بەڕێز مام جەلال و کاک ڕەسوڵ مامەند زۆربەی ئەندامانی مەکتەب سیاسی و سەرکردایەتی یەکیەتی نیشتمانی کوردستان و ئەندامانی مەکتەب سیاسی و تازە دەرچوان بۆ سەرکردایەتی سۆشیالیست (بەیەدە گەکانیشەوە) لەگەڵ چەند کادیرێکی پێشکەوتووی حزبی سۆشیالیستی کوردستان [168] لە سکرتاریەتی یەکیەتی لە هەولێر لەسەر ڕێگای مەسیف بەڕێوە چوو.[169]

---

[167] ئێستاش ئەو برایە هەوڵی دەدا وەک مشار بەهەر دوو سەراندا ببڕێت.

[168] وەک ئەندامی مەکتەب ڕێکخستن یەکێک بووم لەو بەشداربوان.

[169] ئەو تەلارە پێشدا بەماڵی عزەت دوری ناسرابوو، ئەو کات سکرتاریەت و ماڵی مام جەلال بوو، ئێستا ماڵی سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیرانی حکومەتی هەرێمی کوردستانە.

سەرەتا دوای بەخێر هاتنێکی گەرم و یەکتر ناسینی لەلایەن هەر دوولا. پاشان مام جەلال و کاک ڕەسوڵ کۆبوونەوەیەکی دوو قۆڵی داخراویان کرد. ئەوجا پاش ماوەیەکی کورت هاتنە دەرێ هەر دووکیان یەک بە دوای یەک لێدوانیان بۆ ڕاگەیاندنەکان دا دەربارەی ناوەڕۆکی یەکگرتنەوەکە. ئەوجا چەند ئەندامێکی مەکتەب سیاسی و سەرکردایەتی هەر دوولا دیداری تەلەفزیۆنیان لەگەڵ کرا. بەندە لەلایەن مامۆستا محەمەد فاتح و برادەران ڕاسپێردرام کە وەک ئەندامی مەکتەب ڕێکخستن پەیامی تایبەتی لە ڕاگەیاندنەکان بنێرم بۆ ڕێکخستەنەکانی خۆمان. برایانی یەکیەتی تۆماریان کرد بەڵام نازانم کە لە تەلەفزیۆن و ڕاگەیاندنەکان پەخش کرا یا نا.

لە ناوەڕۆکی پەیامەکە دا هاتبوو (کە زەمینەیەک لەبار ڕەخساوە بۆ کادیر و ئەندامانی حزبی سۆشیالیستی کوردستان کە هەر لەسەرەتاوە بروایان بە سۆشیال دیموکرات و کاری هەرەوەزی و بەرەیی بووە کە ئەسپی خۆیان لینگ بدەن لەناو ئەو یەکیەتیەی کە بڕیاری داوە لە مەو دوا سۆشیال دیموکرات بیر بکاتەوە و واز لە فرە مینبەری و تونڈی و تیژی و دەمارگیری چەپ گەرا بهێنێ..... ئەو زەمینەیەی ساز بووە دەبێ بە هەموان بیقۆزینەوە بۆ سەرخستنی پڕۆسەی خۆبەڕێوەبردن و پەرلمانتاری کە بەخوێنی هەزارەها شەهید خوڵقاوە .....)

هەر لە دوای ئەوە دەست کرا بە وێنە گرتن بە تاک و بە کۆ بۆ بڵاوکردنەوە لە ڕاگەیاندنەکان و ئەرشیف.

تێبینی لەسەر ئەم وێنەیە:

دوای چارەگە سەدەیەک نەوە یەکەم جارە کە نەو وێنەیە دەردەخەم وەیا بڵاوی دەکەمەوە چونکە:

١- پاش تێپەڕینی ٢٥ ساڵ بەسەر هەر دیکۆمێنتێک تایبەتمەندی لەدەست دەدا و دەبێتە مۆڵکی گشتی، نەو وێنەیەش بەڵگەیەکە تەعبیری لە مێژوویەک دەکات دەبێت ڕۆژێک هەر وەدەرخرێ.

٢- هەرگیز نکۆڵیم لە توانا و قابیلیەتی مام جەلال نەکردووە بەڵام نە لە ڕابردوو، نە نەو کات بڕوام بەسیاسەت، قسە و پەیمانەکانی نەبووە.

٣- نەوێ ڕۆژێ لە لوتکەی ڕێکەوتنی پەنجا بە پەنجا دا بوو لەگەڵ پارتی زۆر بە مەردانە دەرگای لە نێمە کردەوە کە دەرنەچوو بووین لە هەڵبژاردنەکان بۆ پەرلمان و ڕابەرایەتی، سەرنەکەوتوو بووین لە کۆکردنەوە و یەکخستنی پاسۆک، گەل و حزبەکانی تر لە نێو حزبێکی سۆشیالیستی دیموکراتدا، پشت تێکراو بووین لەلایەن زۆربەی هاوسەنگەر و هاو خەباتە دێرینەکانەوە.

٤- نەوێ ڕۆژێ لەبەرامبەر غروری پارتی کە لەگەڵ هەر ٣ حزبەکەی ناو یەکگرتن یەکی گرتبۆوە وا پێویستی کرد بۆ پارسەنگی هێز گرنگی بە نێمە بدرێ.

سەرنج و تێبینی لەسەر یەکگرتنەوەکە:

یەکەم لەلایەن سەرکردایەتی حزبی سۆشیالیست و دەزگاکانیەوە:

١- بەر لە ڕاگەیاندنی پەیمانی یەکگرتنەوەکە کۆنفرانس، پلینیۆمێک بۆ ئەندامان و کادیران نەبەسترا کە ڕاو سەرنجیان وەربگرن، جگە لە کۆبوونەوەی بەر فراوانی دەزگاکانی سەرکردایەتی.

٢- لە دوای ڕاگەیاندن پەیمانەکە نەگەڕانەوە بارەگای سەرکردایەتی و بەرنامەیەکی دابەش کردنی ئەندامان و پێشمەرگە و مومتەلەکات و ئەرشیف دابڕێژن.

٣- بە فیرۆ چوونی کەلوپەلەکان لەلایەن ئەو کەسانەی لەبەر دەستیان دا بوو، وەیا ئەو لیژنەیەیی کە لێی بەر پرسیارکرابوون.

٤- بێسەر و شوێن بوونی بەشێک لە ئەرشیفی چەندین ساڵەی بزووتنەوە، حسیک و حسکی کۆن کە لە مەکتەب سیاسی بوو.

٥- پەلە کردن لە خۆ ساغ کردنەوە لە نێو سەرکردایەتی و دەزگاکانی یەکیەتی.

٦- زۆربەی ئەندامانی سەرکردایەتی سۆشیالیست لاریان نەبوو لەوەی کە بکرێن بە کارگێڕی مەڵبەندەکان. تەنها مامۆستا ڕێبوار، موحسین بایز و کاک حەمە سوور و یەک دوو یەکی تریان نەبێ کە لە مەکتەبی پەیوەندیەکان، عەسکەری داندران.

٧- هەرچی کادیری خوار سەرکردایەتی بوو، هیچ گرنگیان پێنەدرا و مشوریان لێ نەخواردن، هەتا ئێمە لەگەڵ چەند برادەرێکی تر کردمان بە هەڵا و دەنگمان لێ هێنا، ئەوجا برادەران تەدەخولیان کرد و داوایان لە لیژنەکە کرد کە جێگامان بۆ بکرێتەوە لە مەکتەبی رێکخراوە دیموکراتیەکان و ئیدارە و دارایی و دواتر کۆمەڵایەتی و پەیوەندیەکان.

تیبینی: لە هەموو ئەرشیفی چەندین ساڵەی ئەو حزبە پاش ماوەیەک برادەرێک کە ئەو جفرەیەی لابوو دایمێ وەک یادگاریەک بیپارێزم.



دووەم لەلایەن دەزگاکانی یەکیەتیەوە:

١- زۆر بە چاو چنۆکانە پێشوازیان لێکردین، ٥ هەزار دیناری سوبسرپیان دا بە هەر یەک لە سەرکردەکان بۆ مەسرەف و خەڵکەکەی تریان هەموو پشت گوێ خست. هەتا لە دواییدا بڕێکی بچوکمان وەرگرت بۆ هەندێ نەندامی چالاکی ڕێکخراوەکان.

٢- گرنگی زۆریان نەدا بە هەزم کردنی قناعیدەی کۆنی سۆشیالیستەکان جگە لەوەی بە فشار و پاڵە پەستۆ هەندێک کادیر لە مەڵبەند و کۆمیتەکان کران بە نەندام.
٣- هەروەها کادیر و نەندامانی ڕێکخراوە جەماوەرەکانیان زۆر گرنگیان پێنەدرا جگە لە کاک عەباس و چەند برادەرێکی تر نەبێت کە لە سکرتاریەتی یەکیەتی خوێندکارانیان دانان. نەگینا ژنان، مامۆستایان ....هتد کەسیان هەڵنەگێشا بۆ نەندامی سکرتاریەت.

٤- تا ماوەیەک هەموو دەرگاکان ئاوەڵە نەبوون وەک کە بۆ نەندام و کادیران خۆیان والاکرابوون. هەتا بە قۆناغ بە توانا و قابیلیەتی خۆیان جێگای خۆیان لە شوێنی کارەکانیان خۆش کرد.

٥- پەلەیان کرد لە وەرگرتنی مومتەلەکات، ڕادیۆن،خانو بەرەی بارەگاکان و ئاسەواری کۆنە سۆشیالیستەکان.

پاش چەند ڕۆژێک زۆربەمان پەیوەندیمان بەشوێنی کاری تازەوە کرد:

وەک کارگێڕی مەکتەبی ڕێکخراوە دیموکراتیەکان داندرام کە ئەو کات تەنها بەڕێزان (کافیەخان، شێخ لەتیف، مامۆستا موحسین، شێخ قادر، بەهجەت، فەرەیدون دارتاش، کاک حاجی حاجی برایم، مەلا حەمەدەمینی چەمچەماڵی و چەند کەسێکی تر بوون) لە سەرۆک و سکرتێری ڕێکخراوەکان ئەندام بوون،

کارگێرەکانی تر مامۆستا دڵشاد کە هەر زوو بۆ شوێنێکی تر گواستراینەوە، مەلا قادر و برادەرێکی تر بووین لە دوایدا مامۆستا ڕێبوار لە مەڵبەندی ٣ وە گواستراینەوەوە بۆ لامان. [170] کاک عومەر فەتاح ئەندامی مەکتەب سیاسی و بەرپرسی مەکتەب ڕێکخستن، سەرپەرشتی دەکردین. کاک عارف ڕوشدی یا کەسێکی تر لە سەرکردایەتی سەرپەرشتی کۆبوونەوەکانی دەکرد.

لە دوای چەند هەفتەیەک ئاشنا بووین بە دەوروبەرم و هاوکارەکانمان، وای لێهات شەو و ڕۆژ لەوێ بووم، زۆر بەدڵسۆزی کارم دەکرد. ئەوانی تر لە شوێنی تر کاریان دەکرد و ئێواران و کاتی کۆبوونەوەکان دەپرژان سەر لە مەکتەبەکە بدەن.

دوای ئەوەی کۆنە ئالای شۆڕشەکانی لە ناو زەحمەتکێشان کشانەوە و هاتنە ناو یەکیەتی. لە سەر ڕاسپاردەی کاک عومەر فەتاح لەگەڵ کاک مەلا قادر و

---

[170] لە بیانەیەکی پشتی مەکتەب ڕێکخستن بە تەنیشت پەیمانگای کادیران لە ڕێگای عەنکاوا دەوامان دەکرد.

برادەرێکی تر چووین بۆ مەقەری زەحمەتکێشان بۆ پێشوازی لێ کردن لە بەڕپرسی تازەی مەکتەبەکەمان و پەیامی مەکتەب سیاسیمان پێگەیاند بۆ ئەوەی پەیوەندیمان پێوە بکات و دەوام بکات.

پاش ماوەیەکی کوردت بینایەکی (دار الظیافە)یەکی کۆنی حکومەتی عێراقی لەسەرێ شەستی لە نێوان بانەخانەی پەرلمان و مەکتەب سیاسی یەکیەتی، دوای نەوژەن کردنەوەی کرا بە مەکتەبی رێکخراوە دیموکراتیەکان. چەند کارگێری تری بۆ زیاد کرا و کاک شێخ بایز تانەبانی و چەند کارمەندێک بەشی ئیدارە و مالیەی مەکتەبەکەیان وە ئەستۆ گرت.

کار و بارەکان دابەشکران:

بەندە جگە لەسەر پەرشتی ئیدارە و نەرشیف سەرپەرشتی نەم رێکخراوانەشم دەکرد:

١- بە وەکالەت سەرپەرشتی یەکیەتی ژنانی کوردستان کە خاتو کافیە سلێمان بەڕپرسی بوو.

٢- یەکیەتی مامۆستایان کوردستان کە مامۆستا عەبدورەحمان سکرتێریان بوو.

٣- یەکیەتی زانایانی ئاینی کوردستان کە بەڕێز مەلا حەمەدەمین چەمچەمالّی بەڕپرسیان بوو.

٤- سەندیکای دکتۆرانی ڤێتنەری کە کاک دکتۆر کاوە لەگەڵ دکتۆر دڵشاد سەرپەرشتیان دەکرد.

لە زاخۆوە هەتا کەلار سەردانی لقی هەموو رێکخراوەکانم کرد بوو، زۆربەی بەڕپرسەکانیانم دەناسی و تێکەڵاویم لەگەڵ پەیدا کردبوون. زۆر لێک ڕازی بووین و بەیەکەوە بە ئاسودەی کارەکانمان ڕادەپەڕاند. مسۆدەی کۆبوونەوەکانیان

و هی کۆبوونەوە گشتیەکانی هەموو ڕێکخراوەکانم لە سجیلێک تۆمار دەکرد و لە دوایدا بە چاپم دەگەیاند وێنەیەکم لێ دەدا بە سکرتاریەت و مەکتەب سیاسی و وێنەیەکیش لە ئەرشیفی خۆمان هەڵدەگیرا. هەر بەو بۆنەوە دەست خۆشانە و سوپاس گوزاری مەکتەبی سیاسیمان پێ گەیشت کە تاکە مەکتەب بووین تا ئەو کاتە کە بەڕێک و پێکی ڕاپۆرتی گشتی لەسەر کار و چالاکیەکانمان ئاوا بە ڕێکخراوی مانگانە بدەین بەسەروی خۆمان.

چەند جارێک مام جەلال بەجیا لەگەڵ کاک ڕەسوڵ، کاک کۆسرەت، کاک شێخ محەمەد و برادەرانی مەکتەب سیاسی و سەرکردایەتی سەردانی مەکتەبەکەمانی کرد لە کاتی نێوەڕۆیاندا بە تەنها من لەوێ بووم و پێشوازیم لێ دەکردن. ڕازی بوونی خۆیان لە کارەکان نیشان دەدا و پێشنیار و تێبینیان بۆ مەکتەبەکە بەجێ دەهێنشت.

لەگەڵ کافیەخان سەرپەرشتی کۆنفڕانسی ژنانمان کرد و ڕاپۆرتی ووردی سەردانی هەموو لقەکانم پێشکەش بە ئامادەبوانی کۆنفڕانس و لیژنەی سەرپەرشتی کرد. زۆر بەشەفافی بودجە و سەرفیاتی هەموو هەیکەلی ڕێکخراوەکەمان مانگ بەمانگ دەرخست بوو بۆ بەشداربوان. کە جێگای خۆشحاڵی هەموو لایەکیان بوو. لەگەڵ لقەکانی دهۆک، هەولێر، سلێمانی، ڕاپەڕین و گەرمیان بەبەردەوامی لە پەیوەندی و هات و چۆ و سەردان کردنی یەکتردا بووین.

لەگەڵ مام قادر قەرەچووغی کە لەبری کاک حاجی حاجی برایم سەرپەرشتی یەکیەتی جوتیارانی کوردستانی کرد، پەیوەندیمان باش بوو، بە حوکمی تێکەڵاویم لەگەڵ سەرکردایەتی بزووتنەوەی جوتیارانی کوردستان کە زۆربەیان خەڵکی ناوچەی خۆمان بوون، بە بەردەوامی مشاوەرەتمان بەیەکەوە دەکرد. بەیەکەوە سەردانی کاک وەتمان وسوی مام وەتمان سەرۆکی بزووتنەوەی

جوتیارنی کوردستان و بریندارەکانی ترمان کرد کاتێ کە لە نەخۆشخانەی فریاکەوتنی هەولێر بوون. لەبری برادەران پشتیوانیمان بۆ دەربڕی، پاسەوانمان دانا بۆ پاراستنی.

لەگەڵ مەلاحەمەدەمین و ژانای ناسراو مامۆستا عەبدورەحمان گەناوی کە بەداخەوە لەکاتی چوونی بۆ نوێژی بەیانی لە مزگەوتی عومەری کوڕی خەتاب لە هەولێر تیرۆرکرا، زۆر کۆڕ و مەجلیسمان بۆ زانایانی کوردستان ساز کرد و بڕیار بوو هەندێک بابەتی شەرعی کە نێر و مێی میللەتی کورد و کۆمەڵگای ئیسلامی بەگشتی لێی بێ ئاگا بوون بۆ یەکیەتی ژنان لەسەر مافەکانیان کە خوا لە قورئان و فەرموودەکانی پێغەمبەردا پێی ڕەوا بینیوون، بەرنامە سازی بکەین. زۆر بەیەکەوە سازا بووین. پەیوەندیەکی گەرم و قوڵمان هەبوو لەگەڵ هەموو لایەکیان.

لەگەڵ کاک دکتۆر کاوە، دکتۆر دڵشاد و برادەرانی سەندیکای ڤێتنەری لەو پەڕی پەیوەندی و هەستان و دانیشتن و پرس و ڕاوێژ بەیەکتر کردن بووین. زۆر لەیەکتر رازی بووین وەک برا بەیەکەوە هات و چۆمان هەبوو.

لەگەڵ بەرپرسی ڕێکخراوەکانی تریش کە هاوکارەکانی تر سەرپەرشتیان دەکردن، پەیوەندیەکی قوڵ و بەرفراوانمان هەبوو، لە کۆبوونەوە گشتیەکان زۆر بە یەکتری و کارەکانیان ناشنا ببووین.

.


الاتحاد الوطني الكردستاني
المكتب السياسي
العدد:
التاريخ:

304

کارەکانمان وەک میللی کاتژمێر زۆر بەڕێک و پێکی و سەرکەوتوویی و لێک ڕازی بوونی هەموو لایەک دەڕۆیشتنە پێشێ. لە هەموو بوارەکان چالاکیمان هەبوو.

ئەوە وێنەی یەکێک لە چالاکیەکانە کە لە هۆڵی میدیا لەگەڵ مامۆستا عەلی حەوێز پێشوازیمان کردووە لەسەرۆکی حکومەت بۆ کردنەوەی چالاکیەکە.

بەر لەسەفەری ماڵئاوایی یەکجاری، کاک ڕەسوڵ سەفەرێکی بۆ ماڵەوە کرد. دوای ماوەیەکی کورت وەڕەزی لای ئێمەی کردبوو، بە ماڵێی ووت بوو کە زۆر ناسودەیە لەو برادەرانەی ئێستا لەگەڵیدان. ئەو نامەیەی بە خاتو نەوبەهاری هاوسەری کاک سەردار پشدەری بۆ ناردبووم.







مەرگی کاک ڕەسوڵ مامەند

کاتژمێر ٥٠: ١٠ بە کاتی هاوینەی ڕۆژی ١٢ – ٤ - ١٩٩٤ لەگەڵ پێڕاگەیاندنی مەرگی کاک ڕەسوڵ، بەزەنگی ئاگات لە خۆت بێت و دەبێت بەخۆتدا بچیەوە لە خەو ڕایان چڵەکاندم.[171]

وەک ئەو زانیاریانەی کە کاتی خۆی پێیان ڕاگەیاندین بەداخەوە کاتژمێر ٣٠: ٨ شەوی ١٢/١١ – ٤ – ١٩٩٤ لە لەندەن دڵە مەزنەکەی لە کار وەستا.

کاتژمێر ٩ بەیانی ڕۆژی ١٣ – ٤ – ١٩٩٤ بە ئامادەبوونی بەڕێز کاک مەسعود بارزانی وەک سەرۆکی هەرێم و سەرۆکی پەرلمان و سەرۆکی حکومەت و هەڤاڵانی هەر دوو مەکتەب سیاسی و سەرکردایەتی زۆربەیی حزبەکانی کوردستان و ئۆپسیۆنی عێراقی، ژمارەیەکی زۆر لە پەرلمانتێر، وەزیر، لێپرسراوی باڵای حکومەت و کەسایەتی و خەڵکی ناسراوی ڕێکخراو و دامەزراوە مەدەنیەکان و پیاو ماقوڵانی کوردستان، پرسەی بە فەرمی وەک ئەندامی ئەنجومەنی سەرۆکایەتی هەرێم لەمزگەوتی ڕەشاد موفتی لە هەولێر بەڕێوە چوو. وە بەفەرمی بۆ ماوەی ٣ ڕۆژ تازیەباری گشتی لەسەرتا سەری هەرێم بۆ ڕاگەیەندرا.

تێبینی:

١- دەنگی ئەمریکا بە عەرەبی ڕایگەیاندن کە ئەو کەسایەتیەی کە باڵانسی

---

[171] لەکاتێک لەگەڵ مامۆستا حەسەن عوسمان بەڕێوەبەری گشتی ئەوکاتی پەروەردەی هەولێر لە دیداری نمایشێکی چالاکی قوتابیانی یەکێک لە قوتابخانەکانی هەولێر بووین، بەرپرسی مەکتەبەکەمان یەکێکی بەدوادا ناردم کە بگەڕێمەوە مەکتەبەکەمان. لەگەڵ پێ ڕاگەیاندنی مەرگی کاک ڕاسوڵ ئەو چەند ئەو ئاگاداری کردنەوانەی سەرەوە پێدام!!

سیاسی لە کوردستان ڕاگرت بوو ماڵ ئاوایی کرد، ئیحتمالی ئەوە هەیە بارگرژی و شەڕی ناخۆ بکەوێتە کوردستان.

٢- لەو کاتیدا مام جەلال لە دەرەوەی وڵات بوو، بەڵام کاک کۆسرەت وەک سەرۆکی حکومەت و برادەرانی مەکتەبی سیاسی مەراسمێکی شاهانەیان بۆ بەڕێوە برد. کە هەندێک ئیرەییان بە مردنەکەشی دەبرد.

٣- لە کاتێکدا کە لە غەم و پەژارەیی ئاگامان لە خۆمان نەبوو، لەگەڵ چەند برادەرێکی دێرین لە حەوشەیی مزگەوتی ڕەشاد موفتی پێشوازیمان لە میوانان دەکرد، بەر چاو تەنگە، دڵ ڕەشەکان زۆر بێشەرمانە بە ترسنۆکانە ئاگاداریان کردین کە ئەو پرسە حکومیە پێویست ناکات برادەر و خزمانی کاک ڕەسوڵ لە پێشوازی میوانان بووەستن!!

٤- کاتژمێر ٣٦: ٤ دوای نیوەڕۆی ڕۆژی ١ شەممە، ٢٤ — ٤- ١٩٩٤ تەرمەکەی گەیشتە گۆڕەپانی چاوەڕوانی لە برایم خەلیل کە سەرۆکی حکومەت و نوێنەری لایەنە سیاسیەکان و خەڵکێکی زۆر پێشوازیان لێکرد. [172]

٥- کاتژمێر ٣٠: ١ شەوی ٢٤ / ٢٥ — ٤ — ١٩٩٤ تەرمەکە گەیشتە مزگەوتی ڕەشاد موفتی لە شاری هەولێر.

٦- کاتژمێر ٨ ی بەیانی دوو شەممە ٢٥ — ٤ — ١٩٩٤ لە مەراسمێکی پڕ شکۆدا تەرمەکەی گواستراییەوە بۆ مەکتەبی سیاسی یەکیەتی نیشتمانی کوردستان لەسەر

[172] نیمە بەسەیارە لانگرۆزەکەی ڕەحمەتی کاک سەید نەمیری سەید نەحمەدی، مام کوێخا پیرۆت و مام فەقێ نەحمەد، کاک عەبدوڵای کوێخا پیرۆت و هەندێک لەخزمانی بەشداریمان لە پێشوازی و هێنانەوەی و گەیاندنی تەرمی ڕەحمەتی بە سەرقەبران کرد.

ڕێگای هەنکاوە. بە ناماەبوونێکی بەرفراوانی حکومی، پەرلمانی، حزبی ووتاری هەر دوو مەکتەب سیاسی سەرەتا پارتی لەلایەن کاک سامی عەبدورەحمان لە دوایدا یەکیەتی لەلایەن کاک فەرەیدون عەبدولقادر خوێندرایەوە. لە ووتارەکەی یەکیەتی وەلام بوو بۆ پارتی کە کێشەی زۆری ئیداری و سیاسیان بەیەکەوە هەڵچنی بوو هەرەشە و بۆنی شەڕی ناوخۆی لێ دەهات.

٧- لەکاتێک کە چاوەڕوانی هێنانەوە و بەڕێکردنی تەرمەکەی بووین لەبەر دەم مەکتەب سیاسی لەگەڵ کاک عەدنان موفتی و سەعدون فەیلی و کۆمەڵێکی زۆر لە ئەندامانی سەرکردایەتی و دەزگاکان وەستا بووین. کاک عەدنان ووتی لە لەندەن بووم مام جەلال لە دوورەوە باوەشی بۆ کردمەوە. بە پێکەنین و دڵخۆشیەکی زۆر ووتی عەدنان ئاخر زەمانە، ڕەسوڵ بووە بە یەکیەتی. لە خۆشیان نەیدەزانی چی بکات. دوای ئەو کاک سەعدون فەیلی بەدڵێکی خەمگینەوە خۆی پێ ڕانەگیرا ووتی وەلاهی نەێنی ناو کۆبوونەوەی سەرکردایەتیە بەڵام هەر دەیدرکێنم. ووتی بەر لەوەی مام جەلال سەفەر بکات کۆبوونەوەیەکی بە سەرکردایەتی و مەکتەبی سیاسی کرد، لە نێو هەموانمان هەستایە سەرپێ ووتی ئەوە (ئەمن سەفەر دەکەم ، کێ هەمان جورئەت دەکەین کاک ڕەسوڵ بە برا گەورەی خۆی قبووڵ نە کات هەتا دەگەڕێمەوە. دووبارەی کردەوە (ئەی ووت کێ هەتان، ووتی کێ هەمان، خۆشی لەگەڵ خست)

٨- دوای ووتار خوێندنەوە و مەڕاسم و ڕەسمیات بە کاروانێکی بەرفراوانی زۆر گەورە تەرمەکەی لە ڕێگای کۆیە، دوکان بە ڕێگای قەرە سردی کاتژمێر ٤٥ : ٤ دوای نیوەڕۆی ٢ شەممە، ٢٥ — ٤- ١٩٩٤ گەیەندرایە گوندی بەردەشان لە زیدی لە دایک بوونی خۆی بەو پەڕی ڕێزەوە بەخاک سپێردرا.[173]

---

[173] تێبینی: بۆ یەکەم جار لە ژیانمدا چوومە ناو گۆڕ بۆ تەسلیم کردن جەنازە ، لە نارەحەتی و ماندوو بوونان وەخت بوو هەناسەم ڕابوەستێ، بە پەلە هاتمە دەرێ و کەمێک لە دوور کەوتمەوە، بوتڵێک ئاوی ساردم بەسەرم داکرد نەوجا توانیم هەناسیەکی قوڵ هەڵکێشم. سوپاس بۆ خوای هەناسەم نەگیر بەڵام هەستم بە نارەحەتیەکی زۆر لە هەناسەدان و سینگم کرد.

٩ - ٢٦- ٤ — ١٩٩٤ بۆ ماوەی ٣ رۆژ لە نۆردوگای حاجیاوا تازیەیەکی زۆر گەورە لەبن رەشمالێ لەبەر دەرگای ماڵێ کوێخا پیرۆتی برای دانرا.
قەرەباڵغیەکی لە ڕادەبەدەر لە حاجیاوایا پەیدا ببوو کە نەستەمە وێنە بکرێ بە نووسین. لەوێش هەر ٣ ڕۆژەکە لە پیشوازی میوانان دابووین لەگەڵ خزمان و برادەران.

١٠- سێهەم شەوی تازیەکە لەگەڵ کاک شێخ محەمەد و برادەران لە ماڵێکی لە ماڵەکان بەتەنیشت ماڵی کوێخا پیرۆتی دانیشت بووین، برادەران بە پەسندیان زانی لەگەڵ باجی فاتم و کورەکان دابنیشین ، دڵنەواییان بکەین و پشتیوانی خۆمانیان بۆ تازە بکەینەوە. [174]

بوختان و چاڵ بۆ هەڵکەندن ، بەر لە زەرد بوونی کفنی کاک ڕەسوڵ مامەند،

لە ڕۆژی ماڵئاوبی هەتا بە خاک سپاردنەکەی و تەواو بوونی تازیەکەی نزیکەی ٣ هەفتە هەتا ٤ هەفتەی خایەند. لەو ماوەیەدا نەم توانی دەوام بکەم. لەو ماوەیەشدا شەڕی ناوخۆی یەکیەتی و پارتی لە ٢ ئایاری ١٩٩٤ لە قەڵادزێ وە دەستی پێکرد. هەموو دنیا کەوتە نێوان تا بەشێوەیەکی کاتی ڕاگیرا. لە یەکەم دانیشتنی کاک مەسعود بارزانی بەکەسنەزانی دا هات بۆ ئوتێل شیرین پالاسی

[174] برادەرێک تێبینی هەبوو لەسەر دیدارەکە و بە پێویستی نەزانی بۆیە بەشداری نەکرد!

هەولێر، مام جەلال لە ماڵی خۆی لەسەر ڕێگای مەسیفەوە هات بۆ هەمان ئوتێل. لەو ڕۆژەدا سەیارەیەکی بۆم ڕێڕ کراو لەسەر ڕێگای مەسیف سەروی نەخۆشخانەی فریاکەوتن نازانم تەقیەوە یا تەقێندرایەوە. بەهەلیان زانی لە پاش مردنی کاک ڕەسول مامەند هەزار ڕەحمەتی لێ بێت، لە پاش قوڵی منی هەڵسون!! بە بیانوی ئەوەی گوایە کوژراوەکە خەڵکی حاجیاوایە بووە و لای خۆیان وایان دانابوو کە کۆنە سۆشیالیست بێت و کارتی مەکتەبی ڕێکخراوە دیموکراتیەکانی لە گیرفانی دا بووە! بەبێ ئەوەی ئاگامان لە هیچ شتێک بێت، بەرنامەی کفن و دفن کردن من بە زیندووی داڕێژرابوو.

بەر لەوەی لیژنەی لێکۆڵینەوە دەست بەکاری خۆی بکات، .... بەرپرسی مەکتەبی ڕێکخراوە دیموکراتیەکانی ئەو کات لە دوای ناردم بۆ ژوورەکەی خۆی و یەک لەو برادەرە (سینە پیس و گۆڕ هەڵکەنانەشی) لەلا دانیشت بوو.

ووتی: زۆر دەمێکە دەمەوێت ئاگادارت بکەم کە زیاد لە پێویست تەدەخول لە هەموو شتێک دا دەکەیت .....هتد.

بەر لەوەی قسەی زیاتر بکات بە ئامادەبوونی ئەو برادەرە

پێم ووت: براکەم پەلە مەکە و سنووریش مەبەزێنە، من لە هیچ دانیم و ئاگاشم لە هیچ نیە. داوات لێ ناکەم هیچ بەرگریەکم لێ بکەی وەک یەک لە ئەندامی مەکتەبەکەت بەڵام تکات لێ دەکەم خۆت بگری و نەبی بە مدەعی لەسەرم بۆ ئەوەی دوای ساغ بوونەوەی ڕاستیەکان چاو و ڕووی ئەوەمان هەبێت چاو لە چاوی یەکتر بکەین.

ووتی: ئەوە لیژنەی لێکۆڵینەوەیان لە ژێر سەرپەرشتی جەنابی حاکم قادر پێک هێناوە تا لێکۆڵینەوەکە تەواو دەبێت بڕۆوە ماڵێ. زۆرم لا سەیر بوو!

ووتم: بە هیچ لایەکدا ناڕۆم تا هەموو شتێک ساغ نەبێتەوە. ئێستاش سەردانێکی مەکتەب سیاسی دەکەم، بۆ زیاتر بەدواداچوونی ئەو کێشەیە. سەرەتا چووم بۆ مەکتەب ڕێکخستن وەستام تا کاک عومەر فەتاح لە کارەکانی تەواو بوو بە دوو

قۆڵی بە پێیان چووین بەرە و مەکتەب سیاسی لە ڕێگا بابەتەکەم بۆ باس کرد. زۆر دڵگران بوو بەهەڵوێستی ناتەندروستی بەرپرسی مەکتەبەکەمان.
ووتی: ئێمە هیچ بڕیاری وامان نەداوە تەنها ووتوومانە لیکۆڵینەوەی لێ بکەن. بەڵام کەمێک پشووت درێژبێت لێرە کەمێک چاوەڕوان بکە ئێستا دەچم برادەران دەبینم و وەڵامت دەدەمەوە. چۆ ژوورەوە بۆ لای برادەرانی مەکتەب سیاسی و پاش نیو کاتژمێر هاتەوە دەرێ. بە ڕوویەکی خۆشەوە
ووتی: گوێی مەدەیە، برۆ دەوام بکە وەڵامی کەس مەدەوە هەتا کاک حاکم قادر لە لیکۆڵینەوەکان بە ئەنجامێک دەگات. منیش چوومەوە مەکتەبەکەمان. وەسبەینێ بەیانی بەرپرسەکەم بینی وەک هیچ ڕووی نەدابێ، بەیانی باشم لێکردو
پێم ووت: دوێنێ ئێوارە لە مەکتەب سیاسی بووم ووتوویانە هیچ نیە برۆ دەوامی خۆت بکە.
بە هەڵچوون و تورەییەوە ووتی: بۆ چوویت بۆ مەکتەب سیاسی؟!
ووتم: دەچم چونکا من بە بڕیار و ئیتفاقیەکی میژووی مەکتەب سیاسی لێرە دانداراوم ، هەروەها بە هەوەنتە و بە دوو قسەی سادە شوێنەکەم جێ ناهێڵم. وا دیار بوو خۆشحاڵ نەبوو بەڵام من وەسەر خۆم نەهێنا وەک دوو خانە خوێ مامەڵەم کرد نەک یەک میوان و ئەویتر خانەخوێ.

پاشان ماوەیەک کۆبوونەوەیەکی مەکتەبەکەی ڕێکخست بوو بۆ کارگێڕەکان، خۆم ساز کرد کە وەک جاران بچم بەشداری بکەم. کاک کامەران (عەزیز مەلا حەسەن) هات بۆ ژوورەکەم بۆ ئەوەی بە ڕێزەوە ئاگادارم بکات کە ئارەزوو ناکات بەشداری کۆبوونەوەکە بکەم. قسەیەک لەمن قسەیەک لە ئەو، ئەویش بە دۆستانە
ووتی: خۆت بگرە چەند ڕۆژێکی تر هەموو شتێک ساغ دەبێتەوە.
تێبینی: ئەوەی جێگای سەر سوڕمان بوو لەلام، جگە لە هاوخەباتە دێرینەکانی سۆسیالیست هیچ کام لەو هەموو برادەرە گیانی بەگیانیە کە شەو و ڕۆژ بەیەکەوە کارمان دەکرد، هەڵدەستاین و دادەنیشتین، دەمان خوارد، دەنووستین، سەفەرمان دەکرد کەسیان نوقتەی لێ نەهات بوو ٠ یا بڵێ (هەتا لێکۆڵینەوە تەواو دەبێت

هەموو مافێکی هەیە) تەنها بیستمەوە کە بەڕێز کاک مەلا قادر ووت بووی ئەگەر لێکۆڵینەوە بێت پێویستە خەڵکی تریش لێکۆڵینەوەیان لەگەڵدا بکرێ ئەک مامۆستا خالید بەتەنها. وا دیار بوو کەس پشتی نەگرت بوو. ئەو برادەرەش گوێی نەگرت بوو. سوپاس بۆ خوا لەبەر ئەوەی من پاک و دڵسۆز بووم، زوو خوا لە فریام هات و ڕاستیەکان وەدەرخستن و نەیارەکانم ڕوو زەرد دەرچوون.

لێژنەی لێکۆڵینەوە

لێژنەیەکی لێکۆڵینەوە لەژێر سەرپەرشتی کاک دکتۆر فوئاد و کاک عومەر فەتاح لە مەکتەب سیاسی و کاک حاکم قادر بەڕێوەبەری ئاسایشی گشتی هەرێم پێک هێندرا. بەڕێز کاک حاکم قادر هات بۆ ژوورەکەم زۆر بە ڕێزەوە ووتی: من جەنابت باش دەناسم ، خەڵکیش هاتووە بۆ لام دەربارەی تۆ قسەیان بۆ کردووم، لە خەڵکیکی زۆریشم پرسیووە کەس نیە لە قسەی خێر زیاتر بە هیچ شێوەیەک تێبینیان لەسەرت هەبووبێ بۆیە دڵنیام کە ئەو کارە لە تۆ دوورە، بەڵام ئەوە کاری لێکۆڵینەوە و ئاسایشە ئەگەر دڵگران نەبی چاوێک بە سجلاتەکاندا بخشێنین.

ووتم: فەرموون زۆر بە خۆشحاڵیەوە. سەیری سجلات و دەست و خەتی منی کرد و هەویەکە کە سوتێندرا بوو لایەکی نووسینی پێوە مابوو بەراوووردی کرد، هیچی لە هی منی نەکرد. چونکا من نەم کردبوو هەروەها هەر کارتێک کە من دەرم کردبوو، بەدەست و خەتی خۆم پڕم کردبۆوە ، هەمان زانیاریشم لە سجلێک بەهەمان پێنووس تۆمار کردبوو، جگە لە ژمارەی سەر هەویەکە کە لەسجلەکەدا تۆمارکراوە، وێنەیەکی هەڵگری پێناسەکەم لە سجلەکە دانابوو.

خۆم دڵنیا بووم بەڵام پێم خۆش بوو کە زوو دوای لێکۆڵینەوە و ووردەکاری دەرکەوت کە ئەم پێناسە دروست کراوە زۆر دوورە لە ڕاستی و هیچ پەیوەندی بە

کاری ئیداری و ئیمەوە نیە. دڵنیا بوون کە لە درۆی هەڵبەسترا و بوختان زیاتر هیچی تر نیە. بەو پەڕی ڕێزەوە داوای لێبووردنیان لێکردم.

دوای دەرکەوتنی پاکی و بێگەردیم لە ١٨ / ٩ / ١٩٩٤ ڕاپۆرتێکم وەک سکالا بۆ مەکتەب سیاسی نووسی و داوای لێکۆڵینەوەم لەوانە کرد کە بەو کارە نابەجێیە هەستاون. پێم ڕاگەیاندن کە لە پێناو یەکریزی و تەبایی نێو خۆ دوای تەواو بوونی لێکۆڵینەوە و دەرکەوتنی ڕاستیەکان هیچم لەگەڵ (.... .....) نیە و بەوپەڕی سینگ فراوانی لێی دەبوورم.[175]

لە کۆتایدا ڕاپۆرتەکە داوام کرد :

١- ئەو متمانە و ڕێزەم بۆ بگێڕنەوە کە بەهۆی ئەو بوختانە لەدەستم دابوو

٢- بم گوازنەوە بۆ یەکێک لەدەزگاکانی تری سەرکردایەتی بە لەبەرچاوگرتنی میساقی یەکگرتنەوە و لێ زیادکردنی وەفا بۆ هەڤاڵی خوالێخۆش بوو کاک ڕەسوڵ مامەند

٣- ناردنی نووسراوێک بۆ دەزگاکان و ڕێکخراوەکان کە لەسەر داواکاری خۆم گواستراومەوە.

٤- ئاگاداری کاک (.... .....) بکرێت کە هەرشتێک لەمەولا بەسەرم بێت ئەو لێی بەرپرسیارە.

---

175 جگە لە لاپەڕەی کۆتا کە پەیوەستە بە لێبووردەی و پێکەوە (هەڵکردن و کارکردن) بە پێویستم نەزانی بابەتی ناوخۆی شوینی کارەکەم بکەم بەبابەتی گشتی.



دوای تەواو بوونی لێکۆڵینەوە:

بەڕێزان لە مەکتەب سیاسی هەموو ئەو داواکاریانەی کە لە سکالا نامەکەم داوام کردبوون بەو پەڕی ڕێزەوە بۆیان جێبەجێکردم و نووسراوی فەرمیان نارد بۆ هەموو دەزگاکان و گواستیانمە بۆ مەکتەبی پەیوەندیە نیشتمانیەکان. زیاد لەجاران زۆربەی مەکتەب سیاسی سۆزداریان بۆ دەربڕیم. خۆم بە قەرزداری کاک حاکم قادر دەزانم کە بەوپەڕی دادوەرانە مامەڵەی لەگەڵ کێسەکەدا کرد و هەستی مرۆڤ پەروەری خۆی دەربڕی هەروەها هەریەک لە کاک دکتۆر فوئاد، کاک عومەر فەتاح، کاک دکتۆر کەمال فوئاد، کاک فەرەیدون، ملازم عومەر و لەسەروی هەموویان کاک کۆسرەت ڕێز و سۆزداری خۆیان نواند و سوپاسگوزاریانم.

جێگای خۆیەتی هەتا مردن هەڵوێستی جوامێرانەی یەکە بە یەکەی هەڤاڵە دێرینەکانی سۆسیالیست لەبیر ناکەم کەوەک برا پشتیان گرتم و زیاتر لەمن نیگەران بوون بەو پلانە گڵاوە و وایان دانا کە تاوانێک بەرامبەر هاوڕێ و هاوخەباتی ئازیزترین کەسیان کە تازە لەدەستیاندا داوە ئەنجام دراوە و بە مەترسیان زانی لەسەر هاوپەیمانی یەکگرتنەوە لە دوای کۆچی دوایی کاک ڕەسوڵ مامەند.

هەموو شتێکم لە بیر خۆم بردەوە و ٢٤ / ١٠ / ١٩٩٤ دەور و تەسلیمم لەگەڵ کاک کامەران مەلا حەسەن ئەندامی مەکتەب و کاک شێخ بایز تاڵەبانی بەرپرسی دارای مەکتەبی ڕێکخراوە دیموکراتیەکان کرد. چووم لە مەکتەبی پەیوەندیە نیشتمانیەکان دەوامم کرد.




یەکێتی ی نیشتمانی ی کوردستان
مەکتەبی ریکخستن
ناو / خالد احمد رحیم
سال وشوینی ۱۹۵۷
لەدایك بوون قەلادزی
بلەی ریکخراوەیی کارگێری
بەیوەندیەکان
مەلبەند ( ) کومیتە ( )
ژمارە ۷۱
ناسنامەی ریکخستن
مافی چارەنووس
مافی مروق
HUMAN RIGHTS
دیموکراسی
DEMOCRACY
PEACE
PATRIOTIC UNION OF KURDISTAN

مەکتەبی پەیوەندییە نیشتمانیەکان:

ماوەی زیاتر لە ساڵێک لەگەرمەی شەڕی ناوخۆ وەک سەربازێکی نەناسراو شەو و ڕۆژ لەمەکتەبی پەیوەندیەکان خەریکی هات و چۆ و ڕێکخستنی پەیوەندیەکان بووین لە نێوان حزب و ڕێکخراوە کوردستانی، عێراقی و ناوچەییەکان. لەگەڵ بەڕێزان مامۆستا چەتۆ حەوێزی، کاک حازم یوسفی، مامۆستا جەلال، مامۆستا تەحسین، کاک دارا و کۆمەڵێک هەڤاڵی تر لە ژێر سەرپەرشتیاری کاک دکتۆر کەمال فوئاد هەزار ڕەحمەتی لێ بێت زۆر بەدڵسۆزانە کارمان دەکرد. جێگا دەستیشمان دیار بوو.

بەداخەوە لە مانگەکانی کۆتایی ساڵی ١٩٩٥ هەستم کرد کە ترسنۆکەکان خەریکی داو و پلانی تازەی ترن، جارێک بەتەواوەتی سەربان وەدەر نەنابوو، ڕوون نەبوو بەتەمای چین؟ چۆنە؟ لە کوێ وەیە؟ بەر لە ڕووداتی هیچ شتێک کاک عەدنان موفتی و کاک شێخ محەمەد شاکەلی و هەندێک لەبرادەرانی مەکتەبی سیاسیم ئاگادار کردەوە کە من هەموو شتم لە بیر خۆم بردۆتەوە بەڵام نەوان واز ناهێنن لەلایەکی تر بەشێوازێکی تر پلانگێڕی بەڕێگاوەیە.

یەکەم سانڕۆژی کۆچی دوایی کاک ڕەسوڵ مامەند:

دوای ماوەیەک لەشەڕ و ماڵ وێرانی ناوخۆی (پ.د.ک / ی.ن.ک)، پشوویەکی نەشەڕ نە ئاشتی خولقا. سەرە ڕای هەوڵی بێ ووچانی ڕێکخراوە مەدەنیەکان بۆ وەستاندی شەڕ، حزبە کوردستانیەکان و نۆپسێۆنی عێراقی کەوتبوونە نێوانگیری و دیالۆگی ناشتی. لەو ماوەیەدا سانڕۆژی کۆچی دوای کاک ڕەسوڵ هاتە پێش. برادەران پێشنیاریان کرد کە هەلکێکی باشە کۆڕێکی سانوەگەری بۆ لە هەولێر

ببەستین بۆ ئەوەی دوو کەس دوو قسەی خێر دەربارەی ئاشتی بکات. بۆ ئەو مەبەستە کاک کۆسرەت بە دوایدا نارد بووم، من لە مەکتەبەکەمان نەبووم لەو کاتەدا بۆیە ڕای سپاردبوو کە هەستین بەکارێکی ئاوا.

لەگەڵ هەڤالانی مەکتەبی پەیوەندیەکان بۆ ڕۆژی ١٢ / ٤ / ١٩٩٥ هۆڵی میدیامان دیاری کردوو، داوەت نامەمان بۆ هەرچی، حزب، ڕێکخراو، دەمەزراوە و سەندیکا هەیە نارد. بەبەشداریەکی گەورە و کاریگەر کە بەڕێز سەرۆکی حکومەتی هەرێم کاک کۆسرەت و ژمارەیەکی بەرچاو لە پلە بالاکانی حکومی، ئیداری و حزبی، ڕێکخراوەکان تێیدا بەشدار بوون و ووتاریان پێشکەش کرد.

ناکامی سالڕۆژەکە کاردانەوەیکی باشی دەروونی لەسەر خەڵکی کوردستان کرد. سەرنجی خەڵکی لە دڵە ڕاوکێی شەڕەوە گۆڕی بە ئاڕاستەی گەڕانەوەی ئاشتی و ئارامی. ئەو قسە و ووتارانەی پێشکەشی کران بەتایبەتی هی سەرۆکی حکومەت کاریگەری زیاتری لەسەر ڕای خەڵکی و حزبە کوردستانیەکان کرد. پاش ماوەیەک لە هەموولایەک دەست خۆشانەیان لێ کردین بۆ سوود وەرگرتن لەو هەلە و بەکارهێنانی بەئاراستەی ئاشتی. یەک لەوان لە بری ئەندامانی بنەماڵەکەیان لە لەندەنەوە باجی فاتم نامەیەکی بۆ ناردم.

-

oli Media 12.04.95 jaksan ss

بسم الله الرحمن الرحیم

بۆ براکەم پیرۆز وەفادارم ماموستا فاتیحە بە پیرۆز

سلاوێکی گەرمی لێ بێت.

بە خێرایی فڕۆشتمان و پێتانم نەدەم پیرۆز سلاوم هەیە

بۆ گەورە پیرۆز خان لەهەرای تۆ نەبوو کەتۆ وەرسم بۆ کاری عاجز

ئاوا ئارام نەدە پیرۆز سلاویان هەیە بۆ گیشتی لایەکی.

چاوەڕوانم کان بیرم دەکەم. براکەم پیرۆز خانم ئەوەندە

گەیشتی نەزانیان پێت خۆشە بڕۆ نەچۆ سوپاس هەیە بۆ

براکەت وەڵما. نەدەبەگی لەهەرای باوکت ڕەحمەتی دەپرسم.

سلاوم پیرۆزخان هەیە بۆ هاوکاری گەورە پیرۆز خان.

فڕۆشتمان لەبەرئەوە بۆ وەفادارە جەنابتان بۆ شێخەکانی کە

پێ نەبێت. سلاوم پیرۆزخان بۆ تێکڕای براوەرانی هەیە

بە ئاستی گەیشتم ڕۆژ سڵاو گەورە و ئاغا و خان نەبم دووبارە

نەبارتان کەوە گەورە گەیشتی فڕۆشتمان بووم بۆ شێخ سەبارەت

سڵاو بووریم تاسەردان.

ئینشاءالله بە تەمام بۆ ساڵی گەورە ئەم ساڵ بگەڕێتەوە.

لاکەیان هەر بۆ عەرتیکان هیچی تر ئەوەندە وا بۆ ئاشنا هەیە.



پلانی فاشیلی دووەم:

پاش ماوەیەک زۆر بەکاڵفامانە دەستیان دا پلانی ژمارە ٢، کە هێندە بە ساویلکانەیان دەست دابۆیە هەر لە سەرەتاوە دەست پێک و کۆتایی فلیمەکە دیار بوو . هەر چەندە هەندێک هەوڵیان دابوو بۆ شوێنە وونی وەک تەونی جاڵجاڵۆکەی لێ بکەن. دەرکیان کرد کە من بە ئاگام بۆیە جورئەتیان نەکرد ڕاستەوخۆ لە ڕووم دەن. زۆر منداڵ بازاڕیانە بەزمێکیان بۆ هەندێک لە ئەندامانی مەکتەبەکە ساز کرد کە بەشەرمەوە ناوی منیشیان لەگەڵ خست بوو. دەستبەجێ ڕەتم کردەوە و بەدەنگی بەرز پێم ووتن ئەوجا لەکەس قبووڵ ناکەم ناوم بزڕێنێ. هەروەها دەست بەجێ بەدواداچوونم بۆ کرد و داوای لیژنەی لێکۆڵینەوەم کرد. بۆ ئەوەی بزانم ئەوجارە چ بوختانێکیان بۆ هەڵبەستووم.

لە دوای ئەوە لە مەکتەب سیاسی و سەرکردایەتی بەڕێزان کاک دکتۆر فوئاد، کاک عومەر فەتاح و کاک شێخ محەمەد شاکەلی وەک لیژنەیەک بۆ لێکۆڵینەوە ڕاسپێردران.
کاک شێخ محەمەد ووتی من دەزانم تۆ چەند خزمەتت بە حزبی دیموکرات کردووە بەڵام هەوڵیان داوە بەناوی ئەوانەوە گەڕت تێ بهاڵێنن.
گەر وای ووت پێکەنینم بەوەزعەکە دەهات. چونکا لە هەر دوو باڵەکە زۆر نزیک بووم و شەو و ڕۆژ خزمەتم پێ دەگەیاندن.
پرسیارم کرد کام باڵ؟
ووتی لای کاک جەلیل و ئەوان.
لە دڵی خۆمدا ئەو بوختانچی و ڕاپۆرتچیانەم وەک منداڵ دەهاتنە بەرچاو. هیچ ترس، شەرمم لێیان نەبوو بۆیە جارێکیان ڕاستەوخۆ بە مامۆستا چەتۆم ووت ئەگەر ڕێگام پێ بدەی ئەو منداڵ بازاریە قبووڵ ناکەم؟
ووتی هاوڕام بەڵام وا باشترە بەهێمنی هەڵسوکەتیان لەگەڵدا بکەین.

ئەوجا کاک شێخ محەمەد ووتی: دەتوانی سەردانێکی کاک جەلیل و ئەوان بکەی لەلای ئەوانەوە بەشێوازێکی فەرمی بە درۆیان بخەیەوە.
ووتم: هەر چەند خۆت باشتر ئاگات لە پەیوەندی ئێمە هەیە بەڵام بەیانی زوو دەچم سەردانیان دەکەم.
چووم بۆ ڕانیە و لەوێوەوە بۆ دەفتەری سیاسی لە دۆڵێ. بەڕێزان کاک حسێنی مەدەنی و کاک فەتاحی کاویان زۆر بەحورمەت و محبەتەوە پێشوازیان لێ کردم.
ووتیان فەرموو
ووتم چیتان عەرز بکەم شەرم دەکەم لە ڕووتان باسی بکەم بەڵام دەڵێن گوایە نووسراوێک بەناوی ئێوەوە لەسەر من نێردراوە بۆ مەکتەب سیاسی یەکیەتی؟!
ووتیان چۆن؟ بە چاک یا بە خراپ؟
ووتم نەم بینیووە، بەڵام گوایە ئێوە گلەیتان لە من هەبێ.
هەر دووکیان سەریان سورما، ووتیان جا کێ لە تۆ زیاتر پێمانەوە ماندوو بووە، هەتا ئێمە ئاوا بەخراپە وەڵامت بدەینەوە!!
ووتم من دڵنیام کە هیچتان ئاگاتان لێ نیە بەڵام بەر لەوەی من لە باشوور لە دایک ببم باپیر و نەنکم لە مەهاباد لە دایک بوون، بۆیە پێم باشە پرسیارێک لە تەشکیلاتی حزب بکەن بزانن نەگەر شتێکم لەسەرە ئێوە لە پێشترن لە یەکیەتی بۆ ئەوەی لێپرسینەوەم لەگەڵدا بکەن.

هەر دووکیان زۆر نیگەرانیان نیشان دا، بەڵام پێشنیارەکەی منیان لاپەسند بوو بۆ ئەوەی لێکۆڵینەوە بکەن. داوای مۆڵەتی ٢٤ کاتژمێریان کرد. ووتیان زۆر مەمنوون دەبین کە سبەینێ دوای نیوەڕۆیە سەردانمان بکەیەوە.
بەیانی دوای نیوەڕۆکەی جارێکی تر چوومەوە دەفتەری سیاسی لە دۆڵێ
هەر دوو بەڕێز زیاتر لە جاران بەگەرمی پێشوازیان لێکردم. کاک حسینی مەدەنی ووتی کاکە ئەمن بەڕپرسی ئەو دەزگایەم کە دەبێ پەیوەندی بەو کارەوە ببێ. دڵنیات دەکەم کە هیچ کام لە برادەرانی دەزگاکەی ئێمە بە دوور یا بەنزیک ئاگایان لە نووسراوی ئاوا نیە.

ووتیان بۆ خۆت گومانت هەیە کە لە شەرایتێکی ئاوا ناسکدا، کە تازە سوپای پاسدارانیان وە سەر کۆیە گێڕاوە ئێمە سەرمان بپرژێتە سەر دۆستەکانمان بە خراپە وەڵامی چاکەکانیان بدەینەوە؟!
ووتم من باش ئاگام لە باروزروفی ئێوە هەیە بەڵام بەهەر شێوەیەک بێت ئەمن ئەوە لێرەم ئامادەم بە هەر ئیجرائاتێک کە ئێوە دەربیکەن.

بە نیگەرانییەوە، ووتیان ئەوە کاغەز و ئەوەش قەڵەم، چی بەباش دەزانی بینووسە، ئێمە هەر دووکمان بە دەپەنجان بۆت ئیمزا دەکەین.
ووتم داوای لێبووردنم هەیە، من هیچ داواکاریەکم لە بەڕێزتان نیە، بەڵام ئەگەر دەتوانن داواکارییەک پێشکەش بە مەکتەبی سیاسی یەکیەتی بکەن، لە نامەکەی خۆتان بپێچنەوە و داوای ئەو بەڵگەیە بکەن، دوایی خۆتان لێی بکۆڵنەوە و بزانن بە چ شێوەیەک کراوە، نەبادە دووژمن دەستی خستبێتە ناو کارەکانتانەوە.
ووتیان ئەوە ڕاستە (مسەلەمە) وا دەکەین.

قەڵم و کاغەزەکەی کە بەدەستیانەوە بوو ڕەیەکتریان ڕا داشت بۆ ئەوەی یەکێکیان بینووسێ و ئەوی تریان واژۆی بکات. لە دوایدا وا بزانم کاک فەتاح بوو بە کاک حسێنی مەدەنی ووت، چاکم لەبیر نەماوە یا کاک حسێن بوو کە بەکاک فەتاحی ووت تۆ خەتت خۆشترە چی بەباش دەزانی بینووسە، ئەمنیش واژۆی دەکەم، بۆ ئەوەی جێگا دەستی هەر دووکمانی پێوەبێت. لەو کاتەیدا بەڕێز کاک جەلیلی گادانیش پەیدا بوو، بەباتەکەی زانی. زۆر دڵ نیگەران بوو.
ووتی: ئێمە تەمەنا ناکەین کە جاشێکیش کە لەبەر نەزانی و نەخوێندەواری کەوتۆتە سەنگەری داگیرکەران لەکاری گڵاوی دووژمنانەوە بگلێ چ جای شۆڕشگێڕ و هاوخەباتێک کە چەندین ساڵە خزمەتمان پێ دەگەیەنێ ڕێگا بدەین بوختانی پێ بکرێ.

ئەوجا ووتی ئێمە تەنها بەو نامەیە ناوەستین، ژمارە تەلەفۆنی ئیدارە کەت یا ماڵیمان بدەیە لەو ڕۆ و سبەینێ زووتر نیە ئێمە سەردانی بەڕێز مام جەلال دەکەین و ئەتۆش لەگەڵ خۆمان هەڵدەگرین دەت بەین بۆ ئەوەی پشتیوانیت لێ بکەین.
ووتم سوپاسگوزارم لە هەڵوێستان، بەڵام بار و زروفی ئێوە زۆر ناسکە لەبەر خاتری من لەو ڕۆژە شوومەدا ئەو ڕێگایەی مەبڕن. کاک جەلیل ووتی نا. ئێمە هەر دەبێ سەردانی بکەین بۆ کۆمەڵێک ئیش و کاری تایبەتی خۆمان بەڵام تازە ئەوەی تۆ دەکەینە خاڵی سەرەکی دانیشتنەکەمان.

دوایی نامەکەم لێوەرگرتن گەڕامەوە هەولێر. سەردانی کاک شێخ محەمەدم کرد وەک ئەندامێکی لیژنەی لێکۆڵینەوەکە، هەڵوێستی ئەوانم بۆ باس کرد و نامەکەشم دایە دەستی. وەک گوڵ گەشایەوە.
ووتی زۆر خۆشحاڵم کە ئەم جارەش وەک شێر لە دەست ئەو ڕاوچیە نەزانانە دەرباز بووی.
ووتم سوپاست دەکەم بەڵام مەسەلەکە لەوە گەورەترە دەبێ بە هەموانمان لێی وەخۆ بکەوین ئەگیان ئەو هەویرە ناو زۆر دەبات. ووتی منیش هەر ئەو ترسەم هەیە.

پاش دوو ڕۆژ برادەرانی حزبی دیموکرات هاتن بۆ هەولێر زۆر بەدوای منداا گەڕابوون نە لە مەکتەبەکە و نە لە ماڵێ دەستیان نەکەوت بووم. بۆیە خۆیان چووبوونە بۆ ماڵی مام جەلال، دوایی سەردانی مەکتەبی سیاسیان کرد بوو، زۆر بە وورژدانانە و کوردانە داکۆکیان لە خۆیان و لەمنیش کردبوو.

تێبینی: پێشتر کاک عەدنان موقتی پێشنیاری بۆ کردم کە داوای مۆڵەتێک بکەم بۆ پشوودان سەردانی دەرەوە بکەم، بۆ ئەوەی بۆ ماوەیەک لەبەر چاوی ڕاپۆرت چیەکان بزربیم. ووتی ئەگەر داواکاریەک دەنووسی من دەیبەم بۆ لای مام جەلال

و موافەقەتی مەکتەب سیاسیت بۆ وەردەگرم. دوایی دەرکەوت کە چارەسەرێکی گونجاو بوو بۆ ئەو کاتە، مانی ناوابێت هەرگیز ئەو چاکەیەی لە بیری ناکەم.

دوای وە دەرکەوتنی ڕاستیەکان:

بەڕێزان لە مەکتەبی سیاسی بە فەرمی داوای لێبووردنیان لێکردم و زۆر بەجدی هەوڵی گێڕانەوەی ئیعتباریان بۆ دام. بەڵام ئەمجارەیان من ڕازی نەبووم جارێکی تر ببمە قوربانی. چونکا دڵنیا بووم کە ئەو دەردە پەیوەندی بە خودی پێکهاتەی ناوخۆی یەکیەتیەوە هەیە، نەک من. وام بیرکردەوە ئەگەر ئەوجارەش خۆم هەڵخەڵەتێنمەوە سێبارە و چوار بارە و چەند بارە دەبێتەوە لە کۆتایدا لە خۆناشیرین کردن زیاتر هیچم بۆ نامێنێتەوە. بۆیە لە بەرواری ٢٦ / ١٢ / ١٩٩٥ داواکارییەکم پێشکەش بە مەکتەبی سیاسی کرد.[176] کە تێیدا داوای مۆڵەتم چوونە دەرەوەی ووڵاتم کرد بە ئامانجی چارەسەری تەندروستی، بۆ دنیا بینین و بەدەستهێنانی پاسپۆرتی یەکێک لەووڵاتە ئەوروپایەکان.

پاش ماوەیەک ڕەزامەندیان دەربڕی و ئاگاداری مەکتەبی پەیوەندیەکان و داراییان کرد بۆ کارسانی بۆ وەرگرتنی فیزە و ناردنە دەرەوە و هاوکاری مادی و مەعنەوی.

لە مانگی ئاب ١٩٩٦ بەناچاری ماڵ ئاوایم لە کوردستان، خێزان، خزم و دۆستان کرد. ڕۆژگارێکی تاڵمان بەڕێ کرد بەڵام بە پشتیوانی خوا بەخێر بۆمان تەواو بوو.

---

[176] پێشنیارەکەی کاک عەدنان موفتی کە پێشتر بۆی کردبووم بەپەسند زانی

تێبینی:

ئێمە بەر لەوەی یەکبگرینەوە یا باشتر وایە بڵێم بچینە ناو یەکیەتی لەخۆیان باشتر پێکهاتەکەیمان دەناسی، بەڵام هەمیشە بڕوامان بە گۆڕان و کاری هەرەوەزی زیاتر بووە لە تاک ڕەوی سواری قسەی خۆ بوون. بۆیە بێ هیوا نەبووین لە خۆگۆڕینی هەندێک لە تووندڕەوەکان و خۆگونجاندنیان لەناو پانتایەکی فراوانتری پێکەوە ژیان و پێکەوە کارکردنی، دنیای سۆسیال دیموکراتەکان.

پەندێکی پێشینان هەیە دەڵێ (خوێک بیگری بەشیری بەری نادەی بە پیری) هەر چەندە هەندێک ڕەش بینی لەو پەندەدا بەدی دەکرێ بەڵام زۆرجاران ڕاست دەردەچێ. بەتایبەت لەگەڵ نەو هەموو قوتب و ململانێی کە لەسەرەتای دروست بوونی یەکیەتیەوە باری پێوە گرتووە نەستەمە بە کۆنگرەیەک و دوان وەیان داڕشتنی پەیڕەوپڕۆگرام بە سانایی دەستی لێ هەڵبگیرێ.

وەک وەفایەک بۆ نەو چەند ساڵەی کە لەگەڵ دەیاها کەسایەتی کاری هاوبەشمان کردووە، نامەوێ بە چاک یا بەخراپ هیچ دەربارەی وەزعی ناوخۆی یەکیەتی بنووسم. بەڵام هێندێک شت هەیە هێندە زەقە باسی بکەی و باسی نەکەی لەلای هەر کەسێک کە دوو ڕۆژ کاری لەگەڵیان کردبێ وەیا لێیان نزیک بووبێ ناسراوە. وەک نموونە. کاک شیروان شیروەندی هەزار ڕەحمەتی لێ بێت پاش ماوەیەک لە تێکەڵ بوونەوەمان ناخێکی قووڵی هەڵکێشاو ووتی ئیشکردن لەناو یەکیەتی وەک کەوتنە ناو کێلگەی مین وایە، بڕۆیتە پێشەوە مین پێدا دەتەقێتەوە، بگەڕێیتەوە دواوە هەرواتر. دەبێ چاوەروانی ڕەحمی خوا بکەی.

هەشتەم کۆتا ووتە

خوێنەری بەڕێز ئەو چەند لاپەڕەیەی لەبەردەستاندایە مێژووی واقعی چینەکانی خوارەوەیە لە بنیات نانی سەروەریەکان، لەبەر ئەوەی تا ئێستا کەمتر ڕەش و ڕووتەکان کە خۆیان سووتەمەنی شۆڕش و بەرخۆدانەکانن هەلیان بۆ لواوە ڕووداوەکان وەک خۆی تۆمارکەن. بۆیە بەپێویستم زانی وەک قوربانیەکی جینۆساید لەبری کەس و کاری شەهیدان، زیندانیانی سیاسی و پێشمەرگە دێرینەکان ئەو ڕۆڵە ببینم. شاد و شکۆمەند دەبم کە توانیبێتم کەلێنێکی بچوک لەو بوارەدا پڕکەمەوە.

ڕووتەکان لەوانەیە زمان زانی چاک نەبن بەڵام دڵ و مێشکیان ساف و بێ غەل و غەشە بۆیە وەک مێژوویەکی ڕاستی هەر تاکێک بەدروستی وەرگرە. ئەگەر چاو لە کەم و کوڕی چاپ و زمانەوانی بپۆشی سەروەریەکی ترمان بەباڵادا دەبڕی.

ئەگەر خوا تەمەن بدات و پشتیوانیمان بکات لە تۆێ پەرتوکیکی تردا بەناوی (شۆی بەرسیلە) بەشداریمان لە بەرخۆدانی شارستانیەی سەردەم لە دوای ١٩٩٦ وە دەخەینە بەردەستان.

کۆتا ووشەمان سوپاسگوزاری پەروەردگارە کەوەک خزمەتێک و بەشێک لە عیبادەت لێمان قبووڵ بکات و ناردنی درودە بۆ گیانی پاکی پێغەمبەر (د.خ).

براتان
خالید ئاسنگەر
لەندەن، ١٩ی گەلاوێژی ٢٠١٨

خوێنەری بەڕێز ئەو چەند لاپەڕەیەی لەبەردەستاندایە میژووی واقعی چینەکانی خوارەوەیە لە بنیات نانی سەروەریەکان. لەبەر ئەوەی تا ئێستا کەمتر ڕەشِ و ڕووتەکان کە خۆیان سووتەمەنی شۆڕش و بەرخۆدانەکانن هەلیان بۆ لواوە ڕووداوەکان وەک خۆی تۆمارکەن. بۆیە بەپێویستم زانی وەک قوربانیەکی جینۆساید لەبری کەس و کاری شەهیدان. زیندانیانی سیاسی و پێشمەرگە دێرینەکان ئەو ڕۆڵە ببینم. شاد و شکۆمەند دەبم کە توانیبێتم یادەوەریە تاڵەکان کەتامی هەنگوین دەدەن بۆ ئەمڕۆ لە تابلۆیەکدا بنەخشێنم و کەلێنێکی بچوکی لەو بوارەدا پێ پڕکەمەوە.



کۆمپانیای ئاسنگەری خێرەومەندی کۆمەڵایەتی

ئامەزراوەیەکی خێرەومەندی نا حکومی نا پۆلیتیکە بەتایبەت ئامەزراوە بۆ ئاکۆکیکردن لە قوربانیان و ڕزگار بوانی کوردستان لە جینۆساید